# چمکێك له‌ بیره‌وه‌ری

# ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٩٢

# چمكێك له‌ بیره‌وه‌ری
# ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٩٢

برایم محێدین عارف

كتێبی یه‌كه‌م

# چمکێك لە بیرەوەری
# ساڵانی١٩٧٠ تا ١٩٩٢

بابەت: بیرەوەری
نوسینی: برایم محیّدین عارف
تایپکردن: هاورێ عبدالصمد
نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: پەیام ئەحمەد
قەبارەی کتێب: **A5**
ژمارەی لاپەڕە: ( ٢٤٢ )
تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی یاد

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٦٥٤ )ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی **(کۆمپانیای سەگرمە)** چاپکراوە

پەنا دیزاین
07701414540

# پێشەکییەکی کورت

بێگومان هەندێک ڕایان وایە بیرەوەریی ژیانی سیاسی‌ی تاک ناچێتە خانەی مێژووەوە، هەندێتر ڕایان وایە بیرەوەری بەشێکە لە مێژووی کەسەکان لەناو کۆمەڵدا دوای سەد تا سەدو پەنجا ساڵ دەبێتە مێژووی میللەت، بەشێکی تر دەڵێن بیرەوەریش مێژووە، بە مەرجێک بیرەوەرنووس بیرەوەرییەکانی ڕاستگۆیانە نووسیبێ، لەگەڵ نووسینی ژیانی خۆیدا، ئاماژەی بە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی دابێت.من لەگەڵ هەڵهێنجانی ڕایەکی تێکەڵەی هەرسێ ڕایەکەم، بیرەوەری مێژووی کەسە تاکەکانە، کاتێک دەتوانیت وەک مێژووی میللەت سودی لێ ببینرێت، کە چەند ڕاستیەکی لە خۆگرتبێت وەک:

**یەکەم**: ڕاستگۆیانەو دوور لە گیانی ڕق و کینەو تۆڵەو ناوهێنانی ئەو کەسانەی لەگەڵ بیروڕای نوسەردا نایەنەوە نوسرابێت، بەتایبەتی بیرەوەریی کەسانی سیاسی هەموو ڕاستییەکانی لە بەرچاو گرتبێت، نەک هەر بە شان و باڵی خۆی و حزبەکەیدا هەڵی دابێت.

**دووەم**: بیرەوەرنوس لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانیدا، ئاوڕی لە ڕووداوە گشتییەکانی مێژووی میللەتەکەی دابێتەوە، خوێنەر بە ڕووداوە گشتییەکانی ئەو سەردەمە ئاشنا بکات لە ڕووی سیاسییەوە وەک ئەوەی کە هەبووە.

**سێیەم**: بیرەوەرنووس، ئەگەر نوسەریش نەبێت خوێنەرێکی قوڵی

ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بوو بێت.نابێ کەسی تر بیرەوەرییەکانی بۆ نوسیبێتەوە، بەس ئاساییە ئەگەر لە ڕووی زمانەوە بۆیان دارشتبێتەوە، بێ دەسکاری ناوەڕۆک.

**چوارەم**: بە تەنها ئاماژەی بەخاڵە سپیەکان نەدابێ و خۆی کردبێت بە کەسایەتییەکی کەموێنە، بەڵکو کۆی خاڵە سپی و ڕەشەکانی ڕووداوەکانی خۆی و میللەتەکەی نیشان دابێت وەک خۆی، بێگومان مێژوو هیچ کات بێ هەڵەو کەموکوڕی بەڕێ ناکرێ، چ بۆ تاک و چ بۆ کۆ.ئەمانە خاڵە سەرەکییەکانی نوسینەوەی بیرەوەرین، کاتێک بیرەوەری وەک بەشێکی کەمی یا لە پەراوێزی مێژوودا دابنرێت، جگە لە چەندەها خاڵی تر پێویستە بیرەوەرنووس ڕەچاویان بکات تا بەرهەمەکەی لە خانەی مێژوودا سوودی لێ ببینرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو بیرەوەرییەک ناچێتە خانەی مێژووەوە ئەگەر نوسەر ڕاستگۆو بابەتیانە ڕەچاوی هێڵە گشتییەکانی کۆی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆی ئاماژە پێ نەدابێت.

لەو ڕووەوە کە چەند ساڵێک پێش ڕاپەڕین پێشمەرگایەتیم کردوە، تەمەنی گەنجێتی ژیانم لە پێشمەرگایەتیدا بردۆتە سەر، بەشێک لە بیرەوەرییەکانم کەم تا زۆر ئەڵقە دراوی ژیانی سیاسیی سەردەمەکە بووە، بیرەوەرییەکانم سیمایەکی بچوکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی ڕاگوزەرانی ژیانی لە ئەستۆ گرتووە، هێندەی پێم کرابێ زۆر ڕاشکاوانە باسی ڕووداوەکانم کردوەو ڕووداوەکانم وەک خۆی نیشانداوە، ناشکرێ لە ڕووانگەی دیاردە دزێوەکانی ئەمڕۆی ئەزموونی حکومەتی کوردستانەوە هەموو جوانییەکانی سەردەمی شاخ ناشیرین بکرێت و هیچ پێوەرێ ئەو هەموو جوانییە نەخوێنێتەوە، ئەوەی ماوەتەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێزی جێدەهێڵین، کە ئەم بیرەوەرییانە تا چەند دەچنە خانەی مێژووەوە.

# هانێ مل خوار

مێژووی ڕۆژی لە دایکبوونم وەک مێژووی زۆربەی لە دایکبووانی ئەو ڕۆژگارە ڕوون نییە، تەنها وەرزو کاتەکەی لە ڕۆژدا دەزانرێ، بە پێی لێکۆڵینەوەو وردبینییەکانی خۆم کە لە دایکم و کاکەم وەرگرتووە لە پایزی ١٩٦٤دا پاشنیوەڕوانێک لە نەخۆشخانەی کۆماری شاری کەرکوک بەنەشتەرگەری لە دایکبووم، دیارە ئەوکاتە بە وێنەی ئێستا لە نەخۆشخانە (بیان ولادە) بەڵگەی لە دایکبوون نەکراوە.

لە ناسنامە، ڕۆژی لە دایکبوونم بە ١٩٦٥/٧/١ خەملێنراوە، ساڵی ١٩٧٠ چوومەتە خوێندنگەی گوندی هەشەزیینی بناری چیای سەگرمەی سەرکەش، بۆ وێنەگرتن چووینە شاری چەمچەماڵ، ئەو سەردەمە وێنەگرتن بە سندوق بوو (وێنەی هەتاوی) پێ دەوترا، کابرای وێنەگر دەستی دەکرد بە ناو سندوقەکەدا وێنەکانی دەردەهێنا، من کە لەسەر کورسییەک بەرامبەر سندوقەکە دانرابووم لە سندوقەکە دەترسام، کاتێک ڕووی لێمدەکرا لە ترساو شەرما نەمدەتوانی ڕێک بووەستم و ملم خواردەبوو، گیانم دەکەوتە لەرزین، کابرای وێنەگر ملی ڕاست دەکردمەوە، دووبارە خوار دەبووەوە، جوتێ پێڵاوی لاستیکی تاکێ گەورەو تاکێ بچووکم لە پێدابوو، بە مل خواری سەیری پێڵاوەکانم دەکردو شەرم دامی دەگرت، کابرای وێنەگر دوو تا سێ جار ملی ڕاست کردمەوە سوودی نەبوو تا وێنەکەی بە مل خواری گرت، دایە

دەستم و وتی: هانێ مل خوار، کاکەم (عیسا محێدین) کە لە من گەورەتر بوو، بەڵام بەیەکەوە چووینە خوێندن دەستی کرد بە پێکەنین و تا ماوەیەکی زۆر دەیگێڕایەوە.ئەو مامۆستایانەی کە لە سەرەتایی وانەیان پێ وتین بەڕێزان: (علی حسین، سەعید قارەمان، دواتر حسیب و عباس و فەیسەل)بوون.

م.علی حسین، پیاوێکی دڵسۆزو ڕۆشنبیرو نووسەرو وێنەکێش بوو، هەرچەندە ساڵی یەکەم زۆر منداڵ بووم، بەڵام پۆلەکەم بڕی و چوومە پۆلی دووی سەرەتایی بە نمرەی باش، جگە لە وەرزش لە هەموو وانەکان زیرەک بووم، بەڵام لە منداڵیمەوە تا ئێستاش جگە لە ڕۆیشتنی ئاسایی، ئارەزووی هیچ جۆرە وەرزشێکم نییەو کە یاری تۆپێنیش دەکرا لە تۆپەکە دوور دەکەوتمەوە، تەنانەت خوێندکار نەجات ڕەزا کە لە من گەورەتر بوو تۆپی تێ دەگرتم و دەیوت هات، هات تۆپەکە هات تا دەبووە پێکەنین.

لە خوێندن کتێب و تیانووسەکانم پاک ڕادەگرت، جارێکیان بەرگی کتێبی خوێندنەوەی کوردی مامۆستای خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەمین باڵدار بەدەسمەوە دڕا، هەر ئەملاو ئەولام دەکرد نەمدەزانی چی بکەم چۆن پارە پەیدابکەم و تیپێکی ئاوی بکڕم و کتێبەکەم چاک بکەمەوە، خاڵە مەجیدم (برای دایکم پیاوێکی بەڕێزی سەڵت بوو زووزوو دەهاتە ماڵمان و دایکمی زۆر خۆشدەویست، هەر ژنی نەهێناو بە نەخۆشی سەری نایەوە) لە ماڵمان بوو.

سەرم ڕاوەشاندو وتم ئاخ بۆ ٣٥ فلس!

- وتی بۆ چیتە؟ پێم بڵێ؟
- وەڵامم دایەوە تیپێکی ئاویی پێ دەکڕم و کتێبەکەم چاک دەکەمەوە، تێپ بە ٣٥ فلسە!
- وتی هانێ ئەوە ٣٥ فلس و بڕۆ بیکرە!

لە خۆشیدا نەمدەزانی چ بکەم، قاچم ڕێی نەدەگرت بە هەناسەبڕکێ و غاردان گەیشتمە دوکانی شێخ قادری مامم، بە هەناسەبڕکێوە ٣٥ فلسەکەم دایە دەستی و خۆم تێپەکەم هەڵگرت و گەڕامەوە، بەرگی کتێبەکەم چاککردەوە، هەستم بە ئاسوودەیی دەروونی دەکردو هێندەی تر خاڵە مەجیدم لاشیرین بوو، کە کاک عیسام هاتەوە وەک شانازیکردن بە کارێکی چاکەوە بۆم گێڕایەوە، کەچی هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بوو، لێم توڕەبوو، وتی: بۆ داوای پارەت کردووە ٣٥ فلست بدایە بە زەمق بەشی هەموو کتێبەکانتی دەکردو لێشیدەمایەوە، ڕاستیشی دەکرد زەمقەکە گەورەتر بوو، کاغەزی

ڕەنگداری ئاسایی بوو، بەڵام دیویێکی سواغ درابوو کە تەڕت دەکرد بەرگی کتێبەکەی دەگرت، لەتێپەکە هەرزانتر بوو، وتم: داوام نەکردووە، خاڵە مەجید خۆی پارەی دامێ، خاڵە مەجید پشتی گرتم و کارەکەم ڕایی بوو.

ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ گەیشتمە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە گوندی هەشەزیینی، ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ لە نێوان شۆڕشی کورد بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا و میری عێراقدا دەستی پێکردەوە، چونکە حکومەت لە بەندەکانی بەیاننامەی (١١)ی ئازار پاشگەز بووەوە، چوار مامۆستای ژن بە ناوەکانی (نەسرین، سۆیبە، لەیلا، فائزە) هاتنە گوندەکەمان، ساڵی ١٩٧٥ پرۆسەی خوێندن وەستا، مامۆستا ژنەکان گەڕانـەوە، مامۆستای شـۆڕش کەوتنە وانەوتنەوە، لەوانە م.علی حسین، مامۆستا عەلی-یەکی تر، شێخ ئەحمەدی مامم کە دەرچووی کۆلێژی ئادابی بەغدای سەرەتای حەفتاکان بوو، زۆر جار لە ترسی تۆپ و تەیارە کە بارەگای پێشمەرگەکان نزیک بە خوێندنگاکەمان بوو، خوێندنگامان جێدەهێڵاو دەچوینە دەرەوەی بیناکە، کاک عیسام پەیوەندی کردبوو بە پێشمەرگە و (ی.ق.ک) کە لە ناحیەی گەرمک بوو.ڕۆژێک بۆ هێنانەوەی کارو بەرخ چومە پشت سێ گردان نزیک بە ڕێگەی سەرەکی چەمچەماڵ/ سەنگاو لەگەڵ فەریدون غەفور کە خەڵکی گوندەکە بوو لە من گەورەتر بوو دەگەڕاینەوە بۆ گوند، پێشمەرگەیەک بەناوی ئەحمەد زێباری دای بە تەنیشتمانداو بێ چەک بوو لە ڕەبیەکانی سەرجادەی سەنگاوەوە دەگەڕایەوە بۆ هەشەزیینی.

فەریدون وتی:

ئەی لە ئەحمەد کەی تەسلیم بووەتەوە!

واقم وڕما، تاسام، بەلامەوە شتێکی دەگمەن و ناخۆش بوو، چونکە لە منداڵییەوە وا جۆش کرابووین پێشمەرگە ڕەمزی بەرگری و بەرخودانە.

بە پەلەپروزێ گەیشتمەوە ماڵ، ڕووداوەکـەم بۆ دایکم گێڕایەوە، وتی: ڕۆڵە تەواو شۆڕشی کورد توایەوە، ئەوە چووە ناوی خۆی لە ڕەبییەکان بنوسێ (عافواتە) فەرمانی لێبووردن دەرچـووە، سـەرم گێژی دەخـوارد، ڕووداوەکـەم پێ هەزم نەدەکرا، ئەوسەرو ئەوسەری ناو گوندم کرد، هەر یەکەو ڕادیۆیەکی پێیە گوێ لە دەنگوباس دەگرێ! چوومە بەردەم ماڵ شێخ مستەفای مامەم هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: ئاخ داخی گرانم ئەم شۆڕشە گەورەیە چۆن هەرەسی هێنا.. تا ئێستاش ئەو نائومێدی و ڕەش بینییەی ئەو کاتەم بیردەکەوێتەوە تەزوو بە لەشمدا دێت، ئیتر نە مامۆستای

شۆڕش و نە بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەم بەشێوەی پێشوو نەبینیەوە، پێشتر جاری وا هەبوو هێندە پێشمەرگە لە گوندەکەدا کۆدەبوونەوە بواری دابەشبوون بۆ خواردن بەسەر ماڵاندا نەدەماو نانەڕەق کۆدەکرایەوە، دەدرا بە پێشمەرگەکان.ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی پۆلی شەشی سەرەتایی لە گوندی هەشەزیینی نەکرایەوە، کاک عیسام خۆی گواستەوە بۆ خوێندنگەی زانستی لە سلێمانی و بە ڕۆژ کاری دەکرد، بێ پشت و پەنا مامەوە زۆر جار باوکم لەبەر بێ ئیمکانی و بێ جێگایی، دەیوت: کورم دەتوانی لای مەلا درێژە بە خوێندن بدەی و ئیجازەی مەلای (١٢ عیلم) وەربگریت.هەمیشە دایک پشت و پەنای منداڵە، منداڵ زۆرتر بۆ ئەنجامدانی ڕازە پەنهانەکانی دڵی، پەنا بۆ دایکی دەبا، کاتێک هاوڕێ قوتابییەکانم زۆربەیان خۆیان گواستەوە بۆ شارەکان، حەسەنی ئامۆزام کە زۆر هاوڕێ و هاوتەمەن بووین زۆربەی کاتەکانمان بە یەکەوە دەگوزەراند خۆی بۆ سەنگاو گواستەوە، ئەمە هێندەی تر تەنیاو بێ ئومێدی کردم، ئەمانە هۆکاربوون دایکم وا لە باوکم بکات کە خوێندنی کوڕەکەمان نەفەوتێ باوکمی خستە عەوداڵی بەدەستهێنانی پەناگەیەک بۆ خوێندن، دوای درکاندنی ڕازەکانم بۆ دایکم، باوکم ماڵە ناسیاوێکی لە چەمچەماڵ هەبوو، زۆر تێکەڵ بووین، ڕەوان شاد، حاجی ڕەزای قەرەتامۆر پیاوێکی بە تەمەنی هاوڕێی باوکم بوو ژنی نەما بوو لە ماڵی کوڕەکەیدا دەژیا، کوڕەکەی کاک تەحسین و خێزانەکەی (بانوو) سێ منداڵیان هەبوو، باوکم پێشتر ڕەزامەندیی حاجی ڕەزای وەرگرتبوو کە لە ماڵ ئەوان درێژە بە خوێندن بدەم لە شاری چەمچەماڵ.

ئەو شەوەی بۆ بەیانی دەچووین بۆ چەمچەماڵ تا بەیانی لە خۆشیدا خەوم لێ نەکەوت، باوکم باری یەک پیکاب گەنمی بۆ فرۆشتن لە فەردەدا ئامادەکردبوو، بەیانی ڕۆژ بووەوە دوای بارکردنی گەنمەکە لەگەڵ باوکمدا چووینە چەمچەماڵ.

دایکم زۆر ئامۆژگاری کردم کە چی بکەم و چۆن هەڵسوکەوت بکەم، زۆر دڵی لەلام بوو، ئێستاش زۆر جار سوود لە ئامۆژگارییەکانی وەردەگرم، لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە خوێندنگەی هەڵۆ وەرگیرام نزیک دوو هەفتە دەوامم کرد.

ڕۆژێک لەگەڵ خوێندکار (ئەسعەد عەبدول)، کە هاوڕێ بووین هەر خەڵکی گوندەکەمان بوو، لە جادەی سلێمانی کەرکوک دەپەڕیمەوە کە ئەوکاتە بە ناوەڕاستی شاری چەمچەماڵدا دەڕۆیشت و چەمچەماڵی دەکرد بە دوو بەشی

سەرەکییەوە، هێندەم زانی لەسەر جادەکە کەوتم و سەیارە لێیدام، دەستم خوێنی تێزاو شکا، خەڵکێکی زۆر لە دەورم کۆبوونەوە پرسیاریان کرد کێم و لە کوێم؟ دووبارە خستمیانە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە هێندەم زانی خوالێخۆشبوو شێخ ڕەوفی چەمچەماڵ کە خزم و دۆستمان بوو، کەوتە پێش ئۆتۆمبێلەکە کە پیکابێکی تویۆتا بوو، وتی برۆ بۆ کەرکوک بۆ لای حاجی عەلی جەراح، کە لای حەمامی گەلی عەلی بەگە، حاجی عەلی پیاوێکی تێکسڕاوی چوارشانە بوو وتی: دەستی شکاوە، گرتییەوەو بە ڕاستەو زەردێنەی هێلکە پێچای و لە ملمی توند کرد، بۆ ئێوارە چووینە ماڵی عومەر گوڵی باوکی د.مارف کە ئامۆزامە، شێخ ڕەوف بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە، بۆ بەیانی دایکم گەیشتە لام، بەگەیشتنی دایکم دەرگا داخراوەکان کرایەوە، ڕۆژێکیان من گوێم گرتبوو، د.مارف کە ئەوکاتە پۆلی شەشی ئەدەبی بوو، پێشنیاری کرد بۆ ماڵەوەیان کە برایم (نقل) بکەین بۆ کەرکوک بۆ ماڵی خۆمان، پێشنیارەکەی قبوڵ کراو ڕەزامەندی لە خوێندنگەی (مەولەوی) کە ناوەکەی گۆڕابوو بۆ (إبن خلدون) بۆ وەرگرتبووم، بەڵام بەڕێوەبەر ئاماژەی کردبوو کە زەحمەتە بەڕێوەبەری پەروەردە ڕەزامەندی بدا بۆ گواستنەوەی خوێندکاری کورد بۆ ناو کەرکوک لە دەرەوەی کەرکوکەوە، د.مارف چوو بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوک و زۆر باسی هەژاری و نەگبەتی منی کردبوو، کە ئۆتۆمبێل لێ داوە، بەڕێوەبەری پەروەردە ڕەزامەندی دابوو، پۆلی شەشم لە کەرکوک تەواو کرد، ئەوانەی کە لەگەڵم خوێندکار بوون (عبدالله) کە ئێستا سکرتێری کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سەرۆکی هەرێمە، (أنور) ئێستا سکرتێری د.نجم الدین پارێزگاری کەرکوکە، (هیوا عبدالعزیز) بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی کەرکوکەو زۆر بەڕێزی تر.

لە کۆتایی ساڵ بە دووەم لە پۆلی شەشی سەرەتایی دەرچووم، هیوا عبدالعزیز یەکەم بوو، من و خوێندکارێتر بەناوی (نیهاد جهاد)، هەردووکمان بە دووەم دەرچووین.

# لویسە دەکەوێت

سالانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ جارێکی تر شەڕ لە نێوان بزوتنەوەی شۆڕشی کورد بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا و حکومەتی عێراق هەڵگیرسایەوە، دەسەلاتدارانی عێراق لە زۆربەی بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازار پاشگەزبوونەوە، بە هۆی ناسەقامگیریی باری ئەمنییەوە ئازوقە لە ناحیەکانەوە بۆ گوندەکان دابەش دەکرا، دەبوایە هەر خێزانێک نوێنەرێکی بچێتە بارەگای ناحیەو ئازوقە، وەربگرێت تا ئازوقەی زۆر نەیەتە گوندەکان و دزە بکات بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هەر ماڵەی نوێنەرێک کۆبووینەوە، بە مەکینەو عارەبانەیەک لە گوندی هەشەزیینییەوە بەرەو ناحیەی سەنگاو کەوتینە ڕێ، قەرەباڵغی و بەیەکداچوون لەسەر عارەبانەکەدا دەبینرا.خەڵکەکە بەپێوە وەستابوون دەستیان بەچەمەلغی عارەبانەکەوە گرتبوو تا نەکەون و بەیەکداچووبوون.

من بۆ دەرکردنی پێناسەی باری شارستانی کە ون ببوو، لەگەڵ خەڵکەکەدا چووم بۆ سەنگاو، لەناو عارەبانەکە بووم بەو نیازەی ئازوقەی ماڵەوەش وەربگرم، (ڕێگەی باسەرە–سەنگاو) بە ڕەبیە چنرابوو، بەرزاییەکان ڕەبایەی سەربازی عێراقی پێوەبوو، لە ئاست گوندی کەلە ڕەشید، بە بەرزاییەکانەوە ڕەبییەکان بەسەر ناوچەکەدا دەیانڕووانی و چاودێری جادەو ناوچەکەیان دەکرد، لەکاتی گەیشتنی مەکینەو عارەبانەکە بۆ ئاستی ڕەبییەکە، سەربازێکی

عەرەبی قین لە دڵ لەسەر جادەکەبوو، بە جوێن و توڕەیی مەکینەی وەستان و هەمووومانی لەسەر جادەکە ڕیزکردو کەوتە ئیهانەو دەیوت: دەبێ ڕەمی بکرێن، دوای هەڕەشەی زۆر ڕووی چەکەکەی کردە یەکەمین کەسی ڕیزکردنەکە، کە هاوڵاتی ڕەزای شێخ قادر بوو، هاوڵاتییەکە شڵەژاو وتی خاتراللە نەکەی، خاتراللە کە عەرەبی بوو تێگەیشت و بە عەرەبی وتی: خاتراللە دەبێ بتان کوژین، ئێوە هەموو عوساتن، هاوکاری عوسات[1] دەکەن، کەس عەرەبی وای نەدەزانی، خوالێخۆشبوو شێخ عبدالقادر بەعەرەبییەکەی کە زۆر تەواو نەبوو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ سەربازەکەدا سیمای ترس و دڵەڕاوکێ روی یەک بە یەکی خەڵکەکەی گرتبۆوە، لەترسان هەموو گیانم کەوتبووە لەرزین بە هەموو بوونمەوە چاوەڕێم دەکرد بمانکوژن، هێندە دڕەندەیی و بێ بەزەیی سوپای بەعسی چوبووە مێشکمانەوە، هەر سەربازێکمان ببینیایە، زارەترەک دەبووین، لەم مشتومڕو بگرەو بەردەدابووین، ئەفسەری ڕەبیەکە هاتە خوارەوە دیاربوو پیاوێکی هێمن و بەویژدان بوو هەر لە دوورەوە سەربازەکە وتی: سەیدی ئەمانە عوساتن و هاوکاری عوسات دەکەن، بۆیە بەم شێوەیە هاتوون ئێمە بترسێنن، تەماشاکە وەک (متمرد[2]و عوسات) سواری عارەبانەو مەکینەکە بوون، ئەفسەرەکە گەیشتە لای خەڵکەکە، سڵاوی کردو هێمنانە پرسیاری کرد بۆ بەم شێوەیە هاتوون؟ بە کوردی و عەرەبی تێمان گەیاند، هەژارین، سەیارە لە گوندەکەدا نییە، دەچین بۆ ئازوقە وەرگرتن، هەموومان بە یەکەوە هاتووین، لەگەڵ گفتوگۆکەدا، ئەفسەرەکە بە هێمنی گوێی دەگرت سیمای شڵەژاوی خەڵکەکە، دیمەنی بەیەکداچوونی ترس و لەرزیی هاتوون و چوون، وەڵامدانەوەی سادەی بێ پێچ و پەنا بوونە هۆکاری جوڵاندنی ویژدانی ئەفسەرەکە و دڕیان بە درۆ و دەلەسەو مۆڕ و خێسەی سەربازە داخ لە دڵەکە دا، ئەفسەرەکە تێ ڕاماو دوای بێ دەنگییەک ئاماژەیدا بەسەربازەکە، باخەڵکەکە بڕواو بچن بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، بەڵام واباشترە جارێ تر بەم شێوەیە بە قەرەباڵغی نەیەن بەمەکینە و عارەبانەوە، سەربازەکە سەری داخست، پەنجەت لێدایە شەقی دەبرد لە داخا، هیواو ئاواتە نەگریسەکەی کە ئازاردانی ئەو خەڵکە بێتاوانە بوو سەری نەگرت.

---

١- حکومەتی عێراق وشەی (عوسات)ی بۆ پێشمەرگە بەکار دەهێنا وەک ڕێگرو پیاوکوژ.

٢- متمرد: هەڵگەڕاوە لە دەوڵەتی عێراق.

هەرچۆنێک بوو گەیشتینە سەنگاو، هەریەکە بەلایەکدا چوون بۆ ئازوقە وەرگرتن، منیش لە دوورەوە لە بینای مەرکەزی پۆلیسم دەڕوانی کە زۆربەی فەرمانگە سەربازییەکانی لە خۆگرتبوو، ڕوانین بۆ بینای مەرکەزی پۆلیسی ئەو سەردەمە بەشێک بوو لە شەپۆلی داخ و کەسەر و ترسی کەڵەکەبووی ئەو ساتانە کە بەرەو ڕووت دەهات، دۆش دامام، بچم یان نەچم، بە دیوێکدا چوون بۆ مەرکەزەکە ترس و دڵەڕاوکێ و سەرزەنشت و سزا دێتە بەرچاو، بە دیوێکی تردا من بۆ ئەوە هاتووم پێناسەکەم تازە کەمەوە، نەچم چی وەڵامی باوکم و ماڵەوە بدەمەوە و پێناسەکەم چۆن دەرکەمەوە، گوڕوتینم دایە بەر خۆم و بەرەو مەرکەزەکە هەنگاوم نا، تەپە تەپی جوتێ پێڵاوی لاستیکی تاکێ گەورە و تاکێ بچووک بە ڕێگەدا دیمەنی سەرنجدانی خەڵکەکەی بەرەو ڕووم کێش دەکرد، منیش خەڵکی سادەشم لێ ببووە پۆلیس پێم وابوو هەموو دەزانن کە ئێستا سزا دەدرێم.

گەیشتمە بەردەرکی مەرکەزی پۆلیس، بینینی کارگوزارێکی کورد، بە جلوبەرگێکی کوردییەوە ئاهێکی وەبەرم هێنایەوە، لە خەیاڵی خۆمدا جگە لە پۆلیس و بەرگی سەربازی ترسهێن، کەسی تر لەو بینایەدا نییە، کارگوزارەکە وتی:

کارت چییە بۆ چی هاتووی؟

وەڵامم دایەوە، پێناسی باری شارستانیم ون کردووە دەمەوێ دەری بێنمەوە.

ئاماژەی بۆ کردم بچمە ژووری ژمارە (٢) بەرەو ژووری ژمارە (٢) ملی ڕێگەم گرتەبەر دیمەنی زۆربەی کارمەندانی فەرمانگەی باری شارستانی بە جلی سەربازییەوە هێندەی تر خەرمانی ترسی دڵمی گەورە کردو هەستم دەکرد لەبەردەم سزایەکی قورسدام.

دەرگای ژوورەکەم کردەوە بە نیاز بووم دوو کارمەندی عەرەبی قین لە دڵ بە جلوبەرگی سەربازییەوە ڕوو بە ڕووم ببنەوە، بە پێچەوانەوە دوو فەرمانبەری جلوبەرگی مەدەنی بوون، بەرەو ڕووی یەکێکیان چووم، وتی:

فەرموو بابە!

- هاتووم پێناسەکەم دەرکەمەوە، ون بووە!
- چ گوندێک؟
- هەشەزیینی!

لە مشتومڕی هێنانی پرسیار و وەڵام و نەزانینی ژمارەی تۆمار و لاپەڕە

و نەبوونی بەڵگەی ونکردن بووین، دووبارە پرسیاری کردەوە بۆ ونت کرد!
ئەمە سەرەتایی هێنانی ئەو سزایە بوو کە ڕەچاوم کردبوو، سەرم هێنا و برد تفێکم قوت دا هەر چەندم دەکرد نەمدەزانی چ پاساوێ بهێنمەوە.
پیاوی سەر مێزەکەی ئەولامەوە نیگایەکی بەزەییانەی تێ بڕیم، هەستی بە ترس و لەرزو تێکچوونی باری دەروونیم کرد، ڕووی کردە ئەوی تر و دەستی بۆ گیرفانی برد و وتی:
(لویسە، دەکەوێ) واتە (لوسە دەکەوێت) ئاهێکم هاتەوە بەردا، ئەوەی ڕەچاوم دەکرد، وا دەرنەچوو بە بیرمدا نەدەهات وا زوو بە سادەیی ڕزگارم بێت و پشتگیریی ون بوونەکە بکات.
ناوی سیانی پرسیم، هەر خۆی تیانووسی تۆماری دەرکرد و دەستی کرد بە پڕکردنەوەو دەرکردنی ناسنامەیەکی تازەو کەپسی کردو دایە دەستم و وتی فەرموو...
دیسان تێ ڕامان یەخەی گرتم، ئاهێکی وەبەرمهێنایەوە پێناسەکە کەوتەوە دەستم و هەستم کرد لە گەورەترین کێشە رزگارم بوو، دوایی زانیم ئەم کارمەندە کە هاوکاری کردم بەڕێز (محمدی تورکمانە) کە ناسراوە بە (حەمەی نفوس) ساڵانێک لە سەنگاو خزمەتی خەڵکی کردوە خۆشەویستییەکی زۆری لای خەڵکی گوندەکان بۆ خۆی تۆمار کردووە، چەندین ساڵ لە سەنگاو مایەوە زمانی پاک نەبووەوە بە ئاوازی تورکی قسەی کوردی دەکرد، بەڵام خۆشەویستی هەر زیادی دەکرد، دوای ڕاپەڕینیش لەسەر داوای خۆی جارێ تر گەڕایەوە سەنگاو و خزمەتی کرد، تا خانەنشین بوو ئێستاش کە (حەمەی نفوس) دەبینم سۆزێکی تایبەتم بۆی هەیەو هەست دەکەم دەسپێکی هەوێنی ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێم بوو لە دژوارییەکانی ژیان.

# مەترسی بۆردومان، پاسکیلەکەی حسن

لە سالانی بەرێکردنی خوێندنی سەرەتاییدا هاوینان بە ئیشوکارە لاوەکییەکانی گوندنشینەوە خەریک دەبووین، گوێرەلەوان، لەوەڕاندنی کاروبەرخ، بەشداری کارە جۆراوجۆرەکانی وەرزی خەلەو خەرمان و زۆر کاری ترمان دەکرد.

ساڵی ١٩٧٥ لە وەرزی هەڵگرتنی خەلەوخەرماندا لە پارچە خەلەیەکی پاڵ گردی (سێگردان)ی نزیک بە گوندی هەشەزیینیدا درەو دەکرا، ئێمەش بە کارە سەرپێیەکانی مەڵۆڕێکخستن، هێنانی ئاو و چای بەشداریمان دەکرد، ڕۆژێکی سامالێ بەهاری گەرم بوو لەبەر نزیکی گردەکە لێمانەوە ئاسۆی دوور نەدەبینرا، ئەوانەی لە یادمن باوکم، کاکەم، ڕەزا عبدالرحمن، ناسراو بە ڕەزای شێخ قادر، ماهی خانی کچی، من بووم، لە ناکاو گورە هات و ماهی قریشکاندی ئەها باوە زۆر نزمن، دوو فڕۆکەی سیخۆی سەربازی زۆر بە نزمی بە سەرماندا هاتن و لەبەر نزمی فڕۆکەکان شۆفێری فڕۆکەکان دەبینران، ئاماژەیان دەدا لە کار بوەستین، تا بزانن چەکمان پێیە یان نا! یەک دوو جار بەسەرماندا سوڕانەوەو کە زانیان هاوڵاتی ئاساییین، ویژدانیان جوڵاو بۆردومانیان نەکردین، تا چەند کاتژمێرێک سەراپای جەستەمان دەلەرزی هەنسکمان لێ بڕابوو، چونکە دەمانزانی کاربەدەستانی میری ئەو سەردەمەی عێراق چەند بێ بەزەیی و دڵ ڕەقن، تا ئێستاش کە گوێم لە

دەنگی فڕۆکە دەبێت قیژاندنی ماهی خان و دیمەنی تێکسمڕاوی ترس و ڕەنگ گۆڕینی دەم و چاویم دێتەوە یاد.
دوای تەواوبوونی وەرزی خەلە و خەرمان، گوێرەلەوان بووم، هاوینان (٤ تا ٥) گوێلکم لە دوای نیوەڕواندا دەبردە چەمی باسەڕە بۆ لەوەڕاندن، هەمیشە گوێلکەکانی ئێمە لە گوێلکەکانی ماڵە دراوسێکان بە گوڕتر و قەڵەوتر بوون بە هۆی لەوەڕاندن لە گوێ چەمی باسەڕە لە وەرزی هاویندا.

حەسەنی ئامۆزام کە پێکەوە قوتابی بووین، باری داراییان لە ئێمە باشتر بوو، گوێرەلەوانی نەدەکرد، بەڵام جاروبار لەگەڵمدا دەهات و بە یەکەوە مەلەمان دەکرد، زۆر جار لەگەڵ منداڵانی تر بەمەلەوانی و یاریکردن بەئاوەوە سەرقاڵ دەبووین، تا دەمەو کاتێکی درەنگی ئێوارە، ڕۆژێکی گەرمی هاوین وەک ڕۆژانی تر، گوێلکەکانم دەرکرد، گەیشتمە دەرەوەی گوندەکە حەسەن بە سواری پاسکیلی ژمارە (٢٤)ەوە بە بەردەممدا دەهات و دەچوو وەک خۆشی نیشاندانی کڕینی پاسکیل و ئاماژەدان بە نەهاتن بۆ مەلەکردن.
ئـارەزووی ڕۆیشتنم بۆ مەلەکردن نەما، قاچم ڕێی چەمی باسەڕەی نەدەگرت بۆ ئەو پاسکیلی هەیەو من نیمە، دەمزانی باسیشی بکەم لە ماڵەوە بۆم ناکڕن، ئەم جیاوازییانەی کۆمەڵ و خێزان هەر بوونەو دەبن، باری دارایی ئێمە جیاوازە ئەگەر بیانووی نەبردنی گوێلکەکانیش بگرم، هیچ ناکرێ، دایکم زۆر ئامۆژگاری دەکردم ڕۆژێ نەچم باوکم سەرزەنشتی باشم دەکا و ڕەنگە لێدانیشی لەگەڵ بێت، بە کۆمەڵێ حەز و ئارەزووی وەدی نەهاتو و دوو دڵییەوە ملی ڕێی چەمی باسەڕەم گرت، ئەو ڕۆژە لە هەموو ڕۆژەکان زیاتر گوێلکەکان تێریان خـوارد، چونکە کەس نەبوو مەلەی لەگەڵ بکەم گوێلکەکانم جێ نەدەهێشت بەکوڵێ خەم و ئـازاری نەبوونی پاسکیلەوە گەڕامەوە ئاوایی، دیمەنی پاسکیل و خوڵانەوەی لە مێشکمدا گوزەری دەکرد، شەو بە ئاهی پاسکیلەوە خەو بردمییەوە و ئەو ڕازەم لە دڵمدا حەشارداو نەمدرکاند، چونکە سوودی نەبوو...
هەشەزیینی، گوندێکی گەورە و نزیکی سەد ماڵێ دەبوو چەند شوان و ڕانێکی تێدابوو، شوانەکان بە پارەوەرگرتن بە پێی سەر، ئاژەڵی خەڵکی تریان دەبرد، بەڵام گوندەکە ماوە ماوە گاوانی نەبوو، ماڵەکان هەر یەکەو بە نۆبە گاوانیان دەکـرد، ڕۆژێکیان سەرە هاتە سەر ماڵی ئێمە و من و کاک عیسام چووین بۆ گاوانی و دوورکەوتینەوە لە گوندەکە، ئاژەڵەکانمان

بردە سەر چەمی باسەڕە نزیک بە گوندی ژاڵە، بۆ نیوەڕۆ نزیک بە گۆمی هێڵانە قەلە، لەسەر تەخت و تاوێری گۆمەکە ویستمان نانی نیوەڕۆ بخۆین، پێشتر توێشەبەرەکەمان کە نان و تەماتەی تێدابوو لەسەر تەخت و تاوێری سەرگۆمەکە دانابوو، کاتێک گایەلەکەمان کۆکردەوەو ویستمان بچین نان بخۆین، بینیمان یەک تا دوو مانگا خەریکی لولدانی توێشەبەرەو نان و تەماتەکەن، تا چووین نانەکەیان خواردبوو توێشە بەرەکەیان لول دەدا، کاک عیسا وتی:

تازە چی بکەین لە برسا دەمرین، دەبێ بڕۆیتەوە نان و تەماتەی تر بهێنی، دۆش دامام، نەمدەزانی چی بڵێم، تووشی دڵەڕاوکێ بووم دووری هێڵانە قەل بۆ گوندەکە نزیکەی نیو کاتژمێری پیادەڕێ دەبو، چار نەما، وتم باشە.

ملی ڕێگام گرتەبەرو گەڕامەوە ماڵەوە، بەسەرهاتەکەم گێڕایەوە، دایکم کەوتە پێکەنین و وتی: ڕۆڵە بە دوو کەس بیرتان نەبوو نانەبەرەکە دوور لە شوێنی دانیشتنەکەتان دابنێن، دووبارە نانی تیری تەنوری بۆ تەڕکردمەوە ئەمجارە تەماتە نەبوو ترێ ڕەشی بۆ پێچامەوەو توند نانەبەرەکەم لە پشتم بەست و ترێکەم لە کیسە نایلۆنێکدا گرتە دەستمەوە.

بە خۆشی و هەڵەداوان و نیوەی ڕاکردن و نیوە پیادەڕێ گەیشتمەوە گۆمی هێڵانە قەل، کاکم بینی لە دوورەوە لەسەر تاوێری گۆمەکە هەلاژابوو، سیمای برسێتی تیا بەدی دەکرا، وەک مژدەیەکی خۆشی هەواڵم هێنا ئەمجارە ترێ ڕەشم هیناوە بە ساردی و بێ ئومێدییەوە وتی: تەماتەکە خۆشتر بوو ترێ ڕەش بە نانەوە ناخورێ دەسمان کردە نان و ترێ خواردن لەولایشەوە لە قۆریەکی فافۆنی ڕەشدا بە پووش و دار و چیلکە چایەکمان دەم نا.

# نەورۆز و ئەحەی گوڵە و خەمی لە دەستچوونی ماسی

دوابەدوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی کورد و نەمانی پێشمەرگە و چەک لە گوندەکاندا بۆ ماوەیەکی کەم، حکومەتی عێراق ئەو هەلەی قۆستەوە بە نیازی جارێ تر سەرهەڵنەدانەوەی شۆڕشی چەکدار، چەند شانەیەکی نووستوی بەعسی لە ناوچەکاندا بە شێوەی ڕێکخستنی حزبی بەعس دروست کردبوو، دیارە بە دەگمەنیش خەڵکی دژە شۆڕش و نەفسنزم هەبوون پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە بکەن، بێئاگا لەوەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کورد حەتمیەتی مێژووییە و گەلی کورد دەستبەرداری مافەکانی نابێت.

حزبی بەعس چەند کادرێکی خۆی لە ڕێگەی یاریدەدەری پزیشک یان مامۆستا دەنارده گوندەکان، یاریدەدەرێکی پزیشکی بە ناوی (أحمد) کە عەرەبێکی موسڵاوی بوو هاتە بنکەی تەندروستی گوندی هەشەزیینی، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا خۆی باش نیشاندەداو کوڕێ باش بوو، بەڵام لە ژێرەوە بەردەوام زانیاری و هەڵوێستی دەدا بە سەرووی خۆی، ئەڵقە لە گوێی بەعس بوو.

جارێک لە کۆتایی وەرزی زستاندا باسی کردنەوەی ئاگری نەورۆز کرا (د.أحمد) پێشنیارێکی کرد و بە دڵیشمان بوو، وتی: بە هەڵکۆڵینی زەوی لە قەدی گردەکە بنووسن نەورۆز و گڕ بەردەن لە چاڵەکە لە دوورەوە بە ئاگر

نوسراوه (نوروز) هەتا قوتابی تەنز ئامێز نەجات ڕەزا وتی: ئەگەر کاک أحمد خۆی چاڵەکە هەڵبکەنێ دەنوسێ (نوروز) بزوێنی سەر نونەکە دەپەڕێنێ، چاڵەکەمان بە دیوی گوندەکەدا هەڵکەند، ئاگر لەسەر گردەکە و قەدی گردەکە کرایەوە پێشنیارەکەی کاک أحمد بووە هۆی پاراستنمان، چونکە کە ئاگرەکە کرایەوە ڕەبیەکانی دوژمن لە باسەرەوە بە شەست تیر و هاوەن قەسفی ئاگری سەر گردەکەیان کرد، گڕی نەورۆز ببووە چقڵی چاویان و چاویان بەرایی نەدەدا بڵێسەی گڕەکە ببینن، چونکە وا پەروەردە و گۆش کرابوون.

سالانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٨ کە لە شاری کەرکوک دەمخوێند و هاوینان دەگەڕامەوە گوندەکەی خۆمان بە کاری جۆراوجۆری قوڕکاریی، گوێرەلەوان، جاروبار گاوانی هاوکاری ماڵەوەم دەکرد، جارێکیان لەگەڵ ڕەحمەتی باوکمدا بەسواری کەر چووین بۆ ناحیەی سەنگاو کە (١٥ تا ٢٠) کیلۆمەترێک لە گوندەکەمانەوە دوور بوو لە ڕێگەدا زۆر هـەورازی نەفەسبڕو نشێوی ئەژنۆشکێن و هەڵبەزو دابەزو خڕەبەردی ڕێگەمان بڕی، سواری گوێ درێژ خۆی مایەی هیلاکی و ڕەقبوونی ماسولکەکانی ڕانە، پێش گەیشتن بە گوندی هەمزە و ڕۆمی، لای بێستانێکدا، لامان دا بە نیازی بەڕێکردنی پشوویەک و وەگەڕخستنەوەی گڕوتینێک، کابرای خاوەن بێستان باوکمی ناسی و پاش ماریفەت و بەخێرهاتن، وتی شێخ محیدین تەنها تەماتە پێگەیشتووە، با بچم دوو تەماتەی کوردیتان بۆ بێنم، بەخوێوە بیخۆن، هێنای، تەماتەی چی، گـەورەو ئـاودار، تام مزر، شێوە نارێک و گوپ گوپ، نێرکێکی گـەورە لە ناوەڕاستدا ڕەنگێکی سووری تێری پاراو بە ئاوی سازگاری بێستان و گەش بوو لە کەش و هـەوای گونجاوی کوردستاندا هەر دیمەنەکەی سەرنجی ڕاکێشام: بێ چەقۆ و بە خوێوە تەماتەمان خوارد، تامی تەماتە، مزری تەماتە، ڕەنگی گەش و تێر پاراوی تا ئێستاش لە یادما ماوە بە ئێستاشەوە دوای سەفەرکردنی چەندین وڵات تەماتەی وا مزر و بە تامم نەخواردوە و نە بینیومەتەوە، تەماتەی ئێستا کە گۆشکراوی دەرمانی کیمیاوی و گەورەبووی ژێر نایلۆن و ئامادەبووی هەر چوار وەرزە لە کوێ؟ تەماتەی کوردی ئەو سەردەمە لە کوێ؟، نەمانی تەماتەی کوردی و میوەی بێستان و ڕاوەدونانی کەشوهەوای لەبار بە شۆڕشی پیشەسازی ئەم سەردەمە هەموو جوانییە کەلتورییەکانی لەبار بردووە، مرۆڤی کوردی تووشی چەرمەسەری و دۆخی تەمبەڵی و جۆرەها نەخۆشی کردووە، باری دەروونی نا جێگیر هاتۆتە ئاراوە،

چونکە سەوزە و میوە سروشتییەکان دەگمەن بوون.
بە خواردنی تەماتە، ڕوانینی دیمەنی بێستان و خوڕەی ئاوی جۆگەی بێستان و چێژوەرگرتن لە دێراو و شەلەکە، لەگەڵیدا قسەخۆش و ڕەوانەکانی کابرای بێستاندار، پشوویەکی باشمان دا، ماندومان حەسایەوە بەرەو شارەکە ملی ڕێگامان گرتەبەر.
لەم ساڵانەی نیو سەدەی تەمەنمدا، ماوەیەک بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو بووم، ڕۆژانە کە سەیری گوندی هەمزە و ڕۆمیم دەکرد، وشکەڵانییەکی ڕەق و تەق، نە ئاو و نە بێستان و نە ساحێب بێستان ماوە، ڕابردوویەکی پڕ ئەندێشەی بیرەوەری و ژیانێکی خواپێداوی سەردەمی شاری، دوور لە ژیانە سادەو ساکارەکەی مێژووم تۆمار دەکرد.
یەکێکی تر لە کارەکانم لە کاتی بەڕێکردنی گوێرەلەوانی، لەدوای نیوەڕۆی وەرزی هاویندا ماسی گرتن بە قولاب بوو لە گۆمەکانی مەحمود دێ، ئاشە تەنەکە، ساوەرکوڵێنی، ڕووباری باسەرەدا، کە ئاوەکە مەنگ و پەنگ خواردووبوو، زۆرتر ماسی بە قولاب و تۆڕ تیایدا دەگیرا، ئێمە تۆڕمان نەبوو، قولاب تاکە ئامێری گرتنی ماسی بوو، لە گۆمی ئاشەتەنەکە لەگەڵ مەلا نجم الدین وادی کە ئەوکاتە خوێندکاری قوتابخانەی هەشەزیینی بوو، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردبوو، لای مەرەزەبوو، دواتر بووە فەقێ و ئێستا مامۆستای ئایینیە.
من و چەند کەسێکی تر و مەلا نجم الدین هەویرمان دەکرد بە قولابەکە و بەدارێکی درێژ سەری ئەو سەری وایەری قولابەکەمان دەخستە گۆمەکەوە، وایەرەکەی قولابی مەلا نجم الدین سێ تەڵ و جێجێ گرێی هەڵەفەی بۆ نەپچڕاندن لێدرابوو، لە پڕ وایەری قولابەکە دوو تا سێ جار مەلا نجم الدینی هێناو برد و ئەگەر لە ڕۆخی ڕوبارەکەوە زۆر نزیک بوایە دەکەوتە گۆمەکەوە لە ئەنجامی هێنان و بردن و ڕاکێشانی وایەری قولابەکەی مەلا نجم الدین وایەری قولابەکە پساو تەنها دارەکە بە دەست مەلا نجم الدینەوە مایەوە، لە کاتێکدا لە وایەری قولابی هەمووومان تۆکمەتر بوو، تێگەیشتن کە ماسیەکی گەورە بوو لەبەر قورسی ماسییەکە وایەرەکە بڕاو قولابەکە لە شەویلاگی ماسیەکەدا گیر بووە، هەموو ئاخمان هەڵکێشاو هەستمان کرد لە خواردنی ماسیەکی گەورە بێبەش بووین، چونکە ئەو کاتانە ماسی گرتن لای ئێمە بۆ فرۆشتن نەبوو، زۆر جار هەر لەو دەشت و دەرە ترش و خوێمان دەکرد و دەمان برژاند.

جارێکی تر لە گوندی مەحمود دێی سەر چەمی باسەڕە بووم هاوینێ گەرم، جارجار شەماڵ نوزەیەکی دەکرد، قولابم خستە گۆمەکەوە، یەک تا دوو ماسی کەمتر لە کیلۆم گرت، لە پڕ دەست و مەچەکم قورس بوو قولابەکە ڕای تەکاندم و ڕووداوەکەی مەلا نجم الدینم بیرکەوتەوە و چوومە دواوەی ڕۆخی ڕوبارەکە، کەوتمە دامێنی دوو هێزی ڕاکێشانی ئاراستە جیاوازەوە، ئاراستەی ڕاکێشانی قولابەکە بۆ ئاوەکە لەلایەن نێچیری پێوەبووی قولابەکەوە، ئاراستەی ڕاکێشانی قولابەکە بۆ دەرەوەی گۆمەکە لەلایەن منەوە بە هەموو هێزی بوونمەوە، لە ئەنجامدا ئاراستەی هێزی من سەرکەوتو و ماسییەکی گەورەی (١٠ تا ١٥) کیلۆیم هێنایە دەرەوە، لە خۆشیدا نەمزانی چیبکەم تەزووی شادی بە هەموو گیانمدا گوزەری کرد، ماسیەکە لە توانای خواردنی ئەو شوێنە بەدەربوو، بڕیارمدا بیبەمەماڵەوە دایکم هاوکاری نەدەکرد و یەکێک بوو لەو کەسانەی بە بۆنی ماسی تووشی هەستەوەری دەبوو، حەزی بە پاککردنی ماسی نەدەکرد، نەشی دەخوارد ئێستاش خێزانەکەم هەمان کێشەی هەیەو لە دەرەوە ئامادەکراو نەبێت نایخوات، توانای بەرگری بۆنی ماسی نییە و هەرگیز ماسی لە ماڵەوە بۆ برژاندن ئامادە ناکات.

بڕیارم دا تا فێنکایی درەنگی ئێوارە ماسی بگرم و ئێوارە لەگەڵ گوێرەکەکاندا ماسییەکان بەرمەوە ماڵەوە، بە ئومێدی بوونی ئەو ماسییە گەورە ڕەنگە ماڵەوە دەست خۆشیم لێ بکەن و وەک ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە هەستم بە شادی و خۆشییەکی بێ وێنە دەکرد.

ماسییەکانم دوورخستەوە لە ڕۆخی ڕووبارەکەو لە ژێر سێبەری شۆڕەبییەکی ڕۆخی ڕوبارەکە دامنان، ئاوڕم دایەوە زەردەواڵەیەکی زۆر بە دەم و لوتی ماسیەکانەوە دەبینرا، لە پڕ ئەحمەد گوڵە گاوانم لێ پەیدا بوو کە گەنجێکی دانیشتوی ئەو کاتەی گوندی هەشەزیینی بوو بۆ ماسی گرتن هاتبوو، وەک مژدەیەکی خۆشی و شانازی کردن ئاماژەم بۆ ماسییە گەورەکە کرد، ئاوڕی لە ماسییەکە دایەوە واقی وڕما و تاسا، نێو چاوانێکی هێناو برد هەرچەندە زۆر لەو منداڵ تر بووم هەستم کرد، تووشی دڵەڕاوکێ و لێکدانەوەی دەروونی بووە، لە ئیرەیی بردنی بۆ ماسییەکە نەیدەزانی چیبکا کاتێک لە ماسییەکانم نزیک بوومەوە قیژاندی بە سەرمدا.

– ها، ها، ها نەکەی نەکەی......نەکەی...!

+ چی نەکەم چیم کردووە؟

دەس بەو ماسیانەوە نەدەی ژەهراوی بوونە زەردەواڵە، ژەهراوی کردون، بە کەڵکی خواردن نایەن، تا دەهات ژمارەی هاتنی زەردەواڵە زیاتر دەبوون.

قیژە و هاوار و بگرەو بەردەی ئەحمەدی گوڵە گاوان و دروستکردنی کەشوهەوایەکی ترسناکی ژەهرو نەبوونی شارەزاییم لەو بارەوە، هەوێنی وەرگەڕانی بارودۆخەکەبوون بۆ بەرژەوەندی ئەحمەدو بڕوا پێهێنانم بۆ دوورکەوتنەوە لە ماسییەکان و جێهێشتنی ناوچەکە، بۆ زیاتر سووربوون لە ترسەکە خۆشی بەبەرچاومەوە قولابەکەی هەڵگرت و شوێنەکەی جێهێشت و ملی ڕێگای بەرەو گوندەکە گرتەبەر و وتی: با ژەهراوی نەبین، ئێوارە دوای لەوەڕاندنی گوێلەکەکان و نزیک گەڕانەوە بۆ ماڵەوە نا ئومێدی لە دەستدانی ئەو ماسییە گەورەیە مێشک و بیرمی تەنیبوو خۆم پێ نەگیراو چوومەوە شوێنی ماسییەکان، ماسییەکان نەماون و، شوڵەداریّ لە شۆڕەبیەکە شکاوە، تێگەیشتم کە ئەحمەدی گوڵەگاوان چ فێڵێکی کـردووە دوای من چووە ماسییەکانمی بردووە بۆ خۆی، چەند ڕۆژێ دواتر لە ئاواییدا باسی کردبوو، وتبوی تا دوو ڕۆژ هەموو ژەمەکان ماسی خواردوە، تەنانەت سەرەکەشی خـواردووە کە هۆکاری هەڵخەڵەتاندنی من بوو بـەوەی ژمارەیەکی زۆر زەردەواڵـەی پێوە بووە و منی پێ هەڵخەڵەتاند. پێشتریش لە چەمی دەرە سـوور کە باوکم جۆگەی بۆ بێستان و مـەرەزە ڕاکێشابوو ڕۆژێکیان جۆگەکەمان شکاند و ئاوی تیانەمابوو، ماسییەکی گەورەمان لەگەڵ کاکمدا بینی کە دیار بوو دوو ڕۆژبوو مابووەوە بۆنی ساردی لێدەهات و قرژاڵ هەندێکی لێ خواردبوو بە کەڵکی خواردن نەهات. لە تەمەنی منداڵی قولاب و ماسیگرتندا سێ جار لە خواردنی ماسی گەورە بێ بەش بووم.

شەش تا حەوت ساڵ دواتـر ئەحمەدی گوڵەگاوانم لە شاری کەرکوک بینییەوە شێت ببوو بە زنجیر قاچی بەسترابۆوە ماسی و زەردەواڵەکەم بیرکەوتەوە هەستم کرد خوا حەقی منی لێ کردۆتەوە، ئەو پەندە کوردییەم بیرکەوتەوە.

زاڵم زەواڵت تووش بێ...

# ساڵانی ١٩٧٧ ـ ١٩٧٨

ساڵانی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ ساڵانی قۆناغی ناوەندیی خوێندن و سەرەتای هەرزەیی تەمەن بوون، پڕن لە ئەزموونی فێربوونی بەهای ژیان و ڕووداوی لە یادنەچوو، لە ساڵی ١٩٧٧دا لە پۆلی دووی ناوەندیی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک بووم، هاوینانیش لە پشووی هاوینەی خوێندندا دەگەڕامەوە بۆ گوندی هەشەزییینی، ئاهەنگێک لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئیمام قاسم کرا لەگەڵ حەسەنی ئامۆزامدا کە لەیەک پۆل بووین، بە گۆرانی (چاوت جوانە لەیلا) بەشداریی ئاهەنگەکەمان کرد و دەنگمان خۆش بوو، جلی کوردیمان لەبەربوو، گۆرانییەکە دەنگێکی زۆری دایەوە، هەر بەهۆی دەنگ خۆشی منالیمەوە ئێوارانی پێنج شەمموان دەچووومە قەبرسانەکەی شێخ محێدینی کەرکوک، سوورەتی یاسینمان لەسەر قەبران دەخوێند، پارەیان دەداینێ لە (١٠٠) فلسەوە تا چارەکە دیناریێ، هەریەکە و بە ئارەزووی خۆی، هەموو پێنج شەممەیەک دیناریێ تا دینار و نیوێکمان کۆدەکردەوە، عەسرێکی درەنگ دەچووینە بازاڕ و گۆڤارەکانی (المجلة، مزمار)مان دەکڕی، بەرامبەر سینەما صلاح الدین دوکانێکی لەفە هەبوو نوسرابوو (نواشف وأنت ماشی) لەفەیەکمان دەخوارد، ئەگەر فلیمەکە هیندی بوایە دەچووین بۆ سینەما ئەو سەردەمانە تام و چێژی زۆرمان لە فلیمی هیندی وەردەگرت، برادەرێکمان هەبوو ناوی (برهان هندی)بوو، زۆر زیرەک بوو لە قوتابخانە، بەڵام فلیمی

هیندی مێشک و بیری تەنیبوو، هێندە سەیری فلیمی هیندی دەکرد هیندی فێرببوو لە ماڵەوە تۆمارگایەکی گۆرانی هیندی، کردبۆوە لەبەر بایەخدان بە کولتوری هیندی خوێندنی پێ نەدەکرا، لەم ساڵانەی دواییدا یەکێکم بینی لە TV چاوپێکەتنیان لەگەڵ کرد، جلی هیندی لەبەر کردبوو، چەند جار سەردانی هیندستانی کردبوو، خۆی تەرخان کردبوو بۆ کەلتور و هونەری هیندی و فرۆشتنی بەرهەمی هیندی، نازانم بورهان هیندی بوو یان نا، هەر لە نەورۆزی ئەو ساڵانەدا لە پاڵ کڵێسەی سەر جادەی ئیسکان/ شۆریجە لەگەڵ بلە فگوردا[٣] ئاگری نەورۆزمان دەکردەوە ئەمن و دەزگاکانی بەعس ڕێگریان لێ دەکردین، هەر لەسەر جادەی ئیسکان/ شۆریجە لە دوکانی خوالێخۆشبوو (نوری فەقێ) کە کەسایەتییەکی شیوعی ناسراوی شاری کەرکوک بوو، خوالێخۆشبوو هونەرمەندی گەورە (عەلی مەردان)م بینی زۆر پێی سەرسام بووم کاتێک بۆ شت کڕین چوومە دوکانەکە، بە سیمایەکی نورانی چرچ و لۆچی تەمەنەوە بەخێرهاتنی کردم، لەبەرئەوەی هەر لە منداڵییەوە بەدەنگ و گۆرانییەکانی سەرسام بووم، کەوتینە قسە، هێندەم زانی دەستی گرتم و پڕ چاوی بوو لەفرمێسک یەک دوو جار وتی:

ئای، تەمەن؟ ئای گەنجی!...

تێگەیشتم بە حەسرەتی گەنجی و گەڕانەوەی تەمەن و یادگارییەکانییەوە دەناڵێنێ، چەند ساڵێک دوای ئەوە لە کۆڕێکی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا لە شاری سلێمانی بینیمەوە، هێندەی نەبرد دوای سازدانی کۆڕەکە کۆچی دوایی کرد.

هەر لە بیرەوەرییەکانی هاوینانی گوندی هەشەزیینیدا دەچووینە گۆمەکانی ئاشە تەنەکە بۆ مەلەکردن هێندە بازدان بۆ ناو ئاوو مەلەمان دەکرد، تا برسیمان دەبوو پاشان دەچووینە ناوباخ و دارستانەکانی ڕۆخی چەمی ڕۆخانە بۆ خواردنی هەنجیر، زۆربەی جار هەنجیرەکان زەردەواڵە کلۆری کردبوون، من زۆرتر حەزم بە خواردنی ئەو هەنجیرانە دەکرد، کە ناوەکەی خورابوون تەنها بەرگەکەی مابۆوە، وشک هەڵاتبوون، جارێکیان بەسەر چڵەپۆپی دار هەنجیرێکەوە هەنجیرێکی ناوکلۆری پێست وشکبووم بینی، لە خۆشیدا لە جیاتی دەست، بە دەم لە چڵی دارەکەم کردەوە هێندەم زانی چزو لە لێوی خوارەوەم هەڵسا، ئازارێکی گەورەم هەست پێکرد، بێ ئاگا لەوەی زەردەواڵەیەک لە ناو هەنجیرە کلۆرەکەدا بووەو پێوەی داوم، لەبەر زۆری

٣- بلە فگور، پیاوێکی دەنگخۆشی کەرکوکی بوو، هەموو ئێوارەیەک لە پاڵ کڵێسەی ئیسکانی کەرکوکدا ئارەقی دەخواردەوە، سەرخۆش دەبوو گۆرانی دەوت.

ئازار دابەزیمە خوارەوە تا دەهات ئازار تەنگی پێ هەڵدەچنیم و ئۆقرەم بۆ هەنجیر خواردن نەما، تا ئێوارە دەم و چاوم بەڕادەیەک ئاوسا توانای قسە و گفتوگۆم نەما و کەس نەی دەناسیمەوە، چاوەکانم زۆرکەم بواری بینینی مابۆوە، ئاوسانی ڕوومەتەکانم بوونە ڕێگر لەبەردەم بینینی مەودای دوورو نزیکدا، کە گەڕامەوە ماڵەوە دایکم وەک پیشەی هەمیشەیی سۆزی دایکایەتی هەندێ خەمی لێ خواردم و سۆزی دامێ ئاوسانەکە یەک تا دوو ڕۆژی خایاند و بووە هۆی وازهێنانم لە خواردنی هەنجیری ناو خاڵی و کلۆر.

کە لە شاری کەرکوک دەمخوێند، ناو بەناو پێنج شەممە و هەینیان دەگەڕامەوە گوندی هەشەزیینی جارێکیان عەسرانێکی درەنگ گەڕامەوە ماڵەوە لە هەشەزیینی، لەگەڵ گەیشتندا وتیان شێخ دلێر بانگت دەکات، شێخ دلێر گەنجێکی پێشمەرگەی ڕیشداری تیکسمڕاوی چوار شانەی کەڵەگەت هاتە بەرچاو، خەڵکی قادرکەرەم بوو، دەرچووی زانکۆ بوو، دواتر لە نزیک گوندی ژاڵەی بەردەربەندا شەهید بوو، تا ئێستاش بەگوندەکە دەوترێ: ژاڵەی شەهید دلێر، لەبەر مێرخاسی و خۆشەویستی شەهید دلێر، چوومە دەرەوەی ماڵ شێخ دلێرم بینی پیاوێکی ڕووخۆشی ڕیشن، ئەو سەردەمانە هێندە پێشمەرگەمان خۆش دەویست لەگەڵ بینیندا گیانم کەوتە هەژان، موچڕکەیەک بە لەشمدا گوزەری کرد، سام دایگرتم هەموو گیانم کردە گوێ بۆ گوێ بیستی پرسیارەکەی.

– کاکە گیان لە جادەی باسەرەوە هاتی؟

+ بەڵێ.

– لەسەر جادەکە چەکدار و جاشت بینی؟

+ بەڵێ، دوو تا سێ ئۆتۆمۆبێڵ لەسەر جادەکە وەستابوون.

– ئاراستەی ڕۆیشتنیانت نەدەزانی؟

+ نەوەڵا وەستابوون لە ناوخۆیاندا مشتومڕیان بوو، کەوتە نوسینی وەڵامەکان، پاشان نیگایەکی بزە ئامێزی بۆ کردم، دەستی گوشیم و وتی سوپاس.

ژاڵەی شەهید دلێر، دوو چالاکی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی تیادا ئەنجام دراوە، لە هەردوو چالاکییەکەدا زۆرترین کوشتار لە حکومەت کرا، بەرامبەر کەمترین زیانی هێزی پێشمەرگە هێندەی لە یادمە پێشمەرگەیەک بە ناوی حکیم شەهید بوو، کە دوو تا سێ ڕۆژ بەسەر

تەمەنی پێشمەرگایەتیدا تێپەڕ ببوو، شەڕەکە دەنگ و سەدایەکی گەورەی نایەوە، تا ئێستاش ویردی سەرزمانی خەڵکە، لە شەڕی دووەمی ژاڵەدا لە بەرزاییەکانی گوندی هەشەزیینیەوە سەیری ژاڵەمان دەکرد، ئەو هەموو هێز و جاش و کۆپتەرە بەرامبەر هێزی پێشمەرگە وەستابوون، شەڕەکە تا ئێوارەیەکی درەنگ درێژەی کێشا، زۆربەی خەڵکی گوندەکە گوندەکەیان چۆڵ کرد، قیژەو هاواری ئەو ژنەم لە یادە هاواری دەکرد، ڕەبیماڵی وێران بێ ئەوەی ماڵی وێران کردین، بە بەرزاییەکانی سێ گردانەوە بووین لە ناوگوندی هەشەزیینیەوە بووە تەقە بەرەو ڕووی گوندی ژاڵە، لە یادمە وتیان: ئەوە هێزی گەرمیانە، سامان گەرمیانییە، بۆ پشتگیری پێشمەرگەکان دەچێ ئەو تەقەشی لە دوورەوە بۆ بەرزی ورەی هێزی پێشمەرگەیە، کە خۆڕاگربن، دەزانین ماندوون وا بە هاناتانەوە هاتین، لە ناو گوند بنێشتیان کڕی و وتیان بۆ تونێتی زۆر باشە، شەڕەکانی گوندی ژاڵە، تەرازووی هێزەکانی گۆڕی، بە خەڵک و حکومەتی گەیاند، کە چەخماخەی شۆڕشی نوێی پارتیزانانە هەڵگیرساوە، شەڕی گوند و ڕەبیەگرتن و چۆکدادانی دوژمن بەرامبەر ورەی هێزی پێشمەرگە، حەتمیەتی مێژووە و چەندەها چالاکی و داستانی بەدوادا هات، دوابەدوای شەڕی ژاڵە ڕۆژێکیان لە گوندی هەشەزیینی دەم و چاوێ سپی و بزەو خەندەی پێشمەرگەیەک تەواو سەرسامی کردم، بەرەو ڕووی جولاّم بەبزەوە بەرەوڕووم هات، بزە بووە خەندە و پێکەنین، وێنەی ئەو پێشمەرگە بە کامێرای مێشکم گیراوە، زۆر جار دێتەوە بەرچاوم هەرگیز لە یادم ناچێت تەوقەمان کردو وتی کاکە تۆ خوێندکاری؟ وتم بەڵێ.

دوای زانیم ئەو کەسە ڕوح سووک و دەم بەخەندەیە، شەهید بێستون بارۆیی بوو، دواتر لەگەڵ (١٦) پێشمەرگەی قارەماندا لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە شاخی شۆڕاوە بە کۆپتەر گیانیان سپارد.

## بەشی ناوخۆیی

ساڵی (١٩٨٠) حکومەتی بەعس بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایی دانیشتوانی کوردستانی باشوور، بەیت و بالورەی لێدانی زەنگی دیموکراسی هەڵبژاردنێکی کارتۆنی لە ناوچەی بەناو ئۆتۆنۆمی کوردستانی باشووردا بۆ هەردوو (مجلس التشريع) و (مجلس التنفيذ)ی ئەنجامدا، کە گوایە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەربەستانە نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن بنکەی دەنگدان لە مەرکەزی شارۆچکەکاندا کرایەوە.

لە ڕێگەی موختاری گوندەکانەوە پسولەی دەنگدان دابەش دەکرا، ئێوارانێک مەفرەزەیەک پێشمەرگە خۆی کرد بە گوندی هەشەزییندا، مام ڕۆستەم کەسی یەکەمی پێشمەرگەکان بوو، موختاری گوندیان بانگ کردو هەموو پسولەی دەنگدانەکانیان کۆکردەوەو سوتاندیان، وتیان کەس نەچێت بۆ دەنگدان، حکومەت هێندە دڵسۆزی کورد نییە، لە پشتی یەکێک لە دەلیلەکانی دەنگدان نووسی کەس نەچێ و ناوی خۆی لەسەر دانا (ڕۆستەم کەرکوکی)، بە دیواری مزگەوتی گوندەکەوە هەڵیواسی بەیانی جەیش و عەسکەری هاتن، بە زۆر خەڵکەکەیان بە سواری مەکینە و عارەبانە ڕاپێچی سەنگاو کرد بۆ دەنگدان، من لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا وەستابووم دیمەنی بە زۆر سوارکردنی خەڵک و سیمای ئەفسەرێکی پیری جەیش بۆ خۆی کێشی کردم، لە ئەفسەرەکە ورد دەبوومەوە، سیمایەکی ترس هێنەری هەبوو ڕووی کردە

من و وتی:

– لیش ما تصعد؟

دیمەنی کات و شوێنەکە و چەند وشەیەکی عەرەبی لە قوتابخانە فێر ببووم، زانیم دەڵێ بۆ سەر ناکەوی، گیانم کەوتە لەرزین و هەستم کرد لەبەردەم گرفتێکی قورسدام، وەڵامم دایەوە.

+ ما یشملنی!

– لێش، یا موالید؟

+ ١٩٦٥.

–زین.

ئێوارە خەڵکەکە گەڕانەوە گوند، لە چاوەڕوانیدا بووین بەلامانەوە نامۆ بوو، یەکەمین جار بوو وەک پڕو پاگەندەی دیوکراتی و هەڵبژاردن کاری وا بکرێت، صالح ئەمین، پیاوێکی هەڵکشاو لە تەمەنبوو لێیان پرسی:

دەنگوباسی هەڵبژاردنەکە چۆن بوو؟ لە وەڵامدا وتی:

–کورە هەڵبژاردنی چی گاڵتەکردن بە خەڵکی بوو!

+بۆ دەنگتان نەدا؟

–با دەنگمان دا ئەیان وت تۆ کێت دەوێ؟ ئەو کێی دەوێ! خۆیان دایان دەناو پرسە گورگانە بوو، بێتاقەتی و ماندووبوون بە سیمای صالح ئەمینەوە هەست پێدەکرا، تێگەیشتم دەنگدانێکی کارتۆنی بووە، ئەوەی ئەڵقە لە گوێی خۆیان بێ دای دەنێن و دەیکەن بە نوێنەری ئەو خەڵکە.

ماوەیەک دوای دەنگدانەکە، مەفرەزەیەکی جاشی تایبەت (مفرزە خاصة) هاتنە گوندەکە بە ڕەفتاری توندوتیژو ناشایستە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد، دروشمەکانی شۆڕش و وێنەکانی شەهید ئارام، کە بە دیوارەکانەوە بە سپرای کێشرابوون، دەسڕیەوە.

جاشێکیان کە بە هەڕەشەو لاساری بەناوبانگ بوو بە ناوی (ع.ر) لە دوورەوە بانگی کردم، هەموو گیانم کەوتە لەرزین، ترسێکی زۆر بەرۆکی گرتم نازانم چۆن گەیشتمە بەرلوتی، مۆڕەیەکی لێکردم و بە ئاماژەوە بۆ وێنەیەکی شەهید ئارام کە بە دیواری مزگەوتی بەردەم ماڵمانەوە بە سپرای کێشرابوو، وتی:

– بچۆ هەندێ نەوتم بۆ بێنە، با ئەو ڕەسمەی پێ بسڕمەوە.

دوورکەوتمەوە ڕۆیشتم.

یەکێکی تریان لەلاوە وتی نەوتی چی؟ بە نیازی نەوتت بۆ بێنێت چاوت

پێ ناکەوێتەوە!

– دەبا نەی هێنێ بەخوا هەرچی گیانی هەیە، دەیشکێنم.

نازانم لەماڵەوە نەوتمان هەبوو یان نا، وتم خۆ من ناناسن، ناویشم نەداوە چووم بۆ سەرووی گوندەکە، تەنیشت کانی گوندەکە خۆم شاردەوە تا عەسرانێکی درەنگ لەو دۆڵ و شیوو پەناو پەسێرانەدا مامەوە، تا جاشەکان نەگەڕانەوە، نەهاتمەوە گوند.

کە گەڕامەوە گوندەکە گوڕو تەوژمم بەخۆم دا هەموو هێزم دایە بەر خۆم بە مەبەستی بینینی وێنەکەی شەهید ئارام سەرم بەرزکردەوە وێنەکە مابوو بەڵام بە سپرای بۆیە، یەک نیشانەی ڕاست و چەپ بەسەر وێنەکەدا هاتبوو.

کە لە پایزی (١٩٧٨)دا خوێندنگا کرایەوە، لەبەرئەوەی بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، وانەکانی (جوگرافیا – مێژوو – کۆمەڵایەتی –ئایین) لە خوێندنگە کوردییەکانی کەرکوک کران بە زمانی عەرەبی و یاساغ بوو لەو وانانەدا لەپۆلدا بە زمانی کوردی قسە بکرێت، خۆم گواستەوە بۆ ئامادەیی صلاح الدین ئەیوبی لە شاری سلێمانی، داوام کرد لە بەشی ناوخۆیی وەربگیرێم، خۆم ئامادە کرد، بۆ چاوپێکەوتن.

ڕۆژی چاوپێکەوتن بە ترس و لەرزەوە چوومە بەردەم لیژنەکە، یەکەم پرسیاریان لێم کرد.

– ئەی ئێستا لە کوێ دەمێنیتەوە؟

+ ئوتێلی گەل، ژووری ژمارە (٧).

نیگایەکیان تێڕوانیم، هەستم بە بەزەیی کرد.

ئاگاداربووم یەکێکیان چرپاندی بە گوێی ئەوی تردا.

وتی:

درۆناکا، مادام ژمارەی ژوورەکەی وت، هەستم کرد، چاوپێکەوتنەکە بەشی ناوخۆییەکەی بۆ مسۆگەر کردم، چونکە کێشەیەکی گەورە بوو ئەگەر لە بەشی ناوخۆیی وەرنەگیرامایە جێگەو شوێنم نەبوو باری داراییشمان هێندە بەهێز نەبوو، بتوانم بە گرتنی شوێن درێژە بەخوێندن بدەم.

لە بەشی ناوخۆیی وەرگیرام، بینایەکی بچووکی کۆن لەفلکەی سابونکەران، سەیرەکە لەوەدابوو نوسرابوو (قسم ملحق) منیش زۆر دەترسام چوومە لای کاکم وتم: (قسم ملحق) یانی چی وتی: لەوانەیە مەبەستیان (ألحاقتان) بێ بە حزبی بەعسەوە، بتانکەن بە بەعسی ترسم لێ نیشت بووە کێشەم، خولیام

بوو تا ڕۆژێ، مارف عمر گوڵم بینی لێم پرسی، وتی: قسم ملحق، یانی بەشی سەرەکی نییە سەر بە بەشێکی ترە لە بەشی سەرەکی، ئاهێک هات بە بەرمدا، کەوتمە پرسیار و هەواڵ دوایی زانیم (قسم داخلی) سەرەکییەکە، بەرامبەر خەستەخانەی شیرەکەیە لەبەرئەوەی ژمارەی خوێندکاران زۆرە، ئەم خانوەیان بۆ گیراوە، زۆرتر خوێندکارانی پۆلی سێ و شەش کە تاقیکردنەوەی وەزاریان هەیە دەنێردرێن بۆ ئەم بەشە، تا باشتر بخوێنن بەشە سەرەکییەکە زۆر قەربالغە لە پۆلی (٧)تەوە تا (١٢)ی تێدایە بە تێکڕا.

ئەو گرێ کوێرەکەی کە چەند ڕۆژێ بوو بە دەمیەوە دەگلامەوە کرایەوە، زانیم (قسم ملحق) واتە پەیوەندی بە بەشی سەرەکی بەشە ناوخۆییەکەوەیە، نەک حزبی بەعس، بەشی ناوخۆیی ساڵانێکی دوودیوی خۆش و پڕ بە ئازاربوو، لەلایەک ئەو هەموو خوێندکارە ئازیزانەمان ناسی کە لە گوندە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە هاتبوون بۆ خوێندن، شەوانە یان عەسرانی درەنگ کۆدەبووینەوە لە ژورێکدا گوێمان لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەگرت، بەشێکمان ڕێکخستنی نهێنی بووین، بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو کتێبەکانی شۆڕشی نوێمان دەهێنایە بەشی ناوخۆیی و هەندێکمان هەڵدەواسی، جارێکیان بڵاوکراوەی (هەواڵنامەی کوردستانی عێراق)م، لە گۆرەویەکانمدا شاردەوە، لە گوندی هەشەزیینیەوە هێنامە بەشی ناوخۆیی، زۆر لە برادەران خوێندیانەوە، برادەرێک بەناوی (خالد) خەڵکی گوندی داری زاینی قەرەداغ بوو وتی: جارێ تر شتی وا نەکەی تووش دەبین، سەرەنگومان دەکەن، ناخۆشییەکانی بەشی ناوخۆیش دووری خێزان، دووری سۆزی دایک، بە گشتی بەشەناوخۆیی لە زیندان دەچوو، هیچیشمان باری دارایی ئەوتۆمان نەبوو بچینە دوو سەفرە و دوو شوێنی دڵگیر و خۆش.

کێشەیەکی تر نا ئارامی دەروونی بوو، کە دەچووینەوە گوند تێکەڵ بە پێشمەرگەو کۆڕو کۆبوونەوەکان دەبووین، لە یادمە کاتێک کە مامۆستا (بشارەت عبدالصمد) لە ئامادەیی صلاح الدینی کوڕان، فیزیای پێ دەوتین، من وتەکانی دڵشادی حاجی پەنگینە لە گوێما دەزرنگایەوە کە کۆبوونەوەی جەماوەری لە مزگەوتی گوندی هەشەزیینی کرد، من لە کۆبوونەوەکە بەشداربووم.

هەر ئەو سەردەمانە کە جاروبار ڕادیۆکانی شۆڕشمان دەکردەوە باسی زەنگلێدانی شەڕی براکوژی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی دەکرد، خەرمانی هیواو ئاواتی دەسوتاندین، بەیانییەکی زوو لە بەشی ناوخۆیی

چوومە سەرجادەی سابونکەران بۆ کڕینی نان، کە فڕنی نانەکە لەسەر سوچی بەشی ناوخۆیەکە بوو، تازە تاریک و ڕوون بوو، بە هۆی برادەرێکی نوێژخوێن لە ژوورەکەدا وازوو خەبەرم بووەوە، بە جلی خەوەوە چوومە دەرەوەو نانم کڕی، لە پڕ لێدانی فول لایتی سەیارەی (قوات خاصە)ی ملازم محسن[٤]*********(١) دەرکەوت، هەموو گیانم بووە هێز و قەڵەمباز و ڕام کردە ژوورەوە دەرگاکەم داخست، چوومە نێو جێگاکە، دەنگی لێدانی ترپەی دڵم لە دووری کیلۆمەترێکەوە دەبیسترا، هەستم کرد ئۆتۆمبێلی (قوات خاصەکە) وەستاوە عەودالّی گەڕان بوون بە دوامدا، بەڵام بە هۆی پێوەدانی دەرگای گەورەی حەوشەی بەشی (ملحق)ی بەشی ناوخۆییەوە، بیریان بەلای ئەو جێگەیەدا نەدەچوو، بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە لە جێگەکەدا مامەوە دیمەنی تیژڕەوی لایتی ئۆتۆمبێلەکە جارجار دێتە پێش چاوم و بە ئاسانی لە بیرم دەرناچێت، چونکە ئەوکاتە ئەو گڵۆپانەی لەسەر سەیارەکانیان دەبەسترا و لە دوورەوە شەوارەی دەکردی و تاریکی نیوە شەوی دەکردە ڕۆژی ڕووناک.

بۆ بەیانی لەگەڵ دووبرادەر یەکێکیان بەناوی خەلیل حاجی مامانی، چووینە بەشی سەرەکی بەشی ناوخۆیی بۆ نانخواردنی بەیانی، کە سێ ژەمە لە هۆڵێکی تایبەت نانمان پێ دەدرا، لەسەر جادەی إبراهیم پاشا کۆمەڵێ خوێندکاری کچ بە تەنیشماندا تێدەپەڕین و دەچوون بۆ خوێندنگا.

یەکێکیان سەیری بیناکەی کردو وتی: تەماشا ئەم لادێیانە لەم بینا خۆشەدا چۆن داگیریان کردوە، پڕە لە لادێیی من بەلامەوە ئاسایی بوو، هاوڕێ خلیل هەر لە دڵی دەرنەدەچوو زوو زوو دەیگێڕایەوەو خەمی لێ دەخوارد، پاش یەک دوو ساڵ زانیم، هاوڕێ خەلیل بە تەواوەتی دەستی لە خوێندن هەڵگرتووەو گەڕاوەتەوە گوندی حاجی مامان.

---

٤- ملازم محسن، جەللادێکی خوێن ڕێژی بەعس بوو، سەرپەرشتی (قوات خاصة)ی دەکرد ئازاری زۆری خەڵکی شاری سلێمانی دەدا لەو سەردەمەدا.

# شەهیدانی شاخی شۆڕاوە

لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانداو دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ئەنجامی زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس و ئازاردانی تاک و کۆی کورد، تا دەهات هێزی پێشمەرگە کارامە و پتەو دەبوو لە ڕووی ژمارەو چالاکی و ڕێکخستنەوە، ڕێکخستنێکی چووست و چالاک هەبوو لە شارەکاندا، چالاکی پارتیزانی لە گوند و شاخەکاندا دەکرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی خۆشەویست بوو، گەنجانی ئەو سەردەمە لە جیاتی خۆشەویستی کچان و پەیوەندیی خۆشەویستی، زۆرتر ئالودەی پەیوەندیی خۆشەویستی خاک و پێشمەرگە دەبوون، بەگشتی فەزای گەنج، فەزای خوێندنەوەو خۆپێگەیاندنی ڕۆشنبیریی سیاسی و ڕێکخستنی نهێنی بوو، (نموونەیەک لە نوسینەکانی شەهید ئارام)، یەکێک لەو کتێبانەی ئەو سەردەمە بوو، کە لە گوندی هەشەزیینی خوێندمەوەو لای دایکم جێم هێشت تا بیگەیەنێتەوە ئەو سەرچاوەی لێم وەرگرتوە، کاکم دوای من لە دایکمی وەرگرتبوو لە گیرفانیدا هێنابوویە ئوتێلی گەلی سلێمانی، کاتێک ئێوارەیەک ڕێمکەوتە ئەو ئوتێلە و سەرینی جێگەکەی کاکم هەڵدایەوە، هەمان پەرتوکی شەهید ئارام کە پێشتر خوێندبوومەوە کەوتە بەرچاوم واقم وڕما، ترسێک دایگرتم دەستم بۆی برد، هەمان پەرتووکەکەی خۆم بوو کە لە هەشەزیینی خوێندبوومەوە، کاکم هاتەوە، پرسیارم کرد چۆن هێناوتە ئەگەر بگیرایە؟

وەڵامی دایەوە:
خەڵک گوله و چەک دەردەکات، ئێمە نەتوانین کتێبێک بهێنین که له باخەڵدا دەشارێتەوە، دڕندەیی ڕژێمی ئەوکاته وابوو بگیرایتایه جارێ تر نەت دەتوانی درێژه به ژیان بدەی و له سێداره دەدرای، کتێبەکه ماوەیەک لامان مایەوه من جارێ تر به وردی و کاکیشم خوێندیەوە، جارێک نیشانی مارف عمر گوڵ–مان دا، وتی پێشتر خوێندومەتەوە، چونکه ئەویش ڕێکخستنی کۆمەڵه بوو، بڵاوکراوەکانی شاخی پێدەگەیشت.
جگه له بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی شۆڕش، دیمەنی کارەساته جەرگ بڕەکانی ڕۆژانـەی کاربەدەستانی ئەو کاتەی بەعس دەرحـەق به شاری سلێمانی هێندەی تر ژیانی لێ تاڵ دەکردین، گیانی خۆڕاگری و بوون به ڕێکخستن و پێشمەرگەی وەک پەرچەکردارێکی دەروونی دەکرد به بەرماندا، یەکێک لەو دیمەنانەی هەرگیز له یادم ناچێت، ڕۆژێکیان له وێستگەی پاص بەرامبەر مزگەوتی گەورە، یەکێک لەو پیاوانەی بەعس که پێیان دەوترا (قوات خاصه) به قۆناغه تفەنگ دای بەسەری هاوڵاتییەکی جل کوردی لەبەردا، یەکسەر کەوته سەر جادەکه و پێم وابوو تووشی ئیفلیج بوون بوو، له گیانەڵا بوو هەموو سەیرمان دەکرد، کەس نەیدەوێرا بچێ بەلایدا، کابرای (قوات خاصه) له دوورەوه به مۆڕەوه سەیری دەکرد، وەک دڕندەیەکی بێ هەست و بێ ویژدان نەیدەهێشت کەس بچێت بەلایدا، ئەو دیمەنه تا ماوەیەکی زۆر دەکەوته خولیام هەستم به بێ بایەخی ژیان دەکرد، خۆم وەک تاوانبارێک دەهاته پێش چاو که دەبێت ببینه پێشمەرگه و ئەم ناحەقیانه قبوڵ نەکەین.
که پێنج شەممه هات گەڕامەوه گوندەکەی خۆمان، شەهید (علاءالدين)م بینی تازه ببووه پێشمەرگه دایکی ئامۆزام بوو، وتی کەی دەگەڕێیتەوە؟ وتم شەممه، وتی: کاغەزێک دەنووسم بیبەرەوه بۆ ماڵەوە، کاغەزەکەم وەرگرت، بڕۆم بۆ ماڵ زبێدەی ئامۆزام که دایکی شەهید (علاءالدين) بوو، وتی: بۆم بکەوه بیخوێنەوە، که کردمەوه یەکەم دێری سەرەوه نوسرابوو (کوردستان یان نەمان)، یەکسەر کێشای به نێوچەوانی خۆیدا و وتی: ئەی قوڕبەسەرم بەخوا جارێ تر نایبینمەوە، باسی علادینم بۆ کرد که وتی: یەکەم ڕۆژی جەژن بەیانییەکەی نان و ماستمان خواردوە، وتی لێره به تەرکه خۆی دەتەکان، ئێستا له جەژندا نان و ماست دەخوا.. دایکت بمرێ، شەهید (علاءالدين) که دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بوو، بڕیاڕ بوو بکرێ به ڕێکخەر هێندەی نەبرد شەهید بوو، هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتی نەچووه چل شەو لەگەڵ

(١٦) هاوڕێی تریدا لە شاخی شۆڕاوە بە کۆپتەر شەهید کران، شەهیدانی شاخی شۆڕاوە لەو ڕۆژگارەدا کارەساتێکی گەورە بوو درا لە شۆڕش و پێشمەرگەکانی سنووری هەمەوەند و جەباری، تا دەهات دەبووە وێردی سەر زمانی خەڵکی و تا ئێستاش کاریگەری لە دڵ و دەروونـدا ماوە، بە تایبەتی کە هەر کۆپتەرەکان جەنازەکانیان هەڵگرتبووەوەو بردبوویان بۆ شارەوانی سلێمانی تا بنێژرێن، ڕۆژانی دواتر هەواڵی بەجێمانی تەرمێک لە نێو داروپەردوی شاخەکەدا بڵاوبووەوە، گوایە شەهید مەلا نوری جێماوە، بە برینداری خۆی شاردۆتەوە هەندێک دەیان وت: تەرمێ ترە، هەندێ دەیان وت: تەرمی شەهید (علاءالدین)ە، لە هەشەزیینی دەنگوباسەکە بڵاوبووەوە، بووە هەراوهوریا لە گردبوونەوەیەکی دەمەو عەسری ئێوارەیەکدا ئاماژە بە من و رشید شێخ طاهر درا بچین بۆ شوێنی ڕووداوەکە بزانین ئەو تەرمە کێیە؟ ڕەشید گەنجێک بوو لە من گەورەتر بوو لە گوندەکەدا، ڕۆیشتین، گەیشتینە سەر ڕێگای دەربەن باسەرە/ سەنگاو لە ناکاو دەنگی سەیارەیەک هات، زوڵم و زۆری بەعس هەموومانی ترساندبوو، بە ئۆتۆمبێلی سەربازی تێگەیشتین، وتمان بمانگرن سەرنگومان دەکەن، بە پەلە ڕامان کردە ژێر کەڵبەزێکی نزیک جادەکە، تەنانەت ڕەشید وا قەڵەمبازی دا شانی دای بە تاوێری پەناگەکەدا و ئازاری پێ گەیشت، دەنگی ئۆتۆمبێلەکە نزیک بووەوە گوزەری کرد، ڕەشید دەرپەڕیە دەرەوەو کەوتە پێکەنین، وتی: دەرچۆ یەک پیک ئابی جوتیارییە، زۆر تیژڕەو گوزەری کرد، گەیشتینە گوندی خاڵدان، خەڵکەکە لێمان کۆبووەوە، بوە مقۆمقۆ پەستی و بێ ئومێدی بەناوچەوانی سەرجەم خەڵکەکەوە دیاربوو، باس، باسی شەهیدانی شاخی شۆڕاو بوو، بە تایبەتی شەهیدبوونی بێستون بارۆیی ئامر کەرت، ئاماژەمان دا بۆ هەمان مەبەست هاتوین وتیان وانیە، بگەڕێنەوە خەڵکمان ناردۆتە شوێنی ڕووداوەکە هیچ نەماوە و کەسیش جێ نەماوە، دوو ڕۆژ دواتـر هـەواڵ هات کە بە دزییەوە گۆڕەکان هەڵدراونەتەوە یەکێک لە لاشەکان (د.علاءالدین) بووە، بە لوت باریکەکەیدا ناسراوەتەوە کە گەڕامەوە سلێمانی چوومەوە خوێندنگا ڕۆژی ماتەم و دڵ پڕ لە ژووری خوێندندا دانیشتبووم، نەچوومە دەرەوە لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا، یەکێک لە قوتابییەکان بەناوی (سۆران عبدالغفور) کە لەم ساڵانەی دواییدا بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانی بوو، باسی ڕووداوی شاخی شۆڕاوی کرد، وتی: یەکێکیان کوڕی مەلایەکە، یەک چاوی هەیە و دراوسێمانە، خەڵکی دەچنەماڵیان خۆم پێ نەگیراو وتم:

وەڵا ئەو شەهیدە ناوی علاءالدینەو دایکی ئامۆزامە، وتی: هەرچەندە دەترسن پرسە دابنێن، بەڵام خەڵک هەر دەچنەماڵیان دڵنیام لە ژێر چاودێریدان، ڕۆژی دواتر لەگەڵ بابا تاهیر أحمد کە خزمی هەردوولامان بوو، چووین بۆ ماڵی شەهید علاءالدین، قەرەباڵغی و تەسکی شوێنەکە و ترس و لەرز، بواری نەدا بمێنینەوەو زوو هاتینەوە دەرەوە، چووینە بازاڕ ماوەیەکی زۆر دوای ڕوداوەکـە چوومە ماڵیان زبیدەی ئامۆزام هەر دەگریا، مەلا شێخ عبدالکریمی باوکی شەهید علاءالدینیش سیمای پڕ بوو لە ئازار و بیرەوەری و خەم و دڵەڕاوکێ و دەیوت دڵم لای ڕوداوەکەیە. وردە وردە خەڵک لەگەڵ ڕووداوەکـەدا ڕاهاتن. هیوا باڕۆیی چووە شوێنی بیستون باڕۆیی بە ئامر کەرت کە خزمی یەک و خەڵکی یەک گوند بوون، ڕۆژێ لە دوکانی شێخ قادری مامم لە هەشەزیینی باسی مامۆستا سلام مەنمی و نوکتەکانیمان دەکرد، (کاک هیوا باڕۆیی کە ئەویش دوای بووە سەرتیپ و پیاوێکی قارەمان بوو، لە ئەنفالەکاندا گیراو حکومەت سەرنگومی کرد، وترا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست داوە) وتی ئەوە باسی کێ دەکەن...؟

– مامۆستا سەلام مەنمی، نوکتەی زۆرە، کاک هیوا بزە گرتی و وتی:

+ئەوە

ئامۆزای منە، شتی خراپ نەڵێن ها...

هەواڵێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو بەلامانەوە، هێندەی تر مامۆستا سەلاممان لا خۆشەویست بـوو... کە گـەڕامـەوە قوتابخانە ڕۆژێ لە ناو پۆلدا لە ناکاوێکدا وتم: مامۆستا هیوا باڕۆیی سەلامت لێ دەکات، وەستا، هەڵوێستەیەکی کرد، تاسا، وتی: چۆن دەیناسی؟، تۆزێ لێم وردبوەوە وتی هەر کەسە ژیانی بە جۆرێکە، ئیتر دنیایە، لەو ڕۆژەوە تا مرد، مامۆستا سەلام، منی خۆشدەویست لەهەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بمی بینیایە، ڕێزی زۆر دەگرتم، ماوەیەک لە کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپوری کورد بەیەکەوە بووین، هەر بابەتێکم بۆ گۆڤاری کەلەپوری کورد بناردایە، دوای خوێندنەوە لەسەری دەنووسی بۆ چاپ، چونکە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووە، ڕاوێژکاریش بوو. لەو مامۆستایانەی کە بیرم مابن، مامۆستا (أحمد سلام) مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، نووسەر بوو، مامۆستا (أحمد سعید عەبدوڵڵا) مامۆستای زمانی کوردی بوو، کە منی زۆر خۆشدەویست، دەیزانی سەرو سۆراغم لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا هەیە، داڕشتنەکانمی زۆر بە دڵ بوو بە گشتی ساڵانی خوێندکاری ئامادەیی صلاح الدینی کوڕان لە سلێمانی بۆ ئێمە

سالآنی خوێندنەوەو خۆپێگەیاندن و سازدانی کۆڕ و جۆشدانی ڕێکخستن بوو، ئێستا دەزانم کە سەردەمی گەنجیمان تێکەڵەی سیاسەت و خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی ڕۆشنبیری بوو، دوور لە خۆشی و شادی، هەمیشە تینوی ئازادی بووین، ئەو تینوی ئازادییە و جەور و ستەمە، بووە مۆتەکەی لە دەستدانی گیانی هـەزاران شەهیدی گومناو، کە ئێستا نـادادپـەروەری و دیاردە دزێوەکانی ڕۆژگار هەلێکی وای ڕەخساندوە، هیچ بۆ خەباتی گەنج لە ڕابردووی مێژووی میللەتدا نییە.

# سەرهەڵدانی شەڕی عێراق/ ئێران

چاپکردنی نامیلکە شیعرەکانی شاعیری بوێری ئەو سەردەمەی کوردستانی باشوور، لەتیف هەڵمەت، لە ڕووی بەرگری و کوردایەتییەوە گوڕوتینی دەدایە گەنج و نیشتمانپەروەران، دەتوانرێ لەتیف هەڵمەت بە یەکێک لە لوتکەکانی شیعری بەرگری دابنرێت بۆ ئەو ساڵانە، زۆر بوێر و چاونەترسانە دیوانە شیعرییەکانی (گەردەلولی سپی، پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە،......)ی چاپ کرد، دەرچوونی گۆڤاری نووسەری کورد و چیرۆکەکانی ناوی، شیعرە مانادارەکانی کە چاپ دەکران، شانۆییەکانی شانۆکارانی سلێمانی، سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی بە گشتی، گیانی بەرگریان هێنایە ئاراوە، لە یادمە لە کۆڕێکی شیعریدا شاعیری نیشتمانپەروەر (صالح دیلانیان) هێناو بە نەخۆشی و داخ و کەسەرەوە یەک دوو دێڕی دیوانەکەی خوێندەوە، لە کۆتاییدا بووە چەپڵەلێدان، تەزبیح و دەسکە گوڵێکیان ڕادەستی کرد، وتی گوڵەکە وەردەگرم، بەڵام تەزبیحم بۆ چییە (باوکم خۆ من صۆفی نیم) بووە پێکەنین و بەردەوامی چەپڵەلێدان، ئەم دیاردانە کە من بەشداری زۆربەیانم دەکرد، هێندەی تر دەبوونە جاڕدانی بزاڤی ڕوناکبیری و شۆڕشگێڕی، قەتیسبوونی ئازادیی گیانی شۆڕشگێڕی دەکرد بەبەر خەڵکدا، فەزایەکیان دەهێنایە ئاراوە کە گەنج وەک کاردانەوەیەکی ئاسوودەیی دەروونی ڕووبکاتە دنیای ڕێکخستن و پەیوەندیکردن بە شۆڕشەوە، کارە

دزێوەکانی کوشتن و بڕین و بەرتەسککردنەوەی ئازادیی تاک و کۆی کورد، بەنزینی جۆشدانی ئاگر و بڵێسەی کوردایەتی و قوربانیدان بوو، تا دەهات هێزی پێشمەرگەش پتەو دەبوو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، چالاکی گەورە، کوشتنی پیاوانی بەعس، ڕووی دەدا، پێشتر دوو مامۆستای گەورەی بەعسی لە زانکۆی سلێمانی کوژران، بەعس زانکۆی سلێمانی داخست و زانکۆی صلاح الدینی لە هەولێر کردەوە، وەک ڕەنگدانەوە دژی بە چالاکی و جموجۆڵی ڕووناکبیری، بەرتەسکبوونەوەی جیهانی ڕۆشنبیری و خۆپێگەیاندن لە شاری هەڵمەت و قوربانی.

حکومەتی عێراق تووشی لوتبەرزی و خۆبەزلزانیی سوپاکەی ببوو، کە شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتە سەر حوکم، سەدام لە ڕێکەوتننامەی جەزایری ١٩٧٥ کە بۆ توانەوەی شۆڕشی ئەیلول ئەنجامی دابوو، پەشیمان بووەوە، جاڕی هەڵگیرساندنی شەڕی دژی ئێرانی لە ساڵی ١٩٨٠دا ڕاگەیاند.

لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی عێراق/ ئێراندا، لەسەرەتاوە قوتابخانەکان داخران، ئامادەییەکان بران بۆ مەشق و ڕاهێنانی سەربازی، من کە لە ئامادەیی صلاح الدینی کوڕان بووم نەچووم بۆ مەشقی سەربازی، لەسەرەتای شەڕەوە، ئێران بە فڕۆکە بۆردومانی کارگەی شەکر و بەنداوی دوکان و زۆر شوێنی تری کرد، کە لە کارگەی شەکری سلێمانی درا، من لە بازاڕ بووم، منداڵ و ئافرەت، لە ترسی دەنگ و بەرپەچدانەوەی بۆردومانەکە بە چەکی قورس، کەوتنە گریان لەبەردەم هەمبەرگری ئاڵادا بووم، کە یەکێک بوو لە هەمبەرگرە بە تامەکانی شاری سلێمانی، کچێک دەیقیژاند لە ترساو توانای ڕۆیشتنی نەماو کەوت، برادەرێ کاکم بەناوی (محمد عارف) کە خەڵکی خانەقین بوو دوایی سەفەری کرد بۆ نەمسا، وتی: برایم نەترسی، ڕەنگم تێکچووبوو دەنگەکە زۆر گەورە بوو لەگەڵم هات بۆ ئەو ئوتێلەی کە کاکمی لێبوو، وتی دەترسیێ! دوای هەر ئەو هەواڵی دا، وتی: داویەتی لە شەکرەکە خۆ ناوبازاڕ بۆردومان ناکا، ئەگەر ئەوەبکا هەزاران هاوڵاتی دەکوژرێ، بەڵام دەنگ و زرمەی بۆردومان، سلێمانی تاساند.

ژیان تا دەهات ناخۆش دەبوو، کاکیشم کاری نەبوو وتی: کاکە بڕۆرەوە بۆ هەشەزینی بزانین ئەم بارودۆخە چی لێدێت! کە خوێندن کرایەوە وەرەوە، بۆ بەیانی گەڕامەوە بۆ هەشەزینی، تاکۆتایی ساڵی ١٩٨٠ کە خوێندن کرایەوە نەگەڕامەوە، چوومەوە خوێندنگە، ترس دایگرتووم نزیکەی دوو مانگبوو نەچووبووم بۆ مەشقی سەربازی، هاوڕێکانم دەیان وت ڕۆژانە

ناوت دەخوێندرایەوە بە (نەهاتن) بۆت دەنوسرا، تا مەشقی سەربازی کۆتایی هات.

ترسام، بۆ کاکم گێڕایەوە، وتی: بەیانی لەگەڵت دێم بۆ خوێندنگەکە، پرسیار دەکەین و دەڵێینماڵیان لە گوندە، بەیانی بە ترس و لەرزەوە خۆمان ئامادەکرد، لە دڵەوە جاڕی سزادان یان دەرکردنی خۆمم لە خوێندن بۆ خۆم دانابوو، کاکم چووە ئیدارەی خوێندنگەکە، من چاوەڕوان بووم، نزیکەی (١٠) خولەکی پێچوو، هاتە دەرەوە وتی: فشەیە، گوێی خۆتی لێ بخەوێنە، دەڵێن پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و دەبێ سەردانی ئیدارەی مەشقی سەربازی فلان بکەن، بچین تووشی کێشە دەبین، لای کەس باسی مەکە و دەوامی خۆت بکە، بە ترس و لەرزەوە ڕۆژانە دەوامم دەکرد، چاوەڕوان بووم ڕۆژێ لە پۆلدا ناوم بخوێنرێتەوە و بانگ بکرێم، هەر نەکراو ڕووی نەدا، ڕژێم لەسەرەتاوە تاداگیرکردنی شارە عەرەبییەکانی ئێران، هێرشی گەورەی کرد، بەگەیشتنی سوپای عێراق بە شاری ئەهواز سرود و بەیت و باڵۆرەی سەرکەوتنی لێ دەدا، هەندێ شەوان لە تەلەفزیۆنەوە بە بڕگەیەکی (صوره من المعرکه) و جاڕدانی سەرکەوتنی سوپای عێراق، سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، جاروبار جەنازەی سەربازی کوژراو دەگەیشتەوە شارەکانی کوردستان، لەسەرەتاوە هەر سەربازێک دەکوژرا، بڕێک پارە و پارچەیەک زەوی دەدرا بە کەسوکارەکەی، هەر تەرمێکیش بە (جبان) بهاتایەتەوە، نەک هیچی پێ نـەدەدرا، بگرە کرێی هاتنەوەیشی لەکەسوکارەکەی دەسەنرا، (جبان) لە بەرنامەی بەعسدا ئەو سەربازانەبوون کە لە مەیدانی شەڕدا هەڵهاتوون یان هەوڵی تسلیم بوون بە سوپای ئێرانیان داوەو گیراون و لەلایەن سوپای عێراقەوە کوژرابوون، یا بە هەر هۆکارێک کە بەعس و سوپاکەی خۆیان مەبەستیان بوو بێت لە ناویان دابوون.

بۆردومانی شارەکانی کوردستان دەکـرا، کۆمەڵێ کـەس و دۆسـت و ناسیاوی پێوە بوو، یەکێک لەوانە خەلیفە شەفیقی ژاڵە بوو کە خەلیفە و دڵسۆزێکی باووباپیرم بوو، لە گوندی ژاڵەوە گەیشتە خانی کەرکوک، لەوێ بەر بۆردومان کەوت و شەهید بوو، دواتر کوڕێکیشی کە پێشمەرگەبوو لە چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا شەهید بوو.

بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق/ ئێران، ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە ناو شارەکاندا هێندەی تر تۆکمە و پتەو ببوون، لە ڕووی ژمارەوە زیادیان دەکرد، (٥ تا ٦) کەس لە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریدا یەکیان دەناسی، چالاکی

ناوشار و تەقینەوەو جاروبار بە سزاگەیاندنی تاوانباران ئەنجام دەدرا، ڕۆژێکیان لە بەشی ناوخۆییەوە ویستم بچم بۆ ماڵی نەنکم لە خەبات، نزیک بە ئامادەیی سلێمانی کچان، کەوتمە ناو تەقینەوەیەکەوە کە بۆ ئۆتۆمبێلێکی سەربازی دانرابوو، کە تەقینەوە دەبوو، دنیا دەهەژا، یەکسەر هێزەکانی بەعس دەگەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، ڕەشبگیریان دەس پێدەکرد، دەبوا خەڵکان لە شوێنی ڕووداوەکە دوور بکەونەوەو خۆیان بکەن بە کۆڵان و گەڕەکەکاندا، لە شوێنی ڕووداوەکەوە ڕام کردو کەوتمە پشت کۆڵان و ماڵەکانی ئامادەیی سلێمانی کچان، بە کۆڵانەکەدا سەرەوخوار بوومەوە لەوسەری کۆڵانەکەوە چەکدار و ئەمنم بینی بە جلی مەدەنییەوە، ئەژنۆم شکا! ویستم خۆم بکەم بە کۆڵانێکی تردا، گیانم کەوتە لەرزین، بیرم کردەوە ڕەنگە هەموو کۆڵانەکان گیرابێ، خۆم تێک نەداو ئاراستەی ڕۆیشتنم نەگۆڕی، بەرەو ئەمنەکان هەنگاوم نا، هێندەم زانی لوتم تەقی بە لوتی ئەمنێکی قەڵە و تێکسمڕاوی دەمانچە بە دەس، بە عەرەبییەکی شەق و شڕی نیوە کوردی، گوڕم دایە بەر خۆم، (لە کاتی تەنگانەدا هەست دەکەی لەوەی کە دەیزانی زیاترت بۆ دێت لە زماندا) وتم دەمەوێ بڕۆم بەم کۆڵانەدا بۆ قەرەجاواو خوێندکارم (خەبات، قەرەجاوایشی پێدەوترا) مۆڕەیەکی لێم کرد، سیمای جلوبەرگ و تەمەنم ئاماژەی دەدا کە بێ گوناهم، کاری وا کە کراوە لە من ناوەشێتەوە، دووبارە نیگای تێکردم لە سەرمەوە تا خوارەوە هێناو بردی، وتی ئەوەی دەستت چییە؟

-دامە دەستی (مجففة) وشککەرەوەیەکم لە بیجامەیەکدا ئاڵاندبوو بەدەسمەوە، کردیەوە وشککەرەوەکە و بیجامەکەی بینی، سەیری دوگمە و وایەری کارەبای وشککەرەوەکەی کرد، جارێ تر ورد بۆی ڕوانیم چاوەڕێی فەرمانی گرتن بۆ لای ماشێنەکەیان بووم، باڵبەستم کەن و بمبەن، بیرم بە هەزار لادا گوزەری کرد، مرۆڤ پێکهاتەیە لە باش و خراپ هەرچەندە کارمەندانی ئەمنی بەعس وا ڕاهێنرابوون، سۆز و بەزەیی نەزانن چییە، بەڵام گوڕدان بە خۆم و دیمەنەکە و نەشڵەژانی باری دەروونیم، لە روخساردا هۆکاری جولانی لایەنە باشەکەی ئەمنەکە بوو، وتی بڕۆ، بە پەلەپرۆزێ ئەو ناوەم جێهێشت، هەستم دەکرد هەموو توانام لە هەنگاوناندا گورج کردۆتەوە، هەر چۆن بوو گەیشتمە خەبات، کە دانیشتم لە ماڵی نەنکم هەستیان بە شپرزەیی و بزرکاندنی وشە و تێکچوونی باری دەروونیم کرد، ترپەی دڵم هێند زیادی کردبوو لە دوورەوە دەبیسترا، ڕووداوەکەم گێڕایەوە خاڵم

عوسمان وتی: ئەو شتانە لە سلێمانی ئاساییە (خاڵم عوسمان ڕێکخستن بوو، لە دواییدا بووە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٨٨ لە قەڵەم پاشا شەهید بوو) باسی ئەوەی کرد، لەم شەوانەدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هاتۆتە قەرەجاوا، دوژمن زانیویەتی هێزی زۆری هێناوەتە ئەم ناوە، بوەتە شەڕ پێشمەرگەیەک شەهید بووە، ناوی فەهمی بووە، تا ئێستا سپێنی مۆخی سەری پێشمەرگەکە بە دیوارەکەوە دیارە، شەوان تا بەیانی پێشمەرگە بەم گوزەرانەدا دێن و دەچن، چالاکی دەنوێنن، خۆ سەر بۆ ڕژێم دانانەوێنین، تەنانەت دۆخەکە وای دەخواست، کە لە ئێوارانی درەنگەوە تەکسی نەدەچوو بۆ گەڕەکەکانی حاجیاوا، قەرەجاوا یان داوای نرخی گرانتریان دەکرد.

کاکم گێرایەوە ئێوارانێک لە پاش خۆرئاوابوون تاکسیەک دەگرێت بۆ حاجیاوا، بۆ ماڵی شێخ عەلی مامم، تاکسییەکە داوای (٥) دینار دەکات کە نرخێ زۆر بوو بۆ ئەو سەردەمە دەڵێ:

– بۆ کاکە ئەو نرخە زۆرە.

خاوەن تاکسی دەڵێ: کاکە ئەوێ دەڵێی سەربازگەیە، لە عەسرەوە پڕی دەبێ لە پێشمەرگە! لەو سەردەمەدا زۆر لە خاوەن تەکسییەکان پیاوی میری بوون، ئەمن کاری لە ناو تاکسی و شۆفێردا دەکرد، تەنانەت هەندێکیان کە سەردەکەوتی، سرودی هۆ کاکی پێشمەرگەی هونەرمەندی کۆچ کردو حەمە جەزایان دەخستە سەری، تابزانن چۆن هەستت دەجولێ، بابەتی باسی پێشمەرگە بکرێتەوە بە قەڵبەیەکدا بدەن، ڕژێم بە مەبەست تۆوی لە ناو شۆفێری تەکسیدا دەچاند.

کاکم بە شۆفێری تەکسییەکە دەڵێ باشە، سەردەکەوێ بۆ گەڕەکی حاجیاوای مەنزڵگەی شەوانی پێشمەرگەی ئەو کاتە، کە دەگاتە بەردەم ماڵی شێخ عەلی مامم بە شۆفێرەکە دەڵێ:

تەکسی بە دینارێک تا دینار و نیوە بۆ ئێرە، ئەوە دوو دینار کابرای خاوەن تەکسی خۆی تورە دەکا و دەڵێ:

نامەوێ بەم شەوە منت هێناوە بۆ ئێرە دەبێ (٥) دینارم بدەیتێ.

کاکم دادەبەزێ پارەکەی بۆ دەخاتە سەیارەکەوە دەڵێ: وەری دەگری، وەری گرە، وەری ناگری چیت لە دەست دێ بیکە، من سەرانەی زیادە نادەم لەم مقۆ مۆقەیەدا دەبن، دوو پێشمەرگە لە بن دیوارێ تاریکەوە بەرامبەر ماڵی شێخ علی دەڵێن: ئەوە چییە کاکە ئەو هەرایە؟

کاکم مەسەلەکە دەگێڕێتەوە، پێشمەرگەکان دەڵێن دەستت خۆش بێت.

که خاوەن تەکسیەکە دەزانێ ئەوانە پێشمەرگە بوون، بە ناچاری ملی گەڕانەوەی ڕێ دەگرێتە بەر.

لە بازاڕی وەسمان پاشا لە نێوان دوو دووکانی ئاڵووالآی فرۆشتنی جلوبەرگی ئافرەتانەدا، دیکۆرێکی لە شوشە دروستکراوی فرۆشتنی بۆن، لەچک، چەرخ، وردەواڵەی جوانکاریمان کرِی، لەگەڵ کاکم ناوبەناو دەچوینە سەری، ڕۆژانەیەکی کەمی دەردەکرد، ڕۆژێکیان کابرایەک بە جلی کوردییەوە لەو سەری بازاڕەکەوە دەرکەوت، یەک بە یەک داوای پێناسی دەکرد، هەر سەرەنجم لێ دەدا، دەم و چاوێکی ناڕێکی مەترسیداری هەبوو، دوو چەکداری (قوات خاصە) لە دوورەوە بە دوایدا دەهاتن، گەیشتنە ئاستی من نیگایەکی تێ کردم، هیچ خۆم تێک نەدا، وتی: هویتک:

پێناسی خوێندکاریم پێبوو، دامە دەستی هەندێ ئەمدیوو ئەودیوی کرد، پێدەچوو خوێندەواری نەبێ، هێندە هێنای و بردی چەکدارەکان گەیشتنە لامان و وتیان: ها أستاد شکو ماکو؟

أستاد، هێندەی کە فش بوەوە دووبارە سەیری کردم و بە چەکدارەکانی وت:

ماکو شی، پێناسەکەی دایەوە دەستم و ڕۆیشت، بەردەوام بوو لە داواکردنی پێناس کە دوورکەوتنەوە، خاوەن دووکانەکەی بەرامبەرم وتی ئەمە مچەی ئەحە پووتە، پێشمەرگە بووە، ماوەیەکە تەسلیم بۆتەوەو بۆتە پیاوی ئەمن و ئیستخبارات.

ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، لە عەسرانێکدا دەنگی تەقە بیسترا، بازاڕ شەڵەژا هەواڵ بڵاوبووەوە، شۆڕش لەسەر جادەی ئیبراهیم پاشا مچەی ئەحە پوتیان بە سزای گەل و شۆڕش گەیاندووە، سات و دیمەنی ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە داوای پێناسی لێ کردم، کە بوومە پێشمەرگە، لە تیپی (٣٥)ی کوڕە کاژاو پێشمەرگەیەک هەبوو زۆر لەو مچەیە دەچوو پرسیارم لێکرد، وتی وەڵا خاڵم بووە، پیاوێ خراپ بوو، بۆم ڕوون کردەوە چەندی لێ دەترسام بە پێکەنینەوە وتی: حەقی خۆی وەرگرت.

ڕۆژێکیان کە دەوامم بەیانیان بوو ئێوارە چووم بۆ بازاڕی وەسمان پاشا، کاکم ڕەنگی تێکچووبوو وتم ئەوە چییە؟ وتی چییە چییە وەڵا... پیسمان لێ قەوماوە، ئەمنەکان هاتن و بەناوی قاچاغەوە بە نرخی (٧٠٠) دینار شتیان برد، گومرگیان لەگەڵ بوو، دەستکاری دوکانەکەی تەنیشتمانیان نەکردبوو،

چونکە پیاوی خۆیان بوو ناوی نەوزاد بوو، بابەتی قاچاغی لە ئێمە زۆرتربوو، ئیتر لەو ڕووداوەوە کاکم پێشانگا شوشەییەکەی فرۆشت، ئەو سەرچاوەی بژێوی ژیان نەما، فرۆشتنی ئەو نیوە دووکانە بۆ من خەمێکی گەورە بوو لەو کاتەدا، چونکە جگە لەبەسەربردنی کات، ناوەڕاستی بازاڕ بوو، ڕووداوو شتی سەیر سەیرم دەبینی، تا ئێستاش دیمەنی بەشێک لە ڕووداوەکان مەڵۆی گەورەن لە خەرمانی بیرەوەرییەکانمدا.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕۆژێک ڕێم کەوتە بازاڕی وەسمان پاشا، زۆربەی خاوەن دووکانەکان گۆڕابوون، دەم و چاوەکانی پێشتر نەمابوون هەواڵم بیست، کە دوای ڕاپەڕین و دوای ئەوەی پێشمەرگە هاتۆتەوە ناو شار لە ناو دوکانەکەی خۆیدا نەوزادی خاوەن پێشانگاکەی دراوسێی پێشترمان کوژراوە.

بیرم کردەوە دنیا بۆ ڕۆژ و دوو ڕۆژنییە، کێ چی بچێنێ لەو بەرهەمە دەدورێتەوە، دوایی زانیم کە ئەو دووکانە هەر بۆ جاسوسی بوو، خۆی یەکێک بووە لە پیاوەکانی ئەمنی سلێمانی.

# یەکەمین سەردانم بۆ شاری بەغدا

هەر لە ساڵی ١٩٨٠دا بۆ دەرکردنی ڕەگەزنامەی عێراقی لەگەڵ کاکمدا لە هاویندا سەردانی شاری بەغدامان کرد، لەبەرئەوەی باوکم ڕەگەزنامەی عێراقی دەرنەکردبوو، لەسەر ئامۆزاکانمان دەرمان کرد، دەبوایە مامەڵەکە بچێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕەگەزنامە، لە شاری بەغدا.

هەواڵی سەردانی پایتەختی وڵات، بۆ منێکی کەم تەمەنی گیرخواردو لە نێوان هەشەزیینی/ چەمچەماڵ/ سلێمانیدا، مژدەیەکی خۆش بوو، لەبەر سادەیی ژیانی ئەو سەردەمە لەسەفەر و سەردان بێبەش بووین، گەورەیی دنیامان لە بچووکی مەدای ئەو شوێنانەوە دەبینی کە تیایدا دەژیاین، لە بیرم دێ کاکم چەقۆیەکی خستە کەمەری پانتۆڵەکەی و وتی: بەغدایە، دنیا هەزار شتە با پێمان بێت نەک تووشی گێچەڵێ بین.

چونکە پێشتر بەغدامان نەبینیبوو، عەرەبیشمان باش نەدەزانی جاروبار هەواڵی خراپ و بە سووک سەیرکردنی کوردمان، لەلایەن هەندێ عەرەبی ئەڵقە لە گوێی بەعسەوە دەبیست، بەتایبەتی نوکتەیەک لە ناو هەندێ عەرەبی ڕەگەز پەرستدا باوبوو، دەوترا: (لە کورد بپرسە گوێچکەت کوا؟ دەستی ڕاستی لە پشتەوە دەبا بۆ گوێی چەپی)، گەیشتینە بەغدا و لە نەهزە لە ئوتێلێکدا دابەزین، پاش دانانی جانتاکان چووینە دەرەوە، من هەر فریای مل بەرزکردنەوە و سەیری بینای بەرزبەرز دەکەوتم، بە تایبەتی ئەو سەردەمانە

سلێمانی بینای بەرزی زۆر کەم بوو، لە وێنەی ئوتێل حەسیب صالح، هەر لە منداڵیشمەوە تا ئێستاش لە ڕۆیشتندا ئارەق دەکەم، ملیوانی کراسەکەم و ئارەق کردنەوە و بەرز ڕوانین بۆ بیناکان، تەواو بێزاری کردبووم، ملم لە ملیوانی کراسەکەوە درێژ دەکرد بۆ پێشەوە، کاکم پێی قەڵس دەبوو زوو زوو دەیوت ملت چاک بکە، دەمووت: گەرمامە، هێندە سەیری بینا بەرزەکانی بەغدا و خوێندنەوەی تابلۆکانم کردبوو کە گەڕامەوە سلێمانی، تا هەفتەیەک ملم ژانی دەکرد، هەستم دەکرد چەند وشەیەکی عەرەبیش دەزانم، ڕۆژێک لە چێشتخانەیەکدا نانمان دەخوارد، دوو پیاوی ئەفەنی شیک لە مێزەکەی تەنیشتماندا بوون، هەستم کرد بە کوردی قسە دەکەن، زۆر دڵم پێیان کرایەوە کاتێک بە کوردی داوای شوشەی خوێی سەر مێزەکەیان لێکردین، کاکم وتی: ڕوحەکەن، مادام بە کوردی قسە دەکەن.

دوو تا سێ ڕۆژ لە بەغدا ماینەوە، تا مامەڵەی ڕەگەزنامەی عێراقیمان تەواو کرد، کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، باس هەر باسی سەردانی بەغدابوو، بە تایبەتی هێندە بیناو باڵەخانەی بەرزم بینی بوو سلێمانیم وەک گوندێکی بچووک دەهاتە بەرچاو، حەسەنی ئامۆزام کە لە پۆلێکدا بە یەکەوە دەمانخوێند ئیرەیی دەبرد، هێندە باسی بەغدا و شوێنەکانیم بۆ کردبوو، تا ڕادەیەک خۆمیشم پێ بەرز دەکردەوە بە خۆهەڵکێشان و شانازیکردن بەم سەردانەی بەغداوە، هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد، ئەو سەردانەی بەغدا، بۆ من لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، سەرکەوتنێکی گەورەبوو، چونکە ژیان لەو ساڵانەدا خولانەوە لە نێو بازنەیەکی بچوکی چەند شارێکی دیاری کراو زیاتر، هیچ نەبوو.

کاکم هەر لە منداڵییەوە فێری شیش بەستنی بینا و باڵەخانەکان ببوو، وەستای شیش بەستن بوو، لەساڵی ١٩٨٠ بە دواوە، هاوینان نەدەگەڕامەوە گوندەکەمان لەسەرەتاوە وەک شاگرد و دوای ماوەیەک وەک کرێکار کارم لەگەڵیدا دەکرد.

کە بوینە کرێکار، ڕۆژانەمان سێ دینار و نیو بوو، هاوینێ تەواو تا پاییز کە خوێندن دەستی پێدەکردەوە جگە لە خواردن و سەرفی ڕۆژانە، (١٠٠ تا ١٥٠) دینارمان کۆدەکردەوە، لەگەڵ سەرەتای خوێندندا: جوتێ پێڵاو، پانتۆڵ، کراس، قەمسەڵەیەکمان دەکڕی، لە باران بارینەوە تا باران بڕان، هەر ئەو قەمسەڵەیەمان لەبەر بوو، ڕۆژانی خۆرەتاو گەرم بوو هەندێک جار بۆنیشی

دەهات ئەگەر قەمسەڵەکە پێستی ئاژەڵ بوایە، بە زۆری جلوبەرگی ئێرانی بوو لەو ساڵانەدا جلوبەرگی ئێرانی کە بە قاچاغ دەهات، هەموو کۆگا و بازاڕەکانی سلێمانی گرتبووەوە، تەنانەت لە شارەکانی (سلێمانی، قەڵاچوالان، سوورەقەڵات، بەستەسێن) بازاڕی تایبەت بە نمایشی کەلوپەلی ئێرانی هەبوو، بە بازاڕی قاچاغچەییەکان ناودەبرا، لە ساڵی پێشتردا، باوکم چووبوو بۆ حەج، قەمسەڵەیەکی کڵاوداری قوماشی بۆم هێنابوو، گەورەبوو ماوەیەک کاکم لەبەری کرد هێندەی تر گەورەبوویەوە کە لەبەرمدەکرد لە دواوە فش دەوەستا، ناچار کە دەچووینە ماڵان هەردوو دەستم دەخستە گیرفانمەوە قەمسەڵەکەم لەلاوە بۆ پێشەوە دەنوشتاندەوە تا لەبەرمدا گەورە دەرنەکەوێت، جارێک لە ماڵی پورم پێیان وتم: دە دەست دەرکە لەبەر سۆپەکەش سەرماتە! نەیاندەزانی لە سەرما نییەو لەبەر نوشتانەوەی قەمسەڵەکە دەستم دەخستە گیرفانمەوە.

کارکردن لە هاویندا سەرەتای وەرچەرخانی ژیانێکی تر و بەسەربردنێ خۆش بوو، بە تایبەتی ئەو ڕۆژانەی کارەکانمان دەکەوتە دەرەوەی شار، شارۆچکەکانی، (دوکان، عەربەت، قەراخ، بەکرەجۆ)مان بەهۆی کارکردنەوە بینی، گەڕانەوەی ئێواران لە دوکانەوە دانانی ئەو هەموو کەپرەی میوە فرۆشتنی سەر جادەکان جارجار میوە کڕینی وەک: ترێ، هەنجیر خواردنی بە ڕێگاوە لە ساتە خۆش و لە یادنەچووەکانی ئەو ڕۆژانە بوو.

هەندێ کرێکاری وەک، برایمە ڕەش لە سلێمانی، نوری کەریم و نجات ڕەزا کە خەڵکی هەشەزیینی بوون، قۆشمەچی و نوکتەچی بوون، بەتایبەتی کەریم حەمە سەعید کە ئێستا یاریدەدەری پزیشکە، لای ئێمە کاری دەکرد و کاکم بایەخی پێ دەدا، نوری کەریمیش هەر کارێکی بوایە بە د.کەریمی دەیوت: کاکە نازانم هینە کەمتیارت پێوەیە، چی! وا وەستا عیسا هێندە گوێ لە تۆ دەگرێت.

بە گشتی ڕۆژانی کارکردن لە هاویناندا بۆ ئێمەی گیرفان بەتاڵ و بێ مایە، ڕۆژانێکی پڕ خێرو خۆشی بوو، خێر لە ڕووی وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی چەند مانگێکی دوای دەستبەردان لە کارکردن، خۆشی، کە کۆمەڵێ گەنج بە یەکەوە کارمان دەکرد، بەسەرهات و دیمەنی جۆراوجۆری پڕ یادگاریمان لە ئەلبومی یادی ئەو ڕۆژانەدا تۆمار دەکرد.

ناخۆشییەکانی ڕۆژانی شیش بەستنیش خۆی لە گەرمی شیشەکان و بزمار چوون بە بن پێدا دەبینیەوە، گەرمی شیش دوای چەند ڕۆژێ کارکردن، دەبووە

دیاردەیەکی ئاسایی، چونکە پێستی ناو هەردوو دەستت، دوای ئەستوربوون و سوتان دەمرد، هەستت بە گەرمی شیشەکە نەدەکرد، بەڵام تلیشەدارو بزمار بە دەستداچوون، هەر وەک خۆی مایەوە و زۆربەمانی تووشی کێشە و ئازار دەکرد، چونکە زۆر جار تەختەی وەستای تەختە بەست لە زەویەکەدا دانرابوون یان لێ کرابوونەوە بە بزمارەوە ڕیزکرابوون، کە قاچت پیا دەنا بزمار بە نەرمی گۆشتی بن قاچدا دەڕۆیی و دەبوو بەڕاکێشان بە تەختەوە بزمارت دەرهێنابا، جارێک بزمارێک کە چوو بە قاچمدا نزیک بوو لە تاوی ئازار لە هۆش خۆم بچم، یەک هەفتە تووشی چڵک و ئاوسانی قاچ بووم و دەشەلیم، کاک یاوەر کە لە گەڵماندا لە ئوتێلەکە بوو زۆر تێکەڵ بووین، بە کاکمی وتبوو لەتاو برایم شەو خەو نەچۆتە چاوم، منداڵە بەرگەی کار ناگرێت، دەیزانی بزمارەکە زۆر ئازاری داوم.

کاک یاوەر، کوڕێکی کوردپەروەری خانەقینی بوو، دوایی بووە پێشمەرگە و چەند ساڵ لە تیپی (٥٥)ی قەرەداغ لەسەر بێ سیم بوو، دوایی جاڕدانی ئاڵای شۆڕش، لە شۆڕش دورکەوتەوە، لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە کەلار شەهید بوو، بە ڕاستی نموونەی مرۆڤی بەوەفا و کوردپەروەر بوو، فرە ڕەوشتی باش بوو، جارێکیان لەگەڵ حامیدی حاجی غالی باسم کرد، کە ئەوکاتە ئەو سەرتیپی (٥٥)ی قەرداغ بوو، زۆر پەرۆشانە وەسفی کرد و وتی: بۆ ئاگاداریت ئەو دەستەیەی لەگەڵمن هەمیشە خانەقینی تێدایە، من خانەقینیم زۆر خۆشدەوێ. ڕۆژانە کاتژمێرێک پشووی نیوەڕوان بوو کە زوو نانمان دەخوارد دەگەڕاینەوە ژێر سەقفی بەدار و تەختە دروست کراوی بیناکان، پشویەکمان دەدا، زۆر جار لەبەر هیلاکی و کورتی شەوگاری هاوین خەوم لیدەکەوت، ڕۆژێکیان وەستا باهیری دارتاش وتی: ئای دنیا ئێستا خواپێداوان لەبەر فێنک کەرەوە یان بەر ئێرکۆندیش خەوتوون، ئێمەش ئێرەمان بەلاوە فێنکە، ئەو ڕستەیە مێشکمی تەنی، بیرم لە نادادپەروەری جیهان دەکردەوە، مرۆڤەکان هەموو چوون یەکن، زۆر کەس لەم دنیایەدا لەسەر حسابی کەسانی تر دەوڵەمەند دەبێ و دەڵێن: خوا پێی داوە، خوا ئەم نادادپەروەریە ناکا، ئەوە مرۆڤەکانن بە نایاسایی و لەسەر خوێنی کەسانی تر لە وڵاتانی نا دامەزراوە و بێ یاسادا نادادپەروەری دێننە ئاراوە.

جاروبار پێنج شەممان دەگەڕامەوە گوندەکەمان کیلۆیەک میوەم دەکڕی و لەگەڵ دەستمدا دەمهێنایەوە بۆ ماڵەوە، جارێکیان لەگەڵ حەسەندا لە

چایخانەی باسەڕە لاماندا شێخ حەمە صالحی باسەڕە خودا لێی خۆش بێ کە ئیستا لە ژیاندا نەماوە، پیاوێکی دەست و دڵ پاک، زۆر هەزەلی بوو چێشتخانەی لە باسەڕە هەبوو لەو کاتەدا خەریکی گۆشت برژاندن بوو، حەسەن وتی: با سەرو شیش گۆشتی برژاو بخۆین؟

ووتم: گۆشتەکەی لە کۆن و وشک دەچێ! شێخ حەمە صالح کە ئەو ڕۆژە نەفەری نەبوو، مۆڕەیەکی کرد و وتی: چی...، چی وشکە؟ ئای لەم گێژە! بووە پێکەنین و سەرو شیش گۆشتی برژاومان خوارد، بە پێ کەوتینە ڕێ، بەرەوگوندی هەشەزیینی تا گەیشتینە گوندەکە (حەسەن) بە قسەکەی کاک حەمە صالح پێدەکەنی، چونکە لە دەربڕینی ڕستەدا پیاوێکی سادە و تەنز ئامێز و هەزەلی بوو.

# ڕاپەڕینەکانی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٨٢ دا

ساڵانی خوێندنی (١٩٨١ - ١٩٨٢) پۆلی شەشەمی زانستی بووم لە ئامادەیی صلاح الدینی کوڕان لە سلێمانی، ساڵی خوێندن تێکەڵەی دوو ساڵی زایینییە، لە پایزدا خوێندن دەست پێدەکات لە کۆتایی بەهاردا کۆتایی دێت.

ساڵانی (١٩٧٨ - ١٩٨٢) خەڵکانێکی زۆر پەیوەندییان بە شۆڕشەکانی کوردەوە کرد، لە ساڵی ١٩٨٢دا، (ی.ن.ک) گەیشتە لوتکەی بەهێزی، لە ژمارەی پێشمەرگە، چالاکی گەورە لە هەموو تیپەکاندا، ڕێکخستنی پۆلاین، تەنانەت نەخۆشخانە و بارەگای یەکێتی نوسەران، زۆربەی ڕێکخراوەکانی وەک: مامۆستایان، ماف پەروەران، تا تیپی مۆسیقاشی لە شاخ کردەوە، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بووە مینبەری هاوار و ناڵەی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان، دروشم و بڵاوکراوەکانی شاخ و شۆڕش لە دیواری فەرمانگەکان و بەشە ناوخۆییەکان و هەندێ گەڕەگ و کۆڵانی چەپ و تەسکدا هەڵدەواسرا، جگە لە (ی.ن.ک)، پارتی، حزبی شیوعی، حسک، پاسۆک، پارتی گەل و زۆربەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بارەگایان لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی باشووردا هەبوو. قەدەری چارەنوسی گەل، ناو بەناو شەڕی براکوژی نێوان حزبەکان و کارەساتی ناخۆشی لێ دەکەوتەوە، جار هەبوو لایەنێک یان دوان ڕێکەوتنیان دژی لایەنێکی تر ئەنجام دەدا، بەرەی جود، ڕێکەوتنێکی زۆربەی لایەنەکان بوو دژی (ی.ن.ک)

ماوەیەک درێژەی کێشا، هەرچەندە (ی.ن.ک) لەو هەلومەرجەدا تاکلایەنە دەجولایەوە، بەلام هەیبەتی چالاکی و کۆنترۆڵی ناوچە ڕزگارکراوەکانی لە هەموو حزبەکانی کوردستانی باشوور زۆرتر بوو، چەندان داستان و چالاکی و شەڕی گەورەی دژی سوپای عێراق ئەنجام دەدا.

لەگەڵ زوڵم و ستەمی ڕۆژانـەی یەک لە دوای یەکی بەعس لە شارو شارۆچکەکاندا، بە تایبەتی شاری سلێمانی، وتار و بەرنامەی هاندەر بۆ خستنەڕووی کارە دزێوەکانی ڕژێمی عێراق، دژ بە خەڵکی کوردستان لە ئێزگەی گەلی کوردستانەوە، دەبوە مایەی گەڕانەوەی ئومێدی خەڵکی، بەلام درێژبوونەوەی شەڕی عێراق/ئێران و بە زۆر ڕاگواستنی خەڵک بۆ سەربازی و جاش و جەیشی شەعبی لەو ڕۆژگارەدا، هەورێکی ڕەشی نەگریسی بە ئاسمانی ئومێدیدا هێنابوو، ژمارەیەکی زۆری سەربازی هەلاتوو لە بەرەکانی شەڕ، لە ژێر سێبەری شۆڕش و ناوچە ئازادکراوەکاندا دەژیان، زۆربەی گوندەکان پڕبوون لە سەربازی هەلاتوو، تەنانەت سەربازی هەلاتووی عەرەب و تورکمانیش دەگەیشتنە ناوچە ئازادکراوەکان، بەشێکیان لە ڕێگەی شۆڕشەوە دەچوونە دەرەوەی ولات.

بەردەوامی درێژخایەنی شەڕی (٨) ساڵەی عێراق/ئێران و هەڵکشانی زوڵم و ستەم، نا ئومێدی ژیانی ئەو ڕۆژگارە، بوونە سەرزەمینی لە بار بۆ خۆپیشاندان، خۆپێشاندان لە شار و شارۆچکەکاندا، کرا، لە شاری سلێمانی لە ئامادەیی سلێمانی (کچان، کوڕان، ئەزمەڕ، صلاح الدین، ڕۆشنبیر) هەموو خوێندنگاکان خۆپێشاندان دەستی پێکرد، ڕاپەڕینی خوێندکاران شاری ڕانیەشی گرتـەوە، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان هێندەی تر جۆش و خرۆشی ڕاپەڕینی دەدا، تەنانەت تۆماری دەنگی زۆر لە دروشمەکانی ڕاپەڕینی لێدەدایەوە، لە ڕانیە، خوێنی پاکی گیانی شەهید خوشکە سنەوبەر بووە مایەی خرۆشانی بەردەوامی گیانی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان.

تا ئێستاش نـاوی خوشکە سنەوبەر لە بیری خوێندکارانی ڕاپەڕیوی ئەو ساڵەدا دەزرنگێتەوە، خۆپیشاندان درێژەی کێشا، خوێندکاران بوونە داینەمۆی زەنگی بەردەوامی خۆپیشاندان، شەهیدانی خۆپێشاندانیش کرۆکی تۆپەکەیان بەرەو شارەکانی کەرکوک و پارێزگاکانی تر تەقاندەوە دوژمن ترسی لێ نیشت، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی کپکردنەوەی خۆپیشاندانەکانی دەدا، بە بلاوکردنەوەی هێزی ئەمنی بۆ سەر خوێندنگاکان، ڕەشبگیری خەڵک و خوێندکارانی خۆپیشاندەر لە ڕێگەی ئەڵقە لە گوێ و نۆکەرەکانییەوە، لە

شاری کەرکوک خوێندکار (بەختیار عبدالرحمن) کە خۆپیشاندەرێکی کەم تەمەن بوو لە ترسی شاڵاوی گرتن پەنای بردبوە بەرماڵێک، ماڵەکە دەزگا سیخوڕییەکانیان ئاگادارکردبۆوە، ماوەیەکی زۆر گیراو ئازار و ئەشکەنجە درا، ئێستا کەم ئەندامە، هەزاران کەسی تر گیران بە نیازی چاوترسێنی خەڵکی و کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵک. لەڕێگەی خوێندکارە جەربەزەکانەوە، خۆپیشاندان بوو، بە خۆپیشاندانی گشتی، دوکان و بازاڕەکان داخران، حکومەتی عێراق دوای ڕەشبگیرییەکی زۆری خوێندکاران بۆ کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی، بۆ سەرقاڵکردنی خوێندکاران بە تاقیکردنەوەکانەوە، تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی خوێندنی پێش خست، ڕەشبگیری بێ شوماری خوێندکاران، بڵاوبوونەوەی زۆری جاش و جەیش و ئەمن لەبەردەم خوێندنگاکان، فشاری زۆری پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی، گرتن و هەڕەشەکردن لە ڕێگەی یەکێتی قوتابیانی بەعس و ئەڵقە لە گوێکانیانەوە، کپکردنەوەی ناڕەزایی خوێندکارانی لێکەوتەوە.

ڕژێم کەوتە بەرفشاری زۆری ناوەوە و دەرەوە بۆ ئازادکردنی ژمارەی زۆری ڕەشبگیری خوێندکاران، تا صدام حسێن سەرۆکی ئەو کاتەی عێراق ناچار بوو، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ژمارەیەک شێخ و پیاوماقوڵ و سەرۆک عەشرەت، بەڵێنی ئازادکردنی خوێندکارانی دا، بۆ ڕاکێشانی باری سەرنجی خەڵکەکە و دیاری دەستی سەرۆک. خۆپیشاندانی بەهاری ١٩٨٢ی خوێندکاران زۆر درێژەی نەکێشا، ڕژێم لە کەناڵی جیاواز جیاوازەوە تا ڕادەیەک دۆخی نا ئارامیی شارەکانی هێور کردەوە، تەنانەت زۆربەی ئەو دوکانانەی دادەخران بە هۆی خۆپێشاندانەوە، لە ڕێگەی تیمی تایبەت و سەرکوتکارییەوە قفڵەکان دەشکان، تا هاوڵاتیان ناچار دەبوون بچنەوە دوکانەکانیان لە ترسی دزین و تاڵانکردنی کەرەستەکانیان.

خۆپیشاندانەکانی بەهاری ١٩٨٢ لە مێژووی بزاڤی کوردستانی باشووردا، مەڵۆیەکە لە خەرمانی خەبات و تێکۆشانی ئەم بەشەی کوردستان و زەنگێکی ورياکەرەوەی خەڵکی بوو دژ بە زوڵم و ستەم و نەبوونی ئازادی، بە دیوێکی تردا، بزوتنەوە چەکدارەکانی شاخی شۆڕشی کوردی هێندەی تر چالاککردەوە تا زیاتر گورزی کاریگەر لە حکومەت بوەشێنن، واز لە یەکترکوشتن بهێنن، چونکە دوژمن بێ جیاوازی هەموو ڕەنگ و چین و توێژەکانی لا وەک یەک بوو، ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە، لە بەرژەوەندی ناحەزانی میللەت بوو، میللەت بێ جیاوازی ڕووبەڕووی داپڵۆسین و جەور

و ستەم و داخ و کەسەر، دەبووەوە.
دوژمـن بە تـەواوی لـە خـوێنـدکاران ترسا و زانکـۆی موسڵی وەک سەربازگەیەکی کۆنترۆڵکراو بەکاردەهێنا، بێ ڕەچاوی نمرە، زۆرترین ڕێژەی وەرگیرانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی موسڵ بوو، تەنانەت سیخوڕ و ئەڵقە لە گوێکانی لە ڕێگەی قوتابیان و ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبەوە لە ناو خوێندکاراندا بڵاودەکردەوە، هەر لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە زانکۆکانی بەغداش ژمارەیەک خوێندکار گیران، لەوانە (مارف عمر گوڵ) لەلایەن ئەمنی عامەوە گیراو ماوەیەک بێ سەر و شوێن بوو، ئازار و ئەشکەنجەی زۆر درا، هەرچەندە من پێشتر چەند جارێک بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی شاخم لە ڕێگەی ئەوەوە پێ دەگەیشت و دەمخوێندنەوە، هۆنراوەی بە ناوی (دلاوەر محمود) لە بڵاوکراوەکانی شاخدا بڵاودەکردەوە، بەڵام لە پشکنینی جێگەکەیدا لە بەشی ناوخۆیی هیچیان دەست نەکەوت، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر ئازاد کرا، کە چووم بۆ لای لە کەرکوک، (نەژاد عزیز سوورمێ و جەوهەر کرمانج) هاتن یەکمان ناسی، باسی چۆنێتی ساتی گرتنەکەی بۆ کردین، لەبەشی ناوخۆیی کە قوتابی قۆناغی چواری کۆلێژی بەشی یاسا بوو، د.مارف، وتی: کە هاتنە ژورەکەم ویستم خۆم سەرقاڵ بکەم تا برادەران بزانن گیراوم، خۆم تێک نەداو وتم:
– تسمح لی ألبس ملابس بنطرونی...؟ (ڕێگەم ئەدەن پانتۆڵەکەم لە پێ بکەم)
+براحتک ألبس:
بە ئیسراحەتی خۆت لەپێی بکە.
وتی لە ڕێگەیش کە سواری سەیارەکە کرام وتیان:
(باوع، باوع، شوف بغداد! هذا أخر مرة بطول حیاتک، مره أخری ما تشوف بغداد)
(سەیری بەغداد بکە. جارێکی تر لە ژیانتدا بغداد نابینیتەوە!)
هەروەها وتی کە نزیک بینای ئەمنی عامە بوومەوە چاویان بەستمەوە تا بیناکان نەبینم، ئەمنی عامەی بەغداش هـەزاران بینابوو لە ناویەکدا، ئەگەر هەڵیش بێی ناتوانی دەرچی، لەبەر بەیەکداچوونی بیناکان و زۆری زاڵگەی ئێشکگرەکان. نەژاد عزیز سوورمێ هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا وتی: دەبێت ڕۆژێک لەم ستەم و ئازارە ڕزگارمان بێت، پێشتر ئەویش زیندان و ئەشکەنجەدانی بینیبوو.

هەر چۆنێک بوو، بەشداری تاقیکردنەوەی وەزاری پۆلی شەشی زانستیم کرد، هیچ وانەیەکم نەخستە خولی دووەم، سەرەڕای بەشداری خۆپیشاندان، ماوەیەک خوێندن ڕاگیران، بگرە و بێنەی هاتووچۆی شارو لادێ، توانیم لە کۆی نمرەکاندا (٧٢) بەدەست بهێنم وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ڕژێمی بەعس یاری بە نمرەکان دەکرد و دەیویست زۆربەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی موسڵ ناویان دەرچێت.

تا لە ژێر ڕکێفی تەلبەندکراوی جاسوسی و سنووری دەسەڵاتی داسەپێنراوی زانکۆکانیدا بن، فۆرمم پڕکردەوە، دوای زنجیرەی کۆمەڵێک کۆلێژ، پەیمانگای تەندروستی سلێمانیم نووسی، ناوم لە پەیمانگای تەندروستی لەگەڵ حەسەنی ئامۆزامدا هاتەوە، لەسەرەتاوە پێی قەڵس بووم، ماتەمی دایگرتم، وەک هەر گەنجێکی خێر لە خۆ نەدیوی ئەوکاتە بە نیازی کۆلێژ و دانشگا بووم، بەڵام زۆر کەس لەوانە د.مارف و کاکم ڕێنماییان کردم وتیان: بۆ ئێوەی کوڕە هەژار، لە زۆر کۆلێژ باشترە، بە تایبەتی کە لە سلێمانیە، گوزەرانی ژیان بۆ ئێوە گرانە لە ئایندەدا، دەتوانی خزمەتی خەڵکی تری پێ بکەی و خۆشتی پێ بژێنی، چارەنووس و قەدەری گەنج دیار نەبوو، بە تایبەتی ڕۆژانە هەواڵی کوشتن و بڕینی مەیدانی جەنگی عێراق/ئێران دەگەیشت، دەمزانی چارەنووس ڕاکردنە لەو ژیانە کولە مەرگییە، چ پەیوەندیکردن بێت بە شۆڕشەوە یان هەڵبژاردنی هەندەران، دەوامی ئاسایی ڕۆژانەم کرد، بە ناسینی خوێندکاران و گەنجی تازە، هێدی هێدی لەگەڵ ژیانی پەیمانگادا ڕاهاتم، بە هۆی کەمێک زانینی زاراوەی پزیشکی بە زمانی  ئینگلیزی، ئێواران چوون بۆ بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکانی سلێمانی وەک باشترین یاریدەدەری پزیشک، بڕوانامەم وەرگرت.

بەڵام هەر تەواونەکردنی کۆلێژ وەک پڕنەکردنەوەی یەکێک لە بۆشاییەکانی ژیانم مایەوە، تا دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاریساڵی ١٩٩١، نزیکەی ٢٠ ساڵ دابڕان لە خوێندن، جارێ تر لە کۆلێژی یاسای ئێوارانی زانکۆی سلێمانی وەرگیرام، توانیم کۆلێژی یاسا تەواو بکەم، مرۆڤ کۆڵنەدەرە، ئەگەر بڕوای بە کۆڵنەدان و ورەی وەدەستهاتووی ژیان هەبێت، بوار دەرەخسێ کەلێنە پڕنەکراو و جێماوەکانی ژیان پڕبکاتەوە.

# ساڵانی وەرگیرانم لە پەیمانگای تەندروستی باڵا

ساڵی ١٩٨٣ وەک ساڵێکی کش و مات و بێ کێشە هاتە گۆڕێ بۆ من، زۆرتر خۆم سەرقاڵ دەکرد بە خوێندنەوەوە، جگە لە بڵاوکراوەکانی شاخ و شۆڕش ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤارەکانی کاروان و بەیان و کتێبە چاپکراوەکانم دەخوێندەوە.

لە عەرەبیشدا پاشکۆی (طب و علوم)ی ڕۆژنامەی الجمهوریەم، هەموو دووشەمانێک دەکڕی، لە سەرای شاری سلێمانی نوسینگەیەکی پۆست و گەیاندن هەبوو، کە ئێستا شوێنی دانیشتن و چا خواردنەوەیە، لە پاڵ دیواری فەرمانگەکەدا، لەسەر شۆستەکە برادەرێک بەناوی پێشڕەو، کە لە خوێندنگەی صلاح الدین پێکەوە بووین، کۆمەڵێ کتێبی دانسقە و چاپکراوی وڵاتی ئێرانی دەفرۆشت، لە وێنەی تاریک و ڕوونی هێمن، دیوانەکانی هەژار... هتد، لە پاڵیشیدا چەند نامیلکەیەکی صدام حسینی بە زمانی کوردی دانابوو کە دەستت بۆ نامیلکەکانی صدام حسێن دەبرد، دەیوت مەکە، ئەوە چاوەزارە، مەبەستی ئەوە بوو ڕۆژانە ئەمن و جاسوسەکانی ڕژێم دێن، کە کتێبەکانی صدام حسێن دەبینن، چاوبەست دەبن، نازانن کتێبە کوردییەکان چین، بۆ ئەو ڕۆژگارە ئەو کتێبە کوردیانە دانسقە و پڕ خوێنەربوون، زۆریان لە ئێران چاپکرابوون، بە قاچاغ دەهاتنە دیوی کوردستانی باشوور، دواتر سەر شۆستەکە هێندەی تر، بووە مەیدانی کتێب فرۆشتن، دوو برادەر

به ناوەکانی ( تەها و صالح بێچار) کتێبیان دەفرۆشت، ئەو کاک تەهایە هاتوچۆی سەرگەڵو و بەرگەڵوی دەکرد، بڵاوکراوەکانی شاخی دەهێنایە شار و پردی پەیوەندی نێوان شاخ و شار بوو، ئەوەی بیناسیایە یان نزیک بوایە لێی، دەیتوانی بڵاوکراوەی لێوەربگرێ، تا دەهات کاک تەها زیاتر دەناسراو بووە سەرچاوەی پەیداکردنی بڵاوکراوە نهێنییەکانی ئەو سەردەمە، تا گیراو ماوەیە زۆر دیار نەما، ئەو سەردەمە نوسەرەکانی وەک ڕەئوف بێگەرد، لەتیف هەڵمەت، د.هیوا عمر أحمد، د.ئاراس عزیز، د.ناصح ناسراو بە ئارام قەرداغی، سەردار فەتاح و چەندانی ترم ناسی، بەڵام لەگەڵ م.رەئوف بێگەرد هاتووچۆ زیاتر بوو، چونکە خوێنەر و تینوی بڵاوکراوەکانی شاخ بووین، بەتایبەتی ئەو بەناوی نهێنی بابەتی لە بڵاوکراوەکانی شاخدا بڵاودەکردەوە، تەنانەت ماوەیەک گیراو دواتر ئازاد بوو، ڕۆژێک کاغەزێکی مارف عمر گوڵم لە گوندی هەشەزیینیەوە هێنا بۆ رەئوف بێگەرد، لە چایخانەی گەل دامە دەستی، د.مارف ئەو کاتە، لە هەشەزیینی دەژیا، نەمدەزانی ناوەڕۆکی نوسراوەکە باسی چی دەکا، بەڵام دەمزانی باسی بڵاوکراوەکانی شاخە، ڕۆژی دواتر چوومەوە بۆ چایخانەی شەعب، داوای وەڵامی نامەکەم کرد، سەرێکی بادا وتی: کاکە عارەق گران بووە، عارەق لە شارەکەدا دەست ناکەوێ و خۆی لە مەسەلەکە لادا وتم: مامۆستا عەرەقی چی؟ چیت لایە بیگەیەنمە دەست کاک مارف، زانی لەوسەری مەسەلەکەوە دێمەوە، وتی کاکە ئەوەی ئەو داوای دەکا دەسی ناکەوێ، ئەو کوڕە گیراوە! ئاگاداری؟!

زانیم مەبەستی تەهای کتێب فرۆشە، وتم بەڵێ، چونکە پێشتر کاک تەهام دەناسی و یەک دووجار بڵاوکراوەی شاخم بە نهێنی لێ وەرگرتبوو بۆ خوێندنەوە.

ووتی: کەواتە دەزانی لە ئێستادا هیچم لا نییە، گیرانی کاک تەها بۆ ئێمە، زەبرێکی کاریگەر بوو، سەرچاوەیەکی گرنگی بڵاوکراوەکانی شاخمان لە دەستدا.

دوو هەفتە جارێک پێنج شەممە و هەینییان، دەگەڕامەوە گوندی هەشەزیینی بڵاوکراوەکانی شارم دەبردەوە بۆ هەشەزیینی نیشانی د.مارفم دەدا، لەوێیش هەر بڵاوکراوەیەکی شاخ ببوایە دەمخوێندەوە، هەر لەو ساڵانەدا شوکر مستەفا سەردانی گوندی هەشەزیینی کرد، کە یەکمان بینی د.مارف وتی: ئەمە شوکر مستەفایە، دەیناسی؟ وتم، بەڵێ: لە کتێبخانەی سلێمانی لای کاک

عمر (کاریته یان ئەو دیوی چیای یەشار کمال) که له وەرگێڕانی م.شوکره تۆمار کردووه، م.شوکر، تێگەی سەرو سۆراخی خوێندنەوه و کتێبم هەیە، ئەو سەردەمانه خوێنەر ئەوەندە زۆربوو، کتێبه دانسقەکان ئەگەر تۆمارت نەکردایە و پێشەکی پارەت نەدایە، تا بۆت دابنێن، دەست نەدەکەوت، هەر لە سەردانێکی تردا، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدم له گوندی هەشەزیینی بینی له مزگەوتی هەشەزیینی دانیشتین، باسی بڵاوکراوەکانی شاخمان کرد، ئەو یەکێک بوو لەوانەی به ناوی نهێنییەوه بابەتی لەلای نوسەرانی شاخ و بڵاوکراوەکانی، بڵاودەکردەوه، یەکێک له نوسینەکانی بەناوی (دەربارەی ڕۆشنبیری پرۆلیتاریا) بوو که پێشتر خوێندبوومەوه.

دوو گەشتی ساڵانەی خوێنکارانی پەیمانگامان کرد، لەبەر بێ جێگەیی له بەشی ناوخۆیی و دووریم له خێزان، ساڵی یەکەم نەچووم، چونکه کەس نەبوو خواردنی سەفرەم بۆ ئامادە بکا، ئەو ساڵه بەو داخەوە مامەوه به تایبەتی که برادەران له گەشتەکه گەڕانەوه، باسی خۆش خۆشیان دەکرد، دواتر وێنەکانی گەشتەکەم بینی، بووه خەوو خولیام، ساڵی دووەمی پەیمانگا که گەشتەکه بۆ دوکان و چنارۆک بوو، هێشتا خەمی له دەستچوونی ساڵی پارم بیرمابوو، چووم مریشکێ ساغی برژاوم کڕی، لەگەڵ نان و تەماته و پیازدا پێچامەوەو بەشداری گەشتەکەم کرد، له ڕێگا به هۆی دەنگ خۆشیمەوه لەگەڵ کاک محمد ناوێکدا پاسەکەمان به وتنی گۆرانییەکانی حسن زیرەک هێنایه جۆش و خرۆش، یەکێک له کیژه نازدار و شۆخەکانی پەیمانگاش، که ساڵێ دوای من بوو، هەر نیگای دەکرد، پێشتر نیگا له نێوانمان دروست ببوو، هەر بۆی دەڕوانیم، پێم وایه سەرسام بوو به کەش و هەوای گۆرانییەکانی گەشتەکە، له هەڵسوکەوتەکانیدا وا تێدەگەیشتم که حەز به نزیکبوونەوه لەگەڵم دەکات، بەڵام سەرقاڵی ئەوکاته و تێکەڵ بوونی سیاسەت، بزربوونی ئاینده، نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی، مەدای پێکهێنانی پەیوەندی و نزیکبوونەوەی نەدەدا. لەگەڵ وانه کردارییەکانی پەیمانگا له نەخۆشخانەکاندا، ئێواران دەچوینه نەخۆشخانەکان، هاوکاری کارمەندانی تەندروستیمان دەکرد، ئێوارانێک له دەرمانخانەی نەخۆشخانەی فێرکاریدا بووم له ناکاو شێرکۆ بێکەسی شاعیر هاتەبەر پەنجەرەکە، ڕەچەتەیەکی دەرمانی پێبوو، منی نه دەناسی، لەگەڵ وەرگرتنی ڕەچەتەی دەرمانەکەدا دیوانه شیعرییەکانی و ناوی خوازراوی جوامێرم بیرکەوتەوه، که له بڵاوکراوەکانی شاخدا، بەرهەمی شیعری بڵاودەکردەوه، لەم ساڵانەی دواییدا له دەزگای سەردەم و بنکەی گەلاوێژ،

یەک دووجار یەکمان بینی، بەڵام تا کۆچی دواییشی کرد، پەیوەندی پتەوم لەگەڵی نەبوو، بەڵام بەهۆی نزیک بوونەوەم لەگەڵ م.ڕەئووف بێگەردا زۆرجار یەکمان دەبینی، جارێک لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا بوو لە هەوارگەی سەرچنار شەوێکمان بە یەکەوە گوزەراند، ئەوان تا ئێستاشی لەگەڵ بێت پێی دەڵێن: چەم، چەم مەبەست لە دانیشتن بۆ خواردنەوە بوو تێیدا ڕەئووف بێگەرد گۆرانی دەووت، دەنگیشی خۆش بوو.

سالانی خوێندنی پەیمانگا (١٩٨٣ – ١٩٨٤) وە (١٩٨٤ – ١٩٨٥) سالانێکی پڕ لە گۆڕانکاری بوون بۆ ئێمەی خوێندکار و بە سەربردنی تەمەنی گە نجێتی، ساتە هەستیارەکانی ژیان بوون، تا دەهات ژمارەی پێشمەرگە و چالاکی زۆر دەبوو، خەڵکێکی زۆر لە دەرچووی پەیمانگاو کۆلێژەکانیش کە خوێندنیان تەواودەکرد نەدەچوونە ڕیزی سەربازی، دەبوون بە پێشمەرگە یان سەربازی هەڵاتوو، بە هۆی درێژخایەنی شەڕی عێراق/ئێران و کوشتن و بڕین لە بەرەکانی شەڕدا، لە بەرامبەردا ڕژێم و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی لە ڕێگەی ڕێکخراوە ئەڵقە لە گوێکانی خوێندکاران و شانەکانی حزبی بەعسەوە لە ناو کولێژ و پەیمانگاکاندا، تا دەهات شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونانی زیاتریان ئەنجام دەدا.

کابرایەکی عەرەبی هاوردەی خوارووی عێراق کە شەل بوو، کرا بە یاریدەدەری عەمیدی پەیمانگا، عەمیدەکە کوردێکی خانەقینی بە ناوی (د.عبدالحمید إبراهیم) پیاوێکی باش بوو، بەڵام کەم دەسەڵات بوو، چونکە حزبی نەبوو، زۆرتر یاریدەدەرەکە جڵەوی کاری پەیمانگای لە ئەستۆدەگرت، دەزگاکانی حکومەتیش هەموو هاوکارییەکی یاریدەدەرەکەیان دەکرد، د.عبدالحمید، نەیدەتوانی سنووری بۆ دابنێ کۆمەڵێ گەنجی عەرەب لەگەڵماندا خوێندکاربوون، وەک: (علاء، علی، طارق...)، بەشێکیان لە شارەکانی خوارووی عێراقەوە هاتبوون، وەک شاری بەسرە، لەگەڵ کوردا کۆک و تەبا بوون، بەڵام ئەوانەی لە ناوەڕاست و شاری بەغداوە هاتبوون، هەمیشە لە بەشی ناوخۆیی کێشەیان بۆ دەنانینەوە، زانیاریان دەدایە دەزگاکان، چونکە زۆرجار بڵاوکراوە بە دیوارەکانەوە هەڵدەواسران، یان دروشمەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەنوسرانەوە، ئەمنەکان هەمیشە خەریکی سڕینەوەیان بوون، جارێک ئەو (طارق) ناوە، شکاتی لە سەرپەرشتیاری بەشی ناوخۆیی لێکردم، درۆیەکی گەورەی کرد بەوەی گوایە من وتومە تێکەڵ بە عەرەبەکان مەبن، کێشە

بنێنەوە لە ژوورەکاندا، لێپرسراوی بەشی ناوخۆیی ناوی إبراهیم بوو، وتی: شتی وات کردوە؟ وتم نەخێر، پیاوێکی باش بوو دەیزانی (طارق) درۆدەکات، بەیانی هاتە لامەوە وتی: بە د.عبدالحمیدم وتوە، د.حەمید، وتویەتی: با برایم ئاگای لەخۆی بێت، کێشە لەگەڵ طارق دروست نەکات و هێندە تێکەڵی نەبێت.

# گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ك) و میری

ماوەیەک بوو چالاکی هێزەکانی پێشمەرگە کەم ببوەوە، لەملاو لەولا، چالاکی بچوک بچوک نەبێ، شەڕی گەورە ڕووی نەدەدا، دەزگاکانی بەعسیش کەمتر زەبر و زەنگیان دەنواند، دەنگۆی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و (ی.ن.ک) بڵاوبووەوە، لە سەرەتاوە هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن باسی نەدەکرد، بەڵام زۆری پێنەچو ئێزگەکانی وڵاتانی ئەوروپا وەک ڕادیۆی لەندەن، باسیان کرد، وتارەکانی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانیش، بەرگی هێمن و باسی ئاشتی کرابوو بە بەریدا، کە لە هەشەزیینی هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان بینی، وتیان بڕیاری شەڕ ڕاگرتنمان پێ ڕاگەیەنراوە، تا ئێوارانێک لە بەردەم مزگەوتی گەورەدا لە سلێمانی مارف عمرم بینی، وتی بەڵێ گفتوگۆ هەیە، مام جەلال چۆتە بەغداد، دواتر لە عەسرانێکی درەنگدا دوو سێ پێشمەرگەم بینی، لە خەستەخانەی فێرکاریەوە خلۆر بوونەوە بۆ بەردەم مزگەوتی گەورە، لە درێژەی گفتوگۆدا ژمارەیەک پێشمەرگە، لە نەخۆشخانەکان نەشتەرگەریان بۆ کرا، پۆلیس و (قوات خاصە) ئێشک گریان دەکرد، هەواڵی گفتوگۆ، کوردستانی تەنییەوە، لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانیشەوە، پەیامەکە گەیشت کە گفتوگۆ دەستی پێکردوە.

بووە هەراو ئاهەنگ گێڕان لە بازاڕدا، خوێندکاران کۆدەبوونەوە، ڕۆژێکیان لە ئەسحابە سپییەوە گردبوونەوەیەک بۆ شەقامی کاوە بۆ پاڵپشتی دانوسان

ڕێکخرا، شەقامەکەیان داخست، هەندێ کەسی سوودمەند و ئەڵقە لە گوێی بەعسیش وێنەی صدام حسینیان لە پاڵ خۆپێشاندانەکاندا بەرزدەکردەوە، جارێک لەگەڵ بینینی وێنەی صدام حسیندا (طارق) کە خوێندکارێکی عەرەب بوو لە گەڵماندا، کەوتە هوتاف کێشان و وتی: (عاش السید الرئیس صدام حسین)، کە گردبوونەوەکە کرا، (قوات خاصەکان)، کە پێشتر هەر بە کوشتن و ئازاردانی خەڵک ڕاهاتبوون، دەبوو چوار دەوری گردبوونەوەکە بگرن، ئەمری گرتن و ئازاردانیان پێ نەبوو، یەکێکیان لە ناو شۆفرلێتە پیک ئابەکەوە سەری بادەدا و لە دڵەوە دەیگووت: ڕۆژتان دێتەوە بۆ گرتن و ڕاوەدونان، سیمای پشێوی و خەم و خەفەتی پابەندبوون بە بڕیاری داسەپێنراو بە سەریاندا دەخوێنرایەوە، خۆشی و هوتافکێشان و ناوبردنی پێشمەرگە ڕەنگدانەوەی دەروونی لای چەکدارانی (قوات خاصە) دروست کردبوو، بە جەنگێکی دەروونی بەرامبەر خۆیان سەیریان دەکرد، بەتایبەتی هەندێکیان بێ بڕوانامە و بێ ئاستی ڕۆشنبیری بوون، لە کوشتن و بڕین بەولاوە هیچی تریان نەدەزانی، ڕژێم هەر بە وانەکانی کوشتن و بڕین و ئازاردانی خەڵکی پەروەردەی کردبوون و لەو بازنەدا دەخولانەوە.

جاروبار لە شوێنە گشتییەکاندا کۆبوونەوە و گردبونەوە ڕێکدەخرا و دروشمەکانی (ی.ن.ک) دەوترانەوە، خەڵک هێندە تینوی ئازادی و سەربەستی بوون، هیوای زۆرمان بە گفتوگۆ هەڵچنی بوو، هەرچەندە ماوەیەکی کەم ئاهێکی ڕاگوزەر بە دڵی خەڵکیدا هات، بەڵام دوای ماوەیەک خۆشییەکان وەک بڵقی سەر ئاو نەمان، بەیانییەک لەگەڵ چوونم بۆ پەیمانگا، چەپڵەلێدان و سروود وتنەوە و ئاهەنگ گێڕان و هوتاف کێشان بوو، خوێندکارانی تینوی ئازادی، دروشم و سروودە نەتەوەییەکانیان دەوتەوە، لە دەرگای هاتنە ژوورەوەی هۆڵی پەیمانگا شوانەی خوێندکار، بە تۆمارکەرێکی بچووک و وتنەوەی سروودی ئەی شەهیدانەوە، خۆی کرد بەناو ئاپۆڕەی جۆش دراوی خوێندکاراندا، هێندەی تر جۆش و خرۆشی دا بە دیاردەکە، خوێندکاران، لەگەڵ ریزبووندا، بەشان و باڵی شەهیداندا هەڵیان دەدا، یەکێک لە دروشمەکان دەیان وت:

شوان، شوان، شوان گیان

ڕزگاری بوو کوردستان..

مەبەست شوانەی ڕەئوف نوری بوو، کە یەکێک بوو لە پێشمەرگە مێرخاسەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە، بە پلەی ئامر کەرت، لە گرتنی شارۆچکەی

سەنگاودا، شەهید ببوو، ئەرخەوان ڕەئوف نوری، خوشکی شەهید شوان بوو، لەگەڵماندا خوێندکار بوو، دەستی کرد بە گریان و خۆی پێ ڕانەگیرا، ئەو دیمەن و دروشمانە تەواو تاساندی، ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، هەمیشە کە ئەرخەوانم دەدی خەم و ئازار و داخ و کەسەری لە دەستدانی شوانە و بارگرانی خەمی خێزانەکەیان بە ڕوخسارییەوە دەبینرا، بە تایبەتی من لە ڕێگای ڕزگاری حاجی کایلەوە، کە ساتی شەهیدبوونی شەهید شوان پێکەوە بوون، چۆنیەتی سەربەرزکردنەوەی شەهید شوان و بەرکەوتنی بە فیشەک بۆ گێڕابوومەوە، دەمزانی چالاکییەکە لە شارۆچکەی سەنگاو بو وکە مەنزڵگەی پێگەیاندنم بو و شەهیدەکانی تر کێبوون. لە گرتنەوەی جاری دووەمی شارۆچکەکەدا، شەهید هەمزە ڕەشیش لە پردی باسەڕە شەهید بوو، پیاوێکی زۆر قارەمان بوو، شوانەی رەئوف نوری کوڕە تاقانەی خێزانەکەی بوو.

بەشێکی خوێندکارانی پەیمانگا ڕێکخستنی نهێنی بوون، بەڵام لە یەک زنجیرە و بازنەدا نەبوون، دواتر لە کۆڕی یادی شەهید بوونی ئارام-دا کە لە گوندی هەشەزیینی کرا، (هیوا چاوشین کە ڕێکخەری کۆمەڵە بوو ئێستا لە لەندەن دەژی) عەریف حەفلە بوو، زۆر لە خوێندکاران ئامادەبوون کە لە هەشەزیینی یەکمان بینی، وتم من خەڵکی ئەم گوندەم، کاک وریا کە دواتر بووە پێشمەرگە وتی: تازە لە ڕێکخستن ئاشکرا بووین، وتم: ترست نەبێ، هەر لەو یادەدا مارف عمر گوڵ، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد، زۆر لە وتەو کارەکانی شەهید ئارام ئاماژەی پێدرا، ئەو سەردەمەو سازدانی ئەو یادە بۆ گوندی هەشەزیینی و ناوچەکە دەنگ و سەدایەکی زۆری نایەوە بە تایبەتی کۆمەڵێ میوان لە شارۆچکەکانی کوردستانەوە هاتبوون.

نزیکەی هەفتەیەک تا دوان لە سەرەتاوە دەوامی پەیمانگا ڕاگیرا، خوێندکاران کە دەچوون لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەی خۆشی و هەڵپەڕکێ زیاتر، وانە نەدەخوێندرا.

ڕۆژێک کۆمەڵێ خوێندکار یەکمان گرت و چووین بۆ شاری دوکان، ئەو ڕۆژگارە کابینە سیاحییەکانی دوکان و شارۆچکەی سوورداش، بارەگای هێزی پێشمەرگە و سەرکردەکانی پێشمەرگەی لێبوو لە ڕێگە، شۆفێرەکە سروودی:

(چەک هەڵگری خاکێکم دوژمن لەسەری زاڵە، من بوومە بە بێگانە، بێگانە خاوەن ماڵە...)ی لێ دەدا و وتی:

ئەم سرودە زۆر ڕاستە. ڕێک ئێمە میوانی خاکی خۆمانین، گەیشتینە

کابینەکانی دوکان، پێشمەرگە هاتن و وتیان: ناتوانین بتانکەینە ژوورەوە تا مۆڵەت وەرنەگرین.

بووە، هەراو هوتافکێشان وتمان تا سەرکردەیەک نەبینین ناڕۆینەوە.

لە سروود و هوتافکێشان بەردەوام بووین وتیان: ئێستا، مەلا بەختیار دێت، قسەتان بۆ دەکات، لە سەربانی یەکێک لە کابینەکانەوە گەنجێ دەرکەوت، دەستی هەڵبڕی، بووە هوتافکێشان هەندێ بە شان و باڵی پێشمەرگەدا هەڵیدا و قسەی بۆ کردین وتی: هێشتا گفتوگۆکان نەچونەتە بواری ڕێککەوتنی تەواو، بۆیە هیچ بەیاننامەیەک دەرنەچووە بەردەوام وەفدی هەردوولا یەک دەبینین، لە ئاییندەیەکی نزیکدا بەیاننامە دەردەچێت، کە تەواوبوو وتیان: ئەمە مەلا بەختیارە، هەندێک لە خوێندکاران کەوتنە وێنەگرتن لەگەڵیدا، لە ساڵی ۲۰۱۹دا جارێک لەگەڵ مەلا بەختیار باسی ئەو ڕۆژەم کرد وتی: لە بیرمەو ئێستاش وێنەکانی ئەو کاتەم ماوە.

لە ماوەی ساڵێک گفتوگۆی نێوان میری و (ی.ن.ک)دا، یەک تا دوو جار سەردانی سووررداشمان کرد، کە بارەگا سەرەکییەکانی سەرکردایەتی و بارەگای (مام جەلال)ی لێبوو لەگەڵ (مارف عمر گوڵ، عارف عمر گوڵ، کاک عبدالرحمن ناسراو بە شێخ عەبدول) کە ڕێکخستنی ناوشاری کۆمەڵە بوو، لەگەڵ گەیشتن بە شارۆچکەی سووررداش و دیمەنی قەشەنگیدا، شارۆچکەکە بەرگی سەوزی بەهاری پۆشیبوو، شارەکە بەرزی و نزمی زۆری هەبوو، بەسەر یەکێک لە بەرزییەکانەوە بارەگایەک دەبینراو ڕێگای تایبەت و ئێشکگری هەبوو، د.مارف وتی: ئەوە بارەگا و ماڵی مام جەلالە، بەلامانەوە سەیر بوو هەر سەرنجمان دەدا.

چووینە بارەگای نووسەران، کاک (حمە موکری و جەوهەر کرمانج، حەمە سعید حسن)مان بینی، دواتر چووینە بارەگایەک، کاک ئازاد هەورامی و کاک ئازادی سەگرمەی لێبوو، ئازاد هەورامی باسی ڕاپەڕینەکانی ساڵی ۱۹۸۲ی کرد، ڕووی دەمی کردە ئازادی سەگرمە و وتی: ئەمانە چی بڵێن، جێی بڕوای ئێمەن، وەک ئاماژەیەک کە کاک ئازاد سەرتیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، ئێمەش لە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمەدا دادەنیشتین، تا زیاتر ڕێزمان بگیرێت، لەسەر مێزەکە کتێبێکی تازە چاپکراو دانرابوو دەستم بۆ برد دانەیەکم گرتە دەستمەوە، د.مارف وتی: ئەمە کتێبی هەڤاڵ کوێستانییە، وەک لە یادم مابێ کتێبەکە بەناونیشانی:

(کشتوکاڵ لە نێوان ڕیفۆرم و شۆڕشدا)) بوو، کتێبەکە و چەند بڵاوکراوەیەکمان هێنا، من لە زاڵگەی دوکان ترسم لێ نیشت، وتیان بیخەنە ژێر کوشنەکانەوە، با دیارنەبیت، کە گەڕاینەوە لەسەر جادەی سەرەکی سلێمانی/ دووکان جارێ تر حەمە موکریمان بینییەوە، وتی: دەچم بۆ گوندی کرژە کە نزیک جادەکەبوو، تیپی شانۆی شۆڕش، شانۆگەرییەکیان لە گوندەکەدا پێشکەش دەکرد، هەر لە ماوەی گفتوگۆکەدا دووجار سەردانی بارەگای تیپی ٥٧ی سەگرمەمان لە مێوڵی کرد، جارێک لە سەنگاوەوە چووینە بارگای کەرتی پێنجی باسەڕە، لە گوندی هەنارەی سەگرمە، جاری دووەم لەگەڵ عارف عمردا بە شاخی سەگرمە و خاوێدا چووینە بارەگای تیپ، کاک ئازادی سەگرمە و کاک هۆشیار صالح رفعت-ی برای د.نەوزادمان بینی، هەندێ دەرزی ڤالیۆممان پێبوو، دامان بە کاک هۆشیار بیدا بە بنکەی تەندروستی تیپ کە د.جبار لێپرسراوی بوو...

لە بارەگای تیپ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی کەرکوکی بـرادەری عارفدا کە دەرچووی زانکۆ بوو، باسی شۆڕش و هەڵدێر و بەرزو نزمی ئاستی گفتوگۆکانمان کرد، کە زۆر جار کارە دزێوەکانی جاشەکان و پێشمەرگە شەهیدکردن بە دەستی جاشەکان مایەی شەرمەزاری بوو، برادەرەکەی عارف وتی: دەنگ هەڵمەبڕن، پێشمەرگەی سادە و هەژارمان زۆرە، دێنە گیانتان.

دەربڕینی ئەم ڕستەیە بەلامەوە سەیر بوو، ئێمە خوێنەری تامەزرۆی بڵاوکراوەکانی شاخ و تینوی ئـازادی، شۆڕشمان بە بێگەرد و هەموو پێشمەرگەمان بە فریشتەدەزانی، هەرچەندە پێشمەرگەی فیداکار و قارەمان زۆربوو، بەڵام زۆرترین ڕێژەی پێشمەرگە، کەسانی بێ بڕوانامە و هەژار و چەوساوەکانی کۆمەڵ بوون، هەر چەک و زمانی چەکیان دەزانی، کەمتر سەرقاڵی خوێندنەوەو خۆپێگەیاندن بوون، بەتایبەتی پێشمەرگەکانی گەرمیان، کە لە ئازاییدا کەموێنە بوون، بە ئێستاشەوە گەرمیان گڵێنجانەی پێگەیاندنی چالاکی و پێشمەرگەیە، هەربۆیە گورزی جەرگبڕی لێ وەشێنراوە، ژمارەی زۆری ئەنفالەکان لە خاکی گەرمەسێر دایە، تیپە ئازاردیو و بە هەڵمەتەکانی شۆڕش، (تیپەکانی ٥٧ی سەگرمە، ٥٩ حەمرین، ٥١ی گەرمیان) بوون، دەچویتە هەر بنار و گوندێ چالاکی جۆراوجۆری تیاکرابوو، خەڵکەکەی ئاوارەو سەرگەردان و ماڵوێران ببوون. هەرچەندە هەموو ناوچەکانی کوردستان چەرمەسەریان زۆر دیوە، پێشمەرگەی هەموو کوردستان جەربەزەییان نواندوە، بەڵام گەرمیان و پێشمەرگەکانی هەمیشە ویردی سەر زاری خەڵکی کوردستان بوون.

## جارێکی تر سەردانی بەغداد، کۆتایی گفتوگۆ

گفتوگۆی نێوان، سەرانی (ی.ن.ک) و میری عێراق، بەرزونزمی زۆری بە خۆیەوە دەبینی، جار هەبوو گفتوگۆکان لە ئاستی باڵای یەکتر بینیندا، دەگەیشتە قۆناغی تەواو ڕێکەوتن و ئامادەکردنی دەرچوونی بەیاننامە، لەولاشەوە جاشەکان بە پاڵپشتی دەزگا تێکدەرەکانی میری کاری دزێوی نەشیاوو پێشمەرگەیان شەهید دەکرد، خەڵک و پێشمەرگە بێزاربوون، کۆمەڵێ شیعر و سرودی گاڵتەئامێز لەنێوخەڵکیدا بڵاوبووەوە، بەئاشکرا تەنزو توانج لەگفتوگۆ دەدرا، عزەت دووری کە جێگری لێپرسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بوو، جارێک تا دووجار بەسەرکردایەتی وەفدی گفتوگۆ هاتبووە سووورداش، جارێک لە دانیشتنەکاندا باسی جاشەکان و چەککردنیان کرابوو، عیزەت دووری وتبوی: جاش چییە! ئێمە جاشمان بۆ گیانی ئێوە دروست کردووە، ئەگەر ئێوە لەگەڵمان ڕێک بکەون، بێگومان نایانهێڵین و بڵاوەیان پێ دەکەین، ماوەیەک جاشەکانی ناو شاری چەمچەماڵیان بە ئیڤای عەسکەری دوورخستەوە، جاری دووەم عزەت دووری هاتبووە سووورداش، گفتوگۆ بەردەوام بوو، بێ بوونی هیچ بەیاننامەیەک یان ئیمزای کرداری نوسراوێک، پێشمەرگە زۆر بە توندی وەفدەکەی حکومەتی عێراقیان پشکنی بوو، وەفدەکە داوای بینینی مام جەلالیان کردبوو، نەیان هێشتبوو مام جەلال ببینن، پێیان وتبوون: مام جەلال لێرە نییە، برادەرانی سەرکردایەتیان

بینیبوو، وەک ڕەنگدانەوەیەک بەرامبەر ساردی گفتوگۆکان. کاک هاوار (یاوەر شێرزاد) ئەو پێشمەرگەی کەزۆر تێکەڵی بووین، هاتبووە ناوشارو لەکانێسکان لەماڵێکدا، خانویەکی بچووکی گرتبوو، جارجار دەچوومە لای بێزاربوو، لە درێژەکێشانی گفتوگۆ، شەهید بوونی (خالد وەهاب) زۆر بێتاقەتی کردبوو، خالد وەهاب، برای ئازاد خانەقینی بوو، لێپرسراوی ڕێکخستن بوو، لە گردبوونەوەیەکی ناوشاردا پیاوەکانی بەعس، شەهیدیان کرد، کە پێشمەرگە هاتوچۆی نێوان شارۆچکەی سووورداش و سلێمانییان دەکرد، جاشەکان لە ڕێگەی تاسلۆجە/ دوکان کەمینیان بۆ دادەنان و شەهیدیان دەکردن، لەوانە شەهید بوونی ملازم سەید کەریم کە دەنگ و سەدایەکی زۆری نایەوە، مام جەلال وتاری لەسەر داو، وتی: داخی گران ئەوەیە لە دڵمدا: (ئەگەر سەید کەریم لەبن بەردێکی کوردستاندا، بوایە، جاش نەیان دەتوانی نشوستی پێ بێنن، داخی ئەوەم ناچێ وا بە زەلیلی شەهید بوو، ئەو قارەمانەی هەر کێشەیەک بهاتایەتە ڕێگەی بە (چ نییە) وەڵامی دەدایەوە، هێندە قارەمان و ورە بەرز بوو بەرامبەر ڕووداوو کێشەکان).

شەهیدبوونی سەید کەریم و جارِدانی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە، هێڵێ ڕاست و چەپی بە مێشکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هێنا و بە تەواوی لە گفتوگۆ بێ هیوا بوون، بە پلانی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات، جاشەکان کاری تێکدەرانەیان دەکرد، سەرکەوتنی گفتوگۆ لەبەرژەوەندی جاشەکان و دەزگاکانی خوارەوە نەبوو، سستی گفتوگۆکان، کاری تێکدەرانەی جاشەکان، دەرنەچوونی هیچ بەیاننامەیەکی فەرمی، جۆش و خرۆشی جەماوەری بۆ گفتوگۆ لە گۆڕنا، ناحەزانی (ی.ن.ک)یش، لەو سەردەمەدا، هێندەی تر، بە بەیاننامە و وتار، قەناعەتیان بە خەڵکەکە دەکرد کەگفتوگۆ سەرناگرێ، هەرچەندە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤دا، گەورەترین ئاهەنگی نەورۆز لە قەشقۆڵی سازکرا، مام جەلال وتاری تێدا خوێندەوە، جەماوەرێکی بێشومار چوون، بەڵام هەڵبەز و دابەزی گفتوگۆکان، ئومێدی خەڵکی لە گۆڕنا، لە ماوەی گفتوگۆدا، تۆفیق وەهبی، گەورە کەسایەتی کورد لە لەندەن کۆچی دوایی کرد، بە ئامادەبوونی مام جەلال و زۆر لە سەرکردە و کەسایەتییەکانی کورد مەراسیمێکی گەورەی بۆ سازکراو لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاخی پیرەمەگرون نێژرا. هەر لە ماوەی گفتوگۆدا شێخ یەحیا تۆفیق کە پیاوێ دڵسۆز و دۆستی یەکێتی و مام جەلال بوو، کاتی خۆی تەتەری شۆڕش بوو، لە ڕێگای (سەنگاو/ چەمچەماڵ) لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلێکدا کە مامە ڕیشە و دوو

پێشمەرگەی تیابوو، بەریەککەوتن، شێخ یەحیا شەهید کرا، پرسەی لە گوندی باسەڕە بۆ دانرا، وەفدێکی گەورەی (ی.ن.ک) بە سەرکردایەتی علی بچکۆل هاتنە پرسەکە، علی بچکۆل وتاری دا، ماوەیەک دوو پێشمەرگەکە، سزادران بەڵام لەبەر ڕۆڵی بەرچاوی چالاکییە سەربازییەکانی مامەڕیشە، کێشەکە زوو چارەسەرکرا. هەرچەندە خوێنی شێخ یەحیا بە ناحەق ڕژا، لە ڕووداوی جیاجیادا بە دەستی دووژمن پێشمەرگەکان و مامەڕیشە شەهید کران، دوای شەهید کردنی مامە ڕیشە گفتوگۆ بە یەکجاری کۆتایی هات.

وتارێ تووند لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە لەسەرشەهیدکردنی مامەڕیشە خوێنرایەوە، هێندەی تر گفتوگۆی لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگۆڕنا، لەڕۆژانی کۆتایی گفتوگۆدا، ڕۆژێکیان لەگەڵ عارف عمر گوڵدا، لەهەشەزیینیەوە بەرەو چەمچەماڵ دەڕۆیشتین، نزیک بە گوندی قولە لەسەر ڕێگەی سەنگاو/چەمچەماڵ، جەنازەیەکمان لەسەر ڕێگەکە بینی، عارف وتی:

–برایم ئەوە جەنازەیەکە لەسەر جادەکە! ترساین، وتم مەوەستە بابڕۆین، توشی کێشە نەبین، جەنازەکە لەسەردەم کەوتبوو، خوێنی لێ دەچۆڕا، گەیشتینە گوندی قەڵاچۆغە، پێشمەرگەکانمان بینی، وتیان ئێمە ئەو کابرایەمان کوشتووە، گفتوگۆ خەریکە بە تەواوی تێک دەچێ، سیخوڕی میری بووە، دوای زانیمان جەنازەکە خەڵکی چەمچەماڵ بوو پیشەی سەعاتچی بوو. هیچ وەفدێ لە بەغدا نەما،

گفتوگۆ بەتەواوی سەری نایەوە، بارەگاکان هەر لە سووررداشەوە گوێزرانەوە بۆ دیوی سەرگەڵو بەرگەڵو، مام جەلال و پێشمەرگەکان هەر بە پێ هاتنەوە دیوی سەرگەڵو بەرگەڵو و ناوچە ئازادکراوەکان، وەک ڕەنگدانەوەیەک، شۆڕش، بەرامبەر جێبەجێنەکردنی بەندەکانی گفتوگۆ، کۆمەڵێک چالاکی گەورەی ئەنجامدا، (ی.ن.ک) ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێران کرد، گورزی گەورە لە ناوچە ئازادکراوەکانەوە بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە باروتخانە و بیرە نەوتییەکانی کەرکوک درا.

ئەو کۆمەڵە ڕێکخستنە نهێنیانەی ئاشکرا بوون لە ماوەی گفتوگۆدا، لە ترسی گیران و ڕاوە دوونان، پەیوەندییان کرد بە هێزی پێشمەرگەوە.

هەر لە ساڵی (١٩٨٥)دا جارێکی تر، بوارم بۆ ڕەخساو چوومەوە بۆ بەغداد، ئەم جارە لەگەڵ عارف عمر گوڵدا چووین، عارف تویۆتای

لاندکرۆزەری هەبوو، جاروبار باری قاچاغی پێ دەبرد بۆ بەغدا، بارەکەمان، نانە قەیسی، بادەم، گوێز بوو، بە لاڕێدا بارەکەمان برد، لە خوار داقوقەوە نزیک بە شارۆچکەی دووز چووینە سەر ڕێگەی (کەرکوک/ بەغدا) گەیشتینە یەکێک لە گەڕەکە شەعبییەکانی بەغدا، عارف کڕیارێکی هەبوو، چووینە لای کڕیارەکە، شتەکانمان پێ فرۆشت، لەو سەرەوە کارتۆنێکی زۆر صابون و چای سیلانمان هێنا، صابون لۆکس و چا دەچوو بۆ ئێران و پارەی باشی دەکرد، چای سیلان و صابون بە قاچاغ دەژمێردرا، دوای نانخواردن و هەندێ پیاسەی ناو شاری بەغداد، گەڕاینەوە بۆ شاری کەرکوک، زاڵگەکان لە گەڕانەوەدا پرسیاریان نەدەکرد، ژمارەی سەیارەکەیش (تامیم) بوو، ژمارەی سلێمانی زۆرتر وردبوونەوەی لێدەکرا.

لەبەرئەوەی شەو گەیشتینە داقوق، وتمان درەنگە بۆ قاچاغەڕێ، شەودەچینە کەرکوک و بەیانی زوو بە قاچاغەڕێدا دەچینە ناوچە ئازاد کراوەکان، بەیانی زوو لە کەرکوک دەرچووین، تاریک و ڕوون بوو، دەبوایە جارێ تر زاڵگەی (کەرکوک/ داقوق) ببڕین، ئەوسا قاچاغە ڕێگەکان بگرینەبەر، گەیشتینە زاڵگەکە، دەسیان لە بارەکە داو نەیانزانی قاچاغە، وتیان: چییە؟ وتمان صابونە، کابرا خۆی گێل کرد، سەری دەهێناو دەبرد، دەیوت تێناگەم، صابون لە بەغدا دەست ناکەوێ، لێرەوە صابون دەچێ بۆ بەغدادو خواروو، هەندێک ترساین، بگیرایە ئازاریان دەداین، کەوتینە قسەی خۆش لەگەڵیدا، بەرتیلمان دایە و وتی بڕۆن، لەبەرئەوەی تاریک و لێڵی بەری بەیان بوو، هەر بە تەنیا لە زاڵگەکە بوو، ئەو سەردەمانە ڕێگە وەک ئێستا قەرەباڵغ نەبوو، دەرچووین لە ڕێگەی سەرەکی، بەلاڕێدا گەیشتینە گوندەکانی (خاڵە بازیانی، شێخ جیری) تووشی پێشمەرگە بووین، وتیان: بارەکەتان قاچاغە بۆ کوێ ی دەبەن...؟

-وتمان بۆ گوندی هەشەزیینی؟.....! وتیان بۆ دوکانی شێخ قادر. پێکەنین، شێخ قادر مامی عارف و ئامۆزای من بوو، وتیان بڕۆن بەس قاچاغ واناکرێ دەبێ وەرەقەتان هەبێت، ناوەڕاست و دواوە هەمووی کارتۆن بوو، وەڵاممان دایەوە، ئێمە قاچاغچی نین، خوێندکارین هەر ئەمانەوێ شتێ سوودمەندبین.

گەیشتینەوە هەشەزیینی، عارف (٢٠) دیناری داپێم، (٢٠) دینار لەو سەردەمەدا زۆر بوو، نە شەریک بووم و نە پارەم پێبوو، مەسرەفم عارف کردی، سەردانی بەغداش بۆ من زۆرخۆش بوو، باوکیشم (١٠) دیناری دا پێم، بە (٣٠) دینارەوە گەڕامەوە سلێمانی و بەشی ناوخۆیی. ئێوارانێک

لەگەڵ مارف عمر گوڵدا، سەردانی خالد دلێرمان کرد، کە ئەوکاتەماڵیان لە کارێزە وشک بوو، تازە دوو کتێبی بە چاپ گەیاندبوو، سەروو دوو نوسخەی بە دیاری دا پێمان و لەسەری نووسی، باسکرایەوە، باسی ئازادی ژن کرا، خالد دلێر کە منداڵێکی کەمئەندامی بە ناوی پاڵە هەبوو، وتی: (ئێمە، دڵداریەکەیشمان دەبێت لە ژێر شەقی پۆلیسدا بێت، ئێمە ئازادنین تا ژن ئازاد نەبێت!).

خالید دلێر، جگە لەوەی شاعیر و نووسەر بوو، پیاوێ بە هەڵوێست و کوردپەروەر بوو، زۆر لە سەرکردەکانی کورد پەیوەندیان پێوە دەکرد، ئاوازدانەرو دەنگی خۆش بوو، جگە لەوەی چەند گۆرانییەکی هەبوو زۆری گۆرانییەکانی هونەرمەند عەباس محەممەدی لە ئاوازی خالد دلێر بوو، بەڵام هێندە لە زینداندا گرتن و ئازاردانی بینیبوو، سەرەڕای دەنگ خۆشییەکەی کەمێک لاڵ بوو...

ئەو سەردانەی خالید دلێر، لەو تەمەنە (٢٠) ساڵییەی مندا بەلامەوە دەستکەوتێکی گرنگ بوو، پێشتر دیوانەکانیم بینیبوو، شتم لە بارەوە دەزانی، کە کەسایەتییەکی گەورە بوو، هێندەی لێی تێگەیشتم، زۆر دژی ڕژێم و بەعس بوو، دانی خێری بە گفتوگۆدا نەدەناو بەلایەوە گفتوگۆ لەگەڵ میریدا مایەپووچ و بێ ئەنجامە، هەرواش دەرچوو، دوای ڕاپەڕین، ماوەیەک لە کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی یەکمان دەبینی، هەردووکمان ئەندامی کۆمەڵەکە بووین، بەڵام هەرزوو وازی لە کۆمەڵەکە هێنا، نەخۆشی و پیری، کەنەفتی کردبوو، تا کۆچی دوایی کرد، کابرایەکی بیر چەپی توند بوو، بەڵام لە دڵەوە کوردپەروەر بوو.

هەرچەندە ئێمە کۆنترین ماڵ بووین کە باڵەخانە یان خانوی قوڕی دوو نهۆمیمان لە هەشەزیینی هەبوو، نهۆمی ژێرەوە زۆرتر بۆ کادان و شوێنی حەوانەی ئاژەڵ بوو، دەرگاکانی یەک لە ناویەک بوو، یەک دەرگای چوونە ژوورەوەی هەبوو کە لە هەمان دیوی دەرگای نهۆمی سەرەوەدا نەبوو، لەبەرئەوەی دارەڕاو تاقی گەورەی هەواکێشی تێدابوو، ڕۆژانە پاک دەکرایەوە هیچ بۆن و بەرامەیەکی ناخۆشی لێنەدەکەوتەوە.

قاتی سەرەوەشی لە هاویندا فێنک بوو، پەنجەرەو تاقی هەواکێشی ڕوو لە شەماڵی زۆر بوو، بەڵام لەبەرئەوەی شێوازی خانو دروستکردن گۆڕابوو بۆ ژووری زەوی ڕووماڵی چەمەنتۆ و دیواری گەچ، خانو و باڵەخانەکەمان

له ساڵی١٩٨٢دا ڕووخان، دوو ژوور و هەیوانێ، ڕوومالٚ دیوار گەچ، زەوی چەمەنتۆ، دیوار خشت، سەر دارەڕامان دروستکرد کە هەیکەلی خانوەکە تەواو بوو، کات زۆرتر بەرەو پاییز دەچوو، باوکم زۆر پێی لەسەر تەواوبوونی ژوورێکیان دادەگرت، تەنانەت ڕۆژێک حاجی عەبدول کە یەکێک بوو لە کرێکاری هەمیشەیی دروستکردنی خانوەکە و خەڵکی گوندەکە بوو، وتی: مامە شێخ محێدین بۆوا پێ لەسەر تەواوبوونی خانوەکە دادەگری، نیگایەکی کردە حاجی عەبدول و وتی: زۆرتر یەک ژوورم پێویستە، بۆ فاتیحامە، تەنانەت وەک گاڵتەوگەپی ڕاگوزەری ڕۆژانی کارکردن، ناونرا، ژووری (فاتیحاکە)، خانوەکە سەرگیرا بەڵام هێشتا گەچی دیوار و چەمەنتۆی ناوی نەکرابوو...

بەیانییەک زوو جەلالی برام لە تەمەنی سێ ساڵیدا لە ١٩٨٢/١٠/١٥ دا کۆچی دوایی کرد.

من لە سلێمانی لە خوێندن بووم، ڕۆژی پێنج شەممە ڕۆیشتمەوە، کە گەیشتمە گوندەکە خەڵک هەمووی تاسابوو، سەیریان دەکردم، نەمدەزانی چییە، دایکم لە ژوورەوە سەیری کردم و دەستی کرد بە گریان و وتی: ڕۆڵە وەڵا جەلال مردووە.

ئەوەی هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، تا ئێستاش بیرم دەکەوێتەوە ئەو کەساسیەی دایکم بوو، ڕاچڵەکێم، نەمان و کڵۆڵی دایکم بینی، بە دەربڕینی ئەم ڕستەیە، دنیا لەبەرچاوم ڕەش بوو، زۆر بێئاگا بووم چی ڕوودەدا، گوێم لە دەنگی کاک سەدرەدینی ئامۆزام بوو، وتی یەڵا، کاکە تەواو لە سەعات شەشی بەیانییەوە ئەو جەنازەیە لە مزگەوتە، دوایی زانیم باوکم نەیهێشتوە جەنازەکە بنێژن، تا من دێمەوە، دواتر مشتومڕی شوێنی ناشتن پەیدا بوو، باوکم پێ داگیری کرد، وتی: نابێ ئەو منداڵە لە گۆڕستانی گوندەکە، بنێژرێ، دەبێ لە مەرقەدی شێخ عارفی باوکم بنێژرێ، خەڵکەکە وتیان، مەرقەد قەبرستان نییە، ئەوە تەنها بۆ پیاوانی ئایینی و کوڕانی شێخ عارفە، وتی: من کوڕی شێخ عارفم و شوێنەکەی خۆم دەدەم بەم کوڕەم، ڕۆژان هاتووچوو، باوکم لە کۆڕەوی ١٩٩١ لە بازیان شەهید بوو، نەتوانرا ببرێتەوە بۆ گوندی هەشەزیینی لە گۆڕستانی شێخ محێدین نێژرا لە سلێمانی...

ئەو کاتە حاجی عەبدول باسی ئەو پێشبینیەی باوکمی بۆ مردنی جەلال کرد، من تا ئێستاش هەردوو پێشبینییەکەی باوکم، ژووری فاتیحاو (دانی شوێنی گۆڕەکەم بە کوڕەکەم) کە لە باوکم بینی، بۆم یەکالا نەبۆتەوە بگرە

هەر ئازارم دەدات.

جەلالی برام بە منداڵی بە ڤاکسینی سیانی نەکوترا بوو، بە نەخۆشی ملە خڕە، کە تووشی تاو ڕشانەوەی زۆر بوو، گیانی لە دەستداو کۆچی دوایی کرد، شەو بە دایکمی وتبوو: دایە بۆ ڕشانەوە هەڵمەسە لەگەڵم، بخەوە، خۆم هەڵدەسم و دەچمە دەرەوە دەرشێمەوە و دەگەڕێمەوە ناو جێگەکە، دایکم هەمیشە دەیگێڕایەوە و دەگریا.

مردنی جەلالی برام شیرازەی خێزانەکەمانی تێکدا، بەتایبەتی دایکم دەیوت: من ئومێدی گەورەم بە جەلال بوو، چوزانم دەمرێ، چوار برا خوێندکار بووین لە شار و بە تەنیا دایکم و باوکم لە خانوەکدا مانەوە، دایکم بێ بوونی ئێمە لە خانوەکەدا نەدەحەسایەوە، زۆر باوکمی جێ دەهێشت، دەچوو بۆ سلێمانی بۆ ماڵی باوکی و خزمەکانی، باری نەفسی بە تەواوی دوای مردنی جەلال تێکچوو.

## ڕووداوەکەی بەشی ناوخۆیی، مردنی دایکم

یەکێک لە ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان، کە لە ساڵی ١٩٨٥دا ڕووی دا، بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبدەم، لە بەشی ناوخۆیی ئیسکانی ئەو سەردەمەی خوێندکارانی پەیمانگا بوو. کۆمەڵێک خوێندکاری پەیمانگا، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی هەڵەبجەو شارەزوور بوون، زۆر بە دین بوون، ڕوخساری هەندێ لە هەڵسوکەوتی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمەیان، پێوە دیاربوو، ئەوکاتە فاتیحایان نەدەخوێند، دەیان وت فاتیحا بۆ مردوو ناچێت، ئێواران دەچوینە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی، زۆر جار ڕووداوی ئۆتۆمۆبێڵ و بریندار دەهات. ئێوارانێک برینداری هات، یەک دوو پەنجەی دەستی بڕابۆوە، تەنها پێستەکەی بە مەچەکەوە نووسابوو، ئێسکەکانیش شکابوون، کە پەنجەکانیان بڕیەوە، پەنجە بڕاوەکان کەوتنە سەلەی خۆڵەکەوە، لەگەڵ گۆز و خوێندا تێکەڵ بوون، یەکێک لە خوێندکارە توند ئاژۆکانی ئەو سەردەمە بێ ئاگاداری کەس، پەنجە قرتاوەکانی هەڵگرتبۆوە لە نایلۆندا شاردبویەوە، بەو هیوایەی لە بوارێکدا کە بۆی دەڕەخسێ، بینێژێ بیکاتە ژێر گڵەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمە گۆشتە و بەشێکە لەلاشەی مرۆڤ نابێت فڕێ بدرێت.

شەو دەڕواتەوە بۆ بەشی ناوخۆیی بێ ئاگاداری هیچ کەس، نایلۆنەکە دەباتە سەربانی بیناکە، کە گوایە فێنکە، تێک ناچێ و بۆن ناکات تا بەیانی

دەینێژێت، بەم کارە خێرێکی دەستدەکەوێت، ئەو ساڵانە، شەوان هەموو بینا بەرزەکان تا بەیانی دەگیران، بە قوات خاصە و چەکداری میللی ڕۆژیش جێیان دەهێڵا، کە ئێوارە چەکدارەکان دەچنە سەربان و عەلاگەکە دەبینن، شەقی تێ هەڵدەدەن، لەگەڵ شەق تێهەڵداندا، پەنجەی دەست بە خوێن و گۆزەوە دەردەکەوێت، هیچ خوێندکارێک ئاگادار نییە چی ڕوودەدات...!

هێندە زانـرا، چەکدار ئـەو نـاوەی گـرت، هێندەی تر هێز هێنرا، هەر خوێندکاربوو دەگیراو دەدرایە بەر شەق و تێهەڵدان، ژمارەیەک بران بۆ لێکۆڵینەوە لە دەزگاکانی بەعس، تا دەرکەوت کە فلان خوێندکار ئەم کارەی کردووە، ماوەیەک خوێندکارەکە گیرا و برا بۆ لێکۆڵینەوە.

لەبەر نەبوونی مەلەفی کوشتن لەو ڕۆژەداو کەشفی نەخۆشخانەو بوونی ڕووداوی پەنجە بڕین، دوای لێکۆڵینەوە و ئازاردان و دان پیانان بەڕاستی ڕووداوەکە، خوێندکارەکە ئازاد کرا.

پەیمانگام تەواوکرد، بوم بە یاریدەدەری پزیشک، ئەوکاتە بە بڕیاری میری کارمەندانی تەندروستی و پزیشک کە خوێندنیان تەواو دەکرد، دادەمەزران، دوای ساڵێک دامەزراندن ناوی دەهاتەوە بۆ سەربازی بە هەمان مووچەی دامەزراندنەوە، لە ١٩٨٦/١/٤ لە نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ (شەهید پێشڕەو)ی ئێستا دامـەزرام بەڕێوەبەر (د.موسا محمد مـوراد) بوو، وتی: ماوەیەک لە دەرمانخانەکە کار بکە، چوومە دەرمانخانەکە، کچێک لێپرسراو بـوو، دوو کارمەندی لێبوو زۆر ڕوویـان پێ نـەدەدام، هەستم کرد پێیان ناخۆشە لەوێ کاربکەم، ڕۆژێک هەر لە دەرگاکە دەدرا، کردمانەوە، ئەمنێک بە جلی شیک و پۆزلێدانەوە هاتە ژوورەوە، ئەوکاتە دەرمـان دوو جۆر بوو، بەشێک بە پارە و بەشێک بێ پارە بوو، جار هەبوو یەک جۆردەرمان و یەک کۆمپانیاش بـوو، بـەڵام بەلاشەکە لێی دەنوسرا (مجانا)، ئەمنەکە پسوڵەیەکی هەڵگرتوو وتی: ڕۆژانە نرخی دەرمانەکان یەک یەک دەنووسن لە پشتی پسوڵەکە، پارەکەشی کۆدەکەنەوە، من کە تازە بووم، عەرەبیشم باش نەدەزانی لە دڵی خۆمەوە وتم: ئەم ترس و لەرزە لە دوام نابێتەوە، توشی بێ ئومێدیەک بووم، چووم بۆ لای بەڕێوەبەر، وتم لە دەرمانخانە نابم، وتی باشە بەڕێوەبەری گشتی تەلەفونی کردوە، یاریدەدەرە پزیشکییەکەی ئاغجەلەر، چووە بۆ سەربازی بچۆ بۆ بنکەی تەندروستی ئاغجەلەر و ببە جێگری لێپرسراوی بنکەکە. دواتر زانیم، کارمەندانی دەرمانخانەکە جاروبار بە نایاسایی، دەرمانە بەلاشەکان دەخەنە پاکەتی دەرمانەکانی کە بە پارە

دەفرۆشێت، هەر بۆیە بە من نارەحەت بوون کە چوومە دەرمانخانەکە، ئەو ئەمنەش دیاردەکەی بیستبوو بۆیە هاتە دەرمانخانەکە و ئەو فەرمانەی دا.

هەرچەندە بەم شێوە فراوانەی ئەم گەندەڵیانەی دوای ڕاپەڕین، لە دەزگاکاندا گەندەڵی نەبوو، میری عێراق زۆر توندوتیژ بوو لەسەر گەندەڵی، بەڵام بە دزیەوەو گەندەڵ و ناپاک هەر هەبوون، زۆر بە شاراوەیی گەندەڵی و دزیان دەکرد، لە ئاستێکی مەدا تەسکی کەمدا بە نهێنی ئەنجام دەدرا. گواسترامەوە بنکەی تەندروستی سەرەکی ئاغجەلەر، د.محمد کمال، بەڕێوەبەر بوو، کەرکوکییەکی بێ دەنگ و زیرەک بوو، بەڵام باری دەروونی جێگیر نەبوو، زۆر ئاگای لە ئیدارە و بەڕێوەبەری نەبوو، بە زۆری بنکەکەی بە سەرمدا جێ دەهێشت، دووبارە دەرمانخانەکەم وەرگرت، پارەی دەرمانخانەکە، لە ئەستۆم بوو، هەمان کێشەی گەندەڵی دەرمانخانەی چەمچەماڵ ڕووبەڕووم بوەوە، بەڵام ئەم جارە خۆم کەسی یەکەمی لێپرسراوی دەرمانخانەکە بووم، کارمەندانی تر چوونە بەشەکانی تر و تەنها مامەوە، بە زۆرترین ڕۆژانی دەوام و لێپرسراویەتییەوە، مووچەکەم (٢٢) دیناری لە چەمچەماڵ زیاتر بوو، ئێواران (تأمين صحی)م بۆ ئەژمار دەکرا، بەو (٢٢) دینارە دەژیام بڕێکم لە مووچەکەم پاشەکەوت دەکرد، مانگانە دەرمانم دەهێناو جەردم دەکرد، یەک تا دوو جار دەرزی ئەسپێجیک کە (ئازارشکێن بوو لە بری نۆڤالجین دەهات) لەگەڵ ڤالیۆم و هەندێ دژە زیندەی تر دەمنارد بۆ تیپی (٥٧)ی سەگرمە، دەرزی ئازارشکێنەکە، بەلاش و بە پارەش هەبوو، هەر دووکیان یەک پاکەت و کۆمپانیا بوون، بەڵام ئەوەی پارەکە پاکەتەکەی نرخی لێ نوسرابوو، زۆرتر دەبوو کاتی تەواوبوونی دەوامی فەرمی بنوسرایە، کارمەندەکانی نەخۆشخانەی ئاغجەلەر بە کارگوزارەکەشەوە بەعسی بوون، هەفتانە کۆبوونەوەیان پێدەکرا، ڕۆژێک برین پێچێکم (غائب)دا، کە زۆر پەیوەست نەبوو بە دەوامەوە، دەچوو بۆ سونەتکردن بۆ گوندەکان لە کاتی دەوامدا، خەریکی پارە پەیداکردن بوو، نەهاتنەسەر کارەکەی گەیشتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و لە مووچەکەی بڕا.

ئێوارانێک بە تەنها لە دەرمانخانەکە بووم، ئەمنێک خۆی کرد بە ژووردا، سەیری دەرمانەکانی کرد، وتی:

– مکان نۆڤالجين ش عندک؟ دەرمانە ناردووەکانم بیرکەوتەوە، زۆر ترسام، دەمم کەوتە تەتەڵە کردن، وتم:

والله سیدی أسبيجيک عندنا، کەوتە ژماردنی هەموو دەرزییەکانی ئەسپێجیک

و وتی: لیستی مانگانەی دەرمانەکان بهێنە، لەگەڵ تۆماری ڕۆژانەی دەرمان، هەمووی ژێر و ژوور کرد ژماردی هیچ کەمی نەبوو، چونکە دەرمانی بەلاش کە دەنوسرا زۆر کێشەی ژمارەی نەبوو، بەڵام دەرمانە (تأمین صحی)یەکە لەگەڵ جەردەکەدا تەواو دەرچون.

گرنگ ئەوە بوو ئەو دەرمانانەی (تأمین صحی) بوو، لەگەڵ مانگانەی هێنانی دەرمانی دڵنیایی تەندروستی کە بە پارە بوو، وەک یەک بوون.

کەوتینە قسەکردن ویستم دەرچەیەک بۆ ڕزگاربوون بدۆزمەوە وتم:

_سیدی، قائیمقام چەمچەماڵ گرایبی، بەسەرسوڕمانەوە وتی:

+ها، قائمقام گرایبک، والله خۆش إنسان، طیب، لیش أنتم برزنجی، وتم: نعم، وتی: بس وحدک تداوم؟ وتم بەڵێ، هەستم کرد، کەشەکە گۆڕا قائمقامی چەمچەماڵ، شێخ یەحیای ئاکرێ بوو، پیاوێ باش بوو، بەعسی نەبوو، لە حزبی (الثوری) د.عبدالستار طاهر شریف بوو، باوکمی دەناسی لەگەڵ ئامۆزاکانمدا جگە لە خزمایەتی، برادەربوون، بەس تا ئەوکاتە منی نەبینیبوو، ئەمنەکە هەندێ سەیری کردم، وتی: أسف، پاشان ڕۆیشت، بەس وتی: ئەگەر بریندار لە گوندەکانەوە هات تا ئاگادارمان نەکەن، هیچیان بۆ نەکەن تەداویان مەکەن.

کاکی ئەمن زانی ڕاپۆرتنوس کە برینپێچەکەیە، خۆی دەوام ناکات، کە دەوامی ئێوارانی دەرزی لێدانی هەبوو، قائمقامیش بووە فریاد ڕەس و ڕزگارم بوو...

هێناو بردم هەر دەترسام، دەمووت بڵێ بە ناردنی دەرمانەکانیان زانیبێ! خۆ برینپێچەکەش ئەوە نازانێت، زۆر دوودڵ و نا ئاسوودە بووم.

شێخ کاملی مامەم فەرمانبەر بوو، لە کتێبخانەی گشتی چەمچەماڵ، تەلەفۆنم بۆ کرد، ناوهێنانی قائیمقام و هاتنی ئەمنەکەم بۆ گێڕایەوە، دڵی دامەوەو وتی: هیچ نییە بەس بچۆ بۆ لای قائیمقام بڵێ من کوڕی فڵان کەسم! لە فڵان شوێنم، نەک ئەمنەکان جەخت بکەنەوە لە قائیمقام کە وتوتە خزمی ئەوم.

چوومە لای قائیمقام، وتی ها کاکە گیان؟...وتم: من فڵان کەسم، کوڕی فڵان لە بنکەی تەندروستی ئاغجەلەرم، وتی تۆ خزمی خۆمی، چایەکی بۆ بانگ کردم دووبارە لە وێیش ئەمن و ئەڵقە لە گوێ دانیشتبوون، نەمدەویست زۆر دانیشم چایەکەم خوارد و ڕۆیشتم، ئیتر کاک یەحیام دەناسی، دواتر گوازرایەوە بۆ هەڵەبجە، لە گرتنی ساڵی ١٩٨٨ی هەڵەبجەدا گیراو دوای

چەند ساڵ زیندانی ئێران، دوای ڕاپەڕین ئازاد کرا، کە کۆچی دوایی کرد، چوومە پرسەکەی، ئێستاش کە کوڕەکەی قائیمقامە، زۆر ڕێزی دەگرم و خزم دۆستە.

دایکم تا دەهات باری تەندروستی تێکدەچوو تووشی زەردوویی بوو، ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی کۆماری سلێمانی خەوت، ئەوکاتە وەک ئێستا سۆنەر نەبوو، نەدەزانرا هۆی گیرانەکە چییە، دەبوو بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە نەشتەرگەری کرانەوەی ناوسکی بۆ بکرێ، نەشتەرگەری لە سلێمانی ماوەیەک هەڵگیرا، تەنها بۆ شتی کتوپڕ و ڕووداو نەبێت، هەموو نەخۆشخانەکان ئامادە کران بۆ بریندارى شەڕی عێراق و ئێران، چونکە ئێران نزیک ببووەوە لە چوارتا لەو قۆڵەوە شەڕەکە گەرم بوو، چوومە لای دکتۆری هەناوی علی سعید، وتی: ئێستا، تەلەفون بۆ پسپۆڕی نەشتەرگەری ئەکەم، بزانم نەشتەرگەری کراوەتەوە، یان نا! وەڵام درایەوە. نەشتەرگەری نییە و تەنها بۆ حاڵەتی کتوپڕ هەیە، ئەو سەردەمانە نەخۆشخانەی ئەهلیش زۆر کەم بوو، یان هەر نەبوو، د.عەلی وتی: ماوەیەک بوەستە.

دایکشم دەی وت: من سێ جار نەشتەرگەری کراوم بەرگریم نییە، دوو منداڵی بە نەشتەرگەری ببو، جارێکیش نەشتەرگەری (فتق) لە ناوکییەوە کرابوو.

دەرچوو لە خەستەخانە، چوو بۆ ماڵی پورم لە گوندی هەرگێنەی قەراغ، کاتێک هاتەوە کار لە کار ترازابوو، د.علی وتی: ناو سکی خانەی شێرپەنجەییە پارەی تیا سەرف مەکەن، چونکە بە نیازی بردنی بووم بۆ بەغداد، بردمە لای د.فوئاد بابان، ئەویش هەمان قسەی کرد و وتی: پشکنینەکانی خراپن. پێدەچێ زراوی تەواو گیرا بێت، توشی ڕشانەوەو سکچوونێ زۆر بوو، بە هیچ نەدەوەستا، فریای بردن بۆ بەغدا نەکەوتم، شەوی ١ لەسەر ٢ی حوزەیرانی ١٩٨٦دا گیانی لە دەست دا.

لە دەست دانی دایکم بووە کارەساتێکی گەورەی خێزانەکەمان، هەموومان خوێندکار بووین، باوکم تەنها مایەوە، ناچاربووین کە هاوین تەواو بوو، خوێندن کرایەوە، گوندەکە چۆڵ بکەین، باوکم و دوو برا و خوشکێکم کە لە دایکم نەبوو، ژوورێکیان لە ماڵێکی شاری چەمچەماڵدا گرت و محسن و یاسینی برام درێژەیان بە خوێندن دا.

نەمانی دایکم هێندەی تر ژیانی لە بەرچاو خستم، بە دوو دڵی و خەمی لە دەستدانی دایکم و هەنگاونان بەرەو بڕیاردان لە چارەنووسی ئایندەی

ژیان گەڕامەوە نەخۆشخانەی ئاغجەلەر، درێژەم بە خوێندنەوەو نوسین و دەوام دا، پێشتر یەکەم بابەتی نوسینم بە ناونیشانی (سورێژە) لە ژمارە (٣٣)ی گۆڤاری کاروانی ساڵی ١٩٨٦دا بڵاوبووەوە، کە جگە لە لایەنە تەندروستییەکەی، پێشەکییەکی تێکەڵ بە فۆلکلۆرم لەگەڵیدا بڵاوکردبووەوە، وەک ناوهێنانی سوورێژە بە (مبارکەکە)، (سورێژە بنێژە)) کە لەبەر مەترسی نەخۆشییەکە واباوبوو لە کەلەپوردا.

دووەم وتارم لە ژمارە ٤٧ی گۆڤاری کارواندا بڵاوبووەوە، لەسەر پزیشگەری کوردەواری.

م. حسێن عارف (٤٠) دیناری وەک پاداشتی نوسین بۆ دانابووم، کە نیوە مووچەیەک بوو، چومە هەولێر و کۆمەڵێ شتم کڕی، شەوێک مامەوە نیوە زیاتری پارەکەشم هێنایەوە، دواتر لە گۆڤاری ڕۆژی کودستان و ڕۆژنامەی هاوکاریشدا بابەتم بڵاوکردەوە، کە دەگەڕامەوە سلێمانی، برادەران پیرۆزبایی بابەتەکانیان لێ دەکردم، بڵاوبوونەوەی ئەم وتارانەم ئاهێکی هێنایەوە بە بەرمدا، بەتایبەتی لە منداڵییەوە لەگەڵ خوێندنەوەدا، خولیای بڵاوبوونەوەی بابەتم لا گەلاڵە ببوو، هەرچەندە بابەتەکان تەندروستی و کەلەپوری بوون، بەڵام کۆمەڵێک کەس هانیان دام بەردەوام بم ئەم جۆرە بابەتانەیان بە پێویست دەزانی.

تا دەهات ساڵی تەواوبوونی دامەزراندنەکە بەرەو کۆتایی دەچوو، لە نێوان دوو بەرداشی چوون بۆ هەندەران یان پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی و شاخەوە، خۆم لە پێشمەرگایەتیدا دەبینیەوەو بڕیارم دا ببمە پێشمەرگە، بە تایبەتی ئەو ڕۆژگارە دروشمی ((لە واقیع ڕاکردن)) بە گوێی گەنجان دەدرا، چۆن دەبێت هەمووومان ئەم وڵاتە بە جێ بهێڵین، دەمارگیری نەتەوەیی، وەک ئێستا کاڵ نەببووەوە، هەرچەندە من هەندێ کەم و کورتییەکانی شۆڕشی شاخم دەزانی، ئاگام لە شەڕی براکوژی هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی خەبات لە شاخدا بوو، دز و گەندڵ نەبوو، هەموو وەک یەک ئازارمان دەچێشت، خواپێداویی لێپرسراوان، وەک ئێستا کێرڤی هەڵنەکشابوو، بوون بە پێشمەرگایەتی، شەرەفێکی گەورە بوو، بۆیە بڕیارم دا ببمە پێشمەرگە.

لە ساڵی ١٩٧٧ وە عەینەکی خوێندنەوەم هەبوو تا دەهات چاوم کز دەبوو، نمرەی (-٢ تا -٢,٥) بوو، لای دکتۆر موەفق پشکنینم کرد و نێردرام بۆ لیژنەی پشکنینی چاوی سەربازی، بێ واسیتە بووم بە (غیر مسلح) بۆ

سەربازی، لەبەرئەوەی کادری تەندروستی بووم، بون بە (غير مسلح)، مەشقی سەربازی لە بەغداد بوو، مووچەی مانگانەشم وەردەگرت، ئێواران ئازادبووین بۆ کوێ بچین، بەغدای ئەو سەردەمەش لە شارە خۆشەکانی عێراق و تەنانەت کەنداویش بوو، بڕیارمدا تا مەشقەکە لە بەغدا بێت و ئێواران ئازاد بم ماوەیەک بچمە بەغداو دوایی پەیوەندی بکەم بە هێزی پێشمەرگەوە، لە ١٩٨٧/١/٤ چومە سەربازی لە بەغداد، لەناوچەی بتاوین لە فندق (نضال) گیرسامەوە.

بەیانیان مەشقی سەربازی بێ چەکمان دەکرد، ئێواران گەڕان و خۆشی، سەردانی دورگەی بەغدادی گەشتیاری و بورجی بەغدا، دەورە، هەموو شوێنەکانمان کرد، دەچوومە چالاکییە ڕوناکبیری و شانۆییەکانی ئەو کاتەی بەغدا، لەوانە شانۆگەری (نالی و خەوێکی ئەرخەوانی) نووسینی م.ئەحمەد سالار، هەر لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی گەنجە باشەکانی عەرەبی هاوڕێمەوە، ماڵێکی عەرەبم ناسی، دوو کوڕیان لە بەرەکانی شەڕ هەڵهاتبوون لە ماڵەوە بوون، دەگریان، دەیان وت: بگیرێن لە سێدارە دەدرێن، ماڵەکە شیعە بوو، ماڵیان لە ناوچەی جادریە بوو، بە هاوکاری محسنی برام و ماڵی کاکەم، توانیمان هەردوو گەنجە عەرەبەکە بگەیەنینە کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان، تا لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بچنە وڵاتی ئێران.

پێنج مانگ لە بەغدا مامەوە زۆربەی هاوڕێکانم گواسترانەوە، بەڵام فەسیلی ئێمە کە بێ چەک بوو هەر لە بنکەی مەشقی سەربازی (مدرسة طبابة عسكرية)ماینەوە، لە ئێواراندا هەموو بەغدا، گەڕاین، یادگاری و وێنەو کاتی خۆشمان بۆ مێژوو تۆمار کرد، هەستم کرد ئیتر مەبەستەکەم پێکاو بەغدا شارەزا بووم، بڕیارمدا لە پێنج شەممەو هەینییەکدا کە چوومەوە بۆ سلێمانی نەگەڕێمەوە بۆ سەربازی، ئاگاداری ماڵە عەرەبە ناسیاوەکەم کرد، کە ئیتر نایەمەوە، هەرچەندە ماوەی مەشقی سەربازی لە ماوە خۆش و دەگمەنەکانی ژیانم بوو، گەنج بووم پارەم پێبوو بەغداش شارێکی پێشکەوتوو بوو، ئەوکاتە بە بەراوردی ئێستا لە شارە دڵگیرەکان بوو.

بەڵام بڕیاری چوونە خەباتی شاخم دا، کە هاتمەوە سلێمانی لە گەڕەکی خەباتی سلێمانییەوە بەڕێگەی قاچاغ و لاڕێ بە مەکینە لە ڕێگەی کەریمی مێردی شەمسەی کچە پورمەوە توانیم بچمە گوندی هەرگێنەی قەرەداغ سنووری تیپی (٥٧)ی سەگرمە.

# بوون بە پێشمەرگە

بەهێزترین ساڵەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ڕووی سەربازی و ڕوناکبیری و جەماوەرییەوە، ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥ بوو، هەرچەندە داستانی گەورە گەورەی سەربازی لە ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧دا ئەنجام دەدرا، بەڵام یەکێتی لە بزوتنەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەڵقوڵاوی جەماوەری پێویستی مێژووەوە، گۆڕا بۆ بزوتنەوەیەکی چەکداری سەربازی ڕووت، بە تایبەتی دوای هەرەسهێنانی گفتوگۆ و جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بەڕابەرایەتی مەلا بەختیار، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و کادری کۆلێژ و خوێندەوارەکانیان چوونە هەندەران یا دانیشتن، ژمارەیەکیش پێشمەرگە لە دڵشکاوی یان ورەبەردان، یان نەتوانینی درێژەپێدانی خەباتی شاخ تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە، تاک و تەرا لەسەر سزادانیان بوو کە کاری دزێویان دژ بە پرنسیپەکانی شۆڕش، لەو سەردەمەدا ئەنجامدەدا، پێش بوونم بە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٦دا لەگەڵ د.مارف و عارفی برایدا سەردانی باڵخ، سەرگەڵوو بەرگەڵوم کردبوو، لە یاخسەمەر لە بارەگای مام جەلال، حاکم قادر، حامیدی حاجی غالیمان بینی، د.مارف هەواڵی حاکم عزیزی لە حاکم قادر پرسی: وەڵامی دایەوە، تەسلیمی ئێران بووە، لە ئۆردوگای کەرەجە.

شەوێک لە ماڵی شێخ تەیب لە باڵخ ماینەوە، هەندێ پێشمەرگەمان بینی، پێشمەرگە گەرمیانییەکان بەڕابەری هیوا باڕۆیی، لەوێ بوون، ڕەچاوی

هێرشی سەربازی حکومەت بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی دەکرا، لەم سەردانە و پێشتر ئاشنا بوونم لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی (٥٧)ی سەگرمە، زانیم پێشمەرگایەتی خەڵکی ڕەش و ڕووت و کەم ئەزموونی ئاستی بیرکردنەوەی زۆر تیایە، بەڵام قارەمانن، هەر ئەم گەنجە ڕەش و ڕووت و خێر لە خۆنەدیوانە، هەوێنی لە دایکبوونی پێشمەرگەی ئازا و بە جەرگ و مێرخاسن، خوێندەوار و چینە دەست ڕۆیشتووەکان کەمتر خۆیان دەدەنە کوشت، تێگەیشتم جیهانی خوێندنەوە و دروشم و بڵاوکراوەی شاخ، جیاوازە لە جیهانی کرداری و سەربازی و (واقیع)، هەستم کرد، مانەوەم بە پێشمەرگەیەکی سەربازی، جەولەکردن لە کەرت و مەفرەزەدا بۆ من دەست نادات، بە تایبەتی من هەڵگری عەینەکی خوێندنەوە بووم، لە سەربازیدا لە فەسیلی بێ چەکەکان بووم، مەشقی چەکداریم نەکرد. چوومە بارەگای تیپی ٥٧ی سەگرمە، دوای بینینی کاک ئازادی سەرتیپ و محمود سەنگاوی، هیوا بارۆیی، کاک پۆڵای لێپرسراوی ڕێکخستن، خۆم وەک کادری تەندروستی ناساند، لەگەڵ د.جبار لێپرسراوی ئەو کاتەی تەندروستی تیپ کۆبوومەوە، ئەو ماوە ناو بەناو محمود سەنگاوی، هیوا بارۆیی، سەرپەرشتی تیپی ٥٧ی یان دەکرد، ئازاد ببووە لێپرسراوی سەربازی لە مەڵبەندی یەک بەڵام نەدەچوو، لە مێوڵی دوور نەدەکەوتەوە لەگەڵ د.جبار ڕێکەوتین بچمە سنووری دیوی هەمەوەند گوندی ژاڵەی دەربەن، بە هەمیشەیی جەولە نەکەم بەڵام لە کاتی چالاکی و بریندارادا لەگەڵ پێشمەرگەکان بم، پێم خۆش بوو، چونکە ماڵی نەزیفی خوشکم، لە ترسی تۆپباران لە هەشەزیینیەوە چووبوونە ژاڵە، داو و دەرمانم لە د.جبار وەرگرت و بەرەو گوندی ژاڵە ملی ڕێم گرتەبەر، بە گەیشتنم بۆ گوندی ژاڵە، کاغەزێکی لول کراوی پێشمەرگانەم، بە نەزیفی خوشکمدا بۆ کاک عیسام نارد، داوای دەرمان و لەفاف و مقەست و کەرەستەی پزیشکیم کرد، کە ئەویش یاریدەدەری پزیشک بوو، ئەوکاتە ئەو ساڵێ دوای من، ساڵی دامەزراندنی بوو، ساڵی دامەزراندنی پزیشکی پێش خزمەتی سەربازی بوو، ساڵێک دوای من دامەزرا دوای چەند ڕۆژێک چاوەڕوانکردن نەزیفی خوشکم هاتەوە کۆڵێ دەرمانی باشی لەگەڵ وەڵامی کاغەزەلول دراوەکەدا هێنایەوە، دەرمانەکان حەب، کەپسولی جۆراو جۆجۆر پلاستیکی پێچان لەگەڵ لەفاف و کەرەستەی تەداوی بوون، مرۆڤ لە هەرەتی لاویەتی و گیانی شۆڕشگێڕیدا، گوێ بەسەرکێشی و ترس نادات، ئەو ڕۆژانە کە هەڵبژاردنی سەرژمێری کرابوو، ئەوەی لە شاردا نەبوایە ناونوس نەکرا

بوو، دانیشتووانی هەموو کوردستان، جگە لە شارەکان بە پێشمەرگە و تێکدەر ئەژمار کرابوون، هەموو ڕێگاکان گیرابوون، بە دزەکردن دەچویتە شارەکانەوە، ئەگەر دڵسۆز و بێ ئاگایەکی وەک نەزیف بگیرایە، هەموو ماڵەوەمان تیادەچوون بە تێکڕا، باوکێکی بێ گوناه، دوو برای منداڵی خوێندکاری بە هیوا بۆ خوێندن، ئێستاش نادادپەروەرییەکان قارەمانی و هەڵوێستی ڕابردووی بیربردوینەتەوە، پاڵەوانی وا پەیدابووە هەر نازانێ ڕابردو و شۆڕش و پێشمەرگایەتی چییە؟ گەنجانی دنیای فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچ شارەزاییەکی لە ڕابردووی نالەباری ژیانی میللەت نییە، مێژووی ڕاستییەکان شێوێندراوە. کەس نرخی ڕابردوو نازانێ!.

شەش مانگێک لە گوندی ژاڵە مامەوە خزمەتی پێشمەرگە و هاوڵاتیانم دەکرد، تا دەهات دەنگم دەدایەوە و نەخۆش زیادی دەکرد، هیچ بنکەیەکی تەندروستی لە سنوورەکەدا نەک نەبوو بگرە گوندەکان ببوون بە ناوچەی یاساغی بێ ژیان، خەڵکەکە لە دەرەوەی گوندەکان دەژیان.

لە هەموو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشداربووم لە چالاکییەکی سەر ڕێگەی چەمچەماڵ/ سەنگاودا، ڕەحمان هەشەزیینی کە پێشمەرگەیەکی ماندووە، خەڵکی گوندەکەمان بوو، فیشەکێک دای لە ملی و لە دیوی پشتەوە دەرچوو، بەس ڕێڕەوی قورگی نەگرتبوو، دەترسام تووشی خوێن بەربوون بۆ ناو گەدەی بێت، تیمارم کرد لە گوندی تیلەکۆی پێش دەربەند باسەڕە دادەنیشت، ڕۆژانە لە گوندی ژاڵەوە سەعاتێک ڕێ دەچوومە گوندی تیلەکۆ تیمارم دەکرد و دەگەڕامەوە، کاک پۆڵای ئەندازیار کە لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵەی تیپ بوو، زۆر سوپاسی کردم، چەندەها نەشتەرگەری بچووکم ئەنجامدا کە ئێستا بیگێڕیتەوە کەس بڕوا ناکات، خۆشم ناتوانم ئەو بوێرییە بنوێنمەوە، تا دەهات ژمارەی نەخۆش و بریندار، زیادی دەکرد، دەرمان بەشی نەدەکرد، کەمی داو و دەرمان تەنگی پێ هەڵچنیم، چوومەوە بەشی تەندروستی تیپ، د.جبار هەمان کێشەی هەبوو، وتی: ناتوانم هاوکاری دەرمانت بکەم، دەرمانەکان بەشی خۆم ناکەن، ڕێگاکان گیراون، میری چاودێری خەستەخانەکان زۆر دەکات، وەک جاران ڕێکخستنەکانی ناو شار ناتوانن هەموو شت بنێرن، بنکە تەندروستییەکانی گوندو زۆر لە شارۆچکەکان داخراون، خۆت دەبێ هەوڵ بدەی لە ڕێگەی پەیوەندی و خزم و کەسەوە دەرمان پەیدا بکەی، زانیم پەیداکردنی دەرمان بە ئەندازەی ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش و پەککەوتە و بریندارە نییە، جار جار ڕووداوی کەوتن،

دەس بڕین بەچەقۆ و داس، دووپشک و مار پێوەدانیش دەهات، چوومە لای کاک پۆلاو وتم: کەرتی هەمەوەند برین پێچێکی هەیە، ناوی د.چەتۆیە، دەمەوێ بگوێزرێمەوە بارەگای مەڵبەند لە قۆپیەکانی قەرەداغ، وتی: باشە ڕازیم بەڵام دەبێ بچیتە نەخۆشانەی مەڵبەند، کادری پزیشکیمان کەمە و هەر دەبێ کاری پزیشکی بکەیت، دوای ئاوارە بوون و ئەنفالی ١٩٨٨ لە سەقز پۆلام بینیەوە کاغەزی بۆ شەوکەتی حاجی موشیر بۆ کارێ بۆ نوسیم، وتی: هەر دەنووسم د.برایمی ژاڵە، چونکە تازە وا ناوت دەرکردووە، دەزانم کاری زۆرت لەو ماوەیەدا کرد، داخی گرانم چۆن ئەو هەموو ناوچانەمان لە دەست دەرچوو.

لە ١٩٨٧/١٢/٧دا گوێزرامەوە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەک لە بەلەکجار، د.فائق گوڵپی بەڕێوەبەر بوو، د.ناصح فاتحی هاوڕێم لەوێ بوو، لەگەڵ د.ناجح و کۆمەڵێ کادری شۆڕشگێڕی تردا، وەک (سەرکەوت، بۆتان، جوتیار) نەخۆشخانەیان بەڕێوەدەبرد، پێشتر لە گوندی خاوێ، لەماڵی کاک علاءالدین کە لە ناو شار زۆر بە یەکەوە کاری شیشبەستنمان کردبوو، خزمیش بووین، شەو کۆبووینەوە، من، علاءالدین، عیسای شێخ محمودی خاوێ، شێخ عەتا تیماری ئاوەڵزاوای شێخ جەعفەر شێخ مستەفای قەڵبەزە، باسی سیاسەت و پێشمەرگایەتی کرا، ئەو سەردەمانە بە ئاسانی نەدەبووی بە ئەندامی کۆمەڵە، دەبوو پلەکانی لایەنگر، پاڵێوراو، ببڕی پاشان دەبوویتە ئەندام، شێخ عیسا وتی: کاکە ئێستا من ئەندامی کۆمەڵەم، بەڵام ئەندامیەتییەکەم بە یەک مریشکی کوردی دەدەم، چونکە مامۆستای شۆڕش بوو، درەنگ درەنگ هاوکاری دەکران، هەرچەندە پیاوێ خۆڕاگریش بوو تا ئەنفالە بەد ناوەکان بە ماڵ و منداڵەوە لە گوندی خاوێ مایەوەو تەسلیم بە ڕژێم نەبووەوە، هێندەی تر زانیم ئەم درێژە کێشانەی خەباتی پێشمەرگایەتی، جگە لە وەڕس بوونی میری عێراق، ئاییندەی دیار نییە، خەڵک زۆر ورە بەردەدەن و شۆڕشگێرەکان تواناو تاقەت و قورسایی ساڵانی سەرەتایی دروستبوونی شۆڕشیان نامێنێ! ماڵی شەهید حەمەڕەش، پۆلا، مەلا برایم و چەند پێشمەرگەیەک لە گوندی خاوێ بوون، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکەو شوێنەکەی و بەرز و نزمییەکەی، لە هاویناندا فێنک و لە زستاندا سارد و شێدار بوو، بەیانی وتم کاک عەلاءالدین من دەچم بۆ مەڵبەند لە قۆپی قەرەداغ و لەوێوە بۆ بەلەکجار، عەلاءالدین وتی: لەگەڵتا دێم، شۆڕبووینەوە بۆ گوندی چەولک، من دەمانچەیەک و عەلاءالدین کلاشینکۆفێکی پێ بوو، لەگەڵ گەیشتن بە گوندی

چەولکدا سەگێکی هەوشاری دڕ، پەلاماری داین، هەرچەندە ئەم دیو ئەو دیومان پێکرد سودی نەبوو، زۆر دڕ بوو لە هیچ نەدەگەڕایەوە، کەڵبەی لە قاچم گیر کرد و بریناری کردم، عەلاءالدین کەوتە تەقە کردن، تا شوانەکە نەهات سەگەکە وازی نەهێنا، شوانەکە ئاماژەی دا، سەگێکی دڕە، پەلاماری چەندەها هاوڵاتی و پێشمەرگەی داوە، ئەو کەڵبەی سەگە، یەکەم برینداری ژیانی پێشمەرگایەتیم بوو، تا ماوەیەکی زۆر جێ کەڵبەی سەگەکە دیا بوو. عەسرێکی درەنگ گەیشتینە گوندی تەکیەی قەرەداغ، پرسیاری بەهادین نوریم کرد، وتیان ئەمڕۆ لێرە نییە، وتم: دەنگوباسی؟ مامۆستایەکی شۆڕش لەگوندەکەدا بوو، کە ئێستا ناوەکەیم یاد نەماوە، وتی: ئەوپەڕی ئیفلاسییە، کابرا لە سکرتێری حزبی شیوعییەوە، حزبی کۆمۆنیست، کۆمۆنیستێتی، هەرچی لایەنگر و ئەندامی هەیە ناچێتە (١٢) کەس، سەردەمی ژیانی بەغداو کتێبەکەی مامۆستا مسعود محەمەدم بیرکەوتەوە، (إلى العظيم گورباتشۆف، تحية و رجاء).

ئەو ماوەیەی لە بەغدا بووم، یەک تا دوو جار تەلەفونم بۆ مامۆستا مسعود محمد کرد، زۆر توند بوو دژی بیری کۆمۆنیستی، دەیوت خەو و خەیاڵە، وتم: مامۆستا کتێبەکەتم خوێندووەتەوەو بە دڵمە، هەرچەندە عەرەبییەکەی زۆر قورسە و منیش عەرەبی باش نازانم، وتی: ماڵت ئاوابێت، وتم: مامۆستا دەگاتە دەست گۆرباتشۆف! وتی: بە سەفارەتی ڕوسیادا ناردومە و لەسەرم نوسیوە بۆی تا بگاتە دەستی.

هەروەها وتی: صدام حسێن خوێندویەتییەوە، سەرسام بووە بە عەرەبییەکەی بانگی کردوم وتویەتی: چیت دەوێت بۆت بکەم، وتومە هیچم ناوێ لێتان، بەس ڕێگەم بدەن ئەوەی دەینوسم بە ئازادی بڵاوی بکەمەوە. جارێک لە ساڵی ١٩٨٥دا لەگەڵ عارف عومەر گوڵدا لە بەغداد، چووینە ماڵیان ئەو کاتەش هەر پشتگیری جوڵانەوەی کۆمۆنیستی نەدەکرد. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم لە ٩٢ ساڵەی تەمەنیدا لە سلێمانی چوومەوە لای ڕەوان شاد بەهادین نوری (ساڵی ٢٠١٨) لەسەر جێگە کەنەفت و نەخۆش بوو، وتم: مامۆستا هەر سووری لەسەر کۆمۆنیست، وتی: سۆشیالیست، حەتمیە، ئێمە دەمرین بەس هەر دەبێت ڕۆژێ لە ڕۆژان سیستەمی دەسەڵاتەکان ببێتەوە بە سۆشیالیستی، هیچ پەشیمان نیم لەوەی کردومە، وەسفی د.عزالدین مستەفا و محمدی مەلا کەریمی کرد، کە هەر سوورن لەسەربیری چەپ، بەس فاروقی مەلا مستەفای بەلادەر لە شیوعی و سەرمایەدار لە قەڵەم دا،

هەردوو بیرەکەی مامۆستا مسعود محمد و بەهادین نوریم لا جوان بوون، چونکە پاشگەزنەبوونەوەو لەسەر هەمان بیروڕا مانەوە تامردن، ئەوەش خۆڕاگری و هەڵوێستە.

له نەخۆشخانە دەست بەکاربووم زۆرتر بە د.ناصح (ئارام قەرەداغی) ئاسوودە بووم، چونکە پێشتر دەمناسی لە سلێمانی، دەستی نووسین و خوێندنەوەی هەبوو، ڕۆژێک ڕۆژنامەیەکی هاوکاریان هێنا، ڕوانیم لە دوالاپەڕەدا بابەتێکی منی تێدا بڵاوبووەتەوە بە ناوی محسنی برامەوە، ئەوکاتە لە گوندی ژاڵە بووم، بە ناوی خۆمەوە نا بەناوی محسن برامەوە نوسیم، تا سەریەشە بۆ براکانم دروست نەبێت، ناوی محسنی برامم دانا، باسی ئەوەم کردبوو کە نووسین هەر ئەدەب نییە و بابەتەکانی تری ڕوناکبیری زۆر پێویستن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا، وەڵامێک بوو، چونکە لە گفتوگۆیەکدا برادەرێکی شاعیر وتی: ئەدەب شیعر و چیرۆک، پێویستن، گوناهە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە، بە بابەتی تر پڕبکەیتەوە.
د.ناصح و د.فائق و برادەران خوێندیانەوە، د.فائق وتی: کاک برایم دەسی نوسینت هەیە وتم: بەخوا جار و بار شتێ بڵاودەکەمەوە، هەستم کرد زۆر ڕێزی گرتم.

## نەخۆشخانەی بەلەکجار، خزمەتکرنی ڕۆژانە

نەخۆشخانەی بەلەکجار، نزیک بە گوندی بەلەکجار بەرامبەر گوندی سەوسێنان دروست کرابوو، لەسەر نەخشەی حەرەمی کێشراوی هیچ گوندێک نەبوو، تا بۆردوومان نەیگرێتەوە، چونکە شوێنی گوندەکان لە نەخشەی کێشراوی عێراقدا بە وردی کێشرابوو، نەخۆشخانەکە بینایەکی دڵگیر، کەفماڵی گەچ و زەوی چیمەنتۆ بوو، جگە لە دکتۆر فایق دکتۆر ناصیح فاتح ناسراوە بە ئارام قەراغی، دکتۆر ناجح بەیتەری، جوتیار برینپێچ، سەرکەوت تاقیگە، بۆتان کادری دانسازی، بەندە یاریدەدەری بزیشک، بووین، بنکەیەکی تریشمان لە قۆپیەکانی قەراغ، لەناو بارەگاکانی مەڵبەندا هەبوو، د.جەلال برازای علی ڕەشید جوتەو د.محمودی بەیتەرەو کاک شوانی لێبوو، ڕۆژانە دەوامی ئاسایی دەکرا، ئێوارانیش ئێشگری هەبوو بە نۆرە، لە ڕۆژێکدا کە دوژمن بە سەختی بۆردومانی گوندی ژاڵەی ڕەباتی کرد، برینداریێکی زۆر ڕوویان تێکردین، یەکێک لە بریندارەکان ناوی کاک جمال بوو خزمی شەهید جیهاد، بوو قاچی لەڕانەوە شکابوو، تیشکە ئێکسی بۆ گیرا، زۆر خراپ ئێسقانەکانی شکابوو، ڕۆژانە تەداویمان دەکرد، چڵکی زۆری لێدەردەهات دەمان وت: مەجوڵێ! ئەو دەجوڵاو پێی شەرم بوو بۆ سەرئاو خۆی نەچێت، غازاتی زۆر بوو چونکە قورسی بە قاچیەوە هەڵواسرابوو، ڕۆژێک چڵکی زۆرم لێدەرهێنا، بانگی د.فایقم کرد، لێی تورەبوو وتی: دەڵێم ڕۆژانە

هەڵمەسە، دەجولێ بۆیە وا زۆر چڵک و پیسی هەیە، وتی ئەی چۆن غازاتم هەیە لەسەر قەرەوێڵەکەوە، دەنگم لێ دەرەچێت، وتمان: ئاساییە تۆ نەخۆشی ئێمەش پزیشکین، ئیتر ڕۆژانە بای لێ بەردەبووەوە ئێمە بە ئاسایی وەرمان دەگرت، زۆر شەرمی پێ دەکرد، دوایی نزیکەی مانگێک مانەوە سوودی نەبوو ناردمان بۆ ئێران، دوایی هەواڵمان زانی توشی (septicemia) بۆگەنبوونی خوێن بووە، گیانی لەدەست داوە، بریندارەکانی تر زۆریان چاکبوونەوە، دوای ڕاپەڕین کەسوکارەکانیانم دەبینی، زۆر ڕێزیان دەگرتم. ڕۆژێکیان کابرایەکی شیعە کە لە (لەشکری بەدر بوو لە شەڕێکدا پارچە بەر قۆڵی کەوتبوو، توشی گانگرین هاتبو) دەبوو قۆڵی لە سەرووی مەچەکەوە ببڕنەوە، هەرچەندە ئەوکاتە د.فایق بزیشکی گشتی بوو، بەڵام زۆر حەزی لە نەشتەرگەری دەکرد، لەگەڵ د.فایق و د.ناصح و بەندە، چووینە ژووری نەشتەرگەری، بە دەرزی کیتامین بەنجمان کرد و قۆڵیمان بڕیەوە، هەرچەندە خۆشیان دکتۆرێ شیعەیان لەگەڵ بوو، عەرەب بوو، لەگەڵمان هاتە ژووری نەشتەرگەرییەکە، نەشتەرگەریە زەحمەت بوو بە کەرەستەی سادە کردمان، ئێستا باسی بکەی کەس بڕواناکات، بەڵام کادرە پزیشکەکان ورەو دوربینمان هەبوو، بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤەکان .مام برایم خانەقینی لێپرسراوی ئیدارەو مالیەی نەخۆشخانەکە بوو، بەسام کوڕێکی کەرکوکی بوو، سەربازی هەڵاتوو بوو، چێشتی لێ دەنا، ڕۆژانە نانی خۆمان و نەخۆشخانەو هاوەڵەکانیان ئامادە دەکرا، حەسەنی مام ساڵەح لەگوندی سەوسێنانەوە بە قسەو نوکتە خۆشەکانییەوە، ڕۆژانە نانی فڕنی بۆ دەهێنایین، لە نەخۆشخانەیەکی بچووکی چەند ژووری، خزمەتێکی بەردەوامی پێشمەرگە و هاوڵاتیانمان دەکرد، تیپی ١٧ی زمناکۆ، نزیکمان بوو، جمیل هەورامی سەرتیپ و جمال دیموکرات، لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵەو ڕزگار ناوێک ڕێکخەر بوو، سەرکەوتی سەوسێنانیش سەرپەرشتیی ڕێکخستنی نەخۆشخانەکەی دەکرد، هەفتەی جارێ کۆبوونەوە دەکرا و گفتوگۆی گەرم و گوڕی مارکسیەت و شۆڕشی سۆسیالیستی و زۆر بابەت دەکرا، ڕۆژێک خۆرەتاو نزیک بە نەخۆشخانەکە لەسەر تاشە تاوێرەکان کۆبوونەوەمان دەکرد، دەنگی تەیارە هات، سەیری ئاسمانمان کرد بینیمان، ڕادیۆکە ئیف ئێمەکانمان کردەوە گوێمان لێ بوو وتی: سیدی أشوف حصان أبیض، گەورەم ئەسپێ سپی دەبینم لە ناکاو قەسف کراین هەریەکەو بەرەو پەنایەک، دوای قەسفەکە تەواو بوو، سەرکەوت هەر پێدەکەنی وتم: کاکە ئەوەچیە؟ بە پێکەنینەوە وتی: بەسام یەک شایەتمان

زۆردرێژی هێناوە، وەڵامم دایەوە دیارە کۆبوونەوە مارکسیانەکەت کاریگەری نەبووە، سەرکەوت کوڕێ زیرەک بوو دوای ئەنفال سەری لێ شێواو تەسلیم بووەوە، بەڵام هەرپەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە هەبوو دواتر گیراو ئازاری زۆر درا، ئێستا (٢٠٢١) ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)ە، تا لە ڕاپەڕینە مێژووەکەی ١٩٩١ دا لە ئەمنی سلێمانی دوای گرتنی بینای ئەمن ئازاد کرا، بۆتانیش هاتە ئێران دوایی تەسلیم بووەوە لە لێبوردنی گشتیدا، بەڵام هەر سەرەنگون کرا، برادەرانی تر تاکاتی ئەم نوسینە هەموو ماون، لە شوێنی جیاجیادا کاردەکەن. ماوەیەکی کەم پێش کارەساتی هەڵەبجە مۆڵەتم وەرگرت ویستم بچمەوە گوندی ژاڵە سەرێ لە ماڵی نەزیفی خوشکم بدەم، هەواڵی کەسوکارەکەشم بزانم بە سواری تراکتۆر هاتمە بناری سەگرمە سەر ڕێگەی قەراغ/ سەنگاو، ئێوارانێکی درەنگ بەفرێکی زۆر باری بوو، ویستم بچمەوە گوندی خاوێ وتیان: نەکەی درەنگە بەفرێکی زۆر باریوە ڕێگە ون دەکەی، ڕەق دەبیتەوە ڕاست بوو بچومایە نەدەگەیشتم، ناچار چوومە گوندی هەمزە و ڕۆمی نزیک سەنگاو، لە ماڵی ڕۆستەم حسن میرەیی، خزمی دایکم مامەوە، بەیانی بە بناری چیای سەگرمەدا چومەوە بۆ گوندی ژاڵەی دەربەند دەمانچەیەکی چواردەم پێیە، کۆڵە پشتێ کەم دەرمان، کادری پزیشکی ئەوکاتە بێ دەرمان و لەفاف و کەرەستەی تەداوی دەرنەدەچووین، لە دورەوە دوو چەکدارم بینی نزیک بە گوندی دەرویشان، هەردوولا هەڵوێستەمان کرد، بە خۆئامادەکردنەوە لە یەک نزیک کەوتینەوە، برای شەهید عەتای ئامر کەرت و هەڵۆ بوو، هەڵۆ ڕێکخەری ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی بوو، ئەوکاتە کە ڕێکخستنی جیا لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و شۆڕشگێران بوو، مام جەلال دروستی کردبوو، خۆی سەرپەرشتی دەکرد، شێخ حسێن و شێخ کریمی تیمار، ئاواتی شێخ مستەفای ئامۆزاشم، پێشمەرگە و لەو ڕێکخستنە بوون، دواتر هەرسێ ڕێکخستنەکە بوون بەیەک لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، یەکەم کۆنگرە بەسترا لە ساڵی (١٩٩١) لە سلێمانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری، عمر دەبابە لە هۆڵەکەدا گیانی لەدەستدا، هۆڵەکە ناونرا هۆڵی عمر مستەفا. چەند ڕۆژێ لە گوندی ژاڵە مامەوە، هەواڵی ماڵەوەم زانی محسن برام وەڵامی ناردبوو، خانویەکەیان گرتووە، بەیەکەوەین هەموومان، خەمی ئێمەی نەبێ، هەستم بەئاسوودەی دەروونی کرد، ڕۆژگارێکی تاڵ و سەختی کەسوکاری پێشمەرگە بوو، باوکم پیرو کەنەفت بوو، ئێوارانێکی درەنگ لە گوندی ژاڵە بووم، هیوا بارۆیش بە سەردان هاتبوون بۆ ژاڵە،

ئەوکاتە سەرتیپ بوو، بەڵام زویر ببوو دانیشتبوو، یەک دوو پێشمەرگەی خزمی خۆی لەگەڵدا بوو، هێزی پشتگیری کۆبوونەوە، جاش و جێش هاتبوونە سەر باوەلیاس، کە گردێ بەرزو نزیک بەگوندەکە بوو تەقەیان لەگوندەکە دەکرد، بەبیکەیسی دەستیان کرد بە گولەبارانی گوندەکە، وتم: کاک هیوا چی بکەین؟ ژمارەیان زۆرە، ئێمە کەمین، زۆر خۆڕاگرانە وتی: بەرگری دەکەین خۆ گوندەکە چۆڵ ناکەین، دەرزی و کەرەستەی پزیشکیت لایە؟ وتم: لامە بەس کەمە وتی: خەمت نەبێ کات بەرەو ئێوارە دەچێت تا درەنگانێ شەڕدەکەین، پشتی هێزەکەمان چۆڵە شاخە. هەر خۆی بووە قازیفە هەڵگرو، چەکەکەی خۆی دامێ، دامەزراین هەریەکە لەبن بەردو پەنایێ، پێشمەرگەیەک دەیوت: دکتۆر گیان تۆ بچۆ دواوە، ئێمە برینداربین فریامان دەکەوی، تۆ برینداربی ئێمە چیبکەین، ناوچەکە چۆڵ بوو، هێزی پێشمەرگە بە زۆری لەسەنگەرەکانی پاراستنی سەرکردایەتی بوو، ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە لە بارەگای تیپەکان بوو تا بەیانی دەنگی تەقە و قازیفە و شەڕی بیکەیسی بوو، جاشەکان نەیان وێرا بێنە گوندەکەو هەر لە دوورەوە دەیان کردین بەئامانج، خەڵکی ژاڵەش خۆڕاگربوو پێشتر چەندەها شەڕی تێداکرابوو، هەر لە شەڕێکی تری هێزی پشگیریدا (محمد شێخ مەلیک) خەڵکی گوندی مەلا حسێن، بەسوکی برینداربوو. هەرگیز خۆڕاگری هیوا بارۆیم لە یادناچێ ئەو شەڕەمان نەکردایە، جاش و جەیش دەهاتنە گوندەکەو ئازاری زۆری خەڵکەکەیان دەداو ڕاپێچیان دەکردن.

هێشتا بەیاننامەی بەرەی کوردستانی بڵاونەکرابووەوە، بەڵام ئاشتبوونەوەی لایەنەکان هاتبووە ئاراوە، پێشمەرگەی گشت لایەنەکان دەهاتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکەوە، شەڕی براکوژی لە شاخەکاندا لە ئارادا نەمابوو، پێشتر لێپرسراوەکانی پارتیم لەگەڵ کاک ئازادی سەگرمەدا لە هەشەزیینی بینی بوو، کە هاتنە خوارەوەش بۆ سنوورەکانی قەراغ، پارتی بارەگاکانی لە دەربەند جافەرانی بەرامبەر گوندی جافەران، لە قۆپییەکانی قەراغ دانا، کاک ئازاد جافەرانی لێپرسراویان بوو، لەسەردەمی ڕۆژانی خوێندنی پەیمانگاشدا، کاک حەمە شوان ڕەسوڵم دەناسی، کە برادەریمان هەبوو زانیاریم لێ وەردەگرت دەمزانی کۆکەرەوەیەکی باشی ڕێکخستن و زانیارییەکانی حزبی شیوعیە، حزبی شیوعیش هاتنە قەراغ لێپراسراوەکانیان: حەمە ڕەشید قەراغی و مەلا عەلی و چەندانی تر بوو، کە لەژاڵەوە گەڕامەوە

بۆ قـەراغ لەپەڕینەوەی ئـاوی چەمی سـمـۆردا، دوو پێشمەرگەو کوڕێ باڵابەرزی جوانم بینی، زانیم پارتی بـوون، پرسیارم کرد: کاک فەریدون جوانڕۆیی بوو، هەر لە ئەوبەری چەمی سمۆرەدا پێشمەرگەیەکی بادینیم بینی، وتـی: من پێشمەرگەی پارتی گەلیم ئەوکاتە پارتی گەلی پارتێکی جیابوو لەپارتی، (سامی عبدالرحمن) سکرتێری بوو لەگوندی جافەرانیش چومە بارەگای حزبی سۆسیالیست مامۆستا عەزیز ناوێک لێپرسراویان بوو، پرسیاری مارف عمر گوڵم کرد، وتی باشە لە ئێزگەیە، ئەوکاتە ماوەیەک لە ئێزگەی سۆشیالیستەوە بەرنامەی ئەدەب و سیاسەتی پەخش دەکرد، هەرچەندە حزبی نەبوو ماوەیەک لەڕاگەیاندنی سۆشیالیست بوو، تاچووە دەرەوە بۆ خوێندن، بینینی ئەم هەموو حزب و بارەگایە، تاڕادەیەک دڵخۆشی کردم کە شەڕی براکوژی نەماوە، ئاشتبوونەوەی گشتی و دواتر جاڕدانی بـەرەی کوردستانی لێکەوتەوە، ڕادیـۆی لەندەن باسی کرد کە سەرکردە کوردە عێراقییەکان بۆ یەکەم جار سەرکردایەتی هاوبەشیان پێکهێناوە، بەڵام بەگشتی ئاشتبوونەوە درەنگ هاتە ئاراوە. عێراق دوای گرتنەوەی شاری فاوو پشتگیریکردنی لەلایەن هەندێ زل هێزەوە دژی ئێران، هێندەی تر لەخۆبایی بوو سوپاکەی بووە یەکێک لە دڕەندەترین سوپاکانی دنیا، شەڕی عێراق/ئێران هەر بەردەوام بوو، سوپای عێراق لە زۆر شوێنی ئێران کشایەوە کە پێشتر داگیری کردبوو، بەڵام ئێران شەڕی نەدەوەستان شەڕ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بوو، کەشوهەوای لە دایکبوونی بەرەی کوردستانی، دڕندەیی و شـارەزای سوپای عێراق و زۆربوونی ژمارەو چەکی سوپا، ڕووکردنە ئێرانی هەموو حزبە کوردستانییەکانی کوردستانی باشوور، ڕەچاوی ئەوە دەکرا، هێزەکانی عێراق ڕووبکەنە وەدەرنانی کورد لە شاخەکانی کوردستاندا، ئەوکاتە کێشەی کورد زۆر بەرگێکی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە نەبینیبوو، کورد میللەتێکی بێکەس و بێپشت و پەنابوو، بەڵام نەدەزانرا کارەساتی ئەنفال و بە داگیرکردنەوەی سەرگەڵوو بەرگەڵو، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانییەوە دەست پێ دەکا، کەدواتر ناونرا: قۆناغەکانی یەکەمی ئەنفال، زۆری هێزەکانی پێشمەرگە لە دەوروبەری سەرکردایەتی بوون، قەراغ مەفرەزەی زۆر کەمی تیابوو بۆ جەولەکردن، لە گوندی هەرگێنەی قەراغ، خاڵۆ عوسمانم بینی، کەپێش من ببووە پێشمەرگە لە کەرتی قەراغی تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، نانێکمان بەیەکەوە خـوارد، مۆڵەتی لە ئاواتە شەل کە ئامر کەرتیان بوو وەرگرت، کەبەیەکەوە بچینە گوندی دەرەویان، کەوتینە ڕێ وتم: دەنگوباست،

ئاسودەیت کە پێشمەرگەیت، وتی: وەڵا خراپ نیم، خۆم هەڵم بژاردووە، گەنجێکی جوانی تازە پێگەیشتوو پەروەردەی ڕێکخستنەکانی ناو شار، سێ خوشک و دایکی جێهێڵابوو بۆ پێشمەرگایەتی، پێشمەرگەیەکی بەجەرگ و ئازاو بەهەڵمەتبوو، لە گوندی هەرگێنەی قەراغ دورکەوتینەوە بەرەو گوندی درەویان، پێشمەرگەیەک لە دواوە بەڕاکردن و بانگکردن بە دوامانەوە بوو، وەستاین تاگەیشتە لامان، وتی وەڵا کاک ئاوات، بروسکەی بۆ هاتووە، دەبێ بچێن بۆ سەرکردایەتی و منی ناردووە کاک عوسمان بگەڕێتەوە، خاڵە عوسمان سەیرێکی کردم و دۆش داما، وتم ئاساییە و بڕیارە بگەڕێرەوە، ئەملاو لای یەکمان ماچ کرد، باوەشی پیاکردم، هەروەک بزانێ ئەوە دواجاری یەکتر بینینمانە، هەر ئەو جارە بوو ئیتر نەمبینیەوە، لە هێرشەکانی بۆ سەر سەرگەڵو بەرگەڵو لە قەڵەم پاشا شەهید بوو، لە خۆراگرییەکی بێ وێنەدا شەڕێ قارەمانانەی کرد عەدەد بیکەیسی بوو لە شەڕەکەدا، لە دوورەوە فیشەکێکی دابوی بە نێو چەوانیدا، هەرلەوێ شەهید ببوو، دوای ماوەیەکی زۆر لە گەرمیان، لە ڕێگەی علی درەویانی خزمی هەردووکمان و جیهازی راکاڵەوە هەواڵەکەم پێ گەیشت، ئەنجامدانی گوێگرتن و گفتوگۆی زۆر، تاکە هەواڵ پێدەری ڕۆژانە، ڕادیۆکانی دەستمان بوو، جگە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانیش، ڕادیۆی لەندەن سەرچاوەی هەواڵە جیهانییەکان بوو، جاروبار باسی کوردی دەکرد وەک: شەڕی هەوارگەی سەلاحەدین و سەری ڕەش و گرتنی سەرگەڵو بەرگەڵو، جاردانی هەواڵی دروستبوونی بەرەی کوردستانی، زۆر شتی تر کە جاروبار دڵخۆشی کردین.

ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) ڕۆژێک خۆرەتاو بوو لەگەڵ د.ناصح دا خۆمان دابووە بەر خۆرەکە، ڕادیۆو ئێف ئێمی ڕادیۆ، لێمان دوور نەدەکەوتەوە هەموو ڕادیۆیەکی ئەوکاتە ئێف ئێمی نەبوو، بەڵام ئەوەی د.ناصح ڕادیۆیەکی بچووکی سۆنی بوو، زۆر بە هێز، هەشت مەوج بوو لە پڕ ئیف ئێمەکە وەری گرت (ارجع علی قرداغ) چووینە بەرزاییەکان دوو دوو، سێ سێ، بە کۆمەڵ فڕۆکەی سپی بە ئاسمانی قەراغدا دەهاتن و دەچوون بەرەو دەشتی شارەزوور و هەڵەبجە، زانیمان و بۆمباران و بۆردومانێکی زۆرە، بەڵام نەمان دەزانی چییە و کوێ یە!، لە نەخۆشخانە جیهازی بێ تەلمان لانەبوو (جیهازی بێ سیمی ڕاکاڵ) کە عەسر گەڕاینەوە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، باسی هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد، وتی: هەزارەها هاوڵاتی شەهید بوون، د.ناصح: وتی هەزارەها، هەر زۆر زۆرە، بڕوای نەکرد، پاشان زانیمان ئەو

هەموو فڕۆکە کە بەسەر ئێمەو نەخۆشخانەکەدا دەڕۆیشت بۆ کیمابارانی هەڵەبجە بووە، بێ سیمی تیپی ١٧ی زمناکۆ هەواڵەکەی وەرگرتبوو بە بروسکە هەر لەگەڵ بروسکەکاندا، یەکێک لە بروسکەکانی ئاماژەی دابوو ئەگەر ئیتر چەکداری (عەرەبی سەرباز) لە شەڕەکاندا گیرا بیان کوژن و دیل مەهێڵنەوە، چونکە دوژمن جیاوازی پێشمەرگەو هاوڵاتی نەکردووە، شارێکی شەهید کردووە، پێشتر دیلە عەرەبەکان زۆر مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا ژمارەیەک دیل لە بەندیخانەی مەڵبەندی یەک بوو، کارو پیشەمان گوێگرتن لە ڕادیۆ بوو، ڕادیۆکانی ئێران زۆر باسیان کرد، ڕادیۆی لەندەن و زۆر لە کەناڵە جیهانییەکان، د.ناجح گۆڵپی کەلەگەڵمان بوو، زۆر بێتاقەت بوو، چونکە دایک و براو خوشکەکانی لە هەڵەبجە بوون زۆر عەودالی هەواڵیان بوو.

## هێرشی چەکی کیمیای، کشانەوە بۆ قوڵایی گەرمیان

مام جەلال پێشبینی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی گەلی کورد کردبوو، پێشتر لە بەرەکانی شەڕی عێراق/ئێراندا، عێراق بەکاریهێنا، هەر لەم کلاورۆژنەوە ژمارەیەک کادری پزیشکی و پێشمەرگە چوونە ئێران، دەورەی ناسینەوەو خۆپاراستن و چارەسەری چەکی کیمیاییان بینی، د.ناصح یەکێک لەو کادرانە بوو، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕشیش چەند نامیلکەیەکی بچووکی بەرباخەڵیان لەسەر چەکی کیمیایی بە چاپ گەیاندبوو، هەرلە ئێرانەوە بەرگەباران، جوعبەی تایبەتی چەکی کیمیاوی، ماسک، گەیشتە هێزەکانی پێشمەرگە، بێ دەنگی دەوڵەتەکان لەبەکارهێنانی چەکی کیمایی لەشەڕی عێراق/ئێراندا، لووت بەرزی سوپای عێراق لە گرتنەوەی شارۆچکەی فاوو چەند ناوچەیەکی تر، هێندەی تر دڕندەی کردبوو بە بەری سوپای عێراقدا، زەمینەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەموو لایەکەوە لەبار بوو بۆ سوپای عێراق، بەتایبەتی بێدەنگبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پێش کارەساتی هەڵەبجە، تا کارەساتی هەڵەبجەی لێکەوتەوە. دوای کارەساتی هەڵەبجە بێئومێدی بەردەوامی ژیان بەرۆکی هەمووانی گرتبووەوە، من یەکێک بوم لەوانەی هەستم دەکرد ئاسۆکان هەمووی تەنراوە، ژیان دەردەسەریە، کردنەوەی دەروازەی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی میللەتێک بێ گۆڕانگارییەکی گەورەی جیهانی لەگەڵ ڕژێمێکی دڕندەی وەک عێراقدا خەو و خەیاڵە.

ڕۆژی (١٩٨٨/٣/٢١) چەند ڕۆژێک دوای بیستنی ڕووداوی کارەساتی هەڵەبجە و بارێکی دەروونی ناجێگیر، بە ئومێدی کەمێک ڕەوینەوەی خەم و یادی جەژنی نەورۆز، لەگەڵ د.ناصح دا کە گەنجێکی رۆشنبیرو بیرکراوە بوو، زۆر هاوڕێ بووین، هەریەکە و مریشکێ کوردیمان کڕی، وردمان کرد، لەگەڵ توێشەبەرەو نان و پیازدا لە پشتمان بەست، ڕوومان کردە چیاکەی پشت نەخۆشخانە، بە ئومێدی بەڕێکردنی نەورۆز، پیاسەیەک و بیستنی سەرەتای وەرزی بەهار، دارو پوشمان کۆکردەوە بە زمەی تفەنگەکانمان گۆشتی مریشکمان برژاند تا عەسرێکی درەنگ نەگەڕاینەوە و هەوراز و نشێوی باشمان بڕی، ئێوارە گەڕاینەوە نەخۆشخانە، لەگەڵ هاوەڵانی ترماندا، باسی سەفرەو خۆشییەکانمان دەکرد، لە خۆرئاوابووندا دەنگی ڕەتڵێکی ڕاجیمە لە دوورەوە هات، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، زانیمان قەسفی ساروخییە دەنگی قەسف و ڕۆکێت لەو رۆژانەدا ئاسایی بوو لە لامان، بەتایبەتی چوار دەورمان بە دوژمن تەندرابوو، بەس نەمانزانی گوندی سەوسێنان و چەکی کیمیاوییە، کە سێ چارەکە کاتژمێر بە پیادە لە نەخۆشخانەکەوە دووربوو، زۆری نەبرد قیژەوهاوار گەیشتە لامان، فریامان کەون ئەو خەڵکە کەسی نەما! کوان؟ د.ناصح و د.برایم و د.جوتیار و د.سەرکەوت و د.بۆتان، ئاگاتان لێمان نییە. چییە چی بووە؟ قەسف کراوین، خەڵکەکە تیاچوون زووکەن فریاکەون، لەگەڵ خەڵکەکەدا، سالار-م کە پێشتر هاتوچۆی نەخۆشخانەی دەکرد ناسیەوە، د.ناصح پێش چاوی یەکێکی هەڵدایەوە، ڕەنگی تێک چوو سەیری کردم وتی: کاک برایم چەکی کیمیاوییە، فریاکەون غازی ئەعسابیشی تێدایە، بووە مقۆمقۆ، چی بکەین چی نەکەین! سەرئەنجام من و د.عوسمان کە کادێری تەندروستی بوو کۆڵەپشت و جوعبە و جانتای چارەسەری کیمیاوی، دەرزی ئەترۆپین، سەرنج، بەرگە باران، ماسکی دەم و لووتی کیمیاویمان، هەڵگرت و بەرەو گوندی سەوسێنان ملمان نا، لە ڕێگە چەندەها بریندارمان بینی بە سواری وڵاخ، پیادە، هەڵگرتن بە کۆمەڵ دەیان هێنا بۆ نەخۆشخانە، دەرزی ئەترۆبینمان بۆ دەکردن، چەند کەسێمان خستە ئاوەوە بەو شەوە ساردە، تا تۆزێ لە کیمیاوی نیشتووی سەر جەستەیان پاک بێتەوە، یەکێک لەوانە پێشمەرگەیەکی تیپی١٧ی زمناکۆ بوو، بەبێ هۆشی خستمە ئاوی چەم و کانیاوێکەوە، ئێستاش ماوە، جارێک لە کەرکوک بینمەوە یەکسەر باسی ئەو شەوەی کرد، هەروەها حامیدە سووری کادر، کە تازە ژنی هێنا بوو بە مۆڵەت لە سەوسێنان بوو دەرزیمان بۆ کرد، وتمان: خۆتان بشۆن بەو ئاوە

سارده، شەو تابەیانی لە ژێر کەڵبەزو تاوێردا مابوونەوە بەیانی هاتنەوە بۆ نەخۆشخانەی بەلەکجار. گەیشتینە گوندەکە دوو کەس یەک جلوبەرگ و ماسکی کیمیاوییان پێ بوو، عوسمان وتی: من دەچم و تۆ لێرە بوەستە، چیم نارد دەرزی بۆ بکە، چەند کەسێک هاتن و دەرزی ئەترۆپینم بۆ کردن، کاریگەرییەکانی دەرزی ئەترۆپین پێچەوانەی نیشانە سەرەکییەکانی گازەکانی کیمیاوی بەتایبەتی گازی دەمار کاردەکا و تاکە فریاد ڕەسی ئەو شەوە، دەرزی ئەترۆپین بوو، لە دوای ماوەیەک عوسمان هاتەوە وتی: کورە خۆ کەسی نەماوە زیاتر لە ٨٠ کەس شەهید بوون، ئەوانەی لە یادم مابێت دوو ماڵ (کاک عبێد و کاک مهدی) بەتەنیا یەک کەسیان مایەوە، بەرگە کیمیاییەکەمان کردە دوو بەش، خۆم پێ ڕانەگیرا منیش چوومە ناو گوندەکە، ئەوەی مرۆڤ بەبیریدا نایەت بینیم! لاشەی مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، هەموو بەسەریەکدا کەوتبوون ئەوەی گیانی تییدامابوو دەمان بردە ناو عەرەبانەی مەکینەیەک زۆربەیان بێهۆش بوون، کەفی سپی لە دەمولوتیان دەردەچوو، هەندێکیان کە دەرزیت لێ دەدا بەبێ ئاگایی بۆ کسیان دەوەشاند، زانیمان کە ئەوانە زۆرتر بەرکەوتەی غازی ئەعسابن، کە چووینە دیار بۆمبێکی تەقیو هەرچەندە دوکەڵی چڕی کەم ببووەوە، بەڵام بۆنی سێوی ڕزیو و میوەی لێ دەهات، ئەوشەوە هەستم بە تەنگەنەفەسییەکی کەم کرد (دوای ٣٠ساڵی کاریگەری ئەو گازە توشی گرفتی گەورەی کردم، نەشتەرگەری گەورەم لە دەرەوەی وڵات و نەخۆشخانەی فاروق بۆکرا، تا تەمەنم بەرەو کشان بچێت، هەست دەکەم میزاجم تێک دەدا توشی (achalasia) تەسکبوونەوەی سووریێنچک بووم، خواردنم بە گران بۆ قوت دەدرێت، لە کاتێکدا نەشتەرگەری سەرکەوتوشم بۆ کراوە)، تا دەرزی و سەرنج هەبوو بریندارەکانمان چارەسەر کرد، دوای پڕکردنی عارەبانەو مەکینەیەکی زۆری بریندار بەبێ لایتداگیرسان لەترسی ڕەبایەکانی سەر شاخەکان گەڕاینەوە بارەگای نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەک، کاتژمێر یەک و نیوی شەوی ١٩٨٨/٣/٢٢ بوو، هەواڵ هات شارۆچکەی قەراغ کە پێشتر، چۆڵ کرابوو تەختکرابوو گیراوەو پڕ بووە لەجەیش و جاش، گوندی سەوسێنان چۆڵ کرا. ژمارەیەک بریندار چەند ڕۆژێ لەنەخۆشخانە مانەوە ڕۆژانە تەداویمان دەکردن، هەندێکیان سووتابوون بە گازی خەردەل، (مام عوبێد ناوێک بەتەنیابە برینداری مابووەوە و منداڵەکانی شەهید ببوون، وەک تێکچووی لێهاتبوو). جارێک برینداریکی لەشکرەکانی بەدرکە بەر هێرشی کیمیاوی کەوتبوو، هاتە نەخۆشخانەکەمان ڕەش داگیرسابوو هەموو

گیانی سوتابوو بۆ دڵدانەوەی نەخۆشەکە، پرسیمان:

–وێن اهلک؟

خەڵکی کوێی؟عەرەبێکی شیعە بوو وتی:

+قبل چان چنت دوزی بس هس ما ادری، پاکستانی، هندی.

وتی پێشتر خەڵکی دووز بووم، بەس ئێستا نازانم پاکستانیم یان هندی، بوە پێکەنین، هێندە ڕەش داگیرسابوو ڕوخساری هەموو سوتا بوو، بۆنی باروت و کیمیاوی لێدەهات، زۆر شوێنی سووتا بوو، دەیوت ئێستا بەم ڕەشییەوە لەخەڵکی ئەفغانستان و هندستان دەچم. ئەو ماوەیەی کە بریندارەکان لەنەخۆشخانەکە بوون ڕۆژانە قەسف دەکرا، جەمیل هەورامی، سەرتیپی ١٧ی زمناکۆ بوو لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەدا بەشاخی زەردەوە بوون، زوو زوو قەسف و کیمیاباران دەکران، بەڵام چونکە شوێنەکە بەرزبوو، گازەکە دەچوو بەئاسماندا، شەهیدی چەکی کیمیایان نەدا، لەو چەند ڕۆژەدا هێندەی ئاگادار بووین تادەهات چواردەورمان دەگیرا، ئاسۆ ون بوو، زۆری هێزی پێشمەرگەش چوونە بارەگاکانی سەرکردایەتی، بەرزاییەکانی هەموو بە هێزی عێراق تەنرابوون، ئێوارانێک دوای ڕۆژئاوا بوون، لە نەخۆشخانەکە کۆببووینەوە باسی چەکی کیمیاوی و هەواڵە جیهانییەکانمان دەکرد، لە پڕ ریزێ ڕاجیمەی تری چەکی کیمیای بارەگاکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ، نەخۆشخانەکە و گوندی بەلەکجاری پێکا، ئەمجارە وا مەودای ساروخەکان دانرابوو هەموو شوێنەکان بگرێتەوە دەرگاکانمان لەسەر برینداەکان داخست، وتمان کەس نەیەتە دەرەوە، خۆمان ڕامان کردە بەرزاییەکانی دەوروبەری نەخۆشخانە، لەوشەوە بەهارەیەدا بۆنی سیرو سێوی گازی کیمیاوی تێکەڵ بە شنەی با دەبوو دەیدا لە سینگ و بەرۆک و لوتمان، شەهید شێرکۆ جدی کە دواتر لە گەرمیان شەهید بوو، هاتە لامەوە و وتی: دکتۆر چی بکەم گازم هەڵمژیوە، وتم پەڕۆ تەڕکەو بیدە سەر دەم و لووتت با گازی تر هەڵنەمژی، جمال دیموکرات لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی تیپی ١٧ی زمناکۆ بوو، هەناسەی هەڵدەکێشاو دەیوت: چی بکەین خۆ ئەمە شەڕی دەستەو یەخە نییە بەرامبەر یەک بگرین، لەگەڵ بۆمب و گاز و هەوادا هیچ ناکرێت. شەو تادرەنگ نەگەڕاینەوە نەخۆشخانە، هەستم بەبەهای ژیان نەدەکرد، چاوەڕێی مردن بووم دەمزانی مردنمان مسۆگەرە بەئاسانی ڕزگارمان نابێ، نا ئومێدی ڕزگاربوون بەرۆکی گرتبوین، مرۆڤ کە هیچ پەناو پەسێرێکی ئومێدی ژیانی نەمێنێ، مردن بەلایەوە ئاساییە و چاوەڕێی

دەکات، ئەو سەردەمەش لەگەڵ گیانی پتەوی باوەڕدا مردن بەلامانەوە پێشبینییەکی چاوەڕوان کراوبوو، ڕۆژانە خەڵک شەهید دەبوون. کە دنیا هێوربووەوە بوونی گاز کەمبووەوە هەمووی نیشت بۆنەکەش چوو بە بەرزاییەکانی ئاسماندا، درەنگانێ گەڕاینەوە نەخۆشخانەکە، چونکە دەرگاو پەنجەرەکان داخرابوون، گاز نەچووبووە ژورەوە، بریندارەکان هەموو سەلامەت بوون بەیانی کە ڕۆژ بووەوە پەیوەندیمان کرد بە بارەگاکانی مەڵبەندەوە لە قۆپی قەراغ، کە کاک عمر فتاح سەرپەرشتی دەکرد، کاک قادری حاجی عەلی کە لێپسراوی مەڵبەند بوو لەگەڵ هێزەکەدا لە سەرکردایەتی بوون، بڕیار درا نەخۆشخانەکە بگوازرێتەوە بۆ ناو قۆپییەکانی قەراغ، لەگەڵ بنکە تەندروستییەکەی قۆپیدا بووینەوە بەیەک، کە برادەران د.جەلال، د. محمود کاک شوانی لێبوو، ماوەیەکی کەم لە قۆپی قەراغ ماینەوە بارەگاکەمان نزیک بارەگای یەکێتی شۆڕشگێران بوو، کە شێخ عەلی حەمە ساڵح برازای مام جەلال برای د.حسێن لێپرسراوی یەکەمی شۆڕشگێڕانی سنووری مەڵبەندی یەکی قەراغ بوو، حسێن ژاژڵەیی کە دوایی چوو بۆ ئەوروپا لە بارەگاکە بوو، کوڕێکی ڕۆشنبیرو دەرچووی کولێژبوو، ژمارەیەک دیل لە بارەگای مەڵبەند بوو، هەندێکیان بیانی بوون، یەکێک لە بیانییەکان میسرییەک بوو لە بارەگاکانی شۆڕشگێران نان و ئاشی دەکرد، ڕۆژانە دەیوت ئێوە لەسەر حەقن من نەمزانیوە کێشەی کورد چییە تا نەگیرام لاتان، دیلە بیانییەکان زۆر تر بۆ فشاری دەرەوە لەسەر وڵاتی عێراق و ناساندنی کێشەی کورد  بەدنیای دەرەوە بەر نەدەدران، لای ئێمەش دیلێکی عەرەبی شیعە هەبوو هاوکاریی دەکردین لەکاری ڕۆژانەدا، بەڵام شەوانە ئاگاداریمان دەکرد زۆر باوەڕمان بەسەربازی عێراقی نەبوو، ڕۆژێکیان گوێی لێبوو گفتوگۆمان دەکرد، باسی مارکس هات دەیوت: ئەگەر ئێوە مارکسین چۆن جیاوازیتان لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا هەیە؟ بۆ یەک حزب نین، بەڵام لە دڵەوە شیعە مەزهەبێ توند بوو، بۆ سەرنجراکێشانی ئێمە وای دەووت، چونکە دوایی بە بڕیاری سەرکردایەتی جگە لە جاشە کوردەکان و بیانییەکان، هەموو دیلە سەربازیەکان کە دژی پێشمەرگە جەنگا بوون، پێشمەرگەیان شەهید کردبوو، گوللەباران کران لە کاتی گولەبارانکردنی ئەم دیلە سەربازەدا، پیشمەرگەکان دەیان گێڕایەوە دەیان وت: تا گیانی دەرچووە هەر هاواری لە ئیمامی عەلی کردووە. تا دەهات بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبوو سەرگەڵو بەرگەڵو کە دوای ناوی لێنرا قۆناغی یەکەمی ئەنفال، گیرا، پێشمەرگەکان کشانە دواوە،

هێزەکانی گەرمیان گەڕانەوە بۆ گەرمیان، بەڵام تا ئەوان گەیشتن بارەگاکانمان چۆڵ کرد، کاک عمر فتاح بروسکەی دەکرد بۆ سەرکردایەتی کە فەرمانتان چییە؟ لە یەکێ لە بروسکەکاندا ئاماژە درا: خۆتان دەزانن ئەگەر باری ئەمنی خراپە ناوچەکە چۆڵ بکەن، دوای کۆبوونەوە بڕیار درا بکشێینەوە بۆ گەرمیان، بەناو قوڵایی هێزەکانی دوژمندا، دیلە سەربازەکان ئەوانەی کە لە شەڕی دەستەویەخەی پێشمەرگەدا گیرابوون، شەڕیان دژی پێشمەرگە کردبوو هەموو لە تۆڵەی شەهیدانی هەڵەبجەدا کوژرابوون، من بەلامەوە ئاسایی نەبوو ئەم دیلانە ڕەمی بکرێن، بەڵام بروسکەی سەرکردایەتی بوو قەناعەتی زۆربەی کادێرەکان وابوو، دوژمن دەست لەکورد ناپارێزێ، ئەم دیاردەیەش دەرئەنجامی سیاسەتی کۆمەڵکوشتنی کوردە، کەرەستە قورسەکانمان لە بارەگاکاندا جێهێشت بە قۆپییەکانی گەرمیاندا بەرەو ڕۆژئاوای قۆپییەکان کەوتینەڕێ سەرەتای بەهاربوو، گەیشتینە دەربەندی ئاست گوندی جافەران، بەچیای سەگرمەدا ڕووەو گەرمیان سەرکەوتین، چیای سەگرمە، بانێکی تەخت و بەردەڵان بوو پڕ بوو لە خڕە بەرد، هەرچەندە دیمەنی چیاکە لە دوورەوە قوچەک و لاکێشەبوو، بەڵام سەر چیاکە، خاکێکی خڕە بەردو تەختە، لە گەرمیان گیرساینەوە، نەخۆشخانەکەمان لە مزگەوتی گوندی کوردەمیری کەڵبەز لوقمان دانایەوە، ئامێری تیشک و پشکنینەکانمان لەقەراغ جێهێشتبوو، تەنها دەرزی و دەرمان و پێداویستیی سەرەتایمان پێ بوو، لە کۆڵە پشتەکانی پشتماندا، حەوزە ئاوێکی مێرگی بەهاری لە گوندەکەدا هەبوو، دەروێش ناوێک، گیسکێکی بۆ سەربڕین، دوای برسێتی و هیلاکییەکی زۆر بۆ خواردن، نانێکی باشمان خوارد، ئاهێکمان هاتەوە بەبەردا، تا دەهات ترس و دڵەڕاوکێ لەناو گوندنشینەکاندا بڵاودەبووەوە، دوژمن بەبەرنامە هەرجارەی گوندێ قەرەباڵغی بۆردومانی کیمیاوی دەکرد، بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە و ترس و تۆقاندنی خەڵک، ڕەوشەکە تا دەهات خراپتر دەبوو، تا کۆبوونەوەیەکمان کرد بەکەسوکاری بریندارەکانمان وت: هەرکەسەو فریای برینداری خۆی بکەوێت، نازانین ئەم بارودۆخە بەرەو کوێ دەڕوات! بڕیاری دانانی بارەگای نەخۆشخانە نەماو کۆڵە پشتەکانی پشتمان بووە تاکە فریادڕەس و فریاگوزاری سەرەتایی خەڵکی، دووبارە گواستمانەوە گوندی فەقێ مستەفا، لەو چەند ڕۆژەی گوندی فەقێ مستەفادا کۆپتەر کێومالی دەکرد، شەوێکیان زیاتر لە (٥ تا ١٠) جار هاتنە سەر گوندی فەقێ مستەفا و دەگەڕانەوە، حەسەنی مام صالح، ئارپیچی ڕەبت کرد، وتیان تا تەقەی نەکرد

تەقە مەکەن، لە کەلاوەو بن دیوارەکان خۆمان حەشاردا، بەیانی بەرەو قولآیی گەرمیان ڕۆیشتین، کاک عمر غەریب لێپرسراوی مالیەی مەڵبەند بوو، دەیوت شەو نەخەوتووم، وتم بۆ؟ دەیوت دڵە ڕاوکێم هەیە، کەسێ باری (٤٠٠) هەزار دیناری سویسری لە ئەستۆ بێت، خەوی لێدەکەوێ؟ پارەکە لە سندوقدا بە وڵاخ دەگوازرایەوە لەگەڵ ڕۆیشتن بۆ قولآیی گەرمیان (١٥ تا ١٦) جار ئەوبەرو ئەوبەری ئاوی ڕووباری ئاوە سپیمان کرد، لە شکری بەدری سەر بە ئێران لە دەربەندی دەرەواری گەرمیان گیرسابوونەوە، بە ئومێدی فریاکەوتنیان لەلایەن ئێرانەوە کە بەرەبییەکانی بەرزاییەکانی بەری شاخی بەمۆی دەریاچەی دەربەندیخانەوە بوون، هیوایان هەڵبەست بوو کە ئێران فریایان دەکەوێ، بەبێ سیم قسەیان لەگەڵ کردبوون، مانەوە تا بەر هێرشی کیمیاوی کەوتن، زیاتر لەچەند سەد کەسێکیان شەهید بوو، تاک و تەرا ڕزگاریان بوو، ئێران نەگەیشتە بەری دەربەندیخانی دەریاچەکە. ماوەیەک بەرەو قولآیی گەرمیان ڕۆیشتین، ئەمبەرو ئەوبەری پەڕینەوەی ئاوە سپی هەراسانی کردبوین، پێڵاوەکانمان تەڕدەبوو، ئەدیداس کەتەڕ دەبێت بۆن دەکات، نەمان دەوێرا لە پشوەکاندا پێڵاوەکانمان دابکەنین لەبەر بۆنی پێڵاوی ئەدیداس و گۆرەوی بۆنکردووی وشکبووەوەی دوای تەڕبوون لە قاچدا، لە یەکێک لە گوندەکانی قولآیی گەرمیان بەسەرەتای هێزەکانی مەڵبەندی یەک گەیشتن، کە لە بارەگاکانی سەرکردایەتی گەڕابوونەوە ناوچەکە، یەکەمین کەس کە بینیانم گەڕابوونەوە، حەمە قاشتی و شێخ سەرداری بەرزنجە بوون، باسی شەڕی سەرگەڵو و بەرگەڵو و قارەمانی بەرگری پێشمەرگەیان دەکرد، دەیان وت: شەڕی تێکڕژان و دەستەو یەخە بووە، حەمە قاشتی ئاهێکی هەڵکێشاو وتی کوێربم زەردە، ئێستا شاخی زەردە سوپای عێراقی پێوەیە، هێشتا سەرەتای ئەنفال و چوڵکردنی گوندەکان بوو، نەمان دەزانی دواتر قۆناغەکانی ئەنفال هەموو کوردستان دەگرێتەوە، کوردستان دەبێتە سەرزەمینی بێ ئاوەدانی و بێ ژیان، تەنها چەند پارتیزانێک دەمێنێتەوە کە هێزەکانی سەرکردایەتی گەڕانەوە، تا ڕادەیەک ورەی پێشمەرگە بەرزبووەوە ژمارەی هێزەکان ڕوویان لە زیادبوون کرد، فەرماندە قارەمانەکانی وەک: حەمە ڕەش، مەلا ئەحمەد، عادل شکور، هاتنەوە گەرمیان، جارێ تر بەرەو گوندەکانی سنووری سەنگاو گەڕاینەوە ڕۆژێک هەواڵ هات، بریندارێک لە گوندی مەسۆی سەرچەم قاچی شکاوە من و کاک جوتیار چووین بۆ تەداوی بریندارەکە، هێندەی بیرمە ناوی (محمد عزیز ئەحمەد) بوو لە خانویەکی

چۆڵدا هاواری دەکرد، گوندەکە چۆڵ بوو، یەک دوو خزمی بەلاوە بوون تەداویمان کرد وتمان خەمی بخۆن، نازانین چارەنوس چیە! ڕەنگە ناوچەکە چۆڵ بکەین، ئەمە قاچی شکاوە ناتوانێ بجوڵێ، گەڕاینەوە بۆ ناو هێزەکە، نەگەیشتینەوە هێزەکە، هێزەکە بڕیاری کشانەوەی دووبارە بۆ قەراغ دایەوە بەو هیوایەی کە قەراغ قۆپیەکانی شاخاوی و سەختە بۆ بەرگری، گەرمیان تەختە و بەرگری لێ ناکرێت، لەگەڵ ڕۆیشتنی هێزەکەدا خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوویان لە شارەکان دەکرد من و جوتیار نەگەیشتینەوە هێزەکە هیلاک و ماندوو برسی بەدوای هێزەکەدا، لە تەنگانەی وادا گیانی بەرگری و خۆڕاگری نامێنێ! کەس ئاگای لەکەس نابێت و دەبێت مشوری خۆت بخۆیت برسێتی هێزی لێ بڕیبووین، نیگام بۆ ناوچەکەو دوامانەوە دەکرد، چۆڵ ببوو هەموو تواناکانمان کردبووە هەنگاونان تا ڕوو لەچیای سەگرمە بڕۆین و بەهێزەکە بگەینەوە، دنیا مەیلەو تاریک بوو، فێنکی، دەنگی هێزەکەی پێ دەگەیاندین لەگەڵ تاریکی تەواو هاتنی شەودا بە هێزەکە لە قۆپی قەراغ گەیشتینەوە، ڕووم کردە د.ناصح وتم: بۆ جێتان هێڵاین؟ بە توڕەبوونەوە هاوارم کرد، قەناعەتی پێکردم، ئەوانیش ئاگایان لێنەبووە، لە پڕا وتراوە کشانەوە، کوڕ ئەو کوڕ بوو فریای خۆی بکەوێت، لە هێمنی د.ناصح سەرم سوڕما، لە بارەگای حزبی شیوعی لە قۆپی لامان دا برنج و شلەیان کردبوو ئێمەش ماندوو هیلاک بە ئومێدی خواردنی برنج و شلە ئاهێکمان هاتەوە بەردا، دوو کەوچکم نەخوارد، هێزەکە کەوتە جوڵە بۆ قولایی قۆپییەکان، بەدەم ڕێگاوە بێ کەوچک قاپێک برنجم هەڵگرت و بێ ئاوو شلە، بە ڕۆیشتنەوە ئاودیوی گەدەم کرد، ئەو شەوە تا بەیانی ڕێمان کرد، بەیانی لە یەکێک لە دەربەندی قۆپییەکانی قەراغدا، هەیکەلی نارام سینم بینی لە ژێر کەڵبەزێکدا، لووتی نارام سین شکا بوو، هێندە فیشەکی پێوە نرابوو، هەیکەلەکە بە تاوێرێکی بەرزەوەوە زۆر ئەندازیارانە دروست کرابوو بیرم بەلای ئەوەدا چوو، کورد نرخی مێژوویی شوێنەوارەکانیشی نازانێت، ئەم مێژووە پڕ ڕووداوەی چۆن شێواندووە.

## جارێ تر کشانەوە بۆ دیوی گەرمیان و چۆڵکردنی ناوچەکە

دووبـارە گەڕاینەوە قۆپیەکانی قـەراغ تا بەهۆی سەختی قۆپیەکان و گەڕانـەوەی هێزەکان لەسەرکردایەتی و شارەزایمان لە هەڵدێرو نشێوی ناوچەکان، بتوانین لە قەراغ بمێنینەوە و درێژە بەخەبات بدەین، بەڵام گرتنی گوندی سەوسێنان و زۆربـەی بەرزاییەکان، لەدەستدانی شاخی زەردە، هێرشی کیمیایی جۆراوجۆر، بواری مانەوەی ئەو هێزەی نەدەدا، بە قۆپی قەراغدا تا ئاست گوندی جافەران، قۆپی بە قۆپی هاتین، هێشتا قۆپییەکان نەگیرابوون، دیمەنی چۆڵکردنی بارەگاکانمان بینی لەسەرەتای بەهارێکی تەڕوتوشی پڕ ئاووگیاو گوڵدا بـوو، لەگەڵ خەمە خەفەکراوەکانی ناخ و لێکدانەوەی جۆراوجۆری دەروون و ڕەچاوی مردن لەبیردا نەدەهاتنەوە یەک، چۆڵکردنی گوندەکان، ڕاگوێزانی خەڵکەکە، مەترسی مانەوەی ژیانی دەهێنایە ئاراوە، دەوترا: پێشمەرگە و میللەت، ماسی و ئاون، کە ئاوەکە نەما ژیانی ماسییەکان لە مەترسیدایە، لە دەربەندی جافەرانەوە بەرەو گوندە چۆڵەکانی بەری دیوی قەراغی شاخی سەگرمەی سەرکەش دابەزین، پێشتر هێزەکانی پارتی بە لێپرسراوێتی: ئازاد جافەرانی، قادر قادر، لە دەربەندی جافەراندا بارەگاکانیان دانابوو، بەڵام ئەوانیش بارەگاکانیان چۆڵکردبوو بڵاوەیان بە ناوچەکانی قەراغدا کردبوو، لە هەردەیەکی پڕمێرگ و شیوو سەوزەڵایی بەهاردا لاماندا، بە ئومێدی پشوویەک، چونکە شەوانە نەدەخەوتین بەرگە

بارانیم پێبوو کردمە بەرم، ڕۆژێکی خۆرئاوی بەهاربوو بەنیازی سەرخەوشکانێک هەڵاژام، خەوم لێکەوت هێندەی زانیم، سەرکەوت سەوسێنانی بانگی کردم، دەستی کرد بە پێکەنین وتی: ئەوە چۆن خەوت لێدەکەویێ؟ خەبەرم بووەوە هەموو گیانم ببووە ئارەق لەترسی ڕەقبوونی جەستەم، نەموێرا بەرگە بارانەکە دابکەنم، بەرگە باران، بەس لەکاتی باران بارینداسوودی هەبوو لە ڕۆشتندا هەموو گیانی دەکردی بە ئاو و ئارەق، چونکە نایلۆن بوو، د.فایق هاتە لامان و وتی: دەچین بۆ گوندی قازانقایە من لەوێوە لەگەڵ جوتیاردا دەچم بۆ گوندی مێوڵی بزانم نەخۆشخانەی تیپی ٥٧ی سەگرمە، کە د.جباری لێ بوو هیچ داوو دەرمانی لێماوە، سەرێک دەدەین لەبارەگای تیپ و جێگەکەی، چووینە گوندی قازانقایە، گوندەکە چۆڵکرابوو، بەڵام خەڵک فریای بردنی ئازوقەو کەرەستە، نەکەوتبوون لەماڵێکی چۆڵدا لامان دا بەلێنانی برنج و شلەیەکی نۆک، برسێتیمان لە گۆڕناو ئاهێکمان هاتەوە بەبەردا، پێشتر کە بۆ گوندی قازانقایە، ڕێگامان گرتەبەر لە شیوێکدا هاوڕێ کاوە (ئەو کاتە لێپسراوی کەرت بوو دواتر نێردرا بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ خوێندن، بۆی تەواو نەکرا چووە ئەوروپا) دانیشتووەو بەقەد بەردێکی گەورەوە قوتویەک گۆشتی قوتوی هەڵبچڕیوە داویەتییە بەر خۆرەکە تا خاوببێتەوە بەنانەوە کەوتۆتە وێزەی، منیش نرکەی دڵم دێت لە برسا، دیمەنی نەخشی مانگای سەر قوتوەکەو شۆڕبوونەوەی ئاوی سووربوونی گۆشتەکە بە بەردەکەدا لەمێشکمدا بۆ هەمیشە تۆمار بوو، بە ئێستایشەوە، هەرچەندە بە نابەدڵی فەرمووی لێکردین، بەڵام نەجێگەکە و نەبڕی گۆشت و نانەکە نە ژمارەی ئێمە، بەکەڵکی ئەوە دەهات لابدەین، تەنها بۆنی گۆشتەکە ئاهێکی بەبەردا هێناین و هەستم بە تام و چێژی گۆشت و نانەکە کرد، کە پێشتر هەرگیز خولیای خواردنی گۆشتی قوتوم نەبووە، دیمەنی لاپاڵ و بەردو گۆشت و خاوبوونەوەی بە خۆرەتاو وەک دیمەنی فریاد ڕەسی یەکێک لە خواردنە زۆر بە پێزەکان بە بیرمدا ڕاگوزەری کرد، بێ ئومێدانە بۆ گوندی قازانقایە هەنگاومان نا، هەرچەندە دیمەنەکە مێشکی تەنیبووم، جارێک کە بۆ ئاواتی شێخ جەنابم گێڕایەوە وتی بچوونایەتە خانوەکەی من لە قازانقایە پڕی ئازووقە بوو، هەموویم جێهێشتبوو، دەستم لەیەک شت نەدابوو، لە گوندەکە نانێکمان خوارد، دووبارە لە گوندەکەوە شۆڕبووینەوە بۆ دۆڵەکان ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٦ هەواڵ هات جاش و جەیش گوندی گوڕبازیان سوتاندووە، بەرەو مێوڵی و قازانقایە دێن، کۆمەڵێ جاش پێشڕەوی هێزەکەیان وەک شارەزا

دەکرد، بە گۆرانی وتن دەهاتن نەیان دەزانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا ماوە، بووە تەقە، هەریەکە بەرزاییەک و پاڵ بەردێکمان گرت، بەسام کە سەربازێکی هەڵاتوو بوو پێشتر لە نەخۆشخانە چێشتی بۆ دەکردین، هات بۆ لام ڕەنگی برسکاو بوو، ترس لە سیمای نیشتبوو، چەکی پێ نەبوو شڵەژاوانە وتی: کوا د.فایق؟ کوا د.فایق؟ من چیبکەم! وتم: کاتی ئەوەنییە د.فایق چیت لێبکا، چارەنووسی تۆش وەک چارەنووسی ئێمەوایە، تەقە بەردەوام بوو شەڕ لە هەندێ شوێن هەڵگیرسا، کۆمەڵێ پێشمەرگە ورەیان پێ نەمابوو پێشمەرگەیەک هاواری کرد جاشی خوێری چییە ورەتان بەرداوە! چەکی کیمیاوی، تاک تاک هەواڵی نەمانی پێشمەرگە بۆ تەسلیمبوونەوە بە جارێ ورەی پێشمەرگەی نەهێڵابوو، کە ورەش نەما پێشمەرگە هیچی بۆ ناکرێ، بەڵام بۆ مێژوو ورەو توانای شێخ جەعفەر و لێپرسراوە سەربازییەکان لەو ڕۆژەدا کەموێنە بوو، دوای نزیکەی نیو کاتژمێر تەقە و دەنگی دووری تەقە، دەنگی تەقە نەما بە هۆی چڕی داربەڕوو بنچک و سەوزە گیای گا بەردو هەڵبەزو دابەزی شیو و دۆڵ و مێرگوزاری ناوچەکە، هێزەکە پەرش و بڵاوبوویەوە هەواڵ هات و کۆمەڵێ جاش دەستگیرکراون کە بۆ شەڕو سووتاندنی گوندەکان پێش هێزەکانی دوژمن کەوتبوون، جلی تازەو عەترو بۆنیان لە خۆیان داوە لە هەمان کاتدا ملازم بەختیاری لێ پرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگێرانی تیپی ٥٧ی سەگرمە بەهەڵە بەرەو دۆڵ و نشێوەکان ڕۆیشتبوو، کەوتۆتە دەستی جاشەکان بە دیلی گیراوە. بە ئەمری سەرکردایەتی ئەو سەردەمە لەبەرئەوەی جاشەکان لەشەڕو هەڵمەتی گوند سوتاندندا دەستگیرکرابوون و پێشڕەوی هێزەکەی دوژمنیان کردووە چاو ساغیان بوونە، بە سزای گەل و شۆڕش گەیشتن. ساڵانی دوای ڕاپەڕین هەواڵی ملازم بەختیارم پرسی؟ وتیان ماوەو مستەشاری جاشەکان کردوویەتی بە چەکداری خۆیان و نەیان هێشتووە، وەک پێشمەرگە تەسلیم دەزگاکانی حکومەت بکرێت. هێزەکەمان لە یەکێتی، حزبی شیوعی، پارتی، پێکهاتبوون دوای ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، کۆبوونەوەیەک کرا، ئاماژە درا مانەوەو درێژەدان بەم هێزە زۆرە لە ناوجەرگەی هێزەکانی میریدا دژوارە، بڕیار درا هێزەکە بێتە سێ بەش و بکشێنەوە بۆ ناوچەکانی تر، هێزەکەی پارتی بەسەرپەرشتی ئازاد جافەرانی لەبازیانەوە بچن بۆ گەورەدێ و سەرشاخەکانی چەمی ڕێزان، هێزێکی ٢٠٠ کەسی لە (ی.ن.ک) ناوچەکە چۆڵ بکاو بچێت بۆ بادینان، بە سەرپەرشتی ئاوات قارەمانی، من و د.ناصح بەر هێزەکەی بادینان کەوتین، باقی ئەو

هێزەی کە دەمێنێت بە شاخەکانی سەگرمەدا بپەڕێتەوە بەری ناوچەی هەمەوەند، لەگەڵ حاکم محەمەددا بووم کە خۆی قەراغی بوو، پێم وایە خزمی ئازاد جافەرانیش بوو، ئازاد جافەرانی هات و وتی: چی بکەین؟ هەردەبێ بچین بۆ ئێران، دوای گاڵتەمان پێ دەکەن و دەڵێن (ئاغا کجایی هستی)، وتم یانی چی، د.ناصح کە پێشتر فارسی فێر ببوو وتی: یانی ئاغا خەڵکی کوێی؟ بە پاڵ چیای سەگرمەدا. بەهەورازە نەفەسبڕەکەی شاخەکەدا هێدی هێدی سەرکەوتین، لە بەرزاییەکانی نزیک بەتەختی بەردەڵانی سەر چیای سەگرمە، کۆمەڵێ چەکدار دەبینران، بووە مقۆ مقۆ ئەمانە چین؟ جاشن؟ پێشمەرگەن؟ هەواڵ لە لێپرسراوەکانەوە هات ریزی ڕۆیشتن تێک مەدەن، سەرکەون، ڕیزەکانمان تێک نەدا، تا پێیان گەیشتین، کاتێک یەکمان بینی کۆمەڵێک چەکداری عەرەب بوون، وتیان: ئەمانە (أتحاد دیموقراتین العراقین)، لەسەر ڕێرەوی ئەفسەرە ئازادەکانی عبدالکریم قاسم دەڕۆن، بەرهەڵستکاری ڕژێمن، چاوەڕوان بوون تێکەڵ بین و لەگەڵ پێشمەرگەدا ناوچەکە جێبهێڵن، ژن و منداڵیان لەگەڵ بوون، یەکێک لە منداڵەکان شیرە خۆرە بوو، توشی بەدخۆراکی و سک چوون ببوو، هەر دەکرۆزایەوە، باریک و بێ هێزببوو، گەیشتینە سەرچیاکە، برادەرانی تیپی ٥٧ی سەگرمەمان بینی، کاک ئازادی سەگرمەو چەند پێشمەرگەیەکیان لەگەڵ بوو، شێخ عەتا تیماری زاوای شێخ ڕەشیدی قەڵایان لەگەڵ بوو، چاک و چۆنی هەواڵ پرسین، پرسیاری خزمانی خاوێ و علاءالدینم کرد، کە تائێستا لە ئەمریکا دەژی، وتی: هەموو سەلامەت بوون لەگەڵ خەڵکەکەدا بۆ ناو شار گەڕاونەتەوە، تەنها خاڵی علاءالدین نەبێت کە باری دەروونی تەواو نەبوو، خانوە چۆڵەکە جێ ناهێڵێ، بەشی ماوەیەک ئازووقەیان بۆ جێ هێشتبوو، پێم وایە تا ماوەیەک بەتەنها لە خانویەکدا مابۆوە، دوایی سوپای عێراق دەستگیریان کردبوو، لە بەیاننامەیەکدا بە گرتنی لێپرساوی یەکەمی پێشمەرگە ناو زەندیان کردبوو، بەڵام ناویان نەدەهێنا، چونکە سەری سپی و ریشی نەدەتاشی، دەری دەخست کە باری دەروونی تەواو نییەو کوردواتەنی شێتە، دوای ماوەیەک بگرەو بردە ئازادیان کردبوو، کەوتینە بڕینی ڕێگای درێژی سەر چیای سەگرمە، هەرچەندە بانێکی تەختە، بەڵام بەردەڵانە، نمە نمە بارانیش دەباری لەگەڵ ئێوارانێکی درەنگدا گەیشتینە گوندی دلکەی نزیک شارۆچکەی سەنگاو، گوندەکە چۆڵ بوو، بەڵام هێشتا خانوەکان نەڕووخابوون، لەگەڵ د.ناصحدا، بزن ئاسا کە بۆ شەوێک جێگەی خۆی خۆش دەکات، سەکۆ و بەر هەیوانێکمان پاککردەوە بە ئومێدی مانەوەی

شەو لە گوندەکەدا، کە زۆر هیلاک و کفت بووین دوای پاکردنەوەی شوێنەکەمان کە هیچ ڕاخەروو پەردوویەکی لێ نەبوو، دانیشتین، سەیری ڕەبیەو لایتی سەرجادەی سەنگاومان دەکرد، کە لە تاریکیدا دەدرەوشانەوە، ئێمەش نەمان دەتوانی هیچ ڕووناکییەک بخەینەوە تا کەشف نەبین، لە پڕ هەواڵ هات بەسام، کە بێ چەک بوو چێش لێنەری نەخۆشخانەکەمان بوو، دیار نەماوە، بە هۆی ترسی زۆر لە چارەنووسی نادیاری ئێمە و نزیکبوونی ڕەبیەکانی جادەی سەنگاو/ چەمچەماڵ، فرسەتی هێنابوو خۆی پێیان بگەیەنێ و تەسلیم ببێتەوە، تەسلیم بووەوە، خەڵکی گەڕەکی بەرتەکێی کەرکوک بوو، دەبوو کاک عمر فتاح و شێخ جەعفەر ئاگادار بکرێتەوە، وتیان دکتۆر برایم تۆ بچۆ بە شێخ جعفەر بڵێ وتم ناچم، شێخ جعفەر پیاوێ جدی و تورەیە، ئەم هەواڵەی لە سەر ئەم هیلاکییە پێ بڵێم هێندەی تر تورە دەبێت، سەرئەنجام دکتۆر ناصح چوو، بە د.فایق و شێخ جەعفەر بڵێ، ریسی پشوودانمان بووەوە بە خوری، بە هۆی نزیکبوونەوەمان لە ڕێگەو ڕەبیەکانی سەر جادەی سەنگاو/ چەمچەماڵ دەبوایە لە شوێنی پشوودانەکە دوور بکەوینەوە، دووبارە بە لاپاڵی دیوی گەرمیان و هەمەوەندی چیای سەگرمەدا بەڕێکەوتین بەرەو گوندەکانی دەروێشان، گۆمە زەرد، هەردەو شیو و بەردەلانی زۆرمان بڕی، هیلاکی پەلەکردن، برسێتی لێ بڕین، لە ڕێگا کە لاپاڵی پڕ لە خڕە بەردو جێجێ هەورازو جێجێ نشێوی گڵ بوو، نەوەستاین، تا گەیشتینە گوندی دەروێشان. (ساڵی ٢٠١٥ بۆ پرسەیەک چوومە کەرکوک لە گەڕەکی بەرتەکێی سەرجادەی سلێمانی کەرکوک، بۆ ئاوکڕین چوومە دوکانێکەوە هەستم کرد خاوەنی دوکانە کە دەناسم وتم: ناوت چییە وتی: ناوم بەسام، زانیم بەسامی چێشت لێنەری پێشمەرگایەتییە، وتم من فلان کەسم، ئای کە تەسلیم بوویتەوە چیت پێمان کرد، لە هیلاکی و شەونخوونی، دەستی کردە پێکەنین و هەواڵی دکتۆرەکانی پرسی، ناونیشانی هەڤاڵانی سەردەمی شاخم پێدا). لە گوندی دەروێشان تازە خانوەکان سوتێنرابوو بەڵام دیواری هەندی ماڵەکان مابوو، یادگاریەکانی پێشتری سەردەمی پێشمەرگایەتیم بیرکەوتەوە ڕوانیم بۆ ماڵی حەمە ڕەشیدی دۆستی باوکم کە پێشتر بە پێشمەرگایەتی سەردانم کردبوو، گوندەکە، کە بۆنی سووتاویی باروتی لێدەهات، جگە لە پشیلەیەکی کە نەفتی نوزە دەرنەهاتوو، ئەوەی پێی بڵێی گیانەوەرو زیندەوەر لەگوندەکەدا نەبوو، پشیلەکە هەستی بە بوونی مرۆڤ کرد هەستاو دەکەوتەوە، کەوتە میاواندن کەس بیری بەلای برسێتی و بڕست لێبڕینی پشیلەکەدا نەچوو، تا دوور

کەوتینەوە، هەر دەیمیاواند، کە دەیویست بڵێ: بمبەن لەگەڵ خۆتان، من هەوارم جێ نەهێڵاوە! ئێوە بۆ من جێ دەهێڵن، دوای دوو تا سێ جار هەڵسان و پاشان کەوتنەوە تا نوزەی تیابوو میاواندی، ئێمەش دوور کەوتینەوە، هەر بەردەوام بوو لە میاواندن ئێستاش دیمەن و پەناهێنانی ناچاری پشیلەکە بۆ ئێمە، لە مێشکمدا لێدەدرێت، کتێبێکم لەسەر ئەنفال بە ناونیشانی (دواساتەکانی مەرگی پشیلەکەیەک) نووسیوە، نامەوێ لێرەدا زیاتری لە بارەیەوە بڵێم، کە ئاهو ناڵەی پشیلەکە بابەتی فلیمێکە. بەرەو گوندەکەی خۆمان هەشەزیینی هەنگاومان نا، کەوتمە باری دەروونی سەیرەوە، شەوە، تاریکە، جێجێ هەورو بارانە، ئەمە گوندەکەی خۆمە، نەدەنگێک، نە کەسێک، نە حەپەی سەگێک، نە دیوارێک تێک دراوە تەنها سەری خانوەکان سووتاوە، نە باعە باعی بزنێک، نە نازو ئاهی پشیلەیەکی برسی نایەت، دەبێت ئەم خەڵکە چیان بەسەر هاتبێت؟ ویستم سەردانێکی هەوارە تێکدراوەکەی ماڵ باوکم بکەم، بوار نەدرا لە پڕ ڕیزەکە جوڵاو وترا: (بیگەیەنە سیروان کاکەحەمە بێتە پێشەوە) تێگەیشتم بۆ شارەزاییە، سیروان کاکەحەمە پێشمەرگەیە ئازاو چاونەترسی خزمی خۆم بوو، خەڵکی گوندەکە بوو، دوایی لەلایەن ڕژێمەوە بێ سەرووشوێن کرا، دوای بڕینی ڕێگایەکی هەڵبەزو دابەزی زۆر، لەمەنزڵگەی ئاشە تەنەکە گەیشتینە چەمی باسەڕە، دەبوو ئەوشەوە لەجادەی سەنگاو/ دەربەندباسەڕە بپەڕینەوە بەری هەمەوەند، لەساتی پەڕینەوەی ئاوی باسەڕە، ئاوەکە زۆر سارد بوو، ئێمەش کەنەفت و ماندوو، نەدەبوو پێڵاویش دابکەنین، پەڕینەوە لەتەخت ورتاوێرە بەرزەکانی ئەوبەری چەمی باسەڕە گوێم لەفیکەیەک بوو، ڕێک بەرەوفیکەکەرهەنگاومان نا، گەیشتمە ئاستی فیەکەکە کە جاروبار لایتیشی لێدەدا، یەکێک لە فیکەکەران: گاڵتە ئامێزانە وتی: چەند زۆرن، کیمیاوی لێیان نادا کەمیان کاتەوە، دەنگەکەم ناسی لام کردەوە شەهید حمەڕەش بوو، کە بۆ پەڕینەوەی چاوساخی هێزەکە هاتبووە چەمی باسەڕە، پێم وابوو هەر لەوێ زیاتر نەهات لەگەڵمان و گەڕایەوە بۆ گەرمیان و لەوێ مایەوە، دوای نزیکەی دووساڵ لە ئێران حەمە ڕەشم بینیەوە وتی: کە جاری دووەم هەشەزیینیان تێکداوە لە دورەوە بە دوربین سەیرم کردووە، ئێستا نەک دیوار و بگرە دارو پەردووەکەشی تەخت کراوە، مزگەوتەکانیش تێکدران، سەرچاوەی ئاوەکانیش پڕکرانەوە، تا پێشمەرگە پارتیزانەکان سوودی لێ نەبینن.

# ڕۆشتنی بەردەوام لە ناوچەی هەمەوەند

بەرزایی و هەورازەکانی کە نارەکانی ڕووباری باسەڕەمان بەرەو جادەی سەنگاو/ دەربەندباسەڕە بڕی، ڕووناکایی ڕەبییەو مۆڵگەکانی جاش و سەربازەکانی بەرزاییەکانی سەرجادەکە دەرکەوتن، بەردەوام بێ وەستان ڕیزەکەمان بەرەو جادەکە دەڕۆیشت، چەند شیوو کەڵبەزی پڕ لە خوڕەی ئاوی بەهاری تەڕوبارانداری ساڵی ١٩٨٨مان بڕی، ترس و دڵەڕاوکێی بڕینی جادەکەو کەشفبوونی کاتی پەڕینەوەکە، بەرۆکی گرتبووین، جاروبار نوزەی منداڵە وشک بووە سک چووەکەی برادەرانی ئەفسەرە سەربەخۆکانیش، هێندەی تر مەترسی ئاشکرابوونی هێزەکەی لەسات و کاتی پەڕینەوەدا دەهێنایە ئاراوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی جادەکەدا شێخ جەعفەر هاتووچۆی بە پاش و پێشی ڕەتڵەکەدا دەکرد، دەیوت: ئەم شەو هەر دەبێ ئەم جادە ببڕین، بچینە ناوچەی قوڵایی هەمەوەند، کەس لایت یان جگەرە دانەگیرسێنێ! خەمی گەورەمان منداڵە نوزەکەرەکەبوو، دوای پەڕینەوە لە جادەکە زانیم پێشمەرگەیەک منداڵەکەی لە دایکەکە وەرگرتبوو، لە ساتی پەڕینەوەی جادەکەدا بە داپۆشین نەیهێشتووە دەنگی منداڵەکە دەربچێت چونکە هەمیشە ئێمە بە نێو ڕەبیەو سەربازەکاندا بە جادەکەدا دەپەڕینەوە، مەترسی کەمین کەمتر بوو لە نزیک ڕەبیەو مولگەکان، لە جادەکە پەڕینەوە کەوتینە ڕێکردن بەرەو گوندی خاڵدان، بە ئاراستەی ئاسایی بەرەو گوندەکە نەدەڕۆیشتین،

بەڵکو ئاراستەکە ژوورو خواری زۆری پێ دەکردین، جاروبار وردەبارانیش دەباری، دوو دیاردە سەرنجی ڕادەکێشاین یەکێکیان: وەڕینی بەردەوامی سەگی گوندەکان بوون کە هەندێکیان تازە چۆڵکرابوون ئاماژەبوون بە نزیکی گوندەکان، هەندێک لە پێشمەرگەکان دەیان وت: گیان، قوربانی ئەو دەنگەتانبم دەنگتان چەند خۆشە! وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی گوندو پشوودان و ئاوەدانی و نانخواردن. دیاردەکەی تر ئاگرکردنەوەی گەورە گەورەی شوانەکان لە شەودا بوون، کە تازە گوندەکانیان چۆڵکرابوو، ئاژەڵەکان کۆدەکرانەوە شوانی کەم تەمەن بە دیاریانەوە بوون، لەسەرما ئاگریان کردبۆوە بەبینینی هێزەکە تاسان، سەیری ئێمەیان دەکرد، سەریان سوڕدەما! ئەم خەڵکەو پێشمەرگەیە بۆوای بەسەردا هات. شەو تا بەیانی ڕێمان دەکرد بێ وەستان، برسێتی وزەی لێبڕبووین، لەگەڵ ڕۆژبوونەوەشدا نەمان دەوێرا بچینە گوندەکان، چونکە تازە چۆڵکرابوون جاش و جەیش دەهاتن بۆ سووتان و تەخت کردنیان، پێشمەرگە برسی و ورە ڕووخاوبوو، توشی شەڕ نەبووایە شەڕی ساڵانی پێشووتری پێنەدەکرا، ڕۆژ بووەوە لە هەردەو شیوو مێرگێکدا لاماندا، هەندێک بە کڕین و هەندێک بە پیاوەتی ئاژەڵیان لە شوانەکان دەکڕی و سەریان دەبڕی، هێزەکە کۆمەڵ کۆمەڵ بوون، من و دکتۆر ناصح نە هیچ ئاژەڵێکمان کڕی نە توانای سەربڕینمان هەبوو، دکتۆر فایق هاتەلامەوە دەستی کرد بە گیرفانی دا و چەند لووقمە گۆشتی نیمچە برژاوی بێ خوێی دامێ، لەو ساتەدا گەورەترین خەڵات بوو کە پێشتر یەکێک لە کۆمەڵە پێشمەرگەکان بەناوی نەخۆشخانەوە هەندێک گۆشتی بە دکتۆر فایق دابوو، پلە گۆشتەکان جیڕبوون، زۆر نەبرژابوون، بگرە دیوێکی سووتابوو، دیوێکی کاڵ بوو، بە زمەی تفەنگ لەسەر بەردو داربرژابوون، من کە ئێستاش حەز بە گۆشتی برژاوناکەم ئەو تامە کاڵ و نەبرژاوەم هەر لەبیرە، ئەو دوو سێ پلە گۆشتە بێ خوێیە، ئاهێکی هێنایەوە بەبەرمدا، کەمێک شالاوی برسێتیمی ڕەواندەوە. ڕۆژێکی خۆرەتاوی بەهاری دوای بارانبارین بوو نەدەچووینە بەرزاییەکان لە شیو دۆڵەکاندا خۆمان حەشاردەدا، چێشتەنگاوێکی درەنگ لە ناکاو بووە تەقەو تۆپی دوور هاوێژ، هێزەکە شڵەژا هەرکەسەو سەنگەری دەگرت، ماوەیەک بە ئامادە باشییەوە ماینەوە، هیچ گوللەیەک بەرەو ڕووی ئێمە نەهات، تۆپەکان دەگیرانە شاخی دەربەندی بازیان بە دیوی هەمەوەندا، دواتر زانیمان جەیش و جاش بەنیازی سوتاندنی گوندی کانی چنار دەجولێن، پێش چوون بۆ گوندەکە

تۆپبارانی خەستی گوندەکە دەکەن، بزانن بەرگری هەیە یان نا، گوندەکە چۆڵ کرابوو بەرگریش نەدەکرا، لە دوورەوە بینیمان گوندەکەیان گڕ تێبەردا، دیمەنی دووکەڵ و سووتانی خانوەکان ئاسمانی داگیرکرد، کە گوندەکە بە تەواوەتی سووتا جەیش و جاشەکە گەڕانەوە مولگەکانی خۆیان، لەسەر جادەی چەمچەماڵ/دەربەند بازیان، نە هێزی دوژمن بە ئێمەی زانی نە ئێمە فیشەکێکمان تەقاند، تا ئێوارەیەکی درەنگ لە شیو و دۆڵەکاندا ماینەوە، تا ئەوکاتە هەر لە سنووری مەڵبەندی یەکی ئەوکاتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووین، وترا دەبێت ئەم شەو ئەو ڕێگەیە ببڕین و بپەڕینەوە ئەوبەر، کە سنووری تیپەکانی ٢٥ی خاڵخالان و ٢١ی کەرکوکی ئەو کاتەی سنووری مەڵبەندی دوو بوو، سنوورەکە، هێشتا ئەنفالی پێنەگەیشتبوو چونکە شالاوی ئەنفالەکان قۆناغ بە قۆناغ، ناوچە بە ناوچە جێبەجێ دەکرا، دوژمن دەیویست ئەو ناوچانەی توانای بەسەریدا نییە، ناوچەکە چۆڵ بکات، بۆیە لە سەرەتاوە قۆناغەکانی ئەنفال دوای گرتنی سەرگەڵو بەرگەڵو بارەگاکانی سەرکردایەتی، قەرەداغ و سنووری مەڵبەندی ١ی ئەو کاتەی دەگرتەوە، تا ناوچەیەکی چۆڵ نەکردایە نە دەچوو بۆ ناوچەیەکی تر. لەگەڵ ئێوارەیەکی درەنگدا، بڕیاری پەڕینەوە لە جادەی دەربەندی باسەڕە درا، پێش پەڕینەوەکە کۆبوونەوەیەکی بچووک کرا لە کۆبوونەوەکەدا شێخ جەعفەر وتی: کێ ناتوانێ، کێ دەترسێ پێمان بڵێ! دوایی هەرکەسێ مایەی کێشەو کەشفبوونی ئەم هێزەبێت لێی قبوڵناکرێ، لاریم لە کوشتنی یەک دوو کەس لە پێناوی پاراستنی هێزێکی (٥٠٠) کەسیدا نییە. لەبەرئەوە کێ نیازی خراپە ئاساییە پێمان بڵێ! مەبەستی تەسلیمبوونەوە بوو، کێ دەیەوێ با بڕواتەوە، کەس ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەر، تا دەهات هێزەکە لە جادە پەڕینەوەکە نزیک دەبووەوە، جاروبار ئاراستەی با دەنگی قسە کردنی ناوڕەبییەکانی پێدەگەیاندین، بە کوردی قسەیان دەکرد، زانیمان جاش و چەکداری کوردن، لەگەڵ گەیشتن بە بەرزاییەکانی نزیک جادەکە، ڕەبییەکان تەڵقە تەنورەیەکی ڕووناککەرەوەیان هەڵدا، وەک ئەوەی هەستیان بە شتێک کردبێت زۆر لە ڕیزەکانی پێشمەرگە، خۆیان دا بەزەویدا، شێخ جەعفەر توڕەبوو وتی: پێتان دەڵێم زووکەن ناجوڵێن، دەڵێی قاچتان خەنەی پێوەیە هەستن و بجووڵێن، گەیشتینە سەر جادەکە کەوتینە نێوان دوو ڕەبییەوە، ڕەبییەکان نزیک بوون لێمانەوە گوێمان لە دەنگیان بوو چوار پێشمەرگەی گیانفیدایی بوون بەکەمین، لەسەر جادەکە، تا هێزەکە پەڕیەوە بەسەلامەتی، گەیشتینە ئەوبەری جادەکە،

ئێستاش نازانم چۆن پێکدادان لەگەڵ ڕەبییەکان ڕووی نەدا! هەرگیز بڕوام نەدەکرد، بە پەڕینەوەی ئێمەیان نەزانیبێت، هەستم کرد یا قسەیان لەگەڵ کرابێت یا کە کورد بوون، سۆزیان جوڵاوە، یا هەر هۆیەکی تر کە ترساون، وتیان: باخۆمان لەم شەڕە نەدەین، بە سەلامەتی تێپەڕین گەیشتینە ئەوبەری جادەکە، ئاهێکمان هات بەبەرداو هەستمان کرد لە مەترسییەکی گەورە ڕزگارمان بوو، بەری ئەم بەر هێشتا چۆڵ نەکرابوو ماڵەکان لە گوندەکەدا مابوون، یەک و نیوی شەو بوو، گەیشتینە گوندی باوە فەتی، کە نزیک بە جادەکە بوو، بەڵام لە جادەکەوە دیارنەبوو، برسی، ماندوو، هیلاک، خۆمان گەیاندە ماڵێکی دوکاندار ماڵەکە نووستبوون خاوەن دووکانمان هەستان، پێشمەرگە کەوتنە شت کڕین، پسکیتی عەلادین هەبوو کە ناوەکەی کریمێکی چەوری تیابوو، چەند بسکیتێکم هەڵگرت، د.ناصح وتی: بە دانە نا پاکەتەکە هەمووی بکڕە پاکەتەکەم هەڵگرت، وتم بە چەندە؟ وتی بە دینارو نیوێ، پاکەتەکە هەندێکی لێفرۆشرابوو پارەکەم پێداو پاکەتەکەم لە دوکانەکە هێنایە دەرەوە، لەگەڵ دکتۆر ناصح کەوتینە خواردنی پسکیت، هەرچەندە پسکیتەکە دیوی دەرەوەی وشک بوو دیووی ناوەوەی کرێم دارو چەوربوو، هێندەمان خوارد گەدەی تێکداین بۆ ڕۆژی دواتر من نەخۆشکەوتم و گەدەم تێکچوو ماوەیەک سکم دەچوو. شەو ماندوو هیلاک لە پەناو پەسێری مزگەوتەکەدا ماینەوە بەیانی بەرەو گوندەکانی تیژەو تلیان ملی ڕێگامان گرتەبەر.

## گوندی گۆپتەپە، بۆنی چەکی کیمیاوی

بەرەو گوندەکانی تیژە و تلیان بەڕێکەوتین، هێشتا گوندەکان چۆڵ نەکرابوون، من لەگەڵ د.ناصحدا لە گوندی تلیان چووینە ماڵی پیاوێکی کەواو سەڵتە لەبەر ناوی حاجی محەمەد بوو، دوای بەخێرهاتن سەیرێکی سیمای کردین، وتی: ئێوە چ حزبێکن؟ وتمان یەکێتی، سەرێکی باداو وتی: یەکێتی هیلاکن، هیلاک! دوای ڕاپەڕین زانیم ئەم پیاوە باوکی حاجی إسماعیلی فەرمانبەر لە ڕۆشنبیری چەمچەماڵ بوو، خێزانێکی کوردپەروەرو دۆستی یەکێتی بوون، برادەرانی تری نەخۆشخانە هەموو لە گوندەکە یەکمان گرتەوە، ڕیشهاتو و چڵکن و هیلاکی ڕێبڕینی گەرمیان بە جەستەمانەوە دیاربوو، جلەکانمان هەر خۆڵ و تۆز بوو، د.فایق هات وتی: برادەران دەڵێن: خۆیان و جلەکانیان بشۆن، سیمای هیلاکی بە ڕوخساریانەوە نەمێنێ با ورەی هێزی پێشمەرگە لێرەش نەڕووخێ، چونکە هێشتا ئەنفال و شاڵاوەکانی، سنووری مەڵبەندی دووی ئەو کاتەی نەگرتبۆوە. بەهارێکی تەڕوپاراو بوو لە مێرگ و کانیاوەکان خۆمان و جلەکانمان شۆرد، نەگەڕاینەوە گوندەکە، تا جلەکانمان وشک بوونەوە. تاڕادەیەک سیماو جلوبەرگەکانمان لە تۆز و خۆڵی خەوتنی سەر داروبەردی گەرمیان و قەرەداغ پاک بووەوە، دوای یەک دوو ڕۆژ مانەوە، بەرەو زێ و گوندی گۆپتەپە کەوتینەڕێ، تەنها کادرەکانی نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەک و پێشمەرگەکانی نەخۆشخانە بووین، لە گوندەکە

دوورکەوتینەوە، کۆمەڵێ چەکدار لە دوورەوە هەر سەیریان دەکردین، لەبەر هیلاکی و ناڕوونی بەرنامەی ڕۆیشتن و نادیاری چارەنووس هیچ بایەخێکمان بە چەکدارەکان نەدا، بەڵام بیرمان بۆ جاش و چەکداری حکومەت نەدەچوو، چونکە هێشتا ناوچەکە پڕ بوو لە هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگەکانی گەرمیانیش دوای چۆڵکردنی سەرگەڵو بەرگەڵو، گەڕابوونەوە ناوچەکە، لە ڕۆژئاوای گوندەکە کەوتینە شیو و دۆڵێکی چۆڵی سەوزی بەهارەوە، هێندەمان زانی چەکدارەکان هاتنە سەر بەرزایی چاڵەکان و ئێمەش لە قوڵایدا بووین، فیشەکیان ڕاکیشا و وتیان کاکە ئێوە چین؟ وتمان نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەکێتین، کە زانییان پێشمەرگەین و هیچ تێک نەچووین و دەستمان بۆ چەکەکانمان نەبرد، هەندێکمان کۆڵبەری دەرمانمان پێبوو، بڕوایان کرد و گەڕانەوە دواوە، ڕەحمان کە ئامر مەفرەزەی پێشمەرگەکانی پاسەوانی نەخۆشخانە بوو، وتی: بەخوا چاک بۆمان هاتوونە مەیدان، خۆ پیاوخراپ بوونایە، ئەوان لەبەرزی و ئێمە لە دۆڵەکەدا، کەسمان دەرنەدەچووین و هەموومانیان شەهید دەکرد.

چەکدارەکانی هێزی پشتگیری و چەکداری گوندەکان بوون، بۆ پاراستنی خۆیان ئەو کارەیان نواند، ئەو دوو ڕۆژەی لە گوندی تیژە و تلیانماینەوە، هەواڵی تەسلیمبوونەوەی هیوا باڕۆیی کە ماوەیەک سەرتیپی ٥٧ی سەگرمە بوو هات، د.کاوان، کادری پزیشکی تیپی ٥٧ی سەگرمەش تەسلیم بووەوە، کە ماڵەوە هاتبوون بە شوێنیداو بردیانەوە و ئەنفالیش کرا، زۆر کەس کاغەز و هەواڵی بۆ چەمچەماڵ و سلێمانی بۆ کەسوکاری دەنارد، یان دەهاتن بۆ لای یان وەڵامی کاغەزەکان دەهاتەوە، لەبەر نزیکی چەمچەماڵ ویستم نامەیەک بنێرمەوە بۆ ماڵەوە تا هەواڵم بزانن، دواتر لێکم دایەوە وتم پێویست ناکات، با توشی کێشە نەبن، ڕەنگە نامە بەرەکە متمانەی نەبێ، دوایی کە چوومە ئێران د.مارفم بینی ئەو پێشتر چووبووە ناو شار بە نهێنی و گەڕابۆوە سەقز، وتی: ماڵی ئێوە بێ تاقەت بوون هەواڵتیان نە دەزانی، دوایی کە چووە سۆڤێتی ئەوکاتە بۆ خوێندن هەر لە ڕێگەی ئەوەوە هەواڵی سەلامەتیم، گەیاندە ماڵەوە.

تیپی ٥٧ی سەگرمە، لە سنووری مەڵبەندی دوو مانەوە، ئێمە گەیشتینە گوندی گۆپتەپە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٦دا، بەڵام لە ١٩٨٨/٥/٣دا، دوژمن بە چەکی کیمیاوی جۆراوجۆر زۆر بێ بەزەییانە گوندەکەی کیمیاباران کردبوو، زیاتر لە ٣٠٠ کەس شەهید ببوون، گوندەکە بۆنی چەکی کیمیایی لێ دەهات، سیمای شەهیدان و مردن بەباڵای خەڵک و گوندەکەوە دیاربوو، خەڵکێکی

سەرلێشێواو و شپرزە دەهاتن و دەچوون، خەریکی گوێزانەوەو ماڵبارکردن بوون، لەبەر ئێش و ئازار و گیرۆدەیی خۆیان، کەس ئاوڕی لە پێشمەرگەو چوونمان بۆ گوندەکە نەدایەوە، کیمیایی و تۆپبارانی گوندەکە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی سنووری مەڵبەندی دووی ئەوکاتە بوو، دوژمن لەهەر ناوچەیەک گوندێکی قەرەباڵغی کیمیاباران دەکرد تا ترس و ڕەو لە ناو خەڵکەکەدا بڵاوبکاتەوە کۆچ بکەن و ناوچەکە جێ بهێڵن، گۆپتەپەش لە گوندە قەرەباڵغ و بە خزمەتەکانی هێزی پێشمەرگە بوو، بە بینینی دیمەنی گوندەکە، دیمەنە جۆربەجۆرەکانی ئەنفال و کیمیابارانی سەوسێنان و قەراغ و بەلەکجار و زەردە و زۆر شوێنی ترم بیرکەوتەوە، مرۆڤ کە تووشی بێئومێدی دەبێ، هیوای بەژیان نامێنێ، هەستم کرد قەدەری میللەتی بێ پشت و پەنا لە ناو هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ئەم جیهانەدا هەر قوربانی دانە، پرسیاری ماڵی شێخ لەتیف عەسکەریم کرد کە خزمی شەهید عەلی عەسکەری بوو، پێشتر لەساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکاندا کە لە خەستەخانەی ئاغجەلەر بووم، بە هۆی پەروین خانی خێزانییەوە کە لە خەستەخانەکە لامان سستەر بوو، یەکمان بینی بوو، وتیان شەهید بووە بە چەکە کیمیاییەکە، هێندەی تر بێ ئومێدی بەرۆکی گرتم، زۆر لە گوندەکەدا نەماینەوە لەگەڵ بانگی ئێوارەدا گەیشتینە سەررزێ، بەرامبەر گوندی قزلو لەبەری کۆیە، کەڵەک، لە تایەو تەختە دروست کرابوون بۆ پەڕینەوە لە زێیەکە، ئاوی زێیەکە خوڕ و ترسێنەر بوو، ساڵی ١٩٨٨یش ساڵێکی پڕ باران و ئاو زۆری بوو، بە کەڵەکەکاندا لە ئاوی زێیەکە پەڕینەوە بەری کۆیە، لە گوندی قزلو هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە پەڕیبووینە بەری کۆیە یەکمان گرتەوە، گوندەکە ئاوەدان و هێشتا شاڵاوی ئەنفال بەری کۆیەی نەگرتبۆوە، من لەگەڵ د.ناصحدا چووینە ماڵی ئەنجومەنی گوندەکە، کوڕێکی ڕووخۆشی تێگەیشتووبوو، ماوەیەک پێشمەرگایەتی کردبوو، ئێواران سەعاتێک تا دوان موەلیدەی گازی کارپێدەکرد تەلەفزیۆنێکی ڕەش و سپی بچووکی دانابوو، سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد جگە لە هەواڵی شەڕی عێراق/ ئێران، وێنەی سەدام حسێن و جاروبار هەواڵی ئەنفال و چۆڵکردنی کوردستان، شتێ تر لە ئارادا نەبوو، بە دەرکەوتنی سەدام حسێن لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە قسەی ڕوناکبیرێ کوردم بیردەکەوتەوە کە وتبووی وەک سەگەکەی زانای دەروونناسی سۆڤێت (باڤلۆڤ)مان لێ هاتووە، هەر سەری کاتژمێرهات و دەنگوباس بێ، وێنەی سەدام حسێن دەرنەچێ! لیک بە دەممانەوە دێتە خوارەوە، باڤلۆڤ کە نانی بە سۆندە دەدا بە سەگەکەی

لە کات و ساتی خۆیدا، سەگەکە وا ڕاهاتبوو کە ساتی کاتژمێری خواردنی بوایە، خواردنەکە دیار نەبوایە ئاو بە دەمیا دەهاتە خوارەوە، ئێمەی بێ ئومێد و هیلاک و ماندوو سوودمان لە سەیری تەلەفزیۆنیش وەرنەدەگرت، دوای نانخواردن و مشتومڕێکی دەنگوباسی کەم، بەتانی خۆمان هەڵگرت و بۆ مزگەوتی گوندەکە گواستمانەوە، چونکە پێشمەرگە دەبوو شەوان ئێشک بگرێت، بە کۆمەڵ لە مزگەوتی گوندەکاندا شەوانمان دەکردەوە.

نزیکەی هەفتەیەک لە گوندەکەدا ماینەوە، ڕۆژانە لەسەر حەوزی ئاوی مزگەوتەکە، پێشمەرگە سەریان دەشۆرد بە ئاوی سارد، گوندەکە تەڕو پاراو بوو، بە هۆی نزیکی لە زێیەکەوە دارو سێبەری زۆر بوو، ماوەی هەفتەیەک لە گوندەکەدا ماینەوە، ڕۆژێ هەواڵ هات جەیش و جاش هێرشی کردووە هەموو کەڵەکی پەڕینەوەی ئاوی سەر زێیەکەی سوتاندوە، ئەمەش دوای کیمیارانی گوندی گۆپتەپە، سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی زەمینی ئەنفالی سنووری ئەمبەرو ئەوبەری زێ و ناحیەی ئاغجەلەر و شارو دەشتی کۆیە بوو.

لەو هەفتەیەدا کە لە گوندی قزلوی بەری کۆیە بووین، زۆر لە پێشمەرگەکانی سنووری مەڵبەندی سێمان ناسی، لەوانە کاک ئازاد، ڕابەر سیاسی تیپی ٩٣، کە دواتر شەهید بوو، چەند ئامر کەرتێک. کۆبووینەوە باسی شۆڕش و ئەنفال و هاتنی جەیش و جاش بۆ سەر زێ کرا، برادەرانی سنووری کۆیە وتیان: چەند کەسێکمان دەچین بۆ مەڵبەندی سێ لە دۆڵی سماقوڵی، دەنگوباسی دەڤەرەکان ئاڵوگۆڕ دەکەین و بزانین ئەمری سەرکردایەتی و مەڵبەند چییە، بڕیار درا من و د.ناصح لەگەڵیان بچین، د.فایق کاغەزێکی بۆ کاک کۆسرەت بە د.ناجحی برایدا نارد، هاوکاری بکات بچێتە ئێران تا هەواڵی ماڵەوەیان بزانێ کە لە هەڵەبجە بوون و چارەنووسیان دیار نەبوو. بە گوندەکانی بناری کۆیەدا (مەلا زیاد، کاولان) دەڕۆیشتین، هەڵکشاین بۆ ئەودیوی هەیبەسوڵتان، لە گوندی کاموسەک بەرامبەر هیران و نازەنین شەوێک ماینەوە، ئازاد جافەرانی و برادەرانی پارتیمان بینییەوە، کە لە قەرەداغ لەیەک جیابووینەوە، ئەوان لەگەورەدێ و چەمی ڕەزانەوە هاتبوون بۆ کاموسەک و دەیانویست بچنەوە ئێران، دنیا تەواو گەرم ببوو، بەڵام شەو بە هۆی ئەوەی کاموسەک بە بەرزییەوە بوو سارد بوو، ڕۆژێ دواتر بەرەو نازەنین پەڕینەوە، ماوەیەکی کەم دوای ئێمە گوندەکانی بەرامبەر هیران و نازەنین و کاموسەکیش هێرشی چەکی کیمیاوی گرتبوویەوە، شەوی دواتر چووینە گوندی نازەنین، نزیکی

هیران. دەوترا: هیران و نازەنین ناوی دوو خوشک بوونە، گوندەکانیان بە ناوەوە ناونراوە، هیران ببوە ناحیە، نازەنین گوندێکی قەرەباڵغ و تا ڕادەیەک گەشتیاری و فێنک بوو، شەو لە ماڵی پێشمەرگەیەکماینەوە، ماوەیەک لە تیپی ٥٧ی سەگرمە پێشمەرگە بوو، هەواڵی کاک ئازادی سەگرمە و گوندی مێوڵی پرسی، شەو تا درەنگێ بە باس و خواسی گەرمیان و چۆڵکردنی گەرمیان و سروشتی جوانی قەرەداغەوە قسە و باسمان کرد، ڕۆژبووەوە بەرەو دۆڵی سماقوڵی کەوتینە ڕێ، بارەگاکانی مەڵبەندی سێ، بەش بەش بوون، کەرتی سجن و زیندانییەکانی لە دۆڵی سماقوڵی بوو، بارەگای مەڵبەند لە گوندی خەتێ بوو، نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ، بەش بەش بوو، گەورەترین بەش لە گوندی مەلەکان لەناو ئەشکەوتێکی ژێر تاشە تاوێرێکی گەورەدا دروست کرابوو، گەیشتینە دۆڵی سماقوڵی، کەش و هەوایەکی دڵگیر، داری ڕەشی چنار بە ئاسماندا چوو بوو، ئەنفال و هیلاکی ئەو ڕۆژگارە نەبوایە دەکرا بۆ ئاسوودەیی دەروونی سوود لە دیمەنی دڵڕفێنی دۆڵی سماقوڵی وەربگری، بەڵام سوودمان نەبینی لەگەڵ گەیشتن بە بارەگاکانی مەڵبەندی سێ هەواڵ هاتبوو، بارەگاکان بکرێنە یەک، کەرتی سجن دۆڵی سماقوڵی دەگوێزرایەوە بۆ بەشەکانی تری مەڵبەند، لەگەڵ کاک بارام ناوێک کە لێپرسراوی کەرتی سجن بوو کەوتینە ڕێ، بەرەو گوندی خەتێ، یەکێک لە زیندانییەکان ناوی مدرک بوو، کوڕێکی منداڵی یەکێک لە مستەشارەکانی کوردستان بوو، پێدەچوو هەستەوەری (ڕەبو)ی هەبێ، جاروبار تەنگەنەفەس دەبوو، توانای ڕۆیشتنی نەدەماو کاک بارام لێی توڕە دەبوو، دەیوت هەڵسە برۆ با لە ڕەتڵەکە جێ نەمێنی.

بەڵام مدرک دەیوت: ناتوانم، کە باشیش دەبوو ئاسایی ڕێی دەکرد، مدرک منداڵێکی ڕووخۆش بێئاگا لە ڕووداوەکان بوو. چەندەها کێوو شیوو دۆڵمان بڕی، لە زۆر شوێندا دەکەوتینە سەر جادەی قیری دۆڵی سماقوڵی/ خەتێ، بەڵام ڕێگەکە تاریک بوو، هاتووچۆی پیادا نەدەکرا، کەوتبووە ناو ناوچەی حەرەمی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەوە.

لە ڕێگە بەرەو گوندی خەتێ دەڕۆیشتین، نزیک بە گوندی چیوە ڕەزای مەلا سەدرم بینی کە چاوساغی چەند پێشمەرگەیەکی دەکرد و دەیانی برد بەرەو ناوچە سنوورییەکانی ئێران، ڕەزای مەلا سەدر سەنگاوی و ناسیاو و لە دەستەی تایبەتی شەهید وریای شێخ ڕەشید بوو، تا شەهید بوو، بینینی ڕەزای مەلا سەدر، گڕوتینێکی دامێ، هەواڵی هەندێ کەس و پێشمەرگەی

سنوورەکەم زانی، هەر لە ڕۆیشتن بەرەو گوندەکانی چیوە هاوڕێ کاوەم بینییەوە، یەکسەر دیمەنی گۆشتخواردنەکەی قەرەداغ بە بیرمدا گوزەری کرد، هاوڕێ کاوە ئاماژەی دا، چیوە دوو گوندن، چیوەی خواروو چیوەی سەروو. ئەوەی لە سنووری گوندی چیوەدا زۆر سەرنجی ڕاکێشام دروستبوونی جۆگەلەی ئاو بوو، بە داری گەورە و درێژ ناواخنی دارەکەیان هەڵ کۆڵیبوو بەرگی ئەستووری دارەکان کرابوون بە جۆگە، لە بەرزەوە بۆ نزم، دانە دانە ئاویان دەکردە یەکتریەوە، جۆگەی ئاویان لێ پێکهێنابوو، هەندێجار ئاوەکە بە خوڕ و لە شێوەی تاڤگەی بچووک لە بەرزەوە بۆ نزم دادەبەزی، ئەگەر بەرگی دارێکیان بەرز تر بوایە لەوی تر .لە چیوە، چووینە ماڵێ، لەسەرەتاوە پێشوازیان لێ نەکردین، خەڵک بەگشتی هەراسان ببون لە زۆری ژمارەی پێشمەرگە، ئەمانیش لە ماڵێ هەژار دەچوون، دوایی کە زانیان دکتۆری پێشمەرگەین، کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵمان، پیرە پیاو و پیرەژنێکی بێ منداڵ بوون، هەر چۆنێک بوو نانمان خوارد، شەو هەریەکەو بە بەتانییەکەوە بەرەو مزگەوتی دێ بەڕێکەوتین، بۆنی ئارەق و گۆرەوی و جوڵەی ئەسپێ و بە یەکداچوونی پێشمەرگە، لە مزگەوتدا هەراسانی دەکردی، چونکە بەردەوام لە جوڵەدا بوین بێ وەستان، بەیانی ڕۆژی دواتر بەرەو گوندی خەتێ جوڵاین.

## نەخۆشخانەکانی گوندەکانی خەتێ، مەلەکان، کادرە هاوکارەکان

خەتێ، گوندێکی دڵگیری سنووری مەڵبەندی سێی ئەوکاتە بوو، بارەگای سەرەکی مەڵبەند کە بارەگای کاک کۆسرەتی لێپرسراوی مەڵبەندی سێی ئەوکاتە بوو، کەوتبووە ئەم گوندەوە، گوندێکی تەڕوپاراو، باخات و دارچناری زۆر، دۆڵ و بەرز و نزمی ناوچەکە، دیمەنە یەک لە دوای یەک و بەیەکداچووەکانی، دۆخێکی دەروونی هەستبزوێنی دەهێنایە ئاراوە، سەردانی بارەگای کاک کۆسرەتمان کرد، د.ناجح کاغەزێکی د.فایقی برای داپێی، تا کارئاسانی بۆ سەردانی ئێران بۆ بکات، بۆ سۆراغی کەسوکاری، من و د.ناصح نزیکەی هەفتەیەک لە گوندەکەدا ماینەوە لەگەڵ کادرەکانی نەخۆشخانەکە لە نەخۆشخانەکە دەوامیمان دەکرد، د.زریان کە دوای ڕاپەڕین بوو بە وەزیری تەندروستی لێپرسراوی ئەو بەشەی نەخۆشخانەکە بوو، هێشتا شاڵاوی ئەنفال نەگەیشتبووە سنوورەکە، بەڵام مەڵبەند، خۆی مکۆ و قایم کردبوو، بە نیازی بەرەنگاری سەخت، بەڵام بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە سنوورەکەدا ورەی خەڵکەکەی ڕووخاند، بەرەنگاری کەم کرا، سەرەنجام چۆڵ بوونی گوندەکان هاتە ئاراوە، هێزی پێشمەرگەش شەکەت و ماندووبوو، ئەو بەرەنگارییەی نەخشەی بۆ دانرا نەکراو هێدی هێدی سنوورەکانی مەڵبەندی سێش چۆڵکران.

ئەو هەفتەیەی لە خەتێ ماینەوە، پشوومان حەسایەوە چەند جارێک دەعوەت کراین و نانی تێروپڕمان خوارد، جارێک د.زریان ئێوارەیەک بردینیەوە ماڵەوە

یاپراخمان خوارد، ڕۆژی دوایی کە خێزانەکەی تازە منداڵی ببوو بە هۆی هەواڵی هاتنی هێرشەکانی ئەنفالەوە ناردییەوە ناوشار، ڕۆژێ دیکە، کاک محمد کە پێشمەرگەیەکی خەڵکی گەرمیان بوو، دەورەی تەندروستی بینیبوو پێشتر بە یاوەری نەخۆش لە نەخۆشخانەی بەلەکجار لامان مابووەوە، لە گوندی خەتێ بینیمان وتی: خۆم و خێزانەکەم، لێرەین لە ماڵێکی چۆڵکراوی گوندەکەداین، دەعوەتێ باشی بۆ کردین، دوای دابڕانێکی زۆر برنج و شلەو گۆشتمان خوارد، هەر لەوێدا هەواڵی شەهیدبوونی شەهابە ڕەش، کە پێشمەرگەیەکی چاونەترسی گەرمیان بوو، داپێمان، هەناسەیەکی هەڵکێشا بۆی، شەهابە ڕەش زوو زوو بریندار دەبوو، ماوەیەک لە قەرەداغ لە نەخۆشخانەکە، لامان بوو، ئەو کاک محمدەم تا ئێستا نەبینیوەتەوە، پێم وابێ ئەنفال کرابێت، ئەو ڕۆژانەی لە نەخۆشخانەش دەبووین ئێشکگریمان دەکرد، نانی باشمان دەخوارد دیمەنی نەخۆشخانەکە و دروستکردنی لەسەر کانییەکی ڕوونی پڕ ئاوی ساردی سازگار، هێندەی تر ئارەزووی خواردنی دەکردەوە، ئاوەکە بە ژێر بینای نەخۆشخانەکەدا دەڕۆیشت، لێوارو لادانەوەی تەختە بەردو جێ قادرمە بۆ سەر ئاوەکە کرابوو ڕاستەوخۆ لەسەر ئاوی کانییەکە قاپ و قاچاغەکانمان دەشۆرد، دوای هەفتەیەک مانەوە بە ئومێدی ڕۆیشتن بەرەو سنوورەکانی ئێران لەگەڵ هەندێ پێشمەرگەی دابڕاو و بریندار و مۆڵەت دراو بەرەو گوندی مەلەکان کەوتینەڕێ، ڕێگایەکی شاخاوی دڵگیر، شاخەکانی کۆڕەک، کاروخ، کەژۆست، دوور و نزیک دەبینران، لە هەورازێکدا کوردۆ قاسمم بینی پشوی دەدا، بڕینی هەورازی سەخت تووشی تەنگەنەفەسی کردبوو، چونکە جگەرە خۆرێکی بەردەوام بوو، من چونکە جگەرەم نەدەکێشا کێشەی بڕینی هەورازی سەختم نەبوو، دیمەنی جۆراوجۆر، هەوراز و نشێوی یەک لە دوای یەک، هاژەی ڕووبار و ئاو و چەمی دۆڵ و شیوەکان، کەرەستەی نوسینێکی ڕۆمانێکی بە پێزن، بەڵام هیلاکی و ماندویی، بێ ئومێدی، چاوەڕوانی نادیار، پەی بە مرۆڤ نەدەدا چێژ لە دیمەنەکان وەرگرێت.

لەگەڵ ئێوارەیەکی درەنگدا گەیشتینە گوندی مەلەکان، گوندەکە نزیک بە شاخ و تاشە تاوێر و ئەشکەوتی گەورە بوو. نەخۆشخانەکە لە ژێر شاخ و لە ناو ئەشکەوتێکدا دروست کرابوو تا بۆردومانی فڕۆکە نەیگرێتەوە، نەخۆشخانەی مەلەکان گەورەترین بەشی نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ بوو، وەک پیشەی هەمیشەییمان بەرەو بارەگای نەخۆشخانەکە کەوتینەڕێ، شوێنی پشووی کادێرە پزیشکییەکان بە بەرزییەکەوە بەرامبەر نەخۆشخانەکە بوو،

لەژێر کەپری نەخۆشخانەکە لامان دا، بۆنی گۆرەوی تەڕبووی ناو پێڵاوی ئەدیداس لە دورەوە هەراسانی دەکردی، کادێرەکان شەرمیان دەکرد پێمان بڵێن، خۆشمان هەراسان ببووین، کارگەیشتە ڕادەیەک بەرگری نەکرێ و ناچار چووین قاچ و قول و گۆرەوی و پێڵاومان شۆری، هەرچەندە بۆنەکە زۆر کەم ببووەوە بەڵام بنەبڕ نەدەکرا ناوپەنجەی قاچمان بۆنی گرتبوو.

دکتۆرەکانی مەڵبەندی سێ (د.برایم، د.حسین برازای مام جەلال)و کادێرە تەندروستییەکانمان لێ کۆبوونەوە، شەوێکی خۆشمان گوزەراند، باسی بادینان و سۆران کرا، د.حسێن ئاماژەی دا بادینان لە سۆران سەختترە، د.حسێن پیاوێ کەم دوو، قورس و کەم خۆدەرخەر بوو، لە دواییدا زۆر لە مەریوان بە یەکەوە دەبووین، زۆر جار سەردانم دەکرد بەینمان زۆر خۆش بوو.

هەرچەندە مەلەکان و دیمەنی دڵگیری و سەختی شوێنی نەخۆشخانەکە، فاکتەری پشودانێکی باش بوون، بەڵام بەهۆی هەواڵی هێرشی ئەنفال و جارڕدانی بۆردومانە کیمیاییەکانی ئەم دەڤەرەش لە گوندەکە نەماینەوە، بەیانی زوو ملی ڕێگامان گرتەبەر هەوراز و نشێوی زۆرمان بڕی، دیمەنی جۆراوجۆری شاخی بەرزو سەرکەش، لە دوورەوە ڕوانین بۆ شاخەکانی کاروخ و کەژۆست، کۆڕەک، بە یەکجاری سەرسامی کردین، شاخی کۆڕەک لە شەواندا تیشکی ڕووناکی زۆری دەدایەوە بەهۆی بوونی کارەباو دانانی وێستگەی گەیاندنی ئێزگە و تەلەفزیۆن لە بەرزاییەکانیدا، دیمەنی سەرسەخت و دڵگیری شاخی کاروخیش تەزوویەکی پشووئامێزی بە هیلاکی و شەکەتیمان دەدا، پێش گەیشتن بە گوندی وەرتێ، جارێ تر ڕەزای مەلا سەدرمان بینییەوە، ئاماژەی بە شاخەکانی کاروخ و کەژۆست دا کە ئەو شاخانەن، وتی: جارێک لەم ناوچەیەدا بووین هەواڵ درا بە حمە ڕەش کە کچێکی بووە، بە ناوی ئەم شاخەوە ناوی نا کەژۆست، هەروەها کوڕەکەشی کاروخ ناوی هەمان ئەو شاخەی ئەو بەرمانە، لە پۆلێنی دیمەنی سەرنجڕاکێشانی شاخەکاندا دیمەنی شاخی کاروخ لە هەموویان دڵگیر و سەرکەش و سەخت، دەهاتە پێش چاو. لەم ساڵانەی دوواییدا جارێ بە بناری قەندیلدا چووم بۆ ناوچەی باڵەکایەتی هەرچەندە سەیری شاخی کاروخم دەکرد لە دیمەنی جوانی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ بیرەوەرییەکانیدا تێر نەدەبوم، هەر بۆم دەڕوانی...

وەرتێ، کە ئێستا بوەتە ناحیە، گوندێکی سەوز و تەڕ و پاراوی سەر بە قەزای ڕەواندزە، چیاکانی کاروخ، جەزیرە، هەڵمەت، دەوری داوە

ڕووبارەکانی، کاوڵان، دەشوان، وەرتێ، ئەملاو ئەولایان گرتووە، لە کۆندا گوندەکە گەرمیان و کوێستانیان کردووە، لە زستاندا لە وەرتێ و لەهاویندا چونەتە هاوینەهەواری فێنکی مەکێ، لە ئێستادا یەکێک لە سەیرانگا دڵگیرەکانی کوردستان، سەیرانگای زێوەی وەرتێ-یە، ناحیەکە سنووری هەردوو قەزای ڕانیەو ڕەواندز دەبەستێت بە یەکەوە، خەڵکێکی شۆڕشگێرو نزیکەی (٢٠) شەهیدیان لە شۆڕشەکانی ڕزگاری کوردستاندا هەیە.

لە ئێستادا ناحیەکە لەبەر داری چڕو بەرز، بیناو خانوەکانی کەم دەردەکەوێت. چووینە مزگەوتی گوندەکە پشوومان دا، بڕێک پێشمەرگەی گەرمیان لە گوندەکەدا بوون، ئەو ئاوی ساردو هەوای فێنک و دیمەنە سەوزو دارو چڕەی گوندەکە بۆ ئێمەی گەرمیانی تەواو سەرسامکەرو ئارامبەخش بوون، شۆردنی دەست و قاچ بە ئاوی سارد دوای ماندووبوونێکی زۆری ڕێگەی دوور، پشو و بەختەوەرییەکی کاتیت پێ دەبەخشێت، کۆڵەپشتەکانی پشتمان کردەوە دەم و دانمان شۆری، بەشێک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان نیگایان تێ دەبڕین، دەم و دان دەشۆین، بەلایانەوە سەیر بوو. تەنانەت یەکێکیان کە لە دوامەوە ڕیزی بۆ دەم و چاو شۆرین گرتبوو وتی: زووکە برا پێشمەرگەو دان شۆرینیان نەوتووە.

ئێوارەیەکی درەنگ لەگەڵ د.ناصحدا خۆمان کردە ماڵێکدا بۆ نانخواردن، دوای نانخواردن و دەمەتەقێیەکی کورت، بە سەرو بەتانییەوە بۆ مزگەوتی ئەو کاتەی گوندەکە گەڕاینەوە، کە ئێستا زیاتر لە (٥) مزگەتی تێدایە (٢٠١٩).

شەوێک زیاتر لە گوندەکە نەماینەوە، بەڵام بە گشتی دیمەنی دڵگیری گوندەکە، ئاوی سارد، کانیاوی تەقیوو باخ و چنار و سەوزایی جۆراوجۆر، تەواو گوڕی هێنایەوە بە بەرمانا، ڕۆژی دواتر بەرەو قەندیل و شوێنە یەک لە دوای یەکەکان ملی ڕێگامان گرتەبەر، بە تەنیشتی گوندەکانی قڕناخەو پشت ئاشاندا تێپەڕین، زۆر لە مێژبوو دەمویست گوندەکانی قڕناخەو پشت ئاشان ببینم ئەم دوو گوندە، دوو ناوی ناسراوی لاپەڕەی مێژووە ڕەشەکانی شەڕی براکوژی نێوان حزبە کوردی و عێراقییەکانن، هەرچەندە گوندەکان دوو دیمەنی دڵگیر و گەشت ئامێز و فێنکیان هەبوو، بەڵام لەو مانگەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨دا، بۆ ئێمە لە دڵەوە وەک شوێنێکی شەڕی ناوخۆو لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژوو دەهاتە پێش چاو، شەڕەکە لە نێوان (ی.ن.ک) و بەرەی جودی ئەوکاتە (حشع، پاسۆک، حسک) ڕووی داوە، وا هاتووە ٧٥ شەهید لە حزبی شیوعی لە شەڕەکەدا هەبن و زیاتر لە ٦٠٠ کەسیان برینداربووبێت، بە

نیگاکردن بە مێژووی ڕەشی ڕۆژانی بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا، شەڕی براکوژی و خۆخۆری کورد زۆرە، بەڵام ناکرێ بێ شەڕی ساڵی ١٩٨٢ی قرناخە و پشت ئاشان باس لە مێژووی شەڕی نێوخۆی کورد بکرێت، ئەنفال و هیلاکی و ڕێ بڕینی بەردەوام بواری ئەوەی نەدا، گوێ لە هاوڵاتیان و باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٢ی دەڤەرەکە بگرین.

هەروەک چۆن گوندی قڕناخە و پشت ئاشان وەک دوو ناوی دەستە خوشک و جووت دێن هاوشانی یەکترن لە ناوهێناندا، بەهەمان شێوە گوندەکانی ڕەزگە و مارەدوو وەک دەستە خوشک و هاووجوت دێنە سەرزمان.

هەر چوار گوندەکە بە ناوچەکانی بناری قەندیل دێنە هەژمار و سەر بەقەزای پشدەرن.

ئەم گوندانە سـەرەڕای خزمەتی زۆری پێشمەرگەی هەموو حزبەکانی کوردستان، بە هۆی بڵندی شوێنەکانیان، زۆری سەنگەری بەرگری، ئاو و هـەوای خاکەکەی، زۆربوونی ئاو و دار و درەخـت، ئەزموونێکی زۆریان خستۆتە سەر خەباتی ساڵانێکی هێزی چەکداری لە کوردستاندا.

گوندەکانمان بینی پشووی کاتیمان تیادان، نیگای دیمەنە سەرنجڕاکێش و دلڕفێنەکانیانمان کرد، بەڵام بواری مانەوەی شەو و مانەوەی زۆرمان نەبوو تیایاندا، بەگشتی هەستمان دەکرد لە سنووری ئێران قەڵەمڕەوی حزبەکانی کوردستانی ئێران نزیک کەوتووینەوە، بەرەو بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ملمان دەنا، بە تایبەتی ئەو سەردەمانە پەیوەندی نێوان (ی.ن.ک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوپەڕی بەهێزیدا بوون، هەر لە د.عبدالرحمن قاسملوی سکرتێری حزب و مام جەلالی سەرکردەی یەکەمی یەکێتییەوە تا نزمترین ئاستی سادەترین پێشمەرگەی هەردوولا.

لەگەڵ گەیشتنی ئێمە بە بەرزاییەکانی قەندیلدا، شاڵاوی ئەنفال زۆربەی شوێنەکانی ژێر جڵەوی فەرمانڕەوای یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لە ناوچە ئازاد کراوەکان گرتەوە، زۆر لەسەرکردایەتی، مەڵبەندەکانی یەک و دو و چواری بادینان لە شوێنەکانیان کشابوونەوە، هەموو لە قەندیل و دواسنووری خاڵەکانی ناوچە ئازادکراوەکان یەکمان بینییەوە، لە گوندی سوورەدێ ماینەوە، سەرکردەکانی وەک (فەریدون عبدالقادر، شێخ دارای حەفید، مستەفای سەید قادر، عمر فتاح)مان بینیەوە بە د.خدری کادێری پزیشکی پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕش ئاشنابووین، زیاتر لە هەفتەیەک لە سوورەدێ لە بارەگایەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ماینەوە.

## سوورەدێ، گردبوونەوەی هێزەماندو و پەرش و بڵاوەکان

هەفتەیەک زیاتر لە گوندی سوورەدێ ماینەوە، لەو هەفتەیەدا تەواوی هێزە پەرش و بڵاو و لە جێ هەڵکەندراوەکان هاتنە سەر سنوورەکان و گوندەکانی: سوورەدێ، ڕەزگە، مارەدوو کوێستانەکانی قەندیل، دەرکەوت ئەنفال پرۆژەیەکی داڕێژراوی گشتگیرە قۆناغ بە قۆناغ لە هەشت قۆناغدا هەموو کوردستانی باشووری گرتەوە، دوا قۆناغ چۆڵکردنی بادینان بوو، دوای تەواو ئەنفالکردنی ناوچەکانی سۆران، ئەوەی لەسەرەتاوە وازانرا ئەنفال هێرشێکە بۆ سەر گەرمیان و قەرەداغ و بارەگاکانی مەڵبەندی یەک و دووی (ی.ن.ک)، وادەرنەچوو، ئەنفال تەواوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی کوردستانی باشووری تووشی لێکهەڵوەشان و داڕمانی سەربازی کرد، لە جێگە و ناوچەکانیان وەدەرنران، کوردستان کرایە سەرزەمینی بێ ژیان، زیاتر لە (٤٠٠٠) گوند تەخت کران، دەرکەوت کورد جگە لە چیاکانی کوردستان هیچ دۆست و پەناو پەسێرێکی نییە، وڵاتی ئێران و هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا لە ڕێگەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ئێزگەکانیانەوە نەبێت، کەس بە فەرمی وشەیەکی لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال و سوتماککردنی کوردستان لە دەمەوە دەرنەهات، چەند تاکێکی عەرەب لە حزبی شیوعی عێراق، ئیدانەیان کرد، جیهانی عەرەب نەک بێدەنگ بوون، بەڵکو پشتگیری عێراقیشیان دەکرد، ئێران تاکە وڵاتی گەیاندنی ئێش و ئازارەکانی ئەو

ڕۆژگارانەی کورد بوو بە جیهانی دەرەوە، دەرگای بۆ ڕۆژنامەنووس و وێنەگرە جیهانییەکان کردەوە بێنە کوردستان و هەڵەبجە، تا ڕادەیەک وێنەی ئەرشیفی ڕووداوەکان بگرن. ئێران (٨) ساڵ بوو لەگەڵ عێراق لە جەنگێکی نارەوایماڵوێرانکەردا بوو، ئامادەبوو پەڕە لەسەر هەموو تاوانەکانی سەدام حسێن هەڵماڵێ، هەندێ تاک و سەرکردەی وڵاتی عەرەبیش لە مەودای کورتا بە نهێنی و شاراوەیی هاوکاری کورد و ئاوارەکانیان دەکرد، ئیدانەی کارە دڕندانەکانی بەعس کرا، بەڵام بە گشتی بارتەقای دڕندەیی و گەورەیی تاوانەکانی نەبوو، کاردانەوەکان، جگە لە باسکردن لە ڕێگەی ئێزگەکانەوە لەسەر ئاستی جیهان هێندە گەورە نەبوون، مام جەلال-یش کە لە دەرەوە بوو، وەک سیاسییەکی لێزان، جۆش و خرۆشی زۆری بە ناسینی تاوانەکانی دژ بە کورد لە جیهاندا گێڕا، بەڵام کۆی ئیدانەو تاوانەکان بەرۆکی بە سەدام حسێن نەگرت، بگرە هێندەی تر دڕندە بوو، لەخۆبایی دەرچوو، زانی ڕێگرێ لە تاوانەکانی دەرحەق بە گەلی ئێران و کورد و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کاریگەرنین، دوای وەستانی شەڕی عێراق/ ئێران پەلاماری کوەیتی دراوسێی دا. جگە لە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی کەم نەبێت، لە ڕووی سەربازییەوە ناوچە ئازادکراوەکانی کۆنترۆڵکرد و هێزی پێشمەرگە کەوتنە سەر سنوورەکانی ئێران، هەرچەندە گەرمیان و کوێستان لە پارتیزانی پێشمەرگە خاڵی نەکرا، بەڵام هێزی شەڕکەری دەسەویەخە بەرامبەر دوژمن لە گەرمیان وقەرەداغ و کۆیە و زۆر ناوچەدا نەما، تەنها بەرگری کردن نەبێ. مانەوەمان لە گوندی سوورەدێ هاوشانبوو لەگەڵ بارەگاکانی زۆر لە سەرکردەکان و حزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور، بارەگاکان هێندە زۆربوون نەدەناسرانەوە، ڕۆژێک شێخ دارای حەفید لێی پرسیم: بارەگای مستەفای سەید قادری کامەیە؟ وەڵامم دایەوە، وەڵا یاشێخ نازانم، لەبەر زۆری بارەگاکان کە هەندێکیان کەپری تازە دروستکراو بوون، زۆر و بۆر چووبوون بە یەکدا، من و د.ناصح هەفتەیەک لەسوورەدێ لە بارەگایەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانماینەوە، زۆر ڕێزیان دەگرتین، مەلا ئەحمەدی دسکەرە، جێگری تیپی ١٧ی زمناکۆم بینی، مەلا ئەحمەد پێشتر ڕێکخەری کۆمەڵە بوو زۆر سەردانی هەشەزیینی دەکرد، پرسیاری ماڵی فتاح حسێن دانیشتووی گوندی هەشەزیینی لێکردم، وتم دوای چۆڵکردنی هەشەزیینی چونە گوندی دەروێشان، بە دەروێشاندا هاتین تەخت ببوو، ئێستا هەواڵیان نازانم، ڕۆژێ تر ئاواتی شێخ مستەفای ئامۆزام بینی کە

لەگەڵ شێخ حسێن و شێخ کەریمی تیماردا پێشمەرگەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمان کوردستانی بوون، کە ڕاستەوخۆ مام جەلال سەرپەرشتی دەکردن، ئاوات پێشتر لە گولان هەواڵی بۆ ماڵەوە ناردبۆوە هەواڵیان دەزانی، هیچی لە بارەی منەوە نەوتبوو، چونکە هەواڵی نەدەزانیم، بینینی زۆر لە پێشمەرگەو ناسیارەکانی گەرمیان بۆ من سوودبەخش بوو، بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە خزمەت و بێئەرک بوون، سێ ژەمە نانی باشمان دەخوارد، کە لە جێهێشتنی بارەگاکانمان لە قەراغەوە، جاروبار نەبێ خواردنی باشمان نەخواردبوو، ڕۆژێکیان حەمە چوارباخی کە پێشمەرگەیەکی کۆنی دانەبڕاو بوو دەیوت: تا ئەم بارەگاو خزمەتانە لێرە هەبێ، من لێرە ناجوڵێم، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام کردنی نانی ئێرانی بوو بە تەنوور، نانێکی سپی تەنکی درێژکۆلەی ناسک بوو، هەر بە گەرمی دەخوراو تەڕ نەدەکرا، ڕۆژانە دەیان کرد، بە ئێستاشەوە ئێران وڵاتی داهێنانی جۆری نانە، زیاتر لە سەد جۆر نانی جۆراوجۆری بێخوێ و خوێدار دروست دەکەن. هاژە و هووژی خوناو و ئاوی بەفری تواوەی کوێستانەکانی قەندیلیش دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوان بوون، کاتێک ئەو ئاوە ساردە ڕوونەت دەخواردەوە زووتر برسی دەبوویت، ئاوەکان لە بەفری تواوەی لوتکەو کوێستانەکانەوە دەهاتنە خـوارەوە و تیژڕەو بە جۆگە و شیوو دۆڵەکاندا تێدەپەڕین، لە هەندێک شوێندا تونێلی بەفرینیان دروست کردبوو بەسەر تونێلە بەفرینەکاندا دەپەڕینەوە، بە تایبەتی سێبەرو ئەو شوێنە نسرمانەی کە خۆر کەمتر دەیگرتنەوە ئەم بەفرە تواوانە، دیمەنی سەرسوڕهێنەری لادروست دەکردی، گۆرانی کوێستانان خاڵ خاڵی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەکی دەهێنایەوە یادت، بە تایبەتی لوتکەی بەرزی کوێستانەکان جێ جێ بەفرو جێ بەجێ ڕەش دەردەکەوتن لەو شوێنانەی کە بەفرەکەی تواوبوونەوە.

من و د.ناصح هەفتەیەک لە بارەگاکانی دیموکرات لە سوورەدێ ماینەوە، نەیاندەهێشت خەفەریات بگرین، ڕۆژانە باسی قسە خۆش و یادگارییەکانی د.قاسملویان بۆ دەکردین، دەیان وت ئێمەو ئێوە جیاوازیمان نییەو دوژمنانی کورد لە یەک دایان بڕیوین، ئاماژەیان دا قاسملو لە دەرەوەی وڵاتە پەیوەندی بەهێز لە نێوان هــەردووولادا هەبوو، هەفتەیەکمان لەگەڵ کەش و هەوای تێکەڵبوونی پێشمەرگەکانی دیموکرات و دیمەنی دڵڕفێنی کوێستان خاڵ خاڵی قەندیلدا بردەسەر لە سەفەرێکی شاری بۆڵزانۆی ئیتالیادا هەمان دیمەنی کوێستانان خاڵ خاڵی شاخەکانی ئیتاڵیام بینی لە ساڵی ٢٠١٥دا، هەمان

دیمەنی قەندیل و لوتکەی شاخەکانیم دەهاتەوە یاد کە لە ڕۆژانی ئەنفالدا بە پاڵیاندا گوزەرمان دەکرد.
ڕۆژێکیان بووە مقۆ مقۆ و هەراو هوریا و فسکە فسک لەسەرەتاوە نەمان زانی چییە! دوایی زانیمان سیخوڕێ ڕژێم هاتۆتە ناو پێشمەرگەو گیراوە، کە پشکنیویانە جۆرەها پێناسەی جۆراوجۆری پێبووە، هەر جارەی پێناسێکی بۆ دەرباز بوون دەرکردوە، دانی ناوە بەوەی کە سیخوڕی ڕژێمەو بۆ هەواڵ و کەشفبوونی هێزەکانی پێشمەرگە نێردراوە، من نەمبینی بەس دوایی هەواڵم زانی بە سزای گەل و شۆڕش گەیشتووە، لەم ساڵانەی دواییدا جارێک لە کاک عمر فتاحم پرسی وتی: بەڵێ وابوو پێناسەی زۆری پێبوو، سیخوڕ بوو، ڕۆژێ تر لە دانیشتنێکدا باسی عبدالله خفاف کرا کە پێشتر جێگری پارێزگاری هەولێر بوو، ئەسیر بوو لای پێشمەرگە، چونکە کورد بوو لەگەڵ دیلەکاندا هێنایان بۆ سنوورەکان و زیندانی سونێ و زەڵێ نەیان کوشت، کاک عمر فتاح وتی: باشی دەناسم ناوێرم خۆمی نیشان دەم، کاتی خۆی کە ئەندازیاری ڕێگاوبان بووم، چوومەتە لای بۆ ئیش و کاری ڕێگاوبان و هاوکاری کارەکەی کردوم.

لەو پشوانەی کە لە ماوەی بڕینی ڕێگەی گەرمیان، قەندیلدا دامان، مانەوەو پشووی سوورەدێ لە هەمووی زیاتر گوڕی هێنایەوە بەرمان، زۆری هێزەکانمان بینیەوە، پێشمەرگەکانی کوێستان و هێزەکانی بەرهەڵستکارانی ئێرانمان بینی، کوێستانی قەندیل و گوندە دیمەن سەرنجڕاکێشەکان ماندووی دەحەساندینەوە، ترسی هێرش و ڕاوەدوونانیشمان نەمابوو، چونکە پشتمان پتەو بوو بە قەندیل و هێزو تواناشمان هاتبووە بە بەردا توانای بەرگریمان هەبوو.
کاتیش کۆتایی مانگی شەش بوو ڕۆژ تا دەهات گەرم دەبوو، بەڵام شەوان سارد و فێنک بوو، جاروبار کۆبوونەوە دەکرا، جەخت دەکرایەوە لەم سەرسنوورانە بمێنینەوە، درێژە بە خەباتی چەکداری بدەین، بەڵام گرفتەکان زۆربوون وەک نەبوونی بارەگا، نەبوونی ئازووقەی پێویست، پەرشوبڵاوی و تێکەڵبوونی هێزەکان بەتایبەتی ئەم هێزانە (متفرقە) بوون هیلاک و ماندوو سەرلێشێواو، عەودالی برادەر و لێپرسراوەکانیان و ماڵ و منداڵەکانیان بوون.
دوای هەفتەیەک مانەوە، هەواڵمان زانی پێشمەرگەکانی تیپەکانی (٥١ و ٥٣)ی گەرمیان لە دۆڵە کۆگەن، دۆڵەکۆگە دۆڵ و خاڵێکی سەرسنوورە،

بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراقی لێبوون، لەگەڵ ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) کە پێشتر لە سەرگەڵو بەرگەڵوەوە ڕۆیشتبوون بۆ ئەوێ.

لەگەڵ پێشمەرگە و هێزی پچڕ پچڕدا بەرەو دۆڵە کۆگە کەوتینەڕێ دیمەنی قەندیل و کوێستانەکانی و بەرزی و نزمی شاخی لوتکەی بە بەفر داپۆشراو، ڕێڕەوی ئاوی ژێر پرد و پردۆکەی لە بەرفر دروست کراو، کۆمەڵە دیمەنێکن بە ئاسانی لە بیر ناکرێن! لە ڕێگاکەدا بەرەو دۆڵە کۆگە لوتکەی شاخێکی بەرزی بە بەفر داپۆشراوم بینی، لوتکەکە هەڕەمی و نووک تیژبوو، هاتە بیرمداو لە د.ناصحم پرسی: دەبێت هەرگیز کەس چوبێتە سەر ئەو لوتکە لە مێژووی دروست بوونییەوە تا ئێستا، د.ناصح وەڵامی دایەوە، زەحمەتە چونکە بۆچی چووە ئیشی بەو لوتکە بەرزە ساردە نووک تیژە چی بووە! ڕێگایەکی دوور و درێژی پڕ لە سەرکەوتن و داکەوتنمان بڕی بە لێژاییەکدا شۆڕبووینەوە وتیان: ئەو دۆڵە چڕوپڕ دارو درەختەی پێشتان دۆڵە کۆگەیە، لەگەڵ شۆڕبوونەوە بەرەو دۆڵە کۆگە لە خاکێکی خۆڵاوی شین ڕەنگدا، کولله خەریک بوو بە هیلاکەتمان بەرێ، قاچت بەرزدەکردەوە دەیەها کولله بەرزدەبوونەوە قاچت دادەنا بە سەدەهای تر دەوروژا خاکەکە ڕەش دەبووەوە.

لەبەر کولله و هێرشی کولله زەوی بە دەرەوە نەبوو، کولله بە قەڵەمباز بەسەر جلوبەرگ و دەست و قاچماندا دەنیشتەوە پێیەکانیان زبر و دڕکاوی بوون، بەڵام جگە لە هەراسانکردن، کولله گیانەوەرێکە هیچ زەرەرێ بە مرۆڤ ناگەیەنێت، تەنها لە چەند کیلۆمەترێکی دابەزین بۆ دۆڵە کۆگە ئەو هێرشە کوللەیەمان بینی، تا ئێستا لە ژیانمدا ڕەوی وا چڕی کوللەم نەبینیوە، باوکم جاروبار دەیوت ساڵی کوللەکە، ساڵێکە لە مێژوودا هێرشی کولله هیچ دەغڵ و دانێکی نەهێشتووە، پێ دەچێ لە ساڵەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا بوو بێت، ساڵەکە ناسراوە بە ساڵی کولله، وەک بیرەوەری دەگێڕدرایەوە، پێش گەیشتن بە دۆڵە کۆگە، چەند پێشمەرگەیەک پێچەوانەی ئاراستەی ئێمە بە هەورازەکەدا سەردەکەوتن، ماندوو شەکەت، گەیشتینە ئاستی یەکتر، کاک ئازادی سەگرمەیان لەگەڵدابوو، دوایی زانیم بە بڕیاری مام جەلال و سەرکردایەتی دەگەڕانەوە بۆ گەرمیان بۆ لای شەهید حمەڕەش و عوسمان حاجی محمود. ئەم پێشمەرگانە ماوەیەکی زۆر لە گەرمیان مانەوە تا لە شەڕێکدا ئازادی سەگرمە بریندار بوو ڕێکخستنەکانی ناوشار بە برینداری بردبوویانە بەغداد تیماریان کردبوو، پاشان گەیاندبوویانەوە

قاسمەڕەش سەر سنوور و مەنزڵگەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە سنووری ئێران و عێراق، نزیک بە شاری سەردەشت.

گەیشتینە دوڵە کۆگە، دۆڵێکی ئاوداری بێ هەتاوو نسرم و شێدار، نیوەڕوان چەند کاتژمێرێ نەبێ تیشکی هەتاوی بەرنەدەکەوت، هاژەو خوڕەی ئاوی بەفری تواوەی شاخەکان، داروسەوزی بە یەکدا چوبوون، حزبی شیوعی عێراقی پێشتر بارەگاکانیان لێرە دانابوو هەندێکیان خانویان هەبوو ماڵ و منداڵیان لەگەڵ بوون، بە ئاشکرا نەیان دەتوانی بچنە ئێران و لە ڕێگەی حزبەکانی ترەوە بەرگەی هاتووچۆیان بۆ ناو ئێران بۆ دەکرا، خەستەخانەیان لە دۆڵە کۆگە هەبوو د.دلێر و دکتۆرێکی عەرەب کە لە هەنگاریا کۆلێژی پزیشکی تەواوکردبوو لە نەخۆشخانەکەیان بوون، د.ناصح، د.دلێری دەناسی، چووینە خەستەخانەکەیان شەوانیش لە بارەگایەکی تیپی ٥١ی گەرمیان دەخەوتین ئەو دوو شەوەی کە لە دۆڵە کۆگەماینەوە، تا بەیانی لە سەرما خەومان لێنەکەوت، هەرچەندە بە تانیشیان داپێمان، لە کاتێکدا مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٨ بوو.

# دۆڵە کۆگە، هەستەوەری و خورینی بەردەوامی لەش

دۆڵە کۆگە، دۆڵێکی ساردو پڕخوناوی سنووری عێراق/ ئێرانە، چەند ماڵێکی لێبوو، پێشتر بارەگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی گواسترابوونەوە بۆ دۆڵەکۆگە، چەند ماڵێکی لێپرسراو و پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقیشی لێبوو، بە هۆی سەختی شوێنەکەی و ساردی و تەسکی دۆڵەکەوە جێگەی فراوانی ئەوتۆی بۆ ئاوەدانی زۆر نەبوو، لە ناوەڕاستی دۆڵەکەدا ئاوێکی تواوەی بەفری کوێستان و شاخەکان تیژڕەوانە هاژەی دەهات، کەشێکی ساردو سەوزی ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەکەو لەنیوەڕواندا یەک تا دوو سەعات تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاو، هەستێکی خەیاڵاوی شاعیرانەی لادروست دەکردی لەوهاوینەدا. لەزستاندا بە چەندەها ڕۆژ ڕێگەکانی دەگیراو هاتووچۆ نەدەما، لەگەڵ د.ناصحدا لەخەستەخانەیەکی بچووکی حزبی شیوعی لەگەڵ د.دلێردا گیرساینەوە، ئەو یەک دوو ڕۆژەی لەدۆڵە کۆگە بووم خوران و هەستەوەری بەردەوامی پێست هەراسانی کردبووم، نەمدەزانی هۆکارەکەی چییە؟ هەموو گیانم سووربووەوە و دەخورا چەند جۆری حەب و دەرزی هەستەوەریم بەکارهێنا سوودی نەبوو، جارێک د.دلێر وتی: دەبێت بە هۆی گوڵ و گیا (حساسية ربيعی) نەبێت، کە هێشتا سەوزایی و گیاو دارودرەخت لە دۆڵە کۆگەدا بەردەوام سەوز دەبینرا، هەرچەندە کات مانگی تەمووز بوو، بەڵام گوڵ و گیای جۆراوجۆر بەلاپاڵەکانەوە دەشنایەوە، ئەم هەستەوەرییە

بـەردەوام بوو تا گەیشتمە سەقز، لەدواییدا زانیم هۆکە شـاڵاوی ئەسپێ و ڕشکە، کە لەخەوتنی بارەگاکانی پێشمەرگەوە تووشی بـووم، ڕۆژێک لەدۆڵە کۆگە لەسەربانێکەوە کاک ئازاد هەوارمیمان بینی، لەگەڵ د.ناصحدا چووین بۆ لای من پێشتر دەمناسی، وتمان: ئێمە دکتۆری ئەو هێزەین کە بەنیازبووین بێین بۆ بادینان، بە وەڵامێکی نەرم و پاراو وتی: ئەو بڕیارە نەما ئێمەش پاشەکشەمان کرد و شاڵاوی ئەنفال بادینانیشی گرتەوە، پێشتر د.هێمن کە دواتر بەکارەساتێ دڵتەزێن شەهید بوو، دکتۆری شۆڕشی ئەو هێزەی بادینان بوو کاک ئازاد بە د.ناصحی وت تۆ برای شێخ حەسیبی؟ هەواڵی شێخ حسیبی پرسی، شێخ حەسیب ئامرکەرتی قەرەداغ بوو، دوای جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش، دانیشتبوو پێشمەرگەیە خاکی و خۆشەویست بوو لە ناو خەڵکیدا.

شـەوان لەبارەگای تیپی ٥١ی گەرمیان دەخەوتین، تابەیانی لەسەرما هەڵدەلەرزین، م.محمود لێپرسراوی ئیدارەو مالیەی تیپ بوو، پرسیاری گوندی ئەڵوەتانی ئێرانمان لێکرد، وتـی ٢ تا ٢,٥ کاتژمێر بەپێ لێرەوە دوورە، بڕیارماندا بچینە ئێران، مووچەی پاشەکەوتکراوی چەند مانگێکی پێشمەرگایەتیمان پێبوو، کادری تەندروستیش مووچەکەی باش بوو، چووینە لای نوێنەری پەیوەندییەکان لەدۆڵە کۆگە، کارتی بۆ پەڕینەوەو داخڵبوون بۆ گوندی ئەڵوەتان بۆ کردین، هەر یەکەو چەکێک و کۆڵەپشتی دەرمانمان پێبوو ئاماژەی بەچەکەکاندا د.ناصح دەمانچەیەکی چوارەدەخۆری پێبوو ئەویش نوسرا، ڕۆژی سێیەم ملی ڕێگامان بەرەو گوندی ئەڵوەنانی ئێران گرتەبەر، لەسـەر شاخەکە زاڵگە هەبوو، زاڵگەکە سەیری ژمارەی چەکەکانی سەر پسوڵە ڕێگەپێدراوەکەی کردو وتی: بڕۆن نیگامان کەوتە دیوی ئێران، جیاوازی لەنێوان هەردوو دیوی کوردستاندا بەدی کرد، دیوی باشوور بۆنی بارووت و کیمیاوی و بێنە و بەرەو بەیەکداچوون، دیوی ڕۆژهەڵات زەوییەکان ڕەشی دەکردەوە ڕوخساری ئاوەدانی بە ناوچەکەوە دەبینرا، لەکاتێکدا ئێمە دێ بە دێ کەدەهاتین کوردستان چۆڵ دەکرا! لەدیوی کوردستانی ئێراقەوە. لەهەورازەکە شۆڕبووینەوە نزیکی ڕەبیەکی پاسدار بووینەوە، پاسدارێک وتی: (سلام کبریت دارن)، د.ناصح کە زمانی فارسی دەزانـی وتی: دەڵێ شقارتەتان پێیە؟، شقارتەمان داپێی وتی: (دستان درنکون)، واتە دەستان نەڕزێ، پاسداری تریش وتی: ئەوە لەسـەر شاخەکەوە بەپێ هاتوون، سەرێکم بـاداو سەیری دیمەنی دەوروبـەرو ڕێـڕەوی ماشێن و سیمای ئاوەدانی

ناوچەکەم کرد و لە دڵی خۆمدا وتم: شەش مانگە بێوچان لە ڕێ کردندام لە گەرمیانەوە بەپێ هاتووم، دوو کاتژمێرو نیو چییە گوڕم دایە بەرخۆم و بێ وەستان ملی ڕێگەمان گرت، تا گەیشتینە ئەڵوەتان هیچ پشوویەکمان نەدا.

ئەڵوەتان، گوندێکی ئاوەدانی پڕ لە میوەو سەوزە، ئێمەش لە گەرمیانەوە هاتووین، زۆر دەمێکە میوەمان نەدیوە، هەرچەندە ساڵ کاتی میوەی هاوینە بوو، بەڵام سێوی زەردی زستانمان بینی بەلامانەوە سەیر بوو، لەگەڵ د.ناصحدا یەک کیلۆ سێومان کڕی و کەوتینە خواردنی، سێو بە زگی ناشتا بیخۆی ئازاری گەدەت ئەدا، بەڵام هێندە تامەزرۆی میوە بووین، گوێمان بە هیچ نەدەدا، لە پەنایەکدا خەریکی سێوخواردن بووین، پاسداری ئێرانی هاتن و چوون بۆ ماڵێک، ماڵەکە چوونە سەربان و دەسیان کرد بە قسەکردن، بۆ وامان لێدەکەن، چیمان کردوە! هەر لەبەرئەوەی کوڕمان پێشمەرگەیە، جار جار وشەی زبریان بەرامبەر پاسدارەکان بەکاردەهێنا پرسیمان ئەمە چییە؟ وتیان: کوڕێکیان پێشمەرگەی دیموکراتی ئێرانە، ئەمشەو دیموکرات چالاکی کردوە، پاسدار چونەتە ماڵەکە وتویانە یا بچن کوڕەکەتان بهێننەوە یان ئێوەش بچن بۆ لایان، کەسوکاری پێشمەرگە بەئاسانی دەیان توانی بەناوی هێنانەوەی کوڕەکانیانەوە بەپرسی دەوڵەت سەردانی کوڕەکانیان بکەن ئەگەر نەشهاتنەوە بڵێن ڕازی نەبوون بێنەوە، بەلامانەوە سەیر بوو لە دڵی خۆماندا وتمان: ئەگەر لای ئێمەو رژێمی بەعس دەبوو! چی ڕووی دەدا؟ هەرچی کوڕی پێشمەرگە بوایە خانوەکەشیان تەخت دەکرد، ئەم سیاسەتە نەرمەی ئێران میللەتەکەی خەساندبوو. میللەتی عێراق میللەتێکی تێرو دەستکراوە بوو، بەڵام ئازادی کەمتر بوو، ڕژێمەکە نادادپەروەر بوو، کوشتار بەرۆکی ئەو خەڵکەی گرتبوو. لەولاترمانەوە، ژنێکی برادەرێکی پێشمەرگە کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، جنێوی بەئێران وپاسداران دەدا، دەیوت دەگەڕێمەوە عێراق هەر ئەوان باشترن هێندەی ئێمە لێی تێگەیشتین بە نیازی (برگ تردد) پسوڵەی ڕێگە پێدان بوو بۆ ناو شارەکان بۆیان نەدەکرد، ئێرانییەکان زۆر مێشک سارد و جیغ درێژبوون، خەڵکی عێراقیش گەرم و توڕەو بێ سەبر، هێندە لە ئەڵوەتان نەماینەوە، م.جەلال ناوێک لێپرسراوی پەیوەندییەکان بوو، کە دواتر نازناوی مامۆستا جەلالی ئەڵوەتانی بەرسەردا برا، پیاوێکی بەڕێز و خۆشەویست بوو، دوای ڕاپەڕین بە نەخۆشی کوشندە کۆچی دوایی کرد، هەرچەندە نەمان دەناسی چووینە لای و وتمان: ئێمە دکتۆری شۆڕشین لە گەرمیانەوە هاتووین هیلاک و ماندووین، دەمانەوەێ بچین بۆ قاسمەڕەش

که ئەوکاتە بارەگای پەیوەندییەکانی لێبوو بۆ (برگ تردد) بۆ ناو ئێران و شارەکان. پسوڵەی هاتوچۆ بۆ نێو شارەکان لەوێوە دەکرا، زۆر ڕێزی گرتین وتی بەسەرچاو بۆتان دەکەم، چەک و دەمانچەکانیش بەرن بۆ ئەوێ لەوێ گەنجینەی لێیە چەکو دەمانچەکان بخەنە (مەشجەبەوە) ژمارەی چەک و دەمانچەی لێ وەرگرتین بەلامەوە سەیر بوو لەو سەرسنوورانە دەیان هێشت بە چەک و دەمانچەوە هاتووچۆ بکەین. کەمتر پسوڵەی هاتووچۆ دەکرا، ئەوەی پێویست نەبووایە نەدەکرا، دەوترا ناکرێ ئەم هەموو خەڵکە بچێتە شارەکانەوە بە تایبەتی خێزان دەبێت لەسەر سنوورەکان بمێننەوە تا ئۆردوگایان بۆ دروست دەکرێت، دوای وەرگرتنی پسوڵەی هاتووچۆ گەیشتینە قاسمەڕەش، قاسمەڕەش خاڵێکی سنووری نێوان ئێران و عێراق بوو، خوار قاسمەڕەش دۆڵێکی قوڵی درێژ بوو دەگەیشتە گوندەکانی کوڵە هەرمێ، نۆکان و سونێ و زەڵێ، بە ناوچەکە دەوترا: ناوزەنگ، کەپێشتریش بارەگای سەرکردایەتی لێبوو، لە ئەنفالیشدا تەنها ئەو چەند گوندە مانەوەو تەخت نەکران، لەبەر شوێنی جوگرافیای لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران زۆربەیان پێناسی باری کەسێتی هەردوولایان هەبوو، قاسمەڕەش لە دواترا بووە بارەگای سەرکردایەتی و(م.س)ی (ی.ن.ک).

قاسمەڕەش، زۆر خانوی بارەگای تیا دروست کرا، هەرچەندە شوێنێکی سەخت و ساردبوو لەزستاندا، بەڵام بە هۆی نزیکی لەسنوور و شاری سەردەشتەوە وەک شوێنێکی پڕ بایەخی گرنگ هاتە مەیدان، ڕۆژانە هەواڵ و دەنگوباس و پەیامی ڕێکخستنەکانی ناو شار دەگەیشتە قاسمەڕەش، د.شاڵاو، دکتۆرو پێشمەرگەیەکی دێرین، لە پەیوەندییەکان بوو لە قاسمەڕەش ئەوەی بۆ کاری چارەسەرو پزیشکی بچوایە دەبوو د.شاڵاو بیبینیایە، د.ناصحی دەناسی چووینە لای، کابرایەکی قەڵەو لەسەر کورسیەک دانیشتبوو، من نەمدەناسی، وتیان: ئەمە مامۆستا نازم کۆییە: ئەوکاتە ئەندامی (م.س)ی یەکێتی و لێپرسراوی دارایی بوو، دوایی بووە نوێنەری حکومەتی هەرێم لەتاران، تا ئێستاش (٢٠١٩) لەهەمان بواردا بەردەوامە، سەیرێکی کردین زانی دەچینە لای د.شاڵاو بۆ ئێمە هیچی نەووت، لای د.شاڵاو بووین کوڕێک هات ویستی بەرگەی بۆ بکەن دەیوت چاوم تەواو نییە، د.شاڵاو وتی: من دکتۆرم هیچ لەچاوت ناکرێ قابیلە چاوت دەربکەن، ئەو چاوە پێویستی بەدکتۆر نییە، ناتوانم بەرگەت بۆ بکەم بۆچارەسەر چونکە ئەم حاڵەتە چارەسەری نییە.

لای د.شاڵاو ماینەوە پشوویەکمان دا، وتی بەرگە بۆ ئێوە دەکەم بۆ

سەردەشت چەک و دەمانچەکانتان لێرە جێ بهێڵن، بچنە سەردەشت پشوو بدەن، جل و کەلوپەلتان بشۆن جلی تازە بکڕن، عەسرێکی درەنگ پسوڵەی هاتووچۆی بۆ هێنایەنەوە پسوڵەکە تا سەردەشت دەیخوارد، دەبوو لەسەردەشت جارێ تر بچینە قەرارگای ڕەمەزان پسوڵەکە بۆ سەقز تازە بکەینەوە، چونکە ئەوکاتە سەقز ببوە بارەگای پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان ئێران و (ی.ن.ک)، د.کمال خۆشناو لێپرسراوی پەیوەندییەکان بوو، بەرگەکانمان وەرگرت، د.ناصح وتی: بابڕۆین وتم بە پێ بۆ کوێ؟ وتی ئەوە گوندێکی نزیکە، ناوی کانی زەردە، دەچینە ئەوێ، لەوێوە سواری ماشێن دەبین بۆ سەردەشت (د.شالاو پێی وتبوو)، ملەیەکەمان بڕی و گەیشتینە گوندی کانی زەرد، سیمای گوندەکە بەلامەوە جوان و سەرنجڕاکێش بوو، جوڵەی ئاوەدانی و هاتووچۆی سنووری تێدابوو پڕبوو لە کەرەستەو شتومەکی ئامادەکراو بۆ ئەمدیوو ئەودیوی سنوور، برێکی زۆری کەلوپەلی ماشێنی ئێرانی لێبوو ماشێنەکان ناوو بیچمەکانیان ئێرانی بوون، بەلامەوە سەیر بوو وڵاتێ وەک ئێران دروستکەری ماشێن یان کۆکەرەوەی پارچەکانی ماشین بێت، خۆی ماشێن دروست دەکات، شۆفێرێک لەدوورەوە دەیگوت: سەردەشت، سەردەشت، پێشتر لەمنداڵییەوە بەهۆی گۆرانییەکی حەسەن زیرەکەوە ناوی سەردەشت لەگوێمدا دەزرنگایەوە، وا ئێستا دەچمە شارەکە، سەردەشت لەگوندەکەوە نزیک بوو، ڕێگایەکی چەوڕێژمان بڕی هێندەی نەبرد گەیشتینە سەردەشت.

# سەردەشت، مەترسی مردنێکی ڕەچاو نەکراو

سەردەشت، وەک شارێکی جوان و دڵگیر هاتەبەرچاو، من لە منداڵییەوە سەرسامی ئەوە بووم، زۆربەی شارە کوردییەکانی کوردستانی ئێران، ناوەکانیان کوردین، یان کەبچووک کراونەتەوە کوردێنراون، وەک سنندج بۆ سنە، ساوجیلاق بۆ سابڵاخ، سەرەڕای ناوە کوردییەکانی مەریوان، مهاباد، سەردەشت، خانە، شنۆ و زۆر گوند و شوێنی تر کە تێکڕا کوردنشینن.

دەشێ سەرسامیمان بۆ سەردەشت بۆ ئەوە گەڕابێتەوە کەزۆر دەمێک بوو شارو ئاوەدانیمان نەبینی بوو، چووینە میوانخانەیەک بەناوی پور، میوانخانەکە چێشتخانەیەکی لە ژێردابوو بۆ یەکەمین جار (چلو کباب)، کەبابی برژاو لەسەر برنجمان خوارد، بێ شلە، کە یەکێکە لە خواردنە باوەکانی وڵاتی ئێران، زۆرتر تەماتەی برژاو یان ماست دێنن شلەیان زۆر کەم هەیە لەگەڵ برنج، خواردنەکانیشیان کەمخوێ و بێ چەورین، لەڕووی تەندروستییەوە شیاون، بەلامانەوە سەیربوو شارێکی بچووکی سنووری، چەندەها میوانخانە و چێشتخانەی جوان و سەرنجڕاکێشی تیا بێت، ڕۆژی دواتر بە ئومێدی وەرگرتنی (برگ تردد) پسولەی هاتوچوون چووین بۆ قەرارگای ڕەمەزانی ئێران، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە مردن ڕزگارمان بوو، لەو هەموو نەهامەتییەی گەرمیان و کوێستانی کوردستانی باشوور، چەند جارێک ڕووبەڕووی مەترسی مردن بووینەوە، بەڵام ئەمەی قەرارگای

ڕەمەزان کەناوەندێکی تایبەتی ئێران بوو، بۆ پرسی ئاوارەو پسوڵەکردن، زۆر مەترسیدار بوو، چووینە حەرەمی قەرارگاکە، فرۆکەی عێراقی هات دای لە بینای قەرارگاکە، لێپرسراوی. قەرارگاکە شەهید بوو، زۆربەی بیناکە ڕووخا، ڕامان کردو خۆمان خزاندە چاڵێکی هەڵکەندراوەوە، کە تازە لێدرابوو، لەگەورەیی دەنگی بۆمبارانەکە هەریەکەمان وامان دەزانی ئەوی دی شەهید بووە، ئاگامان لە یەکتر نەما، تاسابووین کە بۆردومانەکە تەواوبوو، من هەردوو گوێچکەم کپ ببوو، هەڵسامەوە لە ناو چاڵەکەدا، د.ناصحم لەوپەڕی چاڵە لێدراوە درێژەکەدا بینییەوە، وتی کاک برایم سەلامەتی؟: وتم بەڵێ ئەی تۆ؟ وتی باشم، پارچە بەردێکی بچووک دابووی لە نێوچاوی، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبوو هێشتا نەچووبووینە ناو قەرارگاوە تەنها لە حەوشەکەدابووین ئەمە ڕوویدا، لەژوورەوە بوینایە بەردەکەوتین و مەترسی نەمانمان زۆرتر بوو، لەحەوشەکە هاتینەدەر، کابرایەکی کوردی جل کوردی لەبەر کەوتە جوێندان پێمان، دەیوت: سەگبابینە چۆڵی کەن بڕۆنەوە، بە هۆی ئێوەوە کە عێراقین، عێراق بۆردومانمان دەکات، ژمارەیەک عێراقی کەوتبوونە نێو شارەکان، مشوری کاروباری خۆیان و چوون بۆ شارەکانی تربوون لە ئێراندا.

هەرچەندە لەسەرەتاوە کە عێراق ناوچە داگیرکراوەکانی ئێرانی لە دەست دەدا، داوای وەستانی شەڕی دەکرد بەڵام ئێران شەڕی ڕانەدەگرت، تا لە ژێر فشاری وڵاتان و فشاری زۆری پاڵپشتی عێراق لە داگیرکردنەوەی فاو و چەند شوێنێک، ئیمام خومەینی ڕابەری ڕووحی کۆماری ئیسلامی وتی: هەرچەندە ڕاوەستانی شەڕ پەرداخێک ژەهرە، دەیخۆمەوە، بەڵام جاڕی ڕاگرتنی شەڕەکەیدا، وەک فشارێک لەلایەن عێراقەوە، بۆ کەش و فش و تا بڵێ سەرکەوتوو بووم لە شەڕەکەدا، چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی ئێران شەڕی ڕاگرت عێراق بۆردومانی چەند شوێنێکی ئێرانی کرد، هەرچەندە لە کۆتایی شەڕەکەدا ئێران سەرکەوتنی زۆرتر بوو، بەڵام هێزی ئاسمانی ئێران لاوازببوو تا بەناچاری لە ١٩٨٨/٨/٢٠دا شەڕ بە تەواوی ڕاگیرا، ئێمە لە سەقزبووین، کە هەواڵەکەمان بیست.

دوای جوێنەکانی کابرای کورد، د.ناصح وتی: کاک برایم دەڵێی چی با بگەڕینەوە بۆ سنوورەکان پاڵپشتیم نەکرد، حەزم بە بینینی شاری سەقز و شوێنەکانی تر بوو، وتم نا! دەمێنینەوە دوای یەک دوو ڕۆژی تر دەچینەوە بۆ قەرارگای ڕەمەزان.

دوای دوو ڕۆژمانەوە چووینەوە بۆ قەرارگای ڕەمەزان، بەرگەی هاتوچۆی تا سەقزیان بۆ کردین، بە شاری بانەدا کەوتینە ڕێ بۆ سەقز، ڕێگای نێوان سەردەشت/ سەقز چەوڕێژو پێچاو پێچ بوو، هەمان ڕاستی نەدەشاردەوە کە حکومەتە دەسەڵات بە دەستەکانی چوار پارچەکانی کوردستان هیچ بایەخ بە کوردستانە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیان نادەن، جیاوازی زۆر لە نێوان شارە کوردییەکان و ناوچەکانی تری وڵاتەکەیاندا دەکەن. تونێلی شاخی نێوان سەقز/ بانەمان بڕی، گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک کە دەڵێ: ڕێوازی کەلی خانم بیرکەوتەوە، کەلی خان شاخی نێوان بانە/ سەقزەو زۆر جار دیوێکی خۆر بوو، کە تونێلەکەت دەبڕی، دیوەکەی تری کەش و شێی باراناوی بوو، گەیشتینە سەقز، سەقز، بووە مەنزڵگەی مانەوەو پشوودان، پێڵاوی غەریبیمان لەوێ داکەند، لەبەر زۆری هاتنی عێراقی لە هیچ میوانخانەیەکی باش و پاک، جێگەمان دەست نەکەوت لە میوانخانەیەکی کۆن بە ناوی میوانخانەی (بازاڕ) لە ناوەڕاستی شاری سەقزدا شوێنمان گرت و ماینەوە، هەر ئەو ڕۆژە چووینە ناو بازاڕ، زۆر برادەرمان بینی لەوانە د.شاهۆ کە خەڵکی هەڵەبجە بوو، ئیستا لە کەنەدایە، برادەرانی ڕاگەیاندنی یەکێتی، نوسەرانی شاخ و چەند پێشمەرگەیە تر.

پسوڵەکەمان تا سەقز بوو، دەبوایە بۆ مانەوە لە سەقز جارێ تر تازەی بکەینەوە، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ئێران د.کمال خۆشناو بوو، مامۆستا عەلی کەمالیش لەگەڵ کاک حمە سعیدە قەڵەو (پێشمەرگەی سەرەتایی ساڵی ١٩٧٦) لە پەیوەندییەکان بوون، چووینە ماڵی کەمال خۆشناو، خۆی و خێزانی بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین، ئاماژەی دا فشاری زۆرمان لەسەرە بۆ پسوڵە کردن بۆ شارەکانی تر، بەڵام ئێران ئەم قەرەباڵغییەی پێ ناخۆشە، دەڵێ ئاسایشی شارەکان تێکدەچێ، دەبێت ئەم خەڵکە بچنە بارەگاو ئۆردوگاکان ناکرێ وا بە زۆری لە شارەکاندا بمێننەوە.

هەروەها وتی: کاک نەوشیروان بروسکەی کردوە دەڵێ: پسوڵەی هاتوچۆی شارەکان بۆ کەس مەکەن، با خەڵک بگەڕێنەوە سەر سنوورەکان، وتمان ئێمە پسوڵەی هیچ شارێکمان ناوێ جارێ لە سەقز دەمێنینەوە، عەلی کەمال پسوڵەکانی لێ وەرگرتین و بۆ بەیانی بەرگەی مانەوەی یەک مانگی ناو سەقزی بۆ کردین، پشوویەکی باشمان دا، ڕۆژانە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەگەڕاین، ڕۆژێک لە ناو بازاڕی سەقزدا لە پەنجەرەیەکەوە کە لە ساردەمەنیخانەیەک دانیشتبووین فەرەیدونی پوررزام بینییەوە، بە ڕاکردن

هات بۆ لام و هەواڵی ماڵی خزمان و شێخ تەیبی پرسی کە زاوای بوو، وتم هەواڵی نازانم، لە دوای گوندی باڵخەوە دەزانم چونەتە گوندی چۆخماخ، بەڵام ئێستا هەموو کوردستان خاڵی بووە لە خەڵک، کاک فەرەیدون پێشتر بە نیازی سەفەر بۆ دەرەوە هاتبووە ئێران لە ئۆردوگای خڕام ئاباد گیرسابووەوە، یەکتربینینمان ساتێکی خۆش بوو، ئەویش هاتە لامان بۆ ئوتێل بازاڕ، لەگەڵ عوسمانی برای شەهید مەلا ئەحمەدی دسکەرەدا بووینە چوار کەس لە ژوورەکەدا شەوانە بەسەرهات و نوکتە و باسی خوێندنگاو شتی ترمان بۆ یەکتر دەکرد، عوسمان و فەرەیدون لە یەک خوێندنگا خوێندبوویان، یادگاریان بە یەکەوە زۆر بوو، لەو ڕۆژانەی میوانخانەی بازاڕ ماینەوە چیرۆکێکم لەسەر کیمیابارانی سەوسێنان نووسی، بە ناوی (تەزووی یادێکی شیرین) لای خۆم پاراستم دوای ڕاپەڕین، لە گۆڤاری ئاراندا بڵاوم کردەوە کە لە چەمچەماڵ دەردەچوو.

پێشمەرگەو کەسوکاری پێشمەرگە و ئاوارەیەکی زۆر ڕژابوونە شاری سەقزەوە، بارەگا سەرەکییەکانی، پەیوەندییەکان، ڕاگەیاندن، خانەی پشوودانی بریندار و پەککەوتەکانی پێشمەرگە لە شاری سەقز کرابوونەوە، سەقز ببووە نیشتمانی دووەمی زۆربەی ئاوارەکانی کوردستانی باشوور، خەڵکەکەی خەڵکێکی باش بوون خزمەتی پێشمەرگە و ئاوارەیان دەکرد، سەقز وەک هەوارێکی دڵگیر و پشوودەری زۆربەمان، مایەوە، لەماوەی ئەومانگەدا کە لە سەقز بووین، خەڵکێکی زۆری دۆست و ناسیاومان بینییەوە، ئێواران کادرانی ڕاگەیاندن و نووسەران (محمد موکری، حمەکریم عارف، فازڵ قەساب، ئەبو شەهابی عەرەب)، زۆر کەسی تر لە چایخانەی (صداقت) کۆدەبووینەوە بە پیاڵەی گەورە چای دیژلەمەمان دەخواردەوە، ئێوارانێک بەرەو چایخانەکە کەوتینەڕێ لەگەڵ د.ناصحدا، مارف عمر گوڵمان بینی لەگەڵ ئەبوو شەهابی ڕاگەیاندن دانیشتبوو، ڕێککەوتنێکی زۆرخۆش بوو بۆ من، ئەو تازە بەنهێنی لەگەڵ مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستدا چووبووە ناو شاری سلێمانی و گەڕابووەوە، هەواڵی خزم و کەسوکاری دەزانی، ئاماژەی دا ماڵەوەمان هەواڵی منیان نەدەزانی بێ تاقەت بوون، بووە کێشەم چۆن هەواڵ بگەیەنمە ناو شار، سەرەنجام ڕێکەوتین من کاغەزێ ئاسایی چاک و چۆنی بنووسم و د.مارف دەینێرێ بۆ هیوا چاوشین لە لەندەن، هیوا دەینێرێ بۆ عارفی برای مارف لەسلێمانی لە ناو کاغەزی خۆیدا، هەروامان کرد، پاش ماوەیەکی زۆر وەڵامی کاغەزەکەی عارف لە لەندەنەوە هاتەوە، جگە لە دەنگوباسی ئاسایی

و سەلامەتی شتی تر نەدەتوانرا بنوسرێ، لەبەرچاودێری حکومەتی عێراق بەس ماڵەوەمان زانیبویان بەسەلامەتی گەیشتومەتە ئێران، ئێواران پیاسەی پارک و شوێنە گشتییەکانمان دەکرد، لەگەڵ زۆر لە کادرانی ڕاگەیاندن وەک کاک فەرید ئەسەسەرد، عەبدوڵلا کەریم مەحمود. بەگشتی ئەو مانگەی سەقز بۆ ئێمە پڕ لەیادگاری و خۆشی و پشووی دەروونی و گیانی بوو، هەر لە سەقز ئاوات مستەفا پێشمەرگەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم بینیەوە، د.ناصح بەردی گورچیلەی هەبوو، پسوڵەی بۆ کرا بچێتە تەبرێز نەشتەرگەری بکا، د.محسن شێخ لەتیفی سۆڵە، کادری تەندروستی و نوێنەری (ی.ن.ک) بوو لەخەستەخانەکانی تەبرێز، یەک دوو ڕۆژ تەنیا مامەوە، تاڕۆژێک چوومە بەشی تەندروستی پەیوەندییەکان لەسەقز کە هەر ڕۆژە و دکتۆرێکی عێراقی پێشمەرگە دادەنیشت ئەو ڕۆژە د.محمد ناوێک کە لە مەفرەزەی کاک جبار فەرمان بوو دانیشتبوو، وتم عەینەکەکەم شکاوە، بێ عەینەک ناتوانم مامەڵەی ڕۆژانەم بکەم، ڕەزامەندی پسوڵەی سەقز/ تەبرێزی بۆ کردم و لەتەبرێز لەجێگایەک بەناوی (کوی لالە) نشینگەی تەندروستی (نقاهدگا) هەبوو، لەوێ گیرساینەوە ڕۆژی دواتر چوومە خەستەخانەی تەبرێز د.ناصح لەگەڵ شۆڕش حاجی، وتەبێژی ئێستای بزوتنەوەی گۆڕان لەژوورێکدا بوون، هەردووکیان نەشتەرگەریان بۆ کرابوو، بومە یاوەری هەردووکیان تا چاکبوونەوە، ماوەیەک لە تەبرێز ماینەوە، عەینەکی تازەم بۆ کرا لەسەرحسابی دەوڵەتی ئێران، دوای ماوەیەک گەڕاینەوە سەقز، د.شوان کەپێشتر دەرمانخوارد کرابوو لەئەوروپاوە گەڕایەوە سەقز، بارەگایەکی تەندروستی هەبوو لەسەقز، ڕۆژانە کادرە تەندروستییەکان لەو بارەگایە کۆدەبووینەوە لە شاری سەقز.

# سەقز، لانکەی دووەمی حەسانەوەی ئاوارەو پێشمەرگە

لەبەرئەوەی زۆربەی بارەگا سەرەکییەکان، پەیوەندییەکان، ڕاگەیاندن، خەڵوەتگەی پێشمەرگە بریندارو کەمئەندامەکان، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، ستافی ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ماڵی زۆر لە لێپرسراوان کەوتنە شارۆچکەی دڵگیری سەقزەوە، سەقز بووە لانکەو نیشتمانی دووەم بۆ هەمووما‌ن، بەتایبەتی پاشئەوەی زۆربەی ناوچەکان لەهێزی پێشمەرگە چۆڵ کرابوون، شاڵاوەکانی ئەنفال هەموو خاکی کوردستانی باشووری گرتەوە گوندەکان تەختکران، بەکوردستانی باشوور دەگوترا سەرزەمینی بێ ژیان، چونکە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی پێشمەرگە نەبێت لەگەرمیان، دەشتی هەولێر، شارەزوور، کەس لەناوچەکەدا نەماو خەڵکەکە هەمووی ئەنفال کران و ڕاپێچی زیندانەکانی باشووری عێراق کران، جگە لەپیرو پەککەوتەیەکی کەم کە ئازاد بوون، زیاتر لە (١٨٠) هەزار کەس بێسەروشوێن بوون.

دوژمن هەوڵی زۆری دا بەرزاییەکانی سەرسنووریش بگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەپلانەکەیدا هێزی پێشمەرگە لە بەرزاییەکان مانەوەو بەرگری کرا.

زۆربەی کادرو ماڵی دەستڕۆیشتوان کەوتنە سەقزەوە، سەقز پێڵاوی غەریبی زۆر ئاوارەی داکەند، لەبەر جوانی شارەکەو باشی خەڵکەکەی و زۆری ژمارەی ئاوارە، بووە نیشتمانی مانەوەی هەمووان و هەموو دڵمان بە

سەقز دەكرایەوە.

ماوەی ئەو مانگەی كە لەسەقزماینەوە جگە لەگەڕان و سەردان، لەماڵی علی شامارو وەسفیەخان، كاك حمە سەعیدە قەڵەوی پێشمەرگەی ساڵانی حەفتاكان دەعوات كراین، لەبەرئەوەی دەمێک بوو خواردنی چەورو سوێری عێراقیمان نەخواردبوو، بەلامانەوە خواردنەكان بەتام بوون، كاك حەمە سەعید لەبەشی پەیوەندییەكان بوو، دەیوت: بەم فارسییە شەق و شڕەی كەدەیزانم كاری وەرگێڕانی زۆرشتیان پێداوم، د.ناصح كە فارسی دەزانی خزمی ژنەكەی حەمە سعید بوو، هەندێكی لێخوێندەوەو وتی: فارسییەكەت خراپ نییە، هەر لەماڵی حمە سەعید ژنێكمان بینی بەشەرمەوە سەیری كردین، پرسیارمان كرد، وتیان ئەمەژنی سامی شۆڕشە، لەبەرئەوەی سامی وەک نەخۆشی خواردنەوەی زەهری سالییوم نێردرابوو بۆ ئەوروپا ونەگەڕابووەوە توانجی زۆر لە ژنەكەی دەدرا، سامی شۆڕش شاعیرێ دیاربوو، لەگەڵ مستەفا چاوڕەش و د.شوان و كۆمەڵی تردا ژەهرخوارد كران، دایكی مستەفا چاوڕەش مردو ئەوانی تریان نارد بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەر، ئەوكاتە ڕێكخراوی مافی مرۆڤی جیهانی ئیدانەی كارەكەی كردو وەک تاوانێكی حكومەتی عێراق ئاماژەی پێدەدرا، د.شوان گەڕایەوە دوای چارەسەر. سامی شۆڕش داوای پەناهەندەیی كرد، بۆیە ئەوكاتە تیرو توانجی لێدەدرا، لەكاتێكدا كارێكی ئاسایی بوو، ژنەكەشی هیچ تاوانێكی نەبوو، ڕۆژێ تر بەنیازی بنەبڕكردنی ڕشكو كرێشكو ئەسپێ كە لەجلەكانماندا مابوو، لەگەڵ كاك فەرەیدونی پوورزام و د.ناصحدا جلوبەرگ و مەنجەڵێكمان كڕی، لەدەرەوەی شاری سەقز چووینە سەرچەمی سەقز، تاجلوبەرگەكانمان بشۆین، من چووم جلەكانم لە مەنجەڵەكەدا بە ئاوەوە كوڵاند، جلەكان هەمووی چرچ و لۆچ بوون بەكەڵكی لەبەركردن نەما، د.ناصح وتی: بەمەش بنەبڕ نابێ دەبێ ماوەیەكی زۆر جلەكان لە قوژبنێكدا بهێڵینەوە تا سوڕی بوون بە ئەسپێی گەراكان تەواو دەبێ و هەموو لەبرسا دەمرن، كە بوون بەئەسپێ كۆتایی بە دیاردەكە دێت، هەروامان كرد زیاتر لە (٢٥) ڕۆژ جلەكانمان لەبەرنەكرد، لەنایلۆنێكدا شاردمانەوە، بەوجۆرە لەگەڵ خۆشۆردنی ڕۆژانەدا لەئەسپێ و گەرای ئەسپێ ڕزگارمان بوو، كە منی تووشی هەستەوەرییەكی بێ ئەندازە كرد.

چێشتخانەی پرشنگ، كەخاوەنەكەی حاجییەكی جل كوردی لەبەری بەتەمەن بوو، دەیوت: من خزمی ئەحمەد شەماڵی گۆرانیبێژم، بووە ئاشنامان،

بەهۆی سەربەست عەلاءالدین برازای بهاءالدین نوری-یەوە کە ماڵیان لەسەقز بوو. نیوەڕوان لای حاجی برنج و شلەی خورشت سەبزیمان دەخوارد، تەواو بووژاینەوە کێشم چووەوە کێشی ئاسایی پێش ماندوبوونی ئەنفال.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠ لەناو بازاڕی سەقز بووین، هەواڵی وەستانی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق/ئێران جاڕدرا، ئێران کە پێشتر شەڕی نەدەوەستان، پەیوەست بوو بەو داواکارییەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کەداوای وەستانی شەڕی لە هەردوولا کردبوو، هەواڵێکی چاوەڕوانکراو بوو، هەرچەندە پێشتر ڕەفسنجانی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران، لەچاوپێکەوتنێکدا لەیەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران ئاماژەی دابوو کە دەبێت بەرەکانی شەڕ فراوانتر بکەین، بەڵام ئیمام خومەینی ڕابەری ڕووحی ئێران، بڕیاری وەستانی شەڕی دا، سات و کاتێکی گوماناوی سەیر بۆ ئێمەی ئاوارە هاتە ئاراوە، ئەم بارودۆخە چی لێ دێ؟ ئایا سنوورەکان دادەخرێ یا نا!، هێزی پێشمەرگە دێتە ناو ئێران دوای داخستنی سنوورەکان، چەند ڕۆژێک دوای جاڕدانی وەستانی شەڕ، میری عێراق بە وتارێکی پڕ هەڕەشە، لێبوردنێکی گشتی دەرکرد، کۆمەڵێ پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە، لەوانە هەردی شێخ قادر کە ئێستا لە ئەمریکایە، تا ڕادەیەک، ورەی هەندێک پێشمەرگە دابەزی، مقۆ مقۆ کەوتە ناو هێزی پێشمەرگەوە، سەرکردایەتیش نەیدەتوانی ڕێ بەشالاوی تەسلیمبوونەوە بگرێت، پێشمەرگە ئازاد بوو بمێنێتەوە یان بڕواتەوە دیوی عێراق.

چارەنووسی نادیار، بەرۆکی گرتین، ڕۆژێک د.مارفم بینی وتی: ڕەسوڵ مامەند تازە لە تاران هاتۆتەوە، هاشمی ڕەفسنجانی بینیوە لەبارەی چارەنووسی ئەم هەموو عێراقییەوە پرسیاری لێ کردوە، ئەم وەڵامەی داوەتەوە:

(پاش ماوەیەکی تر گفتوگۆ دەستپێدەکات، سنوورەکان دادەخرێ ئێوە سێ ڕێگاتان لە پێشە، ئەوەی دەڕواتەوە ئەو دیو ئازادە، ئەوەی دەیەوێ بچێ بۆ دەرەوە کارئاسانی بۆ دەکەین، ئەوەی لێرە دەمێنێتەوە، کفشهای بالای چشم) واتە پێڵاوی دەخەینە سەرچاومان، وتی: تۆ مامەڵەی چوونە دەرەوە بکە با چاوەڕێ بکەین بزانین ماوەیەتر چی دەبێت، شتێک دەردەکەوێت.

زۆرکەس بەدوای بژێویدا وێڵ بوو، ئیشوکاریان دۆزییەوە، ئێمەش وەک کادری تەندروستی بیرمان لەدامەزراندن کردەوە، وتیان (د.عبدالرحمن) عێراقی هەیە لە سنە، ناونیشانەکەمان وەرگرت چووین بۆ لای، پرسیاری

کرد وتی خەڵکی کوێن؟ من وتم گەرمیان، ناوی هەشەزیینیم هێنا وتی کوڕی کێی؟ باوکم و مامەکانمی دەناسی، وتی: شەو میوانی منن بەیانی دەتان بەم بۆ لای ئاغای خاری جێگری پارێزگاری سنە، دەمێک بوو لەئێران بوو، کاتی خۆی پێشمەرگە بوو لە کوردستانی باشوور دوای ساڵی ١٩٧٥ کەچووبووە ئێران نەگەڕابووەوە، ژنەکەی ئێرانی بوو، کاربەدەستانی ئێرانی زۆر دەناسی، جێگری پارێزگاری سنە بەرگەی تارانی بۆ کردین چووینە تاران، وەزارەتی تەندروستی ئێران، وتیان بڕوانامەتان پێنیە، دەبێت تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، بەرواری ڕۆژی تاقیکردنەوەمان وەرگرت و گەڕاینەوە بۆ سەقز، هاتینەوە سەقز ببووە هەرا، ئەیان وت بەرگەی تاران بۆ کەم کەس دەکرێ، ئەمانە چۆن چوون بۆ تاران، حاکم محەممەد کەدوای ڕاپەڕین بووە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران پرسیاری کرد چۆن چوون؟، وتمان بەهۆی ناسیاوێکەوە، ئەگەر د.عبدالرحمن نەبوایە نەمان دەتوانی بچینە تاران و یەکسەر بەرواری تاقیکردنەوە وەربگرین دەبوو بچیتە ئۆردوگا دوو مانگ زیاتر بمێنینەوە، دوایی مامەڵەی دامەزراندن بکەین، چونکە ئەوکاتە ئێران کادری تەندروستیان کەم بوو، پێویستیان بەکادرو دکتۆر هەبوو، د.عبدالرحمن برینپێچی کۆنی عێراق بوو، لەبنەڕەتدا ناوی یاسین حاجی شەریف بوو، چەمچەماڵی بوو، دوای ڕاپەڕین هاتبووە ئەم دیوو، سەیارەی کڕیبوو بیباتە ئەو دیوی کوردستانی ئێران، بە کارەساتی سەیارە لە سنوور کۆچی دوایی کرد، هاتینەوە سەقز، ماوەی بەرگەی مانەوەی سەقزمان کە بۆ مانگێک بوو بەرەو تەواوبوون دەچوو، هەواڵی شەڕی سنوورەکان هات، دوژمن دەیەویست بەرزاییەکانی شاخەکانی چەکوج سادر ناوچەی باڵەیان بگرێت کە ناوچەیەکی بەرزی سنووری بوو، بەو نیازەی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکانیش نەمێنێت و هەموو بچنە ئێرانەوە، بەڵام ئەو خەوەی دوژمن نەهاتە دی و بەرزاییەکان نەدەگیرا، گەڕاینەوە شێخ ئایش بارەگای نەخۆشخانەکان لە خێمەدابوون، شێخ ئایش ماڵەڕەوەندی کوردی زۆر لێبوو، بەڕۆژ گەرم و شەوان سارد بوو، لەگەڵ گەیشتنی ئێمە هەواڵی کۆچی دوایی ئازاد هەورامی هات کە بەتۆپی دوورهاوێژ لەگوندی کونەکۆتری باڵەیان لە ١٩٨٨/٨/٣١، بەسەختی بریندار ببوو، پێش شەهیدبوونی سرودی ڕێگەی خەباتمان چەند سەخت بێ دەووت، خۆی مۆسیقارو سروودبێژ بوو، پیاوێکی دانسقەو خاکی و سادەبوو، شەهیدبوونی کارەساتێکی گەورە بوو لەو ڕۆژگارەدا، سەرکردایەتی یەکێتی زۆری پێ شپرزەبوون، ئەو چەند ڕۆژەی کە لەشێخ ئایش ماینەوە، د.هێمن

کە دواتر خۆیشی بەکارەساتی ماشێن شەهید بوو، هەر باسی ئازاد هەورامی بۆ دەکردین کە لە بادینان بەیەکەوە بوون، چۆن توانیوویەتی لە بادیناندا لایەنگرو ئەندامانی (ی.ن.ک) زیاد بکات، چەند پیاوێ قسەخۆش و سادە بوو، ڕۆژانە ماڵە ڕەوەندە کوردەکانی کە بۆ ئاژەڵ لەوەڕاندن لە چیاکانی قەندیل بوون، دەهاتنە نەخۆشخانە چارەسەرمان دەکردن، هەندێ لە ئافرەتەکانیان زۆر کراوەو قسەخۆش بوون هەستت دەکرد ئازادی زۆرتری ژنان، لەناو ئەو ڕەوەندەو ماڵە کۆچەریانە هەیە، بوێرو چوست و چالاک بوون، هەفتەیەک زیاتر لە قەندیل ماینەوە، هەوڵی هێرشی میری بۆ سەرسنوورەکان بەرەو کزی دەڕۆیشت، هێدی هێدی تۆپباران و بۆردومان نەما، کۆبوونەوە کرا، بڕیاردرا هێزی پێشمەرگە ببرێتە ناو ئێران، سەرسنوورەکان، چونکە ئەگەر سەرماو سۆڵە دەست پێبکات، ئەستەمە لەزستاندا بتوانێ لە بەرزاییەکانی قەندیلەوە ژیان بگوزەرێنێ، مەڵبەندی یەک برایە گوندی دزڵی لە مەریوان، مەڵبەندی دوو گوندی بلەکێی نزیک بانە، مەڵبەندی سێی هەولێر، دەورەبەری شاری خانە، لەسەرەتاوە بەر مەڵبەندی دووی بلەکێ کەوتم، دواتر دووبارە چوومەوە دزڵی و مەڵبەندی یەکی جاران لە شاری مەریوان. لە شێخ ئایشەوە لەگەڵ د.ناصح و د.هێمندا چوینەوە ناو شارەکان لە شاری مهاباد گیرساینەوە لە ئوتێل کوێستان، بەلامانەوە سەیر بوو قەزایەک لەو سەردەمەدا ئوتێلی وا پاک و دڵگیری تیا بێت، چووینە مەیدانی چوارچرای مهاباد، قازی محەمەدو هاوڕێکانی هاتنەوە یادمان، کە گەڕاینەوە سەقز، د.مارف بە نیازی سەفەر بۆ خوێندن چوبووە تاران بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد، باسی شەهیدبوونی ئازاد هەورامیم کرد، وتی بیستومە، نزیکەی (٢٥) ڕۆژ لە تاران مایەوە تا فیزەی سوریای وەرگرت، لەوێوە چووە ئۆکرانیا بۆ خوێندن.

## گوندی بلەکێ، بارەگای مەڵبەندی دوو

لە گوندی بلەکێ، بارەگای مەڵبەندی دووی ئەوکاتە، نزیک شاری بانە، بارەگای نەخۆشخانەمان لەگەڵ بارەگای مەڵبەند دانا، قادری حاجی عەلی، لێپرسراوی مەڵبەند بوو، د.جبار و د.هێرش و کاک شوان، من، لەگەڵ د.ئارام کە لەم دواییانەدا بەڕێوەبەری گشتی بوو لە وەزارەتی تەندروستی (٢٠١٩) ئەوکاتە کادری پزیشکی بوو، لە بارەگای نەخۆشخانەکە بووین مامۆستا شێرکۆ کە دوای چووە دەرەوەی وڵات، لێپرسراوی ئیدارە بوو، زۆر دەچووە شاری بانە، ئازووقەی دەهێنا جاروبار کتێبێکی دەکڕی، جارێک کتێبێکی عەرەبی هێنا بە ناونیشانی (الشیعة والحاکمون) لەبەر زۆری کات و نەبوونی کتێب لەسەرەتاوە ڕیزی بۆ خوێندنەوە بۆ گیرا، من دوای نەوزاد کاکەڕەش کتێبەکەم خوێندەوە.

پێشمەرگە و تیپەکان هەموو بارەگایان دانا، زۆربەیان خانویان گرت، ماوەی جاڕدانی یەکەمی لێبووردنی گشتی میری عێراق تەواو بوو کۆمەڵێک پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە پێشمەرگەکانی تر زۆری لە بارەگاکان دەمانەوە، ڕۆژانە وەرزش و شەوانە یاری کڵاوێن، کۆنکەن، دۆمینە دەکرا.
قادری حاجی عەلی حەزی لە بەزم و گاڵتە بوو، پێشمەرگە نوکتە ئامێزەکانی وەک حاجی ڕزگارە قەڵەو، دلێری شێخ ڕەزا، وەستا عبدول و

چەندانی تری لە بارەگای مەڵبەند کۆکردبووەوە و شەوان دەبووە نوکتە و بەسەرهات و باسی جۆراوجۆر، چونکە تەلەفزیۆن لە بارەگاکاندا نەبوو، شەوێکیان بە ئامادەبوونی مام ڕۆستەم و کاک قادر وترا: هەموو گۆرانی بڵێین، وتیان کاکە قادریش دەنگی خۆشە، هەموو براکانی دەنگ خۆشن دەبێت ئەویش گۆرانی بڵێت، نوکتەکەی مام ڕۆستەمیان گێڕایەوە کە وتبوی: خۆ کاک قادر ئازایی خۆی نییە دەنگی خۆشە ئازایی حاجی عەلی باوکێتی، ئەگەر شەوێک لەگەڵ دایکی منیشدا بخەوتایە، ئێستا منیش دەنگم خۆش ئەبوو، چونکە ئەوان بەخێزانی دەنگیان خۆشە. ئەوەی لە هەمووی مەخسەرەتر بوو، دەورە کۆمیدییەکانی دلێری شێخ ڕەزا بوو کە دوای ڕاپەڕین شەهید بوو، دلێر جوڵاندنی کۆمێیدی هەبوو، خۆی دەکرد بە دکتۆر ئەو نەخۆشانەی دەبینی کە باری دەروونیان تەواو نەبوو (H.Y.S) دەرزی ئاوی پاڵێوراو (ئاوی موقەتەر) قەترەی پێ دەدان، چاکیش دەبوونەوە، جاروبار پارەی پێمان کۆدەکردەوە قەلێکی دەکڕی و لێمان دەنا، سێژەمە ئاوە قەلەکەمان دەخواردەوە هەر باسی نانخواردن بکرایە، شێخ دلێر ئەیوت ئاوە قەلەکە بێنن، تا ڕۆژێ د.جبار وتی: ئاوە قەلەکەی شێخ دلێر بۆتە تڕەکەی خەسرەو هەر نابڕێتەوە.

ڕۆژێک لەگەڵ قادری حاجی عەلیدا وەستا بووم جیهازەکە بروسکەیەکی هێنا کاک قادر بروسکەکەی خوێندەوە ڕەنگی گۆڕا وتم ئەوە چییە؟ وتی: هێمنە ڕەشی سەرتیپی ٥٩ی حەمرین تەسلیم بوەتەوە، سەرێکی باداو وتی: پیاوێ شۆڕشگێڕ بوو، بڕواناکەم کاری خراپە بەرامبەر خەڵک بکات، هێمن لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە گەرمیان مابووەوە، دوایی پەیوەندی بە میرییەوە کردبوو تا بڕواتەوە، باری دەروونی لێپرسراو و پێشمەرگەکان جێگیر نەبوو، ئاییندە ڕووناک دەرنەدەکەوت. مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو توانیبووی بچێتە ئەمریکا و زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێس ببینێ، جارێک لەگەڵ چوونی تارق عزیز بۆ ئەمریکا مام جەلالیش لەوێ بوو، تارق عەزیز بەسەرشۆڕی و توڕەییەوە گەڕابووەوە عێراق، کارەکانی تەواو نەکردبوو، کەش و هەوای دانیشتنی لیژنەی دانوستکاری شەڕی عێراق/ ئێران هاتبووە ئاراوە، بەسەرپەرشتی (UN) دادەنیشتن لەسەرەتاوە دانیشتنەکان زۆر سست و بێزارکەربوون، چونکە شەڕەکە، هەشت ساڵ درێژەی کێشابوو، خەڵکێکی زۆر لە هەردوولا کوژرابوو، بە ئاسانی ڕێکەوتن نەدەکرا، دیلێکی زۆر لە

هەردوولا هەبوو، سەرەڕای گرفتی زۆر و بۆر.
نزیکەی دوو مانگێک لە دزڵی مامەوە، شەوانە خۆشمان ڕادەبوارد ڕۆژانەیش کارمان لە نەخۆشخانەکە دەکرد، لەو ماوەیەدا یەک دوو کاغەزم لە د.مارفەوە بۆ هات، یەکێکیان لە مۆسکۆ و یەکێکیان لە کیفەوە لە یەکێکیاندا نوسیبوی داوام لە عادل مراد کردوە، زەمالەت لە حزبی سۆشیالیست بۆ وەرگرێت لە داهاتوودا سەردانی بکە، وەڵامم دایەوە من یەکێتیم عادل مراد، سەرکردایەتی سۆشیالیستە، چۆن زەمالە بۆ من دەکات وتی: دەکرێ، چونکە زەمالەکان هەمووی هی حزبی شیوعی سۆڤێتین، دەیدا بەحزبی شیوعی عێراقی، ئەوانیش دەیدەن بە حزبەکانی تر، هیچ حزبێ تر خۆی ڕاستەوخۆ زەمالەی لە یەکێتی سۆڤێتی ئەوکاتە نەبوو، حزبی شیوعی نەبێ، بۆ خۆشت لە ڕێگای یەکێتییەوە داوا بکە یەکێکیان هەر سەر دەگرێت، بیری خوێندن مێشکی تەنیبووم، چونکە کاتی خۆی غەدری گەورەم لێکراو بە نمرەیەکی بەرزەوە چوومە پەیمانگا، بیرم کردەوە من لە سنووری مەڵبەندی یەک پێشمەرگە بووم، زۆربەی لێپرسراوەکانی ئەوێ ناسیارن، شێخ عەلی لێپرسراوی مەڵبەند بوو، برازای مام جەلال بوو پیاوێکی باش و گوێ ڕایەڵی پێشمەرگە بوو، بۆیە بچمەوە سنووری مەڵبەندی یەک باشە، خۆم گواستەوە گوندی دزڵێ بارەگای مەڵبەندی یەک، دکتۆرەکان (ناسح، جەلال، د.حسێن) لە نەخۆشخانەی (الله أكبر) لە مەریوان دەوامیان دەکرد، بنکەی تەندروستی مەڵبەند، کاک جوتیار و د.هاوڕێی لێبوو، د.هاوڕێش چووە ناو هێزە پارتیزانەکان و هەر من و جوتیارماینەوە، ڕۆژانە دەوامی ئاساییمان دەکرد، لەسەرەتاوە بۆ پشوو چوومە بارەگای ئیدارەی مەڵبەند، کە شێخ تەهای برای شێخ ڕەشیدی قەلا، لێپرسراوی ئیدارە بوو، وتی لای ئێمە بمێنەوە بۆ دەوام بچۆ بۆ بارەگای مەڵبەند، ئەوێ قەرەباڵغە جێگایان کەمە، پێم خۆش بوو بارەگای ئیدارە گەورەو پێشمەرگەکانی کەم بوون لایان مامەوە هاوکاریم دەکردن لە خەفەریات و چێشت لێناندا، تیپەکان لە ناو گوندی دزڵی و دەربەند دزڵی، بڵاوەیان کردبوو، خانویان گرتبوو، (مەنسور أنور بەگ) کوڕەزای محمود خانی دزڵی لێپرسراوی پەیوەندییەکان بوو، چووم بۆ لای بەرگەی چوون بۆ سەقزم بۆ بکات، وتی: بسمیلا تۆ تازە هاتووی، ماوەیەک بمێنەوە پاشان بچۆ سەقز، وتم عەینەکەکەم شکاوە دەچم چاکی دەکەمەوە د.هاوڕێ وتی: کادری خۆمانە، بەرگەی تا سەقزی بۆ کردم چووم چاویلکەکەم چاککردەوە، هەندێ برادەری باشم بینی کە لە مەڵبەندی

یەکی قەراغ بەیەکەوە بووین، شەوانە کتێبم دەخوێندەوە هێدی هێدی فێری زمانی فارسی دەبوم، پێشمەرگەیەک بە ناوی (کمال) کە خوێندەواری نەبوو، دەیوت تۆ سوودت بۆ کەس نییە و کتێبەکان هەر بۆ خۆتە، بۆ ئێمەی باس ناکەیت، نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە، جارێک جەلال جەوهەر و مامۆستا إکرام هاتن، پێیان سەیر بوو کتێب لە بارەگای ئیدارە هەبوو، وەڵامیان دابۆوە هی د.برایمە، یەکەمین کتێب بە فارسی کە زۆر سوودم لێ وەرگرتو تاڕادەیەک فێری فارسی کردم، کتێبێکی محمد حسنین هەیکەل بوو بە ناوی (ڕیشەهای ما هنوز زندە هستند) لەسەر کێشەی فەلەستین بوو، واتە ڕەگی ئێمە یا ڕەگەکانی ئێمە هێشتا زیندووە، پێش من کاک فازڵ قەساب خوێندبوویەوە کە لە سەقز یەکمان دەبینی، فارسیەکەی لە من باشتر بوو، ئەو وتی بیکڕە هی هەیکەلە و بۆ فارسیەکەت باشە.

لەگەڵ جوتیاردا بارەگایەکی بچووکی نەخۆشخانەمان لە دەربەند دزڵی دانا، چووم لە قاسمەڕەش لە خەستەخانەی سەرکردایەتی لای د.شوان سێ گونییەی پڕ دەرمانم هێنا، بە دکتۆرەکانی خۆمانم وت: دەتوانن بۆ پێشمەرگە دەرمان بنووسن، لای ئێمە وەری گرن، د.ناصح و د.جبار و د.حسێن لە نەخۆشخانەی مەریوان دەوامیان دەکرد، جاروبار سەریان لە بنکە تەندروستییەکەمان دەدا، بە شێخ تەهام وت: بە نیازی وەرگرتنی زەمالەم بە شێخ عەلی وت کاری بۆ بکە، هەروەها وتی: بچۆ بۆ لای ملازم عمر با ڕەزامەندیی جەوازیان لیزە پاست بۆ بکات، چونکە ئەوکاتە ملازم عمر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، مەکتەب سیاسییەکان دەسیان کراوە بوو دڵارامی خوشکی ئاواتی شێخ جەناب خێزانی بوو کە خزمی شێخ تەها بوو.

لە مەریوان و دزڵی کەش و هەوایەکی تازە بۆ من هاتە ئاراوە، لەشارۆچکەی کاتی دینار، کە دەکەوێتە نێوان ڕێگەی مەریوان/ دزڵی، زۆربەی ماڵە ئاوارە کوردەکان کە لە سنووری مەڵبەندی یەک بوون لەوێ گیرسانەوە، برادەری دێرینی کەرکوکم (حسن أبوبكر)م بینییەوە، دەچومە ماڵیان، خۆی و خێزانەکەی خزمەتی زۆریان کردم، زوو زوو دەچومە ماڵیان، د.ناجحم بینییەوە لە ئۆردوگای دزڵی گیرسابۆوە، وتی لە ماڵی مامم، پرسیاری ماڵی خۆیانم کرد، وتی: کەسیان لە کیمیابارانی هەڵەبجە دەرنەچوون بەو هەواڵە تاسام، هەر کە لە گەرمیان بە یەکەوە بووین دڵی

خەبەری دابوو کە نەماون هەر واش دەرچوو، ئاوارەکانی هەڵەبجە زۆرتر لە ئۆردوگاکانی دزڵی و باراماوە گیرسابوونەوە، سەردانی ئۆردوگای باراماوەم کرد، بۆماڵی وەستا موئمن و خەرامان خان، موئمن وەستایەکی دەستڕەنگینی چاک بوو، دوای ڕاپەڕین شەهید بوو، لە باراماوە کاکە حمەی حاجی محمودم بینی، کە ئەوکاتە لێپرسراوی لق بوو لە حزبی سۆشیالیست، بە ناوی لقی سلێمانی، پیاوێکی قەڵەوی تێکسمڕاوی چوارشانەبوو، مامۆستا شاخەوان لێپرسراوی ڕاگەیاندنی لقی سۆشیالیستم ناسی، وتی: نێوان لق و سەرکردایەتی سۆشیالیست تەواو نییە و کاکە حەمە زۆر حساب بۆ سەرکردایەتی ناکات، ڕەسول مامەند سکرتێری سۆشیالیست بوو، پیاوێ کوردپەروەری کەمدەسەڵات و لەسەرخۆ بوو، بازنەی پەیوەندییەکانم لە سنووری مەڵبەندی یەک لە بازنەی پەیوەندییەکانی سنووری مەڵبەندی دوو زیاتر بوون، چونکە زۆربەیان پێشمەرگەکانی قەرەداغ، گەرمیان، شارەزوور بوون و منیش لەو سنوورانە پێشمەرگە بووم، جگە لە کاری ڕۆژانە، بەسەردانی خزم و ناسیاوان ڕۆژگارێکی پر لە یادگاریمان دەبردە سەر.

ڕۆژێک بروسکەیەک هات کە ڕژێم دەیەوێ جارێ تر هەوڵی گرتنی بەرزاییەکانی شاخەکانی چەکوچ و سادر لە سنوورەکان بدات، پێشمەرگەکان چوون، دەبێت کادرە پزیشکییەکانیش بچن، بڕیاردرا من و د.ناصح بچین، لەمەریوانەوە چووینە سەردەشت و قاسمەڕەش، لەقاسمەڕەش مولازم عمرمان بینی کە ئەوکاتە لێپرسراوی یەکەمی هێزی سەربازی پێشمەرگە بوو، وتی بچن بۆ لای کاک حامید لە بەرەکانی شەڕە، هەرچەندە هێزەکانی عێراق شارەزانین و ناوچەکانی پێشمەرگە بەرزو شاخە، بەڵام دەرمان بەرن و بچن، پێشتر بروسکەمان بۆ کردوون، چووینە سەر بەرزاییەکانی چەکوش و سادر دوو کێوی بەرز هەر بەردت خلۆرکردایەتەوە بە سەربازی عێراقی نەدەگیرا، کاک حامید، م.سەیف الدین، م.إکرام و فەرماندە سەربازییەکانی لێبوو، نایلۆن دەدرا بەسەر خێمەکەدا خەوتنی ژێر خێمە لە ساتی باران بارینی شەواندا جگە لە دەنگی باران کەشێکی خۆشی دەهێنایە ئاراوە: پایزێکی درەنگ بوو، میری عێراق دەیەویست پێش بارانی بەفر ئەو بەرزاییانە بگرێت بەڵام بۆی نەگیراو کشایەوە د.ناصح زوو گەڕایەوە مەریوان و من مامەوە.

شەوانە لە بن خێمەدا، حامیدی حاجی غالی، نوکتە و بەزمی خۆشی لەگەڵ م.سەیف الدین، شەهید عبدالرزاق، ئاواتی شێخ جەناب ساز دەکرد،

شەوێکیان سەربازانی عێراق هێرشیان هێنا، پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک بەسەرپەرشتی شەهید سالار حاجی قادری شارەزووری لە پێشەوە بوون، بە بێسیم قسەمان لەگەڵ دەکردن، سالار دەیوت لێیان دەن ئەم سەگبابانە، شپرزە ببوو سەرقاڵی فەرمانی سەربازی بوو، حامید کردیە بەزم و وتی: ئەوە چییە سالار یەژی توکی گونت ڕادەکێشن، بووە نوکتە و سالار دوای هێرشەکە گەڕایەوە لامان، قسەکەی لە دڵ گرتبوو، ڕزگاری حاجی کایل وتی: هەر بەرد خلکەرەوە ئەو شوێنە ناگیرێ، شەهید سالار خۆی پیاوێکی قەرەباڵغ و هەزەلی بوو، لە ڕاپەڕینەکەدا گیانی پیرۆزی بەخشی بە کوردستان، هەر لە بن خێمەکاندا کتێبی دان چەرمووی جاک لندنی لێبوو تازە لە ناوشارەوە گەیشتبوو، عەبدوڵڵای حسن زادە کردبوویە کوردی، هەموو دەمان خوێندەوە، شەڕ بوو لەسەر خوێندنەوەی، نۆبەی بۆ گیرابوو، من دوای حامیدی حاجی غالی سەرەی خوێندنەوەم بوو، ئاواتی شێخ جەناب پێش حامید بوو، کاک حامید تانەی لە ئاوات دەداو دەیوت دەتەواوی بکە جاروبار قسەیەکی تێ دەگرت، ئاوات ناچار بوو دەستبەرداری خوێندنەوەکە بێت، کە حامید خوێندییەوە، وتم کاک حامید هیچی لێ تێگەیشتی وتی وەڵا: د.گیان هەمووی هەر شەڕە سەگە، کتێبەکە بە دیمەنی جۆراوجۆری شەڕە سەگ داڕێژرابوو، ئەویش خوێنەرێکی سەر پێی بوو.

# گوندی دزڵی، بەردەوامی سەردان و مانەوە لە بارەگادا

دزڵی، گوندێکی گەورەی ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێرانە، دەکەوێتە هاوشانی زەڵم و ئەحمەد ئاوا، گوندێکی دڵگیری چواردەورە دراوە بە کێو و شاخ، دەربەند دزڵی دەروازەی چوون بۆ گوندی دزڵییە، دەربەندێکی درێژکۆلەی پێچاوپێچە، محمود خانی دزڵی خەڵکی ئەم گوندەیە لە پیاوە ناسراوەکانی مێژووی کوردە، یارمەتی شۆڕشی شێخ مەحمودی داوە، بە هۆی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق/ ئێرانەوە زۆربەی ماڵەکانی گوندی دزڵی چووبوونە دەربەندی دزڵی، لەگەڵ وەستانی شەڕەکەدا، گەڕانەوە گوندەکە، بارەگاکانی ئێمە، شوێنی ماڵەکانیان دەگرت بە کرێ، بارەگای مەڵبەند لە تەنیشت ماڵی دێرینی مەحمود خانی دزڵی بوو، کە خانویەکی دێرین مابووەوە، ماوەیەک تیپەکانی گەرمیانی تیابوو، بارەگای ئیدارەی مەڵبەندیش کە من لەوێ گیرسامەوە بۆ پشوودان، بەرامبەر بارەگای تیپی (٥١)ی گەرمیان بوو، ماوەیەکی زۆر لە دزڵی و گوندی دزڵی و مەرگەوان مامەوە، تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، جاروبار بە سەردان دەچووینە شارەکانی تاران، سنە، سەقز، کرماشان، سەردەشت، لە سەقز شێخ عەتا و شێخ کەریمی تیمار، خانویان گرتبوو لایان دەمامەوە، شەوێک لای شێخ کەریمی تیمار بووم کە لە دوای ڕاپەڕین لە گرتنی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی شەهید بوو، شێخ دلێری برای شێخ جەعفەری شێخ مستەفای قەڵبەزە هاتە لامان بە یەکەوە چووین بۆ

ماڵ مەلا عەلی کادری حزبی شیوعی بۆ داخوازی کچەکەی بۆ هاوڕێ کاوە، کە کادرو ئامرکەرتی خۆمان بوو، داخوازییەکە سەری گرت، دوایی بەزەماڵە ناردیان بۆ خوێندن لەوێوە چووە ئەوروپا، زۆربەی زەماڵەکانی خوێندن دوای ماوەیەک جێیان دەهێشتوو دەچوونە ئەوروپا، چونکە بە لیژنەو خاڵ نەدەنێردران، بەڵکو ناسیاوی و پەیوەندییە شەخسییەکان دەوری دەبینی، زۆربەی کارەکان بەنهێنی و بەپەیوەندیی کەسایەتی دەکرا، ئێمە کە بەنیازی وەرگرتنی زەماڵە بووین، لەحزبەکەی خۆمان هیچمان بۆ نەکراو بگرە ئاگاداریش نەکراینەوە لەسات و کاتی دانانی ناوەکان هەموو کارەکان لەسەقز و بە نهێنی کرا.

شەوێکی تر لە سەقز، لای شێخ عەتای تیمار مامەوە، ئەبو سەلام (بەهاءالدین نوری) هاتە لامان کە تازە لە قەراخەوە گەیشتبووە ئێران، نامیلکەیەکی شیعری پێبوو تازە چاپی کردبوو لەسەر بارودۆخی کوردستان دوای ئەنفالەکان، سەروو دانەی پێداین، وتی: لەگەڵ مام جەلال قسەم کردوە، بڕیار وایە مامەڵەی سەفەرم بۆ دەرەوە بۆ ڕێک بخات، دوایی چووە سوریا لە وێوە نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ عەتای تیمار، کاک عەتا نامەکەی بۆ خوێندمەوە، لە لێبوردنێکدا شێخ عەتا و شێخ کەریم هاتنەوە بۆ سلێمانی ئەو دوو هەوارە تەنیاییەی سەقزم نەما کە زۆر جار لایان دەمامەوە.

هەر لەسەردانەکانی ناوبەناوی ساڵانی بارەگای دزڵیدا چوومە سەردەشت، ماڵی شێخ تەیبی باڵخم دۆزییەوە کە خۆی و خێزانەکەی خزم بوون، هەردووکمان بەیەکەوە کاغەزێکمان نارد بۆ کاک فەرەیدون کە لە ئۆردوگای (خرام اباد) بوو ناونیشانەکەی لای من بوو، یەک دوو جار کاک فەریدون هاتە سەردەشت یادگاری خۆشمان بە یەکەوە تۆمار کرد.

هەروەها لەگەڵ حەسەن ئەبوبەکری هاوڕێمدا چووینە سەقز، لەسەقز سەرمان لەماڵی سامان برای ئازاد هەورامیدا، کە ملازم عمر و جەلال جوهەر لەوێ بوون، لە ناو شارەوە هەواڵی مردنی برایەکی ئازاد هەورامی هاتبوو، خوشکەکەی دەگریا و دەیگوت ئەی هاوار کەسمان نەما، ملازم عمر دەستی کرد بە گریان، هەمووومان بەو هەواڵە خەمبار بووین و دیمەنێکی ناخ هەژێن بوو.

ماڵی ئـازاد هەورامی، خێزانێکی شۆڕشگێڕ بوون سـەریان بۆ دوژمن دانەنەواند، حسن وتی: کاک سامی دەمناسییەوە، وتی: بەڵێ، لەکەرکوک بە یەکەوە بووین شـەوێکی خەمباری مێژوویی بوو، ئازاد هەورامی لەو مرۆڤانە بوو ئەوەی بینیبای داخ و کەسـەری زۆری بۆ دەخوارد، شـەهیدبوونی دڵی زۆر کەسی داخورپاند. لە سـەردانێکی تری کرمنشادا لەماڵی شێخ باهیری سـەنگاو کە لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا بوو، ڕووناکی ژنی مەلا بەختیارم بینی، کە هێشتا مەلا بەختیار لەزیندانی شۆڕشدا بوو، دوایـی ئـازاد کرا، پرسیاری مەلا بەختیارم کرد ڕووناک وتی: جاروبار ڕێگە دەدەن ببینم سـەلامەتە، هەفتانەش دەچووینە شارۆچکەکانی کانی دینار، جوجەسازی، کەماڵی پێشمەرگە خێزاندارەکان لەوێ بوون، بە تایبەتی کانی دینار، کە ماڵی شـەهید حمەڕەش و حسن ئەبوبەکری لێبوو، کوڕی کۆنکەن و یاری فەرهودمان سازدەکرد، جارێک لە ماڵی شـەهید حمەڕەش سامان گەرمیانیم بینی تازە لەدەرەوە هاتبووەوە باسی ڕۆڵی مام جەلالی کرد لەدەرەوە. پاش کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، ئێزگە جیهانییەکانی وەک لەندەن و مۆنتی کارلۆ، جاروبار باسی کوردیان دەکرد جارێک لە بەرنامەی (بين السائل و المجيب) پرسیاری جەلال تاڵەبانی کرابوو کە کێیە؟ ڕادیۆی لەندەن زۆر بە جوانی وەڵامی دابووەوە، بە گشتی ناوهێنانی کورد لە هەر کون و قوژبنێکەوە بووایە، ئاهێکی وەبـەری ئێمەی ئـاوارەی دوور لە وڵات و چاوەڕێکەری گۆڕانکاری لە عێراقدا دەهێنا، تا مام جەلال لە دەرەوە هاتەوە ناو بارەگاکان، لە قاسمەڕەش زۆرتر دەمایەوە کە خاڵێکی سەرسنووری دیوی ئێرانی نزیک بە گوندەکانی شێنێ، زەڵێ بوو. بارەگاکانی سەرکردایەتی لێبوو.

لەگەڵ هاتنەوەی مام جەلالدا تا ڕادەیـەک ورە هاتەوە ناو پێشمەرگە .دەستی کرد بە کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ سەرکردایەتی، کادرانی ناوەند، پێشمەرگە، مەڵبەند بە مەڵبەند و ئۆرگان بە ئۆرگان، کۆبوونەوەی پێ دەکردین، من بۆ کۆبوونەوەی کادرانی تەندروستی چووم، کە نزیکەی (٣٠) کەس دەبووین هەریەکەو لایتێکی جوانی گڵۆپی داپێمان کە بە پاتری کاری دەکرد، باسی هەنگاونانی کێشەی کوردی کرد لە ناوەندە جیهانییەکاندا، ئاماژەی دا چووەتە ئەمریکا و زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بینیوە، زۆرجار نوکتە و قسەی نەستەقی تێکەڵ بە کۆبوونەوەکان دەکرد، هەروەها ئاماژەی دا هەندێ کادری پزیشکی بنێرێتە دەرەوە بۆ خول و وەرگرتنی پسپۆڕی هەر لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا وتی: پێویستە هێندە خولی کارگێڕیی سەربازی

بکەینەوە، ئەگەر ڕۆژێ گەڕاینەوە بە ئازادییەوە هەر پێشمەرگەیەکی بێ پلە کە ئێستا لە گەڵمانە بەلایەنی کەمەوە پلەکەی لە لێپرسراوی کەرت کەمتر نەبێت، ناوبەناو خولی سەربازی کرایەوە لە شارەکان ژمارەیەک پێشمەرگە چوون، هەروەها وتی: لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە قسەم کردووە گلەیم لێکردوە کە دەستیان بەدانوسان لەگەڵ ڕژێمی بەعس کردووە پرسیان بە ئێمە نەکردووە، پێشتر ڕێکەوتنمان وابووە، هەر لایەک لەگەڵ میری عێراق بکەوێتە گفتوگۆ ئەوی تر ئاگاداربکاتەوە، بە گشتی مام جەلال ڕێزی کادری تەندروستی زۆر دەگرت، لە یادمە جارێک د.هەڵۆ کە دکتۆرێکی بادینی نەشتەرگەر بوو، لەگەڵ سەرتیپێک ببووە دەنگە دەنگی، د.هەڵۆ بە مام جەلالی وت، تەنها بە نوسینی پارچە کاغەزێک بۆ مام جەلال، مام جەلال سەر تیپەکەی بانگ کردو ماوەیەک تجمیدی کرد.

کە لە قاسمەڕەش گەڕامەوە کانی دینار، لەماڵ حەمەڕەش لامدا وتم: مام جەلال ئەم لایتەی بە دیاری داومەتێ تۆ چەنێ پارتیزان بووی لایتێکی نەدایتێ، من بۆ گاڵتە قسەکەم کرد، وتی: ئەگەر لێمنەسەند من حەمەڕەش نیم، دوای دوو سێ ڕۆژ بینیمەوە وتی: ئەوە مام جەلالم بینیوە و لایتەکەشم لێسەندوە، یەکێکیشم بۆ کاروخی کوڕم هێناوە. مام جەلال حەمەڕەشی زۆر خۆشدەویست، ڕێزی زۆر دەگرت، جارێکی تر لە کۆبوونەوەیەکی دەربەند دزڵیدا کە حەمەڕەش لە دوورەوە وەستابوو، مام جەلال باسی ئازایی هێزی پێشمەرگەی کرد، ئاماژەی دا جارێک مەفرەزەیەک پێشمەرگە سەنگەریان لە چیایەک چۆڵ کرد، بۆ شوێنێ تر سەربازەکانی عێراق ئەو سەنگەرەیان گرت، مام جەلال وتی: منیش پێیانم وت نەدەبوو ئەو سەنگەرە چۆڵ بکەن چونکە شوێنەکەی ستراتیجی بوو، پێشمەرگەکان وتیان ئینجا چییە، ئێستا دەیگرینەوە، هەمووی چەند خولەکێکیان پێ نەچوو سەنگەرەکەیان گرتەوە، مام جەلال وتی: کوا حەمەڕەش لێرەیە؟، حەمەڕەشیش لە دوورەوە وتی بەڵێ مامە بەخوا زانیم باسی من دەکەی.

بووە پێکەنین، زانرا کە لێپرسراوی گرتنەوەی ئەو سەنگەرە شەهید حەمەڕەش بووە، لە کۆبوونەوەکەدا شێخ عەلی، شێخ عبدالکریم شەدەڵە، جمیل هەورامی، ئامادەبوون کۆبوونەوەی تیپەکانی سنووری مەڵبەندی یەکی دزڵی بوو، حەمەڕەش و هاوڕێکانی تازە لە گەرمیانەوە هاتبوونەوە ئێران، کە لە گەرمیانیش بوو، لە دوای ئەنفالەکان جارێک بە جیهاز لە مەڵبەندەوە قسەم

لەگەڵ کرد، وتی پێشمەرگەیەکمان لە ئاست ناوکی ئازاریێ زۆری هەیە، وتم فلان دەرزی لێبدەن، لە سەرەتاوە کادری تەندروستیان لەگەڵ نەبوو، بەڵام دەرمانیان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکانەوە پێدەگەیشت، دواتر د.هاوڕێ وەک پێشمەرگە و کادری پزیشکی بووە پارتیزان، لە ئێرانەوە لەگەڵ محمود سەنگاوی و هەڤالاتی تر بۆ ماوەیەک چوونە گەرمیان، ئەو ماوەی کە حمەڕەش لە ئێران مایەوە ماڵیان لە کانی دیناری سەر ڕێگەی مەریوان/ سنە بوو، زوو زوو دەچووومە ماڵیان یەکمان دەبینی، شەوێک تازە لە سەرکردایەتییەوە گەڕابووەوە ماڵ، هەستم کرد زۆر بێ تاقەتە، پرسیم چییە؟ یەکەمجار وەڵامی ئەوتۆی نەدامەوە، دووبارەم کردەوە، زانیم مەسەلە فڕکان فڕکانی چوونە دەرەوەیە، وتی ئێمە خەریکی چین پێشمەرگەکانمان لە گەرمیان حاڵیان چۆنە، لێرەش هەر یەکە خواخوایەتی زوو دەرچێ و بگاتە وڵاتێک، باس و خواسی چوونە دەرەوە سەریەشەی بۆ دروست کردبوو، بەڵام ورەی نەڕووخا، چونکە دوای ماوەیەک پشوودان، دووبارە گەڕایەوە گەرمیان لەوێ مایەوە تا ڕاپەڕین، لە ڕاپەڕیندا لە شارۆچکەی دووز بە تۆپی دوورهاوێژی مجاهدین خەڵک شەهید کرا، هەر لە درێژەی سەردان و کۆرگرتنی شەوانی ناسیار و دۆستان، شەوێک لە کانی دینار لە ماڵی سید قادر جەباری کە دوای ڕاپەڕین وەزیری گواستنەوە بوو، سفرە خوانێکی ئێوارانی بۆمان ڕێکخست، سید قادر سووری جەباری، شێخ سردار جەباری، حسن أبوبکری هاوڕێم، د.عفان هەورامی، م.شاخەوان، ئامادەبووین، باس و خواسی زۆرکرا، سید قادر سووری جەباری کە دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد، باسی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا کرد، شیعری زۆر لە شاعیرانی کلاسیکی لەبەربوو، یەکەم جار بوو سەید قادر ببینم و بەلامەوە سەیر بوو تا ڕادەیەک شارەزای ئەدەبی کوردی بوو، چونکە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە کەمتر لە ئەدەب دەدوان هەر خەریکی کێبڕکێی سیاسیی بوون و هیچیان نەدەخوێندەوە.

ساڵانی ئێران مووچەمان لە قەرارگای ڕەمەزان وەردەگرت، هەندێ لە حزبەکان ٥ تا ٦ مانگ جارێ مووچەیان دەدایە کادرانیان، یەکێتی لەوبارەوە باش بوو، هەر مووچەی وەرگرتایە دابەشی دەکرد، بەڵام جاروبار درەنگ درەنگ قەرارگای ڕەمەزان دەینارد، سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ یەک دوو مانگ بوو مووچە نەهاتبوو، پێشمەرگە لە بارەگاکاندا بێ پارەو مووچە

ژیانی دەگوزەراند، مام جەلال لە دەرەوە بوو، هەر کە هاتەوە برادەران تێیان گەیاندبوو، باری دەروونی پێشمەرگە خراپە و مووچە نییە، یەکسەر بروسکەیەکی نارد بۆ گشت مەڵبەندەکان لە بروسکەکەدا هاتبوو، (خودا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە) چەند ڕۆژێ دواتر دوو مووچە بە یەکەوە هات، باری ئابووری پێشمەرگە باشتر بوو، پێم وابوو مام جەلال، فشاری لە حکومەتی ئێرانی کردبوو، تا مووچەکان بنێرێ. کە مووچەم وەرگرت دووبارە کەوتمەوە گەڕان و سەردانی چەند شارێکم کرد، لە مانەوەی شەوێکی مەیدانی ئینقلابی شاری سنەدا عاشورای شیعەکانم بینی، چۆن بە زنجیر دەیان دا لە خۆیان کە زۆرتر سەرباز و خەڵکانی دەرەوەی شارە کوردنشینەکان بوون، نزیکبوومەوە لێیان شەوکەتی حاجی مشیر و جەمیل هەورامیم بینی، وەک من تاسابوون بەلامانەوە سەیر بوو، خۆیان ڕووتکردبووەوە بە زنجیر دەیاندا لە سنگ و بەرۆکیان، خوێن دەزایە جەستەیان، بە گشتی ساڵانی ١٩٩٠/١٩٨٩ تا بەهاری ١٩٩١و ڕاپەڕین لەدزلێ و مەریوان، مەرگەوان، و لەژێر، مامەوە، لەگەڵ پێشمەرگەدا. بارەگایەکی خنجیلانەی نەخۆشخانەمان هەبوو، بەڵام زۆر دەچوومە ماڵی حسن ئەبوبەکر، تا سەفەری کرد بۆ سوریا و لەوێوە بۆ سوید، بە جارێ بێلانە بووم و خانەخوێی مانەوەی پشووم نەما جگە لە ماڵی شەهید حمەڕەش.

# جوڵانەوەی ڕووناکبیری لە ساڵانی غوربەتی ئێراندا

هەروەک لەپێشتردا ئاماژەمان پێدا، یەکێتی لەسەردەمی شاخدا سەرباری ئۆرگانە سەربازییەکان، دەزگای ڕوناکبیری و زۆر لە سەندیکاکانی وەک: نووسەران، مافپەروەران، هونەرمەندان، مامۆستایان، تیپی مۆسیقای شەهید کارزانی، دروستکرد بوو، کۆمەڵێک خەڵکی نوسەرو هونەرمەندو ڕوناکبیری لەدەوری خۆی، لەدەزگا ڕوناکبیرییەکاندا کۆکردبووەوە، ڕۆژنامەو کتێبی چاپ دەکرد، دوای ئەنفال و چۆڵکردنی خاکی کوردستانی باشوور، زۆربەی ئەو دەزگا و سەنتەرە ڕوناکبیرییانە لەشاری سەقز گیرسانەوە، پێشتر لەسەقز، د.عزیزێکم ناسی کە خوێندکاری دکتۆرابووە لە زانکۆی سۆربۆن، لە ئینتشاراتی صلاح الدین ئەیوبی لە ورمێ کاری دەکرد، کە گۆڤاری سروەیان دەردەکرد، لە بارەگاکەی دزڵییەوە بابەتێکی فۆلکلۆریم بە پۆستدا بۆ گۆڤاری سروە نارد، هەر دوای ماوەیەک بە پۆستدا وەڵامەکەیم بۆ هاتەوە کە بابەتەکەم ڕەزامەندیی چاپی هەیەو لە ڕیزی بڵاوکردنەوەدایە، درەنگانێ زانیم کە بابەتەکەم بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە هۆی سەرقاڵی و دەوامکردن لە بارەگادا، بە ئێستاشەوە ئەو ژمارەیەی (سروە)م نەبینییەوە، مانگانە تەنها ڕێبازی نوێ و (الشرارە)مان بە دەست دەگەیشت و دەمان خوێندەوە.

له یەکەم ساڵیادی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجەدا لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئۆردوگای دزلی، لیژنەیەکی تایبەت لە حزبەکانی بەرەی کوردستانی بۆ یادەکە دروست بوو، نوێنەری (ی.ن.ک) م.علی سەرتیپی پێشمەرگەکانی گەرمیان بوو، لە ئێران، بە پارچە پەخشانێک بە ناونیشانی (هەڵەبجە لەچوار تابلۆی جیاوازدا) بەشداریم کرد، زۆر بەحەماسەوە پارچە پەخشانەکەم خوێندەوە، خەڵکێکی زۆر دەستخۆشیان لێکردم یەکێک لەوانە نوێنەری پارتی بوو، کە ئێستا ناوەکەیم لەیاد نەماوە، بەڵام بزوتنەوەی ئیسلامی کە ئەوسا نەببوون بەپارچە پارچەوە، ویستیان بە الله أکبرو سرودی ئیسلامی بەشداری یادەکە بکەن، ڕێگەیان پێنەدراو کردیان بە ئاژاوەو بەجیا یادەکەیان کردەوە، یادەکە لەگۆڕەپانێکی تەختی ئۆردوگاکەدا کرایەوە خەڵکێکی زۆری پێشمەرگەو ئاوارە تەنانەت ئێرانییەکانیش هاتبوون، بابەتێکی زۆری ئەدەبیات و شیعر، لاوانەوەو وتاری بەرەی کوردستانی خوێنرایەوە، دەنگوسەدایەکی زۆری دایەوە، چەند پۆستەر و نامیلکەیەکی بچووک بەوێنەوە لەسەر کارەساتەکە بڵاوکرایەوە ناخی مرۆڤیان دەهەژاند.

هەر لەساڵانی ئاوارەیی دزلیدا، بە هۆی نەخۆشخانەوە بارەگایەکی خنجیلانەمان هەبوو، بە صندوقی گوللە قازیفە کتێبخانەیەکی بچووکم دروستکرد بوو، بڵاوکراوەکانی شۆڕش و کتێبی فارسی زۆری تێدابوو، کە خۆشمان کتێبمان دەکڕی، سەردار عەبدوڵلا هەمیشە لەلای من کتێبی دەخوێندەوە جاروبار کتێبی باش و ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی بۆ فارسی، دەهێنا، ئێران لە وەرگێڕاندا زۆر دەوڵەمەند بوو، باشترین ڕۆمانەکانی جیهان، بۆ فارسی وەردەگێڕدران، ئەو نوسەرە جیهانییانەی لە عێراق هەر ناویشت نەبیستبوون لە کتێبخانەکانی تاراندا هەموو بەرهەمەکانیان ڕیزکرابوون، جارێک لە یادمە لەگەڵ د.ناصحدا لە گۆڕەپانی (ئینقلاب) لە تاران چووینە کتێبخانەیەکی گەورەوە، زیاتر لە دوو کاژێرمان پێچوو، نەمان دەزانی چی بکڕین، لەبەر زۆربوونی کتێبی باش و باری دارایی خراپی ئێمە، هەر یەکە چەند کتێبێکمان کڕی، یەکێک لەو کتێبانەی کڕیم بە ناونیشانی (تحولات سیاسی در إتحاد جماهیر شوروی) بوو، کەباسی گۆڕباچۆڤ وگۆڕانکارییەکان و گلاسنۆست و پرستۆریکای دەکرد، کە لەئەنجامدا دۆخەکە تەقییەوە و یەکێتی سۆڤێت بووە چەندەها وڵاتەوە و گۆڕباچۆڤیش لە سەرۆکی نەما.

ڕۆژێ تر لەگەڵ کاک سەردار عەبدوڵڵادا بەشداریمان لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە کرد، کە یەکێتی مامۆستایانی مەریوان لە هۆڵی (خانەی موعەلیم) لە مەریوان سازیان دابوو، من هەستام چەند خولەکێک لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا قسەم کرد، لە بابەتاهیری هەمەدانی و عەلی تەرمۆخییەوە هێنام تا شاعیرەکانی ئێستای هاوچەرخ و شیعری (چاوم هەڵهێنا دیم ئەم میللەتەی) کامەران موکری شاعیرم خوێندەوە، بووە چەپڵەلێدان و هەراو زەنا، سیمای قەتیسبوونی ئازادی بە دەم و چاوی کۆرگێڕانەوە دیار بوو، داری بەهاری نووسین و ئەدەبی کوردی تازە لە شاری مەریوان چرۆی دەکرد، چەند لاوێکی خوێنگەرم قۆڵیان لێ هەڵماڵیبوو، یەکێکیان بەناوی (مصلح) کە دواتر زۆر بووین بە برادەرو جاروبار گفتوگۆی ئەدەبیمان دەکرد، لەگەڵ سەردار عەبدوڵڵاش بەهەمان شێوە بوو، چەند ڕۆژێ دواتر لە مەریوان چوومە ماڵی ناسیاوێکی ئێرانی ناودار، باسی ئەو ڕۆژەو کۆڕەکەیان کرد، وتیان دوو کوڕی عێراقی قسەی زۆر جوانیان کردوە، دەنگ و سەدایەکی زۆری ناوەتەوە، نازانی کێ بوون؟ زەردەخەنەیەکم کرد، بووە پێکەنین، وتم: وەڵا یەکێکیان من بووم، کردمە گاڵتەو وتم: نەمان گرن، وتیان نا، دەوڵەت هێندە ئاگادار نییە، بەڵام لە ناو گەنج و مامۆستایان و قوتابیاندا دەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی مەریوان کە یەکێک لە کانیاوەکانی پێگەیاندنی کادرانی کۆمەڵەی ئێران بوو، ژمارەیەکی زۆریش ڕێکخستنیان لە دزلی و مەریوان هەبوو، هەرچەندە ئەوکاتە مەریوان شارۆچکەیەکی کەمبایەخپێدراوی سنووری بوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر لە دروستکەرانی ڕێکخستنی کۆمەڵە خەڵکی ئەم شارۆچکەیە بوون، تەوژمی سیاسی نهێنی پێوە دەبینراو ژمارەیەک کتێبخانەی بچووکی تێدابوو، جاروبار کتێبمان لێ دەکڕی، هەروەها عەتای حاجی ئەمین بەگ خەڵکی ئەم شارۆچکەیە بوو، کە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بووە ڕۆژگارێک تا شەهید بووە، ماڵ و موڵکی حاجی ئەمین بەگ هەمووی دەستی بەسەردا گیرا بوو، خانوەکەی ببووە کۆمیتەی سوپای پاسداران، منداڵەکانی زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات لە ئەڵمانیا بوون، لەگەڵ خۆیدا ژنێک و منداڵەکانی تری لە شارۆچکەی کانی دینار لە ترسی گرتن سەری خۆیان کز کردبوو، لە کاتێکدا زۆری زەوی و زاری مەریوان موڵکی ئەمان بوو، لەگەڵ حەیدەری کوڕی حاجی ئەمیندا دۆستایەتیمان هەبوو، زوو زوو یەکمان دەبینی دەیوت حاجی ئەمینی باوکم تەمەنی سەرووی ٨٠ ساڵە لە شاری بۆن لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، لە ساڵانی

نەوەدەکاندا حاجی ئەمین بەگ بەلێبووردنێک هاتەوە مەریوان بەمنداڵەکانی مەریوانی شادبووەوە، چەند ساڵێک، لەدواییدا مرد، منداڵەکانی توانیان بەشێک لە موڵکەکانی وەرگرنەوە. چەندەها ماڵی تر سەر بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون، ئێستا بەشێکیان لەدەرەوەی وڵاتن، بەڵام دوولەتبوونی کۆمەڵەو زۆربەی پارتە کوردییەکانی ئێران، سەری لەلایەنگرانیان شێواندبوو، کە بەرامبەر نەیارەکانیان کەمهێز و فرەکوێخابوون.

کتێبخانەی نەخۆشخانەی بچووکی مەڵبەند تا دەهات دەوڵەمەندتر دەبوو لەکتێب، بەتایبەتی پاش ئەوەی فەرەیدونی پورزام کۆمەڵێ کتێبی باشی فارسی بۆ ناردم کە لە ئۆردوگای خرام ئاباد کۆی کردبوونەوە لەو پەنابەر و عێراقیانەی لە ڕێگەی ئێرانەوە گەیشتبوونە ئەوروپا، ئەمان بە هۆی کەمدەرامەتی و نەبوونی ڤیزەوە لە ئۆردوگاکە جێمابوون، هەلێکی تر بۆ چوونە دەرەوە لە ئێران، هاتە مەیدان بەشێک لە ئاوارە عێراقییەکان و پێشمەرگە لە پارێزگای زاهدانەوە چوونە پاکستان، لە شارێک بەناوی کوەیتە گیرسانەوە، دوایی تاک و تەرا لە ڕێگەی (UN)ەوە چوونە ئەمریکاو ئەوروپا و ئوسترالیا، کاک عەلی بچکۆل لەوانەبوو ماوەیەک زۆر لە پاکستان مایەوە، دوایی گەیشتە نیوزلەندا، دوای ماوەیەک ئەو دەروازەیەش نەما، کاک فەریدون نەڕۆیشت، بەڵام برادەرێک بە ناوی فەرهاد کە لە ئۆردوگا هەمیشە بە یەکەوەبوون چووبووە کوەیتە، لەوێ وێنەیەکی لەنێوان دوو فەردە مۆزدا گرتبوو نوسیوی ئەمە هەمووی بایی (١٠) تمەنی ئێرانە، پاکستان مۆزی زۆر بوو، بەڵام ئەو سەردەمانە لەعێراق و ئێران کەم بوو، زۆر جار دەبووە پێکەنینو بەفەرەیدونمان وت: نەڕۆیشتی تا تێر مۆز بخۆیت، تا لەڕاپەڕیندا گەڕایەوە سلێمانی، ساڵانێکی زۆر مایەوە، دوایی گەیشتە ئەمریکا، ڕۆژێک کاک حەسەن ئەبوبەکری هاوڕێم کە لە بارەگاکانی کانی خەیارانی حسک لەسەر سنوورەوە هاتبووەوە، هاتە لام لەنەخۆشخانەکە سەیری کتێبەکانی کردو وتی: جێگەیەکی هێمن و خۆشت هەیە بۆ خوێندنەوە.

سەقز جگە لەبوونی ئێزگەکە، زۆر بارەگای ڕووناکبیری تری بەناوی ڕاگەیاندنەوە لێ کرابووەوە، جاروبار گۆڤاری کەلتور، نوسەرانی کورد، ڕێبازی نوێ، دەردەچوون شەو لەبارەگای ڕاگەیاندنەکان دەمانەوە کتێبیشمان دەهێنا بەتایبەتی لای ڕەشیدو دارا کە دوو گەنجی کەرکوکی دەرچووی

کۆلێژی کشتوکاڵ بوون، لەڕاگەیاندنی یەکێتی بوون، کتێبی زۆریان لەخۆیان کۆکردبووەوە، هەر لەسەقز لەدووەمساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا، ڤیستیڤاڵێکی گەورەکرا، تیپی شەهید کارزان بەشداریان تیاکرد، گۆرانی و سرودی زۆر لەلایەن حمەجەزا، سلام لای م.عمر، زۆری تر وترانەوە، کچ و کوڕە ئاوارەکان کۆڕاڵ و گروپی وتنەوەی گۆرانییەکانیان دروست کردبوو، جامانە لەمل و جلی کوردیان لەبەرکردبوو، ڤیستیڤاڵەکە دەنگ و ناوبانگێکی زۆری دایەوە، میوانێکی زۆری ڕوناکبیران و هونەرمەندانی ئێرانی هاتبوون. هەر لەو ڕۆژانەدا جارێکی تر هونەرمەند فەیزی نەژادم بینییەوە، کەپێشتر یەکمان ناسی بوو، ماوەیەکی زۆر لەسەقز مامەوە، ماڵەکانی د.فائق، شێخ جەعفەر، هەڤاڵ کوێستانی لێبوو، هەڤاڵ کوێستانی و فریشتەخان، زۆر خولْکیان کردم، شەو بمێنمەوە لەماڵیان، زۆرتر لەماڵ ئەو برادەرانە دەمامەوە کەزگورت بوون، تەنها بەڕۆژ سەردانی ماڵی شێخ جەعفەرو ئەوانی ترم دەکرد، لەسەردانێکی ڕۆژێکی ماڵی شێخ جەعفەردا کاک حسن کوێستانی لێبوو قسەو باسی زۆرمان کرد، پیاوێکی هێمن و تا ڕادەیەک ڕۆشنبیر بوو بەداخەوە لەشەڕی ناوخۆدا کەوتە کەمینەوە، دوای بەرەنگارییەکی زۆر لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تردا شەهیدکران، لەکاتێکدا لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆوە لەگەڵ فەرەیدون عبدالقادر لیژنەی هێورکردنەوەی دۆخی شەڕی ناوخۆو هێنانی ئاشتی بوون، سەردانی بادینانیان کرد، بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕەکە و بەیاننامەیەکیان لە تەلەفزیۆنەوە خوێندەوە.

جاروبار لێبوردنی گشتی بەعس، ناڕوونی دوارۆژ، نا ئارامی باری دەروونی بەرۆکی پێشمەرگە و زۆر لە کادێرە ڕاگەیاندنەکانی دەگرت، ناچار ملیان بۆ تەسلیمبوونەوە دەدا، لەوانە محمد موکری، حمەکریم عارف و ئەحمەدی برای، کاک حسێنێک کە لە ڕادیۆ بوو، پێشتر زۆر لە سەقز بە یەکەوە دەبووین، هەرچەندە ئەو برادەرانەی تەسلیم بوونەوە لە ناچاری و بێ دەرامەتی و ناڕوونی و نا دادپەروەری مامەڵەی چوونەدەرەوەی دەست ڕۆیشتووەکانی ناو شۆڕش بوو، زۆربەیان ملیان بۆ سەربازی داو کاری خراپیان لێ نەوەشایەوە، لەهەر سەردانێکی سەقزدا جار دوای جار خۆشی بەهاکەی پێشووتری نەدەما، بە هۆی تەسلیمبوونەوەی کادێرەکان و چوونی هەندێکیان بۆ هەندەران، کە لەسەرەتاوە سەقز ناوەندێکی گەورەی ڕوناکبیرانی سەردەمی شاخ بوو.

# دووباره سەردانی تاران و کرمانشا

لە ماوەی سێ ساڵی مانەوەمان لە ئێران وەک ئاوارە، ڕۆژانە سەرقاڵی هەواڵ و گۆڕانکاری جیهانی بووین، گۆڕانکارییەکانی میخائیل گۆرباچۆفی سکرتێری گشتی ئەو کاتەی حزبی شیوعی سۆڤێتی و جاڕدانی گلاسنۆست و پرۆستۆریکا لە هەواڵە گەرموگوڕەکان بوون، زۆر لەشارەزایان لەو بڕوایەدابوون کە ڕووداوە جیهانییەکان خێرا دێن و دەڕۆن، گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی مسۆگەرە، بە تایبەتی دوای ئەوەی تاوانەکانی سەدام حسێن گەیشتبووە لوتکە و ڕووداوی قێزەوەن، وڵاتە زلهێزەکانی کە پێشتر لە شەڕی عێراق/ ئێراندا پشتگیری سەدام حسێنیان دەکرد، هەستیان بە لوت بەرزی و تاوانەکانی سەدام حسێن دەکرد، جگە لە پارتە کوردییەکان، چەندەها هێزی چەکداری بەرهەڵستکاری حکومەتی عێراقی پەیدا ببوون، وەک لەشکری بەدر، مەجلیسی باڵای شۆڕشی عێراق، کە لە تاران بە شێوەی حکومەتێکی ناوخۆیی عێراقی لەناو ئێراندا دروست ببوون، لەخوارووی شاری تاراندا، گەڕەکێکی گەورە بەناوی (دولت أباد) هەبوو، چەندەها دەزگاو فەرمانگەی پەیوەست بەکاروباری ئاوارەو عێراقییەکانیان هەبوو، سەندیکای زۆر لە ڕێکخراوەکانی چینەکانی عێراق دروست ببوون، لەگەڵ د.ناصحدا سەردانی دەوڵەت ئاباد، سەندیکای پزیشکانی عێراقیمان کرد، کراین بە ئەندام، پێناسێکیان بۆ دروست کردین، هەرچەندە من یاریدەدەری پزیشکی بووم

له پێناسەکەم نوسرابوو (کمک پزیشک) کۆمەڵێ کتێبی عەرەبی، فارسی، کوردیشیان، بۆمان هێنا، ئەو پێناسە تا ڕادەیەک لە ناو ئێراندا سودی هەبوو، ئەم حکومەتە سێبەرەی لە ناو تاراندا دروست ببوو، عێراقێکی بچووک کراوەی شیعە بوو، بەو نیازەی لەدواڕۆژێکدا بێنە عێراق و جڵەوی حوکم بگرنە دەست، هەرواش دەرچوو، ئێستا ساڵی (٢٠١٩) جڵەوی حوکم بەدەست شیعەکانەوەیە، بەتەواوی قۆرخی هەموو پێکهێنەرەکانی عێراقیان کردوە، لەڕابردودا هەموو ئەو دەزگا دروستکراوانەی عێراق لەسەر زگی دەوڵەتی ئێران بەخۆشی دەژیان، ئەوکاتە ئێمە گاڵتەمان بەو بارودۆخە دەهات لە دڵەوە ئەمان وت، هەتا ماون چاوتان بەو کارە ناکەوێت کە لەناختاندایەو هیواتان لەسەر هەڵچنیووە، بەپێچەوانەوە وا دەرنەچوو، دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق، شیعە هاتنە سەر حوکم، بەڵام یەکنەگرتوو باڵ باڵ و پەرشوبڵاو بوون، دەرکەوت کە شتی چاوەڕوان نەکراو لەژیاندا ڕوودەدات، ژیان ناوەستێت و هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە. پێچەوانەی خوارووی تاران، چووینە سەرووی تاران (تەجریش)، شەقامی ناسر خەسرەو، کە دەووترا: درێژترین شەقامی شاری تارانە، هەر لە سەردانەکاندا سەردانی د.مارف، فازڵ قەساب، صباح فەیلیمان کرد، کە برای د.نجیب یابە بوو، صباح فەیلی ئاودیوی ئێران کرابوو لەلایەن میری عێراقەوە بەوتۆمەتەی کە ناسنامەیان ئێرانییە، لە کاتێکدا براکەی دکتۆری نەشتەرگەری بوو لە سلێمانی، د.مارف تەواو بێزار ببوو زیاتر لە مانگێک بوو لە ئێران مابووەوە دەیویست سەفەر بکات بۆ سوریا و لەوێوە بۆ یەکێتی سۆڤێت بۆ خوێندن، هەر ئەمسەر و ئەو سەریان پێدەکرد، مامەڵەکەیان بۆ تەواو نەدەکرد وتی: داوای پارەو بەرتیل دەکەن و ڕاستەوخۆ نایڵێن، وتم: ئەگەر هەر نەیانکرد چی دەکەی؟، وتی: بەشی ئەوە پارەم پێیە دەیدەم و دەردەچم جارێ بزانم چیم پێ دەڵێن!.

فازڵ قەساب بۆ پرسیارکردن و سەفەر بۆ دەرەوە هاتبووە تاران، مناڵەکانی لە دەرەوەی ئێران بوون، ماوەیەک بە یەکەوە بووین، ڕۆژێک چووین بۆ بینای پۆستە و گەیاندنی تاران بینایەکی گەورەی چەند نهۆمی بوو، کاغەزێکی وەرگرت پێش ئەوەی بیخوێنێتەوە، دڕاندی، وتم: ئەوە بۆ؟ وتی بۆ برادەرێکم ناردوە لە ئیتاڵیا کە گەڕاوەتەوە، پێدەچێ لەوێ نەمابێ، چەند ڕۆژێ لە تاران ماینەوە، جارێکی تر لەگەڵ حسن ئەبوبەکری هاوڕێمدا چووینە کوچەی عەرەب، بازاڕێکی تێکەڵ و پێکەڵی مامەڵەی کاری عێراقی بوو، پڕ بوو لەساختەچی و دەستبڕ، کاک حسن هەندێکیانی دەناسی،

جەوازێکی جۆری (M) عێراقیمان کرِی، حسن وتی: من خۆم پڕی دەکەمەوە مۆرەکانی هاتن و چوون و ناوی لێپرسراوی عێراقییەکانی پاسەپۆرتمان بەپارە لێداو چووینە بارەگای پەیوەندییەکانی یەکێتی تا ڕەزامەندی فیزەی سوریا وەربگرین، سەرهەنگ سمایل بەگ لەوێبوو وتی: موافقەی (م.س) م دەویٚ، وتم: موافقەی کاک کۆسرەتم پێیە، وتی باشە کێشە نییە دەتنێرم بۆ پەیوەندییەکانی کرمانشا، دەبیٚ لەوێوە داوابکەی خۆی دێتەوە بۆ لای ئێمە.

ڕۆژانە لە تاران خەڵکی زۆری عێراقیمان دەدی، هەر یەکەو بە کارێک هاتبوونە تاران، هەوڵ هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات بوو، چونکە لە ئێرانەوە دەرچوون ئاسان نەبوو ئەگەر پشتگیری حزبێکت نەبوایە یان فیزەی وڵاتێک، دەرچوون زۆر ئەستەم بوو.

تاران لەو ڕۆژانەدا کەشیٚ خۆشی هەبوو، بە تایبەتی ئێمە لە عێراقەوە هاتبووین، زۆر شت هێشتا لە عێراق بوونی نەبوو لە ئێران هەبوو، وەک پۆست و تەلەفون لە زۆربەی گوند و ناوچەکان هەبوون، لە عێراق هەر لە شارەکاندا هەبوو، میوەی زستان و هاوینی جۆراوجۆر کە هەندێکیانم هەر نەبینیبوو تەنها ناویانم بیستبوو، چونکە عێراق وڵاتێکی سنوور داخراوبوو، میللەتەکەی لە زۆر شت بێبەش کردبوو، لەگەڵ حەسەندا چووینە لای برادەرێکی ئاوارەی عێراقی بەو ناونیشانەی لامان بوو بیٚ پرس و ڕا بەکەس چووینە لای، چونکە ژمارەی شوقە و کوچە و شەقامەکەمان لابوو، کتێبێکی زۆری ڕێزکردبوو وتی: زۆری هی ئەو برادەرانەیە سەفەریان کردوە بۆ دەرەوە، دوای ماوەیەک میوەیەکی دەنگ گەورەی ڕەشمان خوارد، زۆر بەلامەوە خۆش بوو، دوای زانیم ئەمە گێلاسە، پێشتر ناویم بیستبوو، بەڵام نەمبینیبوو، هەر ئەو برادەرە ئاماژەی دا سەفەرکردن لێرەوە زۆر گران بووە، پێشتر خەڵکێکی زۆر گەیشتونەتە ئەوروپا، کە ئێران خۆی دەری کردن، بەڵام ئێستا زۆر کەمبووەتەوە، دەبیٚ پارەیەکی باشت پیٚ بێت، ئەگینا دەرچوون زەحمەتە، هەر لە درێژەی سەردانەکانماندا چووینە لای برادەرێک بەناوی (شوان أحمد محی الدین) کە من ناسیمەوە و ناوی سیانیم وت، پێشتر لە ئامادەیی صلاح الدینی کوڕان لە سلێمانی پێکەوە بووین، ئەو منی نەناسیەوە پێی سەیر بوو ناوی سیانیم زانی، دەیویست سەفەر بکات بۆ دەرەوە، دەیوت خاڵم (١٠٠٠$)ی بۆ ناردوم، حسن وتی: خاڵیٚ شەریفی هەیە، هەمیشە هاوکاری دەکات، هەروەها ئاماژەی دا چونکە شەڕی عێراق/ئێران وەستاوە، دوا فرسەتە نەچینە دەرەوە، ئێران فشار دەکات بگەڕێینەوە

بۆ عێراق، هەر لە کەمپی ئاوارەکانی کەرەج چووینە لای برادەرێک، پورزای عدنان حمەی مینا بوو، کاغەزێکی عدنانمان داپێی دەیوت من حاڵم خراپ نییە، کاری سەرتاشین دەکەم، ئازادم تەنها ڕۆژانی هەینی دەچمەوە بۆ ئۆردوگا، خەڵکێکی زۆری عێراقی لە ئۆردوگا دەمانەوە، کاریان نەدەکرد باری دەروونیان ناجێگیر بوو، لە نوسینگەی ئۆردوگاکە داوای پێناسەیان لێ کردین و نەیانهێشت بچینە ژوورەوە و لەنوسینگەکەوە بانگی برادەرەکەیان کرد، لەم ساڵانەی دواییدا پرسیارم لە کاک عدنان کردو وتم پورزاکەت چی لێهات؟، وتی: دەمێکە ئەو پورزایەم گەیشتۆتە ئەوروپا. دیمەنی جۆراوجۆری ئاوارەی عێراق دەبینرا، ئاوارەی فەیلی، ئاوارەی شۆڕشی ئەیلول، ئاوارەی شەڕی عێراق/ ئێران، هەڵاتوانی سەربازانی عێراق، ماندووبوانی شۆڕش و پێشمەرگە لە چین و توێژەکانی عێراق لە وڵاتی ئێراندا بوون، تێ دەگەیشتی کورد، چەند میللەتێکی بێکەس و سەرلێشێواوە، ڕژێمی عێراقی چۆن بێباکانە کەوتۆتە تەفرو توناکردنی کورد، هەرچەندە ئێران پەناهەندەیەکی زۆری لە ئامێزگرتبوو، بەڵام هەمووان لە چاوەڕوانی گەڕانەوەو باری دەروونی سەختدا بوون.

دوای چەند ڕۆژێک گەڕاینەوە بۆ مەریوان، لە شەودا، لە درەنگانی نیوە شەودا بلیتی پاسی گەورەی شاری مەریوانمان بڕی و لە بەیانییەکی زوودا گەیشتینەوە شاری مەریوان، شەوێکی درەنگ ماوەیەک لە شاری هەمەدان لاماندا دیمەنێکی زۆری دورستکردنی گۆزە، دیزە، ئیشوکاری قوڕی دەستکرد، سەرنجی ڕادەکێشای، دەیانسەلماند کە هەمەدان شارێکی کۆنی دێرینی کەلەپورە، ئێستاش کاریگەری کۆنی کەلتوری کورد و دەوڵەتی مادەکانی پێوە دیارە، هەرچەندە ئێستا بوونی ژمارەیەکی زۆری تورک، فارس، بەلوج، سیمای کوردایەتی شارەکەی شێواندوە، بەڵام ئارامگای باباتاهیر و چوارینەکانی ئاماژەیەکی زەقی کوردبوونی شارەکەیە لە مێژوودا.

لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ سەقز، کاغەزێکی د.مارفم لە یەکێتی سۆڤێتەوە پێ گەیشت کە نوسیبوی ماوەیەکی کەم لە سوریا ماومەتەوە، گەیشتومەتە مۆسکۆ، هەفتەیەک لە مۆسکۆ ماوەتەوە پاشان لە زانکۆی کیف، ئۆکرانیا گیرساومەتەوە بۆ خوێندن، بەردەوام نامەگۆڕینەوە لە نێوانماندا هەبوو، هەواڵ و دەنگوباسەکانی کوردستان و خزمانی بۆ دەناردم کە لە عێراقەوە بە هۆی نامەناردن بۆ ئەوروپا، بەدەستی دەگەیشت، ئەویش دەینارد بۆ من، جاروبار وێنەی دیمەنێکی شاری کیفی دەنارد، د.ناصح کە کەمێک خۆی

فێری ڕووسی کردبوو دەیخوێندەوە، دەیوت ئەوە فلان شوێنی شاری کیفە.
دوای چەند ڕۆژێ پشوو چوومە شاری کرمانشا، کە ئەوکات شۆڕشی ئیسلامی ناوی نابوو باختەران، بەڵام دوایی پەشیمان بووەوە کرمانشاکەی بڕیەوە بە باڵای شارەکەدا، چوومە پەیوەندییەکان، لەوێ سامان پورزای دانای ئەحمەد مەجیدی لێبوو کە پێشتر برادەر بووین، پاسەپۆرتەکەی لێوەرگرتم وتی: دەیخەینە ڕیزەوە بۆ مامەڵە، پێشنیاری کرد، شەو لە پەیوەندییەکان بمێنمەوە کە کاک بەهزاد خانەقینی کەسی یەکەم بوو لەوێ، بەڵام نەمامەوە چوومە میوانخانەیەکی نزیک لە بارەگاکە.
ئێوارەیەکی درەنگ بەتەنها بووم چوومە پارکێک تووشی کوردێکی کرمانشایی بووم کەوتینە قسە، وتم پێشمەرگەم وتی: جا پێشمەرگە ماوە، دوای ئەنفال! وتم: بەڵێ، هەستم کرد، شیعەیە، شیعەگەرێتییەکەی زاڵە بەسەر هەستە نەتەوایەتییەکەیدا، بیرم لە چارەڕەشی کورد کردەوە، ئەم شارانە (کەرکوک، کرمانشا، ورمێ، هەمەدان، لوڕستان)، چەندەها شوێنی تر کە کوردستانە، وا دیموگرافیایان گۆڕاوە بەئاسانی ناگەڕێتەوە سەر کوردستان و دۆخی پێش گۆڕینەکە، گۆرانییەکەی حەسەن زیرەکم بیرکەوتەوە کە چۆن بەسەر کرمانشا و مۆرکی کوردانەی کرمانشادا چریکاندویەتی، ئەمڕۆ ناوی بووە بە باختەران، بە ئاستەم خەڵک دەبینی بە کوردی قسە بکات لە کاتێکدا هەزاران فارس و تورک و بەلوجی شیعەی دەمارگیر مەزهەبی تێڕژاوە، بە ئاسانی هەستت پێدەکرد کە نەک هەر لە کوردستانی باشوور، بەڵکو هەر چوار پارچەی کوردستان تووشی گۆڕینی دیموگرافی نەتەوەیی بوون، کورد پەرش و بڵاوکراوەتەوە بۆ سنوورەکانی خوراسان، ئازەربایجان، تورکمانستان، بەڵام تا ئێستا کەلتورو دابونەریتی خۆیان پاراستوە هەر لە کرمانشا، سەردانی شوێنەواری دێرینی (تاق وەسان)م کرد، کە پێشتر فەرەیدونی پورزام بۆی باس کردبووم، بەلامەوە دیمەنێکی کۆنی پڕ مانابووە کە چۆن ئەو دیواربەندە بەو شاخەوە هەڵکۆڵڕاوە شوێنی حەوانەوەی پاشای سەردەمێکی فەرمانڕەوایی کوردستانی ئێران بووە، کە لەگەڵ ڕەسەنێتی ناوچەکەدا، جگە لە فەرمانڕەوایی مادەکان و چەند ئیدارەیەکی کەمتەمەن هەمیشە کورد لەسەر خاکەکەی خۆی خاوەن دەوڵەت و قەوارەی خۆی نەبووە، وەک دەوڵەت یان ئیمپراتۆر، لە کاتێکدا زۆربەی پاشاکان کورد بوون، چەند میرنشینێکی کەمدەسەڵاتی دژ بە یەکی ناو بەناوی کوردمان هەبووە، لە کاتێکدا ئەم هەموو شوێنە دڵگیر و لە بارانە بۆ ژیان، لە کوردستاندا هەڵکەوتووە.

## کاوڵان، دیداری ڕەسوڵ مامەند، عادل مراد

پێشتر لە ڕێگەی شێخ عەلی حمەساڵحی برازای مام جەلالەوە باسی زەمالە و خوێندنمان کردبوو، وتی: کە کاتی هات ئاگادارت دەکەمەوە، ڕەنگە لیژنەو خاڵ بێت، منیش وتم کێشەم نییە، وتی: چەند ساڵێ کە کێشەی خوێندن و زەمالەمان نامێنێ، هەمووتان دەنێرین، من لە مەڵبەندی یەک لەگوندی دزڵی لەگەڵ پێشمەرگە و بارەگاکاندا ژیانمان دەگوزەراند، زۆربەی بارەگا سەرەکییەکان لە شاری سەقز بوون، زۆر کەم پرس و ڕا بۆ چوونە دەرەوەو سەفەر بەمەڵبەندەکان دەکرا، تەنها بۆ خولە سەربازییەکان پێشمەرگەی مەڵبەندەکانیان دەنارد، لە پڕ هەواڵ هات لە سەقزەوە ئەو کادرانەی لەوێ بوون و لە لێپرسراوەکانەوە نزیک بوون نێردراون بۆ زەمالەی خوێندن بێ لیژنە و پرس و ڕا بە مەڵبەندەکان، زۆربەشیان خوێندنەکانیان جێ هێشتبوو، چووبوونە ئەوروپا وەک هاوڕێ کاوە، برایمی تۆپخانەی شۆڕش، تێگەیشتم هەمووی خۆڵکردنە چاوەو پرس و ڕا بە هیچ مەڵبەندێ ناکرێ، چوومەوە لای شێخ عەلی وتی: پەلە مەکە بۆ ساڵێ تر، زانیم ئەویش دەسەڵاتی نییەو لەسەروی ئەوەوە کراوە، بەتایبەتی ئەو ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕشگێران بوو. ماوەیەک بە دڵەڕاوکێ مامەوە، کاغەزێ د.مارفم بۆ هات لەگەڵیدا کاغەزێ بۆ کاک کۆسرەت نوسرابوو، لەسەر کاغەزەکە ناونیشانی مارف بە ڕوسی نوسرابوو، دێری یەکەم (cccp) بە مانای یەکێتی سۆڤێت، چومە لای کاک

کۆسرەت شەهید عبدالرزاق و شۆڕش حاجی لابوو، هەردووکیانم دەناسی، زۆر ڕێزی گرتم کاغەزەکەی د.مارفم دەرهێنا بەڕووسی ناونیشانەکەی خوێندەوە، سەرم سوڕما دۆش دامام سەیری کردم و وتی: من پەیمانگای کشتوکاڵم لە یەکێ لەوڵاتە شیوعییەکانی ئەوروپا تەواو کردوە شتێ ڕووسی دەزانم، شەهید عبدالرزاق سەیری کردم و پێکەنی، گۆڤاری بەیان کە لەناو شارەوە هاتبوو لەسەر مێزەکە دانرابوو، تا ئەوکاغەزەکەی خوێندەوە، من چاوێکم بە گۆڤارەکەدا خشاند، دوایی وتی: فەرموو، وتم ڕەنگە لە ئایندەدا زەمالەم بۆ وەرگرن، وتی باشە چیت بۆ بکەم پاسەپۆرت یا لیزەپاس، حەز دەکەی هەر دووکیانت بۆ دەکەم، کاغەزێ دەنووسم بۆ پەیوەندییەکانی تاران، خەریک نووسینی کاغەزەکە بوو مولازم عومەر هاتە ژوورێ، وتی: کاک کۆسرەت نەچین بۆ ئەو خوارە، کاک کۆسرەت وتی: هیچ کارێکم نەماوە، ئەم کاغەزە دەنووسم و دەڕۆین، لە قسەکانیان تێگەیشتم بۆ سەردانی مەلا بەختیار دەچوون، کە ئەوکاتە زیندانی شۆڕش بوو لە سونێ، کاغەزەکەم لێ وەرگرت و هاتمە دەرەوە، لە قاسمەڕەشەوە هاتم بۆ ماڵی شێخ تەیب لەسەردەشت.

لە ماڵی شێخ تەیب، ماینەوە شەوێک، مرۆڤ لە ئاوارەیی و سەڵتیدا هەست بە نەبوونی کەلێنی خێزان دەکات، مانەوە لە ناوخێزاندا پڕکردنەوەی بۆشاییەکی دەروونی و تەنانەت خواردنیشە، جا خێزانەکە کەسوکار و خزمیشت بێت، گەڕامەوە بارەگای دزڵێ، کە بارەگای نەخۆشخانەمان بوو، کەمتر قەرەباڵغ بوو، بۆ خوێندنەوەو پشوو دەستی دەدا زۆرتر لە شەواندا، منیش کتێبخانەیەکی خنجیلانەم دروست کردبوو، زۆر دڵم بە کتێبخانەکە خۆش بوو، ڕۆژانە دەچوومە گوندی دزڵێ نانم دەهێناو کاک جوتیار خواردنی دروست دەکرد، من قاپەکانم دەشوشت، ڕۆژی جارێک خواردنمان بۆ هەردوو ژەمی نیوەڕوان و ئێواران دروست دەکرد، هەردوو زستانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩مان لە گوندی دزڵێ ودەربەن دزڵێ بردەسەر، ڕادیۆیەکی بچکۆلەم کڕیبوو شەوانە گوێم لە بەشی فارسی ڕادیۆی وڵاتان دەگرت، جارێک لەسەر پارچە مۆسیقایەک وەستام، پارچە مۆسیقاکە تەواو بوو، وتی: (اینجا تیرا ناست، صدای مردم ألبانی کمونیستی) واتە: ئێرە تیرانایە دەنگی گەلی ئەلبانی کۆمۆنیستی، پێشتر زۆر شتم لەسەر ئەلبانیا خوێندبووەوە کە وڵاتێ شیوعی توندە لە ناو ئەوروپادا، دواکەوتووە، ئەوەی نوێژ بکات دەیگرن و بازاڕەکان

پڕن لە وێنە و پەیکەری ئەنوەر خۆجەی پێشەوایان، زۆر بە وردی گوێم لە وتارەکانیان گرت، هەرچی هەواڵی جیهان بوو گوێت لێ نەدەبوو، هەر باسی شیوعی و هەواڵی خۆیان بوو، دەتوت جیهان هەمووی سوور پۆشی کردوە، خەوش و کەم و کوڕی نییە، قسەکانی خوالێخۆشبوو مەسعود محمەدم بیر دەکەوتەوە، دەی وت: با لە نزیکەوە لە ڕژێمە شیوعییەکان بکۆڵینەوە پڕە لە نادادپەروەر بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان کۆنترۆڵی ڕاگەیاندنیان کردووە.

لە زستانێ درەنگی پێش هاتنی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٨٩دا کاغەزێکی د.مارفم لە کیفەوە پێ گەیشت نوسیبووی: بڕۆ بۆ کاوڵان، (عادل مراد بۆی نوسیبوو، دەبێ د.برایم موافقەی (م.س) وەرگرێ بۆ ئەوەی ناوی بخەنە لیستی زەماڵەوە) من خۆم زۆر باوەڕم بەم کارە نەبوو کە کەسێک لە حزبێ بێ و لەحزبێکی ترەوە ڕەزامەندی خوێندنی دەرەوە وەرگرێت، بەڵام د.مارف وتی: نە کاکە قسەم لەگەڵ عادل مراد کردوە، هەموو زەماڵەکان هی حزبی شیوعین دەیدا بەحزبەکانی تر، پەیوەندی زۆر ڕۆڵی کاریگەری هەیە، پەیوەندی شەخسیە، دنیا هەمووی وایە.

هەر چۆنێک بوو لە پێش نیوەڕۆیەکدا چوومە گوندی ئەڵوەتان، گوندەکە چۆڵ بوو وەک کاتی هاتنی یەکەم جارمان و لێشاوی ئاوارە نەبوو، پەیوەندییەکانی لێنەمابوو، مامۆستا جەلالی ئەڵوەتان کە پێشتر پەیوەندییەکان بوو هاتبووە قاسمەڕەش، دووری نێوان کاوڵان، ئەڵوەتان کاتژمێرێ کەمتر بوو، بەڵام گوندی کاوڵان بە دیوی ئێرانی قەندیلەوە بوو ماوەیەک ئاوات عبدالغفور بارەگای لەوێ بوو، بارەگای (ی.ن.ک) بوو، ڕێگەی ئەڵوەتان بەفر و جێ جێ قوڕ و لیتە بوو، هەرچەندە مارف نوسیبوی: بە تەنیا لە ئەڵوەتانەوە نەچی بۆ کاوڵان بەڵام کەشوهەوا خۆش ببوو، مەترسی نەمابوو، سەیارەش نەبوو لەبەرئەوەی گوندەکە لاچەپ و سنوور بوو کەس ڕێگەی نەدەکەوتە کاوڵان، ملی ڕێم گرتەبەر، گورم بە خۆم دا ماوەیەک ڕێگام بڕی بارەگایەکی پاسدار کەوتە بەرچاوم، بۆیان دەڕوانیم، خۆم تێک نەداو بەرەو بارەگاکە هەنگاوم نا، کە دواتر دیاربوو زاڵگەی سنووری بوو، بانگیان کردم، وتم: عێراقیم بۆ کاوڵان دەچم داوای (برگ تردد) یان کرد پێم بوو، لێی نوسرابوو (کاوڵان) ڕێگەیان دا بڕۆم، چەند هەوراز و نشێوێ کەم و قوڕو لیتە و کوێستانان خاڵ خاڵی جێ بەجێ بەفرم بڕی، دیمەنی بەرزاییەکانی قەندیل بەتەواوی سەرنجیان ڕاکێشام، لوتکەکان ڕەشبوون بە بەفری تواوە، قەدپاڵەکان

سپی بە بەفری کەڵەکەبووی نسرمی کەم بەرخۆرکەتووی ژێر سێبەری لوتکەکان، دیمەنەکان لە دوورەوە بە یەکدا چوونی ڕەش و سپی لێدەکەتەوەو نەخشەیەکی جوانی هەستبزوێنی شاعیرانەی لات دەکێشا، هەندێک لە لوتکە بەرزەکانیش، وەک مێزەری مەلا سپی بوون بە بەفر، بەڵام لاملیان تێکەڵەی ڕەش و سپی، جێ جێ بەفر و جێ بەجێ ڕەش و بۆری بەفری تواوەبوو، هاژەی خوناو و ئاوی تواوەی بەفریش لەولاوە بوەستێ، لەبەرزاییەکانەوە دەهاتە خوارەوەو تیژڕەوانە بەرەو هەڵدێری جۆگەلەی بەفراوەکان، دواتر تێکەڵ بەچەمی ئاوی بەفری قەندیل دەبوون، ساڵی ١٩٨٩ ساڵێ سەخت بوو زۆر بەفر لە کوێستانەکان باری، هەروەک ئێستا (٢٠١٩) دەووترێ کە٣٠ ساڵە ئەم کەشوهەوا سارده کوردستانی نەگرتۆتەوە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بەم شێوەیە پڕ نەبوون. یەکسەر ساڵی ١٩٨٨م بیردەکەوێنەوە.

گەیشتمە کاوڵان، دیسان هەواڵی نەخۆشخانەم پرسی، نەخۆشخانەکە هی برادەرانی سۆشیالیست بوو، یاریدەدەرێ پزیشکی لێبوو، وتم: من فلانەکەسم، خزمی مارفم هاتووم کاک ڕەسوڵ مامەند ببینم، زۆر ڕێزی گرتم و وتی ئاساییە، برای (م.أمین) ئەندامی ئەوکاتەی سەرکردایەتی سۆشیالیست بوو، ماوەیەک دانیشتین وتیان کاک ڕەسوڵ میوانی هەیە، م.محەمەدێک هات، وتیان لە ڕاگەیاندنی سۆشیالیستە کەوتینە قسەکردن، وتی: دەبوو بمزانیایە خزمی مارفی شێوەت لەو دەچێت، هەروەها وتی: بەردێکی کوردستان هەزار ئەوروپا دەهێنێت، کەچی دوایی خۆی چوو بۆ ئەستەمبوڵ بە نیازی ئەوروپا، وتیان نیوەڕۆ لای ئێمەبە، دوای نیوەڕۆ کاک ڕەسوڵ ببینە، هەروابوو دوای نیوەڕۆ بە دیداری کاک ڕەسوڵ شاد بووم. کاک ڕەسول پیاوێکی باڵاڕێکی ڕوخسار کەنەفتی سەرسپی بوو، لەسەر کورسی و مێزێک دانیشتبوو چاوەڕێمی دەکرد، دوای هەواڵ پرسین کەوتینە گفتوگۆ باسی بەرەی کوردستانی بۆم کرد، وتی: ئێستا کاریگەری ئەوتۆی نییە، بەڵام کاتی خۆی کە بەرەی کوردستانیمان ڕاگەیاند کاردانەوەیەکی زۆری کوردستانی و جیهانی بە دوای خۆیدا هێنا، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان باسیان کرد، هەڵوێستی یەک لایەنەمان بەرامبەر دوژمن نواند، دواتر کاغەزێکی بۆم دەرهێنا وتی: مارف عمر گوڵ بۆی ناردووم، وردە وردە کەوتە خوێندنەوەی کاغەزەکە تیا نوسرابوو دوو عەرەبم لە بەشی ناوخۆیی لە گەڵدایە، یەکێکیان فەلەستینییە هێندە باسی کوردم بۆیان کردوە بە فەلەستینییەکە دەڵێن: کوردە فەلەستینییەکە، هەروەها باسی سۆڤێت و کیف و زۆر شتی تری بۆ کردووم، تێر گفتوگۆمان کرد وتم

ماموستا زۆر خۆشحاڵ بووم، ئەوەی من بینیم پیاوێکی نەرم و لەسەرخۆ و شۆڕشگێڕێکی ماندوو بوو، بەڵام کەمتر هەڵسوڕاوی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێوە دیار بوو، باسی مام جەلال و کاک مسعودی بۆ کردم، هێندەی من لێی تێگەیشتم، زۆرتر سەرسامی چالاکییەکانی دەرەوەی مام جەلال بوو، پاش تەواوبوونی گفتوگۆ وتی: کارێکی شەخسیت نەبوو، باسی زەمالەم کرد، وتی: دەبێ ببوری، بچۆ بۆ لای کاک عادل مراد، ئەوە ئیشی ئەوە من کەم و زۆر تەداخولی کاری زەمالە و چوونە دەرەوە ناکەم، خوا حافیزیم کرد و لە بارەگایە ئەولاتر چوومە لای عادل مراد، باسی یەکێتی و بارودۆخی بەرەی کوردستانیمان کرد، وتی: والله مارف باسی تۆی بۆ کردوم بەس درەنگ هاتووی، هەرچەندە بروسکەیەکم کردوە بۆ عدنان موفتی پەیوەندییەکانی سوریا، بەڵام هیوایەکی کزە، لە یارییەکە تێگەیشتم لەسەرەتاوە زانیم ناکرێ، ئەوە د.مارف بوو جەختی دەکردەوە، دوای نواندن و پرس و ڕا گۆڕینەوە و قسەکردن لەسەر بەرەی کوردستانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، عەسرانێکی درەنگ گەڕامەوە بەرەو ئاڵوەتان و سەردەشت، دوای ڕاپەڕین عادل مراد هاتەوە ناو یەکێتی، ماوەیەک لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بوو منیش کارمەندی کوردستانی نوێ، نەچوومە ژوورەکەی تا جارێک لە یادی کیمیابارانی گۆپتەپەدا، بینیم چاک و چۆنییەکمان کرد، وتی: ئەوکاتە بەینی حزبەکان هێندە خۆش نەبوو نەمدەتوانی هیچت بۆ بکەم.لە هەوڵەکان بۆ وەدەست هێنانی زەمالەی خوێندن بێ هیوابووم، دوای ئەوە حزبەکەی خۆشم هیچی بۆ نەکردم. دروشمی گلاسنۆست و پرۆستۆریکا لەلایەن گۆرباچۆفی سکرتێری گشتی حزبی شیوعی سۆڤێتەوە دەستی پێکردبوو، جیهان ڕوو لە گۆڕانکاری بوو بەڵام ئاسۆ زۆر بە ڕوونی دەرنەدەکەوت، تا دەهات سەدام شوڵی لێ هەڵدەماڵی، دوای ئەوەی کوردستانی وێرانکرد سوپاکەی بووە دڕەندەترین سوپای دونیا بۆ وێرانکاری، لە ڕووی چەک و جبەخانەشەوە، دەوترا چوارەمین سوپای جیهانە.

لەو سەردەمەدا، لەگەڵ ئێرانیش ناوبەناو دانیشتنیان دەکرد و هەندێ دیلی سەردەمی شەڕیان گۆڕیەوە، پێشبینییەکان وابوون سەدام تووشی لوت بەرزی بووە، بە سوپا دڕەکەیەوە دەنازێ، بێوەی دانانیشێ و کێشە دەنێتەوە لە جیهاندا. لە ناو یەکێتیشدا فڕکان فڕکانی چوونە دەرەوە دەستی پێکردبوو، هەر کەسە و بۆ خۆی هەوڵی دەداو تاک تاک پێشمەرگەی بێ داڵدەش تەسلیم دەبوونەوە، بڕیارم دا واز لە چوونە دەرەوە نەهێنم، دوای مامەڵەی

چوونە دەرەوەکەم بکەوم، بە د.مارفم وت، زەمالەم بۆ ناکرێ فیزەی ڕوسیام بۆ بکە، تا لە وێوە بتوانم لە ئێران دەرچم، چونکە دەرچوون لێی ئاسان نییە و وڵاتی کوشتنی حەز و خولیاکانە.

وتی: چاوەڕێ کە هەوڵت بۆ دەدەم، تا فیزەی بۆکردم ڕاپەڕین هات بەسەرداو دوای ڕاپەڕین فیزەکە کەوتە دەستم و نەچووم.

لەگەڵ پێشمەرگەکاندا لە بارەگای نەخۆشخانە دەماینەوە، زوو زوو دەچووینە کانی دینار و مەریوان، شەوانە لەگەڵ حسن أبوبکر، مەردان چاوشین کە ئێستا لیوایە، شێخ تەها، سەرکەوتی کوبە، زۆر بەڕێزی تر کۆدەبووینەوە، یاری کۆنکەن و فەرهوودمان دەکرد، کانی دینار مەنزڵگەی پشوودانی پێنج شەممەو هەینی بوو، بۆ خۆشتن دەچووینە مەریوان، گوندی دزڵیش گەرماوێکی گشتی لێبوو، بەڵام گەرماوی مەریوان ژوور ژوور و پاک و خاوێنتربوو، خۆمان لەگەڵ کتێب و بارەگاو پێشمەرگەدا گونجاندبوو، جاروبار لێپرسراوەکان دەهاتن، کۆبوونەوەیان دەکرد توشی ڕەخنە و گلەیی زۆر دەبوونەوە، لەوانە، سەلاح چاوشین و حامیدی حاجی غالی، بەڵام کاک حامید لە ناو پێشمەرگەدا خۆشەویست بوو پیاوێ سادە و نوکتە چی بوو، بە نوکتە و قسە خۆشەکانی جێی خۆی لە ناو هێزی پێشمەرگەدا دەکردەوە.

## دوو کارەساتی جەرگبڕ لە ئاوارەییدا

لە گەڕانەوەی کاوڵان و سەردەشتدا، لە سەقز لامدا، سەقز ناوەندی پشووی ڕێگەی نێوان مەریوان، سنە، سەردەشت، قاسمەڕەش بوو، بە تایبەتی ئەوکاتە ڕێگەی سەقز، مەریوان بە وێنەی ئێستا قیرتاو نەکرابوو، لە سەقز هەڤاڵ کوێستانی و فریشتە خانی خێزانی ئەوکاتەیم بینی، منداڵێکیان پێ بوو، وتیان تەنها منداڵێکمان هەیە، زۆر سوڕاینەوە لە بازاڕدا وتیان ئێستا ماڵمان هاتۆتە سەقز پێشتر لە گوندێک بووین نزیک گوندی ئەڵوەنان، خوڵکیان کردم بۆ ماڵەوە، وتم بۆ جارێ تر وتیان هەموو جارێ وا دەڵێی هەر نایەی، هەڤاڵ کوێستانی ئەوکاتە بە هۆی نزیکبوونەوەی پێشتری لە ئاڵای شۆڕشەوە لە (ی.ن.ک) دورکەتبووەوە، وەک دۆستی (ی.ن.ک) مابووەوە، بەڵام وەک کەسایەتی لە ناو (ی.ن.ک)دا ڕێزی دەگیرا، هەر لە ناو بازاڕی سەقز فازڵ قەسابم بینی، کەوتینە قسەکردن وتی: وەڵا هێشتا هیچم بۆ نەکردوی، ئەوکاتە ئەو بە هۆی چەند برادەرێکەوە نزیک بوو لە ماڵی دارای حاجی برایمی چەرمەگا و ئەوان بەناوی لەشکری عەشایەرەوە لە وڵاتی ئێران ناسرابوون وەک لایەنێکی سیاسی، مۆڵەتی قەرارگای ڕەمەزانیان هەبوو، فازڵ وتی: تەکلیفی لیزە پاست بۆ دەکەم کردیان کردیان، نەیان کرد خۆ زەرەر ناکەین، بەڵام جارێ سەرم قاڵە و بۆ خۆشم هیچم نەکردوە، پێشتر لە وڵاتی ئیتاڵیا بوو، فازڵ قەساب لەشاخیش لەناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی شۆڕشگێڕان

کاری دەکرد و د.فوئاد مەعسوم کە ئەوکاتە سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕان بوو، زۆر ڕێزی دەگرت.

سنوورەکان بە تەواوی داخرابوون، هەندێ مەفرەزە لە گەرمیان و خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر مابوونەوە، جارێ هیچ دەنگوباسێکی سەدام و داگیرکردنی کوەیت نەهاتبووە گۆڕێ، ئەوەی دەیتوانی دەچووە دەرەوە، فڕکان فڕکانی چوونە دەرەوە بەردەوام هەبوو، هەندێکیش دەستبەرداری بارەگا و دەوامبوونی پێشمەرگایەتی ببوون کاری جۆراوجۆریان لە وڵاتی ئێران دەکرد، برادەرانی ڕاگەیاندن و ئێزگە لە سەقز بوون، بارەگای پەککەوتەکانی شۆڕش و پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەقزیش تا دەهات چۆڵ دەبوو، مامەڵەی چوونە دەرەوەیان بۆ دەکرا، ئەوەی خزمێکی لە دەرەوە داوەت نامەیەکی بۆ بناردایە بە ئاسانی دەردەچوو، هەندێکیشیان کە داوەت نامەیان نەبوو پاسەپۆرتیان بۆ کرابوو چاوەڕێ بوون لە ڕێگەی ئێرانەوە دەروازەیەکی چوونە دەرەوەیان بۆ بکرێتەوە، ئەوانەی کە لە (نقاهدگا) دەمانەوە پێشمەرگە ئازاو بە جەرگ و چاونەترسەکانی سەردەمی خەباتی شاخ بوون، بریندار بوون، زۆربەیان کەمئەندام و برینداری سەنگەر بوون.

ماڵی د.فائق گوڵپی ئەوکاتە لەسەقز بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا نۆرینگەیەکی کردبووەوە جاروبار نەخۆش دەهاتن بۆ لای، ئەو سەدەمە دکتۆر لە ئێران کەم بوون و دکتۆرە عێراقییەکان، ڕەونەقیان زۆر بوو لای ئێرانییەکان، شەو لە ماڵی د.فائق مامەوە ئەوکاتە ببووە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گەل، کە سامی عبدالرحمن سکرتێری بوو، باسی سامی عبدالرحمنی بۆ کردم، کە ماجستێری ئەندازیاری هەیە، لە لەندەن وەدەستی هێناوە، پیاوێکی زیرەکە، لەوکاتەدا لە دەرەوە بوو، دوای ڕاپەڕین چووەوە ناو پارتی دیموکرات و بوە سکرتێری (م.س) و باڵادەست بوو، تا بەکارەساتی تەقینەوەی لق و مەڵبەند لە ڕۆژێکدا لە لایەن توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە شەهید بوو، لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تری یەکێتی و پارتیدا لە ساڵی ٢٠٠٤، بۆ بەیانی چوومە ماڵی شێخ جەعفەر و پرشنگ خان، وتیان شەو لە کوێ بووی؟ بۆ نەهاتیتەوە، وتم: لە ماڵی د.فائق بووم کردیانە گاڵتەو گەپ، وتیان ئەو ئێستا (ی.ن.ک) نییە، خۆ وەری نەگێڕاوی!، وتم: نەخێر ئەوبەرو ئەمبەر کاری من نییە و ئێمە هاوڕێین لە قەرەداغ و بەلەکجار بەڕێوەبەرمان بوو، دکتۆر ناجحی برای هەر لای خۆمان مابوو، جار جار دەهات لە بنکە تەندروستییەکەی دزڵی لامان دەوامی دەکرد.

بارەگامان لە ناوگوندی دزڵییەوە گوێزرابووەوە بۆ دەربەن دزڵی، چونکە هێدی هێدی ماڵەکان دەگەڕانەوە ناو گوندەکە، پێشتر بە هۆی بۆردومانی فرۆکەی عێراقەوە چووبوونە دەربەندەکە، کە شوێنێکی سەخت و پەنا بوو، چەند ماڵ دەگەڕایەوە گوندەکە و خانوی دەربەندەکە چۆڵ دەبوو ئێمە دەچوینە جێگاکانی ئەوان لەناو دەربەندەکە، زستانی ساڵی (١٩٨٩ – ١٩٩٠)مان لە دەربەن دزڵی بردەسەر، کە بەفر باری لەبەرئەوەی تیشکی خۆر کەم دەیدا لە ناوەڕاستی دەربەندەکە تا نزیکەی بەهار بەفر بەلاپاڵ و چیاکانی ئەمبەرو ئەوبەری دەربەندەکەوە دەمایەوە، بنکە تەندروستییەکەمان لە خزمەتی خەڵکی دزڵی و پێشمەرگەدا بوو، کە دەچووینە گوندەکە ڕێزیان دەگرتین. ناوبەناو مووچەمان وەردەگرت، لەڕووی مووچەوە یەکێتی لە هەموو حزبەکانی تر باشتر بوو، ئەوەی قەرارگای ڕەمەزان بیدایە، دەیاندا بە پێشمەرگە، جاروبار ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی جیهان ئازوقەو کەلوپەلیان لە ڕێگەی ئێرانەوە بەسەر ئاوارە عێراقییەکاندا دابەشدەکرد، بەشی پێشمەرگەش دەدرا وەک پەنیری ناو تەنەکەی هۆڵەندی و گۆشتی کەنغری ئوسترالی و کەلوپەلی جۆراوجۆر، جاروبار لە دزڵییەوە دەچووین بۆ مەریوان و زرێبار بۆ ڕاوە ماسی، زرێباری ئەوکاتە دەریاچەیەکی ڕووت و ڕەجاڵی بێ گەشتیاری بوو، هیچ جۆرە کەپر و دوکانێک، بەوێنەی ئێستا لە چوار دەوری نەبوو، حکومەتی ئێران بە هەمان شێوەی حکومەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان، بایەخی ئەوتۆی بە کوردستانی ڕۆژهەڵات نەدەدا بە ئێستاشەوە، ئەگینا ئەگەر دەریاچەی زرێبار پاک بکرێتەوە و جێگەی گەشتوگوزاری لێ دروست بکرێت لەو شوێنە گەشتیارییانە دەبێت، کە لە هەموو جیهانەوە خەڵک بێن بۆ دیدەنی، لەبەر جوانی و ڕوونی ئاوەکەی، دڵگیری دیمەنەکانی و دڵڕفێنی کەش و هەواکەی، سەرکەشی شاخەکانی پشتی.

بە تایبەتی زرێبار دەروازەی تێکەڵبوون بە هەورامانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، کە هەورامان و شاخە سەرکەشەکانی، گوندی لاپاڵی شاخ و قەد و بەرزاییەکانی مەستت دەکات، بە جوانی سروشت و بەرزی و نزمی، هەڵدێرو دابەزو و دیمەنی یەک لە دوای یەکی سروشتکردی بێ دەسکاری مرۆڤ، وەک گوندەکانی هەورامانی تەخت، کۆسەی هەجیج، رودشە، لەگوندە دڵگیرو سەرنجڕاکێشەکانی هەورامانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن.

تێکەڵییەکی زۆرم لەگەڵ ماڵی شەهید حمەڕەش، شێخ جەعفەری قەڵبەزەو شێخ دلێری برای بە هۆی خزمایەتییەوە هەبوو، زوو زوو دەچوومە ماڵەکانیان،

بەهۆی کارەساتێکی جەرگ بڕی نێوان پێشمەرگەکانی شێخ جەعفەر و هێزی ئامادەی شەوانی شاری سنەی ئێرانەوە دوو پێشمەرگەی شێخ جەعفەر کە خزمی خۆی بوون شەهید بوون، لە سنە لای ماڵی شێخ دلێر پرسەیان بۆ دانرا، دانای ئەحمەد مەجید لێپرسراوی پەیوەندییە گشتییەکان بوو، نامەی پرسەی قەرارگای ڕەمەزانی خوێندەوە، تیایدا داوای لێبوردنیان کردبوو، کە کارەساتەکە هەڵە بووە و ئەو پێشمەرگانە بە ناحەق شەهید بوون، خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ پرسەکە لە دووەم ڕۆژی پرسەکەدا کارەساتی شەهیدبوونی قاسملو لە ١٩٨٩/٧/١٣ ڕووی دا، ئێزگەی دەنگی کوردستانی حزبی دیموکراتی ئێران، کردی بەهەڵا ئاماژەی دا لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە شەهید کراون.

ئێوارە لە ماڵی شێخ دلێر وەک خزم و خاوەن پرسەکە کۆبووینەوە، گوێمان لە ڕادیۆی حزبی دیموکرات دەگرت لە سەرەتادا وتی: لە پەیوەندیدان لەگەڵ نوێنەرایەتی حزب لە وڵاتی ئۆتریش واتا نەمساو لە داهاتوودا لە چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتەکە ئاگادارتان دەکەینەوە.

شەو ڕێکەوت جێگەی نوستنەکەم هاوشانی جێگەکەی د.فوئاد مەعسوم بوو، پێشتر چەند جارێکم بینی بوو، پیاوێ زیرەک و لەسەرخۆ بوو، باسی شەهیدکردنی قاسملومان کرد وتی: تازە ڕۆی چی بڵێین سوودی نییە، وتم: بە تێڕوانینی تۆ کێ لە پشت ئەم کارە قێزەونەوەیە، وتی کوڕم بە تێڕوانین نابێت، بزانین چی ڕوون دەبێتەوە لە قسەکردندابووین فۆنێکی بۆ تەلەفونەکەی ماڵ شێخ دلێر بۆ هات. وتی: بەڵێ گەورەم، هەرچەندە گوێم لە قسەکانی ئەوی تر نەبوو بەس زانیم مام جەلالە، د.فوئاد بە وردی وەڵامی دەدایەوەو هەر بەڵێ قوربان بەڵێ قوربانی بوو، کە تەواوبوو تەلەفونەکەی داخست و وتی: ئەوە مام جەلال بوو، هەروەها وتی: لە ڕووداوەکەدا فازیلی مەلا مەحمودیان لەگەڵ بووە، فازیلی مەلا مەحمود کوردێکی کوردستانی باشوور بوو، خزمی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بوو، خەڵکی دێلێژە بوو بمابایە وەک سیاسییەکی سەرکەوتوو زۆرتر ناوی دەردەکرد.

یەک دوو ڕۆژ دنیا کپ بوو، هیچ حزبێکی بەرهەڵستکاری عێراقی کە لە باوەشی ئێراندا بوون نەیان دەوێرا ئیدانەی کارەساتەکە بکەن، تا مام جەلال بە فەرمی ئیدانەی کارەساتەکەی کرد و وتی: د.قاسملو هاوڕێ و براو، تا جارێک وتی مامۆستامە، پاشان زۆربەی حزب و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بەیاننامەیان دەرکرد و سەرزەنشتی کارەساتەکەیان کرد.

شەهیدکردنی د.قاسملو لە ڕۆژانی دوای کارەساتی ئەنفال و سوتماککردنی کوردستانی باشووردا هێندەی تر حزب و تاکی کۆمەڵی کوردی بێ هیوا کرد، دەرکەوت جگە لە شاخەکان کەس پشت و پەنای دۆزی ڕەوای کورد نییە، بە تایبەت ئەوکاتە دەوترا ئەوانەی قاسملویان شەهید کرد لە چێشتخانەیەکی نەمسادا، بە ئاسانی گەڕاونەتەوە وڵاتی ئێران، حکومەتی نەمسا چۆن ڕێگەی بەم کارەدا لە کاتێکدا وەک یەکێک لە دۆستەکانی کورد پێوانەی بۆ دەکرا، شەهیدبوونی قاسملو کارەساتێکی جەرگ بڕبوو لە حزبی دیموکراتی کوردستان و کورد کەوت، تا ماوەیەکی زۆر ئێزگەکەیان هەر باسی کارو کردەوەو ژیانی دەکرد، هەرچەندە من قاسملوم لە نزیکەوە نەبینیبوو، بەڵام پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەیان وت: پیاوێ زۆر خاکی و قسەخۆش و زیرەکە، ساڵانی دوای ڕاپەڕینیش لە پەیمانگای کادران، د.ئازاد نەقشبەندی زۆر جار باسی د.قاسملوی دەکرد، کە بەیەکەوە لەئەوروپا خوێندکاری دکتۆرا بوون، دەیوت: پیاوێ خاکی و دەم بە پێکەنینە، پێشتریش لەسەردەمی منداڵیدا کتێبی کوردستان و کوردەکەیم خوێندبووەوە، وەک کەسایەتییەکی گەورە دەهاتە بەرچاوم، چەند جارێک لە ڕادیۆوە گوێم لێبووە، باسی کۆنگرە و چالاکی کوردی لە ئەوروپا کردوە، دەی وت: برادەرانی یەکێتی نیشتمانی لەوێ بوون، جگە لە پەیوەندی کەسایەتی نێوان مام جەلال و د.قاسملو، نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تا دوای شەهید بوونی قاسملویش زۆر چاک و پتەوبوو، ئەم پتەوی پەیوەندییە لەنێوان پێشمەرگەو بارەگاکانی هەر دوولادا ڕەنگی دابووەوە، زۆر ڕێزی یەکتریان دەگرت.

هەر لەژیانی ڕۆژانەی مەریوان و دەریاچەی زرێباردا، جاروبار بە قولاب و موەلیدەی کارەبایی بچووک دەچووین بۆ زرێبار بۆ ڕاوە ماسی، لەگەڵ حەسەنی برادەرم و ئەکرەمی برای شەهید حمەڕەش و چەندانی تر، ڕۆژێک کارەساتێکی دڵتەزێن ڕووی دا، مام ڕەئوف کە پێشمەرگەیەکی دانەبڕاو و ئامرکەرت بوو، برای کاک حمەی حاجی سابیری شارەزوور بوو، لە کاتی کردنەوەی ڕوومانەیەکی چل پارچەیدا ڕوومانەکە پێش هەڵدان بۆ ناو ئاوەکە، بە سنگ و بەرۆکیا تەقیەوە زۆر بە سەختی بریندار بوو، هەرچەندە گەیەنرایە نەخۆشخانەی مەریوان لەلایەن پسپۆڕێکی نەشتەرگەری ئەو کاتەی هندیەوە لە مەریوان، نەشتەرگەری گەورەی بۆ کرا، بەڵام لەبەر سەختی برینەکە

و زۆری پارچە لە ئەندامەکانی لەشیدا شەهید بوو، هەموو خەڵکەکە لە نەخۆشخانەی مەریوان کۆبوونەوە، من چوومە ناو نەخۆشخانە نزیک بە هۆڵی نەشتەرگەری، د.ناصح و د.جەلال لەوێ بوون، من و د.جەلال بە خەڵکەکەمان وت: بڕۆنەوە ئەم قەرەباڵەغییە سوودی نییە، بەڵام لەبەر خۆشەویستی مام ڕەئوف لە ناو ئاپۆڕەی خەڵکدا نەخۆشخانەکەیان جێنەهێشت، تا هەواڵ هات مام ڕەئوف شەهید بوو، هەرچەندە نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ کرا، بەڵام زۆری برینداربوونی ئەندامەکانی ناو سنگ و سک، تا پارچە چووبووە ناو گورچیلەشییەوە بواری چاکبوونەوەی نەدا، ئەم کارەساتە زۆر جەرگ بڕانە هاتە نێومانەوە، بە تایبەتی خێزانەکەی زۆر پەرێشان بوو، ئیتر ڕاوە ماسیمان واز لێهێنا، دوایی دەرکەوت زۆر لەو قومبەلە دەسیانە کە تەڵەزمی ئەمنییەکەی ڕادەکێشی فریاناکەوی بیهاوێژی دەتەقێتەوە، کە خۆی دەبێ ماوەیەک دوای ڕاکێشانی تەڵەزمەکە بتەقێتەوە چەند جارێک ئەم کارەساتە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا ڕووی داوە، قومبەلەی دەستی بە پێشمەرگەدا تەقیوەتەوە ڕوودان و شەهیدبوونی پێشمەرگە لە ئاوارەییدا خەمێکی گەورەی دەهێنا، بە تایبەتی هەموومان وەک یەک خێزان تێکەڵی یەک ببووین و خۆشی و ناخۆشییەکانمان بە یەکەوە بوو، مام ڕەئوف لێپرسراوی کەرت بوو پێشمەرگەیەکی ئازاو خۆشەویست بوو، پەیوەندی فراوان بوو لەگەڵ هەموو خەڵکەکەدا.

# سەردانی بەردەوامی قاسمەڕەش

لەبەرئەوەی قاسمەڕەش، خاڵێکی سنووری بوو، نزیک بە گوندە ئاوەدانەکانی سونێ، زەڵێ، نۆکان بوو، کە بە دوو تا سێ گوندی تاقە گوندی تەختنەکراوی کوردستان دوای ئەنفالەکان پێوانە دەکرا، گوندەکان کەوتبوونە هێڵی سنووری نێوان عێراق/ ئێران، زۆر لەدانیشتوانەکەی ڕەگەزنامەی هەردوو وڵاتیان هەبوو، بەڵام لە بنەڕەتدا ناوچەی ناوزەنگ سەر بەکوردستانی باشوور بوو، قاسمەڕەشی بارەگای (م.س) و زۆر لە بارەگاکانی وەک ناوەندی ڕێکخستنی کۆمەڵەو بارەگای کەسایەتییەکانی لێ بوو، کە مام جەلالیش دەهاتەوە زۆربەی کۆبوونەوەکان لە قاسمەڕەش بەڕێوەدەبرا، بۆ هەر کارێک کە بڕیاری سەرکردایەتی یا (م.س) پێویست بوایە دەبوو بچینە قاسمەڕەش، م.عمر لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بوو، کاک کۆسرەت لێپرسراوی ناوەندی ڕێکخستنی کۆمەڵە، هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتی بوون، بارەگای کاک نەوشیروانیش کە ئەوکاتە سکرتێری کۆمەڵە بوو، کە لە قاسمەڕەش بوو، تەنانەت زۆر لە بەرپرسەکان ماڵەکانیشیان لە قاسمەڕەش یا دەوروبەری قاسمەڕەش بوو، پشتی قاسمەڕەش دەربەند و دۆڵی ناوزەنگ بوو بە دیوی کوردستانی باشووردا، حەسەن ئەبوبەکری هاوڕێم کە لە ناو ڕاگەیاندنی سۆشیالیست بوو، بەڵام وەک ڕێکخستن بێلایەن بوو، جاروبار سەردانی کانی خەیارانی دەکرد، کە بارەگای سنووری لقی سلێمانی سۆشیالیست بوو،

که کاکه حمەی حاجی محمود سەرپەرشتی دەکرد، حەسەن دەیویست لە ئێران دەرچێ عەودالّی فیزەیەکی سوریا بوو، منیش زۆر لە مالّیان بووم و هاوڕێیەتیمان خۆش بوو، وتم: لە یەکێتی داوا دەکەین پێکەوە دەچین بۆ لای م.عمر، چونکە ئەندامی (م.س) بوو، هەر ئەندامێکی (م.س) توانای دابین کردنی فیزەی سوریای هەیە بە ناوی (م.س)ەوە، م.عمر زاوای ئاواتی شێخ جەنابە، داوا لە کاک ئاوات دەکەین کاغەزێکمان بۆ م.عمر بۆ بنوسێ، وتی: وەلّا من لە تاران زۆر لەگەڵ ئاوات و دایکی ئاوات و خوشکەکەیدا بووم، کاتێک دەیانویست بچنە دەرەوە، چونکە فارسیان باش نەدەزانی زۆری کارەکان من بۆیانم دەکرد، حسن فارسییەکەی باش بوو جگە لە فارسی تورکیشی دەزانی زۆر لە شوێنە گشتییەکانی تاران تورکی تێدابوو، حەسەنیش منالّی کەرکوک بوو، کەرکوکیش کوردی، عەرەبی، تورکیان دەزانی، کاتی خۆی پێمان دەوتن، سێ مەوج، گەنجی کەرکوکی سالّانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەزۆری هەر سێ زمانەکەیان دەزانی، پێکدادان و دەمارگیری حزبی سەردەم ئەو بەهرەیەشی لە گەنجی ئێستا سەندووەتەوە، چووینە لای ئاوات وتی: بەسەرچاو کاغەزێکی بۆ م.عمر نوسی بە یەکەوە چووین بۆ لای م.عمر، لە ڕێگە وتی: کاک عمر دەناسی وتم بەڵێ: دوو تا سێ جار یەکمان بینیوە، لە قاسمەڕەش چووینە بارەگای م.عمر، کاغەزەکەمان دایەدەستی، بروسکەیەکی نووسی وتی: بیبەن بۆ جیهازەکە نوسراوبوو لە (م.س) وە بۆ مەکتەبی سوریا، سەلّاو: فیزە بۆ کاک حسن أبوبکر دابین بکەن، لە هەمان کاتدا کاغەزێکی تری بۆمان نووسی وتی بیبەن بۆ پەیوەندییەکانی تاران بۆ لای کاک بەکر فتاح، کە ئەوکاتە لە پەیوەندییەکان بوو بۆ کاری فیزە و پەیوەندی گشتی سەفاراتی ولّاتان لە تاران، لە بەختیاری محمدی مەلا عیزەتی برازای محمود مەلا عیزەتیشەوە، کاغەزێکمان بۆ بەکر فتاح وەرگرت، بەختیار لە کاغەزەکدا نوسیبووی ئەم جەوازە بێ فیزە نەیەتەوە بۆ من، کاغەزەکەمان برد و لەگەڵ کاک حسن-دا چووین بۆ تاران بۆ لای بەکر فتاح، کاغەزەکەی خوێندەوەو وتی: باش، بڕۆنەوە کەی فیزەکە هاتەوە ئاگادارتان دەکەمەوە، کەوتینە گەڕانی ناو تاران، حسن فارسییەکەی لە من باشتر بوو، چەند برادەر و دۆست و ناسیاوێکمان بەسەر کردەوە، وتی شەو بلیتی مەریوان دەبڕین و دەگەڕێنەوە ئەو ڕێگا دوورە بەڕۆژ نابڕێت، شەوان هەر چۆنێک بێت سەرخەو دەشکێنین لە ڕۆژ باشترە.

گەڕامەوە بارەگاو لەناو هێزی پێشمەرگەدا دەمامەوە، بنکە تەندروستییەکە

شوێنێکی کپ و بێدەنگ بوو، نەخۆشیشمان دەبینی و بارەگایەکی خنجیلانەش بوو، ماوەیەکی پێچوو ڕۆژێ ڕێمکەوتە کانی دینار و چوومە ماڵی شەهید حمەڕەش، وتیان وەڵا حسن وەڵامی بۆ هاتووەو بە پەلە چووە بۆ تاران و ناونیشانی ئەو میوانخانەم وەرگرت کە حەسەنی لێبوو، قسەم لە گەڵی کرد وتی وەڵا شتەکانم کۆکردووەتەوە هاتووین بۆ تاران، ڕەنگیشە تازە نەگەڕێینەوە بۆ کانی دینار فیزەکەم هاتۆتەوە ڕەنگە سەفەربکەم بۆ سوریا.

چوومە ماڵی حسن کە کرێچییەکی ماڵە ناسیاوێکی ئێرانی بوو، ماڵەکە ڕووت و ڕەجاڵ، چەند یادگارییەکم بیرکەوتەوە، تووشی ئازارێکی دەروونی سەخت بووم، ماوەیەکی زۆر بە یەکەوە بووین، ڕاهاتبووین هەردوو لامان لە هەمان ئاستی بیرکردنەوەو تێڕوانین بۆ ژیان بووین، لە غەریبایەتیدا کەشوهەوایەکی تایبەت و خۆسازێنمان بەیەکەوە دروست دەکرد، تۆزێ غەریبیمان لە خۆمان دەتەکاند بە گفتوگۆو یاری کۆنکەن و یادگاری گێڕانەوە.

چوومە لای فائق عبدالکریم کە برادەرێکی هاوبەشی هەردووکمان بوو وتی: وەڵا ئەوان ئیشەکەیان تەواو بوو سەفەریان کرد.

منیش چاوەڕوانی فیزەم، فیزەکەم بێتەوە، سەفەر دەکەم فائق ئاوارە بوو لەئۆردوگای خرام ئاباد مابووە، چەند ناسیاوێکی لە ناو حزبی سۆشیالیست هەبوو، پێموابوو هەر ئەوانیش فیزەکەیان بۆ کردبوو، هێندەی پێ نەچوو دوای ئەوان، ئەویش سەفەری کرد سەفەری حسن و خێزانەکەی و فایق بۆ من کۆستێکی گران بوو، پێشتر حسن زۆر هاوکاری مەعنەوی دەکردم، جارێکیش تەکلیفی لە حمەڕەش کردبوو زەمالەم بۆ وەرگرێت، بەو نیازەی کە حمەڕەش، پارتیزان بوو گەڕابووە لە گەرمیان، قسەی لای سەرکردایەتی یەکێتی دەیخوارد، بەڵام هەموو کۆششەکانم بۆ زەمالەی خوێندن بێئەنجام بوو، بۆشایی وەرنەگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، وەک هیوایەک لە ژیانمدا سەری نایەوە، تا دوای ڕاپەڕین، خوێندنم تەواو کرد.

هەرچەندە ماڵی حمەڕەش و زۆر هاوڕێ و دۆست لە کانی دینار بوون، دەچووم، بەڵام هیچیان وەک ماڵی حسن بۆ من دالدەی ڕەوینەوەی خەم نەبوون، دوای ڕۆیشتنی حسن و منداڵەکانی بە جارێک هەتیوو بووم، کەمتر سەردانی کانی دینارم دەکرد، زۆرتر لە ناو پێشمەرگەدا دەمامەوە لە بارەگا ئاسوودەتر بووم، بۆنی ماڵ حسنم نایە ئەو ماڵە ئێرانییەی کە تا ئێستاش هاتووچۆیان دەکەم ئەوان لە من زیاتر بێتاقەت ببوون بە ڕۆیشتنی ماڵی حسن و منداڵەکانی، چونکە دراوسێ و تێکەڵ بوون لەگەڵ یەک.

هێندەی پێ نەچوو لە سوریاوە کاغەزێکی حەسەنم بۆ هات، نوسرابوو گەیشتینە سوریا، بەڵام لە شانسێکی مێژوویی بێبەش بووین، شانسەکەش ئەوەبوو فڕوکەیەکی سووری کۆمەڵێ زۆری ئاوارەی عێراقی لە سوریاوە بردبوو بۆ لەندەن کە گەیشتنە ئەوێ هەموویان داوای پەنا بەریان کردبوو نەشیان گەڕاندنەوە بۆ سوریا، لەو ساڵانەدا خەڵک لە هەموو کون و قوژبنێکەوە تەقەڵای دەرچوونی بۆ دەرەوەی کوردستان دەدا، بارودۆخی کوردستان خراپ بوو، ئەندامانی جوڵانەوەی کوردیش هەمووی ئاخنرابووە ناو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئاسۆی هیچ ئومێدێکی نزیک بە جوڵانەوەی کوردەوە نەدەبینرا، چەند مەفرەزەیەکی کەمی پارتیزانی لە ناو کوردستانی باشوور هەبوون، تەنها وەک گرێیەک لەسەر سنگی میری عێراق، ختوکەی میری عێراقیان دەدا، میری عێراق پێیان قەڵس بوو، بەڵام نەیدەتوانی بنەبڕیان بکات.

هەرچەندە کێوماڵی گەورەی سوپای عێراق بەناوچەکاندا دەکرا تەنانەت کوێرە کانییەکانیشیان بە چاوساغی چەکداری ئەڵقە لە گوێی کورد پڕ دەکردەوە، بەڵام لەبەر زۆری شاخ و ئەشکەوت جێگەی دانسقەو چەم و زەنی کوردستانی باشوور، میری عێراق نەیتوانی دوای چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستانیش، کوردستان و مەفرەزەی پارتیزانی پێشمەرگە لە یەک داببڕێت، کە بۆ کورد و شۆڕشەکەی شانازییەکی گەورە و بۆ میری عێراقیش دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە بوو، شۆڕش و کورد بەزەبرو زەنگ لە بار نابرێ، خۆری هیوا هەرگیز بە هەمیشەیی ئاوا نابێت.

جگە لەو مەفرەزانەی کە لە گەرمیان و دەشتی هەولێر بوون، پێشمەرگەکانی هەورامان لە شاخی سوورێنەوە بەدیوی کوردستانی باشووردا بنکەیەکیان کردەوە لە پەناو پەسێرێکی قایمی قەد شاخدا، زۆرجار لە چلەی زستان و بەفری زۆردا ڕێگەی بنکەکە دەگیرا و تەنها بە بێ سیم دەتوانرا پەیوەندییان پێوە بکرێت و لەلایەن مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ک)ەوە سەرپەرشتی دەکرا کە بارەگاکانمان لە گوندی دزڵی بوو، بەرزاییەکانی نێوان هەردوو پارچەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور، کانی خەیاران، ملە خورد، بەرزاییەکانی پشت ئەحمەد ئاواو هەردوو دیوی هەورامان بارەگایان لێ بوو.

ل.بنکەکە زۆر جار شەهیدان: سەریاس و ئەکرەمی شێخ وەهاب بوون ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرا، لە بنکەی تەندروستیش یاریدەدەرێ پزیشک بە ناوی

کاک بەرزان برای شەهید شێخەی بەرزنجە جار جار دەچوو لەگەڵیاندا.
دەوری ئەم بنکەیە زۆرتر چاودێری ڕەبیە و مۆڵگەکانی حکومەتی عێراقیان دەکرد، لە دیوی کوردستانی باشوورەوە هەواڵ و تا ئاڵوگۆڕی زانیاری کەمیش دەهات، چونکە دیوی کوردستانی باشوور سەخت و چۆڵ بوو یەک گوند نەمابوو، ناوچەکە ناوچەیەکی خاڵی لە خەڵک و پڕ لەڕەبیە و مۆڵگە بوو، زۆری ئەو پێشمەرگانەی لەو بنکەیە دەمانەوە، پێشمەرگەکانی هەورامان، تیپەکانی شارەزوور بوون، کە زۆربەیان دوای ڕاپەڕین لە شەڕی ناوخۆ و کارەساتی جۆراوجۆردا شەهید بوون، جارێک لەگەڵ شەهید ئەکرەمی شێخ وەهابدا چووین بۆ قاسمەڕەش، کاک شەوکەتی حەمە صالحی برای خێزانی ئێستای کاک مەلا بەختیاریش لەوێ بوو، لە قاسمەڕەش حاکم قادرمان بینی، ئەوکاتە زۆرتر سەرپەرشتی ئیشی جەرد و لیستی ماڵە ئاوارەکانی دەکرد، دواتر لەگەڵ ڕەیسدا بووین، ڕەیس پێشمەرگە و لێپرسراوی کەرت بوو لە شاخ، پێشمەرگەیەکی ئازاو تا ڕادەیەک هەزەلی و قسە خۆش بوو.
لەبەردەم بارەگای کاک نەوشیروان وەستابووین، لەو کاتەدا کاک نەوشیروان هاتە دەرەوە، سەیرێکی کردین دەم و چاوێکی خەواڵو، بلوزێکی لەبەردابوو ئەکرەمی شێخ وەهاب هەر بۆ گاڵتە بە دەس و دەم ئاماژەیەکی کرد و لە ژێر لێوەوە، وتی: تەماشا ئەم قائیدە!.
کاک نەوشیروان چاوی لێبوو بانگی شەوکەتی حەمە صالحی کرد و وتی: دەزانم چی وتووە.
شەوکەت دەستی کردە پێکەنین، وتبوی ئەرەوەڵا ئەوەی وت کە جەنابت دەیڵێی، بە شەوکەتی وتبو ئەوە کێیە؟ کاک شەوکەت وتبوی ئەکرەمی شێخ وەهابە، وتبوی ئینجا فیچقە بە گونی وا چییە کردوتانە بە لێپرسراوی بنکەی ئەو دیوو، پێشتر ناوی ئەکرەمی شێخ وەهابی بیستبوو برادەران بۆیان باس کردبوو، بارەگایەکی پێشمەرگەمان بردوە بۆ دیوی کوردستانی عێراق، هەر جارەی یەکێک لێپرسراویانە، یەکێک لەوانە ئەکرەمی شێخ وەهابە، ئەکرەم، پیاوێکی لەڕولاواز بوو، بەخۆ نەبوو ئەکرەمی شێخ وەهاب پلەی لێپرسراوێتی بەرزی نەبوو، بەڵام پێشمەرگەیەکی چاونەترس و چاپوک و هەزەلی بوو.
کاک نەوشیروان تا بڵێی زەیرەک و شارەزا بوو، زۆر خاکی و سادە بوو، زۆر بایەخی بە کەلوپەل و جل نەدەدا هەرچەندە پیاوێ بە ورە و پێویست بوو بۆ جولانەوەی کورد، بەڵام زۆرجار ڕەشبینیش بەرۆکی دەگرت و زۆر کەم لە کاتی ڕەشبینیدا هیوای تیا دەبینرا، بەڵام لە ساتی هەڵگیرسانەوەی

شۆڕشەوە تا ڕاپەڕین کە خوێندکاری دکتۆرا بوو خوێندنەکەی جێ هێشتبوو، لە پێشمەرگە دوور نەکەوتبووەوە، هەمیشە لە بارەگا و لە ناو پێشمەرگەدا بوو زۆرکەم دەچووە دەرەوەی وڵات، بیشرۆیشتبا زوو زوو دەگەڕایەوە، لەسەردەمی شاخیشدا زۆر دەگەڕاو شارەزایی زۆری لە شوێن و کانیاو ناوی داروبەردی کوردستان هەبوو، پیاوێ پاک لە ڕەوشت و بە هەیبەت بوو لە ناو پێشمەرگەدا.

ئەوەی پێویستە بۆ مێژوو ئاماژەی پێبدەین، چوونی ئەو فڕۆکەیە بوو لە سوریاوە بۆ لەندەن، پێشتر زۆربەی پەککەوتەو بریندارەکانی (ی.ن.ک) کە لە سەقز بوون گوێزرانەوە بۆ سوریا، لەوێ گیریان خواردبوو چۆن دەرچن بۆ ئەوروپا، دەنگۆی ئەوە هەبوو، موخابەراتی عێراق هەوڵدەدا ئەو بریندارانە لە ڕێگەی فڕۆکەیەکەوە بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، کە هەموویان پێشمەرگە بوون، کاک عومەری سەید عەلی توانیویەتی فڕۆکەوانێکی میسری بارهەڵگر ڕازی بکات لە جیاتی بار خەڵک هەڵگرێت، جگە لەپێدانی پارە، پێ دەچێت فڕۆکەوانەکەش سۆزی جوڵابێ و زانیویەتی ئەمانە تەسلیمی عێراق بکرێنەوە لە سێدارە دەدرێن، فڕۆکەکە (١٨ تا ٢٠) برینداری پێشمەرگەو ڕێژەیەکی زۆر خەڵکی کوردی ئاوارەی سوریای هەڵگرتووە لەناو بریندارەکاندا (ئازادی سەگرمە، خالید هەنارەیی) زۆری تر، هەر کوردێ لەفڕۆکەخانەی دیمەشق بووە، پێیان وتوە سواربە، دەچین بۆ لەندەن، لە ئاسمانی لەندەن فڕۆکەکە بە ناوی ئەوەی فڕۆکەیەکی بارهەڵگرە، لەفڕۆکەخانەی لەندەن لە شوێنی فڕۆکە بارهەڵگرەکان نیشتووەتەوە، کاتێک ئەمنی لەندەن لێیان دەپرسن، دەڵێن: هەمووی پەککەوتەو کەمئەندامە، ئیتر فڕۆکەکە ناگەڕێننەوە، بەڵام یەک هەفتە لێکۆڵینەوەی لێدەکەن، کاتی خۆی ڕاگەیاندنی جیهانی باسی کرد، وام بیستوە دوای گەڕاندنەوەی فڕۆکەوانەکە، ماوەیەکی زۆر زیندانی کراوە، ئەم سەروەرییە و ڕزگارکردنی گیانی ئەو پێشمەرگە کەمئەندامانە لە سوریا دەگەڕێتەوە بۆ ئازایی کاک عمر سید عەلی و هەندێک لێپرسراو و برادەرانی پەیوەندی (ی.ن.ک) لە سوریا.

# گوێزانەوەی بارەگاکان بۆ گوندی ولەژێر

بارەگاکانی ئەو کاتەی مەڵبەندی یەک، بەشێکی لە ناو گوندی دزڵی و بەشێکی تر لە دەربەندی دزڵی بوون، بە یەکداچوونی خەڵک و پێشمەرگە لە گوندێکدا بەشی خۆی کێشە دروست دەکات، هەرچەندە بنکەی تەندروستییەکەمان خزمەتێکی زۆری خەڵکەکەی دەکرد، بەڵام خەڵکیش هەبوو لە قەرەباڵغی و جموجۆڵی پێشمەرگە هەراسان ببوون، بۆیە لەسەر داوای خەڵکەکە، قەرارگای ڕەمەزان داوای گوێزانەوەی بارەگاکانی لە ناو گوندەکە خستە بەردەم لێپرسراوەکانی مەڵبەند، قەرارگا چوار شوێنی دیاری کرد بوو، سەرەنجام بارەگاکان گوێزرانەوە نزیک گوندی ولەژێر، شوێنێکی هەڵدێرو بەرز و نزمی پاڵ شاخ و دیوی باشووری دەریاچەی زرێبار بوو، بەشێک لە بارەگاکان دەکەوتنە ژێر سەوزی و سێبەری دارو درەخت، بەڵام هەموویان لە خێمەدابوون، خێمەی بنکە تەندروستییەکە بەلێژاییەکەوە دانرا، شوێنەکە شەوان فێنک بوو ڕۆژ گەرم، (محمود سەنگاوی، حامیدی حاجی غالی، شێخ جەعفەر) سەردانیان کردین، بە هەمان شێوەی دزڵی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر دەهاتنە لامان بۆ بنکە تەندروستییەکە، هاوینی ١٩٩٠مان لەوێ بردە سەر، دنیا کشومات و لە چاوەڕوانی گۆڕانگاری دابووین، سەدام و سوپاکەی ببوونە سەگی هار، فێری شەڕو دزی و تالانی بوون، بێ کێشە نەیان دەتوانی سوپایەکی بێ شوماری پڕ چەک و لوتبەرز لە شەڕی عێراق/

ئێراندا بحەوێننەوە، جاروبار دەنگوباس دەهات، سەدام پەلاماری شوێنێ دەدات، دەوترا مام جەلال پێش بینی کردوە سەدام کوەیت داگیردەکات، جاروبار ئێژگە جیهانییەکان باسی هەڵەبجە و چەکی کیمیاویان دەکرد، بەڵام ئەو گەرمی و گوڕوتینەی جارانی نەمابوو، سەدامیش ئەوەی هەڵەبجەی بۆ چووە سەر، هەرچەندە ئیدانەیەکی زۆری نێودەوڵەتی کرا، بەڵام گوشارەکان بەو ڕادە نەبوون سەدام پەندی لێ وەرگرێت، تێڕوانینی وای لادروست ببوو چی بکات بۆی دەچێتە سەر، بە تایبەتی لە شەڕی عێراق/ ئێراندا، وڕێنەی دەکرد کە عێراق پاسەوانی سنووری خۆرهەڵاتی وڵاتانی عەرەبییە و تەنها عێراق مەترسی توندە بۆ سەر ئیسرائیل، جاروبار هەڕەشەی لە ئیسرائیل دەکرد، خۆی کردبووە تاکە خەمخۆری کێشەی فەلەستین، لە ناکاو لە مانگی ٧ی ١٩٩٠دا عێراق بەیاننامەیەکی دەرکرد گوایە کوەیت نەوتی عێراقی دزیوە لە کێڵگەی ڕومەیلەی نەوتی، کوەیتی تاوانبار کرد، کاربەردەستانی کوەیت وەڵامی درۆکانی سەدامیان دایەوە، بەڵام هێندەی نەبرد لە ٢ی اب/١٩٩٠دا عێراق هێرشی کردە سەر کوەیت و داگیری کرد لە ماوەی ٢ تا ٨ی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩٠دا، دواتر وتی: کوەیت پارێزگایەکی عێراقییە و دەیگێڕینینەوە ژێر هەیمەنەی وڵاتی عێراق، دەیکەین بە پارێزگای ژمارە ١٩ی عێراق، دەیوت: (کوەیت زەوی عێراقە) و داگیرکراوە، شای کوەیت و کاربەدەستان هەموو ڕایان کرد بۆ سعودیە خەڵکی هەژار و بێ دەسەڵات، فریانەکەوت ڕابکەن و زۆریان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقەوە هەموو خێروبێری وڵاتەکە دزرا، علی حسن مجید و کوڕەکانی سەدام عودەی و قوسەی و زاواکانی صدام، هاوکاری زۆری دزینی کەلوپەلە گران بەهاکانی کوەیتیان بۆ عێراق کرد، لەوانە گوێزانەوەی چاپخانەیەکی پێشکەوتووی گران بەها، کە عودەی کوڕی صدام حسێن داوا لە حسێن کامل و علی حسن مجید دەکات بگوێزرێتەوە بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق، ئەم باری داگیرکارییەی عێراق نزیکەی (٧) مانگی پێچوو، لە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٩دا عێراق ڕونکردنەوەی دا کە کوەیت بەشێکە لە خاکی عێراق و هەموو سەفارەتی وڵاتانی پوچەڵ کردەوە لە کوەیت، لە ئاوارەییدا حکومەتی کوەیت دروست ببوو لەسەر خاکی عەرەبستانی سعودی لە شاری تائیف، عێراق لە داگیرکردنی وڵاتی کوەیتدا ٧ فڕۆکەی شەڕکەر و ١٢٠ دەبابەی لە دەستدا، ٢٩٥ سەربازی کوژرا، بەڵام لە ڕووی مادییەوە کەرەستەیەکی زۆری وڵاتی کوەیتیان دزی و هێنایانە ناو عێراقەوە، لە کاتێکدا دەیان وت: کوەیت پارێزگای (١٩)ەهەمینی عێراقە، ئەم

دۆخە تا ١٩٩١/٢/٢٦ درێژەی کێشا، هەرچی ئێزگە جیهانییەکان بوو باسی عێراق و کوەیت و شوڵ لێهەڵکێشانی سەدامیان دەکرد کەسوپاکەی بردبووە سەر سنوورەکانی عەرەبستانی سعودی و هەڕەشەی لە سعودیە و ئیسرائیل دەکرد.

لە بەیاننامەیەکدا سەدام بە کاربەدەستانی سعودی دەووت (من الذی خولکم) واتا کێ ڕێگەی پێداون سوپای بێگانە بەرنە سەر زەوی عەرەبی و خاک و شوێنی پیرۆزی ئیسلام و گۆڕی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت). مەبەست لەو هێزانەی هاوپەیمانان بوو کە لە داوییدا بۆ دەرکردنی سوپای عێراق لە کوەیت بەشداریان کرد، زیاتر لە (٣٢) وڵات بەشداری تێداکرد و لووتی سەدام حسێنی تێدا شکا، سەروەری گەڕایەوە بۆ کوەیت، پاشا و حکومەتەکەی چونەوە هەمان شوێنی پێشویان لەماوەی ئەم حەوت مانگەی چاوەڕوانیدا هەڵبەز و دابەزی زۆر ڕوویدا ڕۆژێک دەووترا توانا نییە لە عێراق بدرێت، تا دەهات هێز دەهات بۆ کەنداوو عەرەبستانی سعودی، دەنگوباسەکان جار جار مژدەی ڕوخانی میری عێراق و جار جار پێچەوانەکەی دەبینرا، بە چاوەڕوانی زۆرەوە هاوینمان لە گوندی (ولەژێر) بردەسەر، هێدی هێدی پاییز و وەرزی سەرما دەهات، دەمانزانی وا بمێنینەوە لە زستاندا لێرە ناتوانین بژین لە خێمە و چادردا.

لە سەرکردایەتی کۆبوونەوەی بەردەوام دەکرا، ڕەچاوی خۆئامادەکردن بۆ لێدانی سەدام هاتە مەیدان، مەڵبەندەکان هێزی عەسکەریان ئامادەکرد، مەڵبەندی یەک بوو بە دوو بەتالیۆن، بەتالیۆنی یەک چووە سنوورەکانی نزیک شاخی بەمۆ، کاک محمود سەنگاوی بووە لێپرسراوی بەتالیۆنی یەک، خۆی بە منی وت: بەتالیۆنەکەم ناوی ژمارە یەک نەبێت ئەو کارە ناکەم، جەمیل هەورامیش بووە لێپرسراوی بەتالیۆنی دوو، سنووری شاخەکانی سوورێن و هەورامان، بنکە تەندروستییەکەشمان کردە دوو بەش، من لە سنووری بەتالیۆنی دوو مامەوە کاک جوتیار بۆ سنووری بەتالیۆنی یەک، بەرزانیش کە برای شەهید بوو تازە هاتبوو لە ناو شارەوە لە لای من مایەوە، جمیل هەرامی چوو بۆ قاسمەڕەش و سەرکردایەتی کە چی بکەین! زستان ئەم هێزە لە کوێ بمێنێتەوە، وەڵامی سەرکردایەتی ئەوەبوو چاوەڕوانین گۆڕانکاری لە عێراقدا ڕووبدات، ناکرێ چاو لەو هەموو لوت بەرزییەی سەدام بپۆشرێ کە بەرامبەر بە ئاسایشی جیهانی دەیکات، هەروەها دەووترا: مام جەلال زۆر لە گەورە سیاسییەکانی جیهانی بینیوە، وتویەتی سەدام لە کوەیت بکشێتەوە یان

نەکشێتەوە هەر لێیدەدرێ، خەمێکی ئەم زستانەی خۆتان بخۆن بچن لەگەڵ قەرارگای ڕەمەزاندا ڕێک بکەون و بارەگاکانتان بەرنە شوێنێ، سەرنجام بارەگاکان گوێزرانەوە بۆ مەڕگەوان، شوێنێک لە نێوان دەربەند دزڵی/ کانی خەیاران لە نێوان سنووری عێراق/ ئێراندا، کە زۆرتر لە شاخی سووریێنەوە نزیک بوو بەرەو شارەزوور، بارەگاکان گوێزرانەوە هەر یەکە شوێنی بۆ دیاری کرا، پێشمەرگە خۆی کەوتە خانو دروستکردنی قوڕ، بەهاوکارییەکی کەمی پارەی سەرکردایەتی، بارەگاکان لە قوڕو دارو خشت دروست کران، لەگەڵ بارەگای بەتالیۆندا ژوورێکی خنجیلانە بۆ خەستەخانە دروست کرا، ژووری خەستەخانەکە سپی کاریش کرا، خۆم یەکێک بووم لەوانەی ڕۆژانە کرێکاریمان دەکرد، لە دروستکردنی بارەگای بەتالیۆن و نەخۆشخانەکەدا.

ڕۆژێکیان کە زۆر ماندووبووم، لە پەنای دیوارێکدا پشووم دەدا ئاگادارنەبووم لەسەرەوە چینی دیوارەکە دەکرێ، لە ناکاو بەردێ گەورە بەربووەوە، دای بەسەرمدا بێهۆش کەوتم کاتێ هۆشم هاتەوە، جمیل هەورامی، دڵشاد قرگە زۆر لە پێشمەرگەکان بەدیارمەوە تاسابوون، جمیل هەورامی وتی: خەریک بوو شەهیدێ بدەین، دڵشاد قرگەیی کە وەستای کردنی دیوارەکە بوو، وتی: داوای لێبوردن دەکەم، من لەسەر دیوارەکە بووم و بەردەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە، نەمزانی لەوێدا پشووت دەدا، تایەک دوو کاژێر هەر وڕوگێژ بووم.

هەرچۆنێک بوو ئارام بوومەوە دوای ماوەیەک ئازارم نەما، هەر تیپە خانویەکی بۆ خۆی دروست کرد بارەگای بەتالیۆنیش دورست کرا، بنکە تەندروستییەکەش لە پاڵیدا، دەرمان و کتێبەکانم گواستەوە ناو بنەکەکە، بە صندوقی تەختەی پتەوی فیشەکخانەی دەرمان، کتێبخانەیە قنجم دروست کردەوە، پاک کەرەوەیەکی (معقم) خەستم لابوو، لە شوشەی دەرمانەکاندا، مار، دوپشک، هەزارپێم، دوای کوشتنیان تێدا هەڵگرتبوو کە سەیرت دەکرد، پاککەرەوەکە گیاندارەکانی لە شوشەکەدا هێندەی تر گەورە دەکردەوە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی دروست کردبوو ئەو زستانەمان بە گوێگرتن لە هەواڵ، دەنگوباسی عێراق بەڕێ کرد، مەرزێ سنووری نارِوون، لە نێوان هەردوو وڵاتی عێراق/ ئێراندا کرابووەوە، جاروبار جاسوسی عێراق دەهاتنە ناو پێشمەرگەوە، لەبەرئەوەی هەردوولا سودیان لێ دەبینی، کەس ورتەی لێوە نەدەهات، هەواڵی ناوشارەکان دەهات و دەووترا: بزوتنەوەیەکی مارکسی بەناوی ڕەوتی کۆمۆنیست لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەریدا

دروست بووە، ڕێکخستنی نهێنیان هەیە، هەر چاوەڕوانی لێدانی عێراق بووین، هەواڵەکان بەرز و نزمیان دەکرد، وەزیری دەرەوەی عێراق و ئەمریکا چەند جارێ کۆبوونەوەیان کرد، لە کۆبوونەوەکە دەهاتنە دەرێ، ڕۆژنامەنووسان دەیان وت (حرب أم سلام) واتە شەڕ یا ئاشتی، خۆم گوێم لە وتەیەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، جارێک دوای چەندەها دیداری چەند کاتژمێری وتی (گوێم لە وشەی کشانەوە لە دەمی وەزیری دەرەوەی عێراقەوە نەبووە)، ئەمریکا مەرجی وای بەسەر عێراقدا سەپاندبوو، لەکوەیتیش بکشایەتەوە سوودی نەبوو هەر لێدەدرا، دەیزانی دەبێ لوتی بشکێ! بۆیە ملی کشانەوەی نەدەدا، تا دەهات چەک و فڕۆکەی جەنگی و هێزی نێونەتەوەیی وڵاتانی هاوپەیمانی دەگەیشتە کەنداو و وڵاتی سعودیە، فشارێکی تری دەروونی زۆری لای سەربازە عێراقییەکان دروست کردبوو.

تا سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی هاتە عێراق و داوای کشانەوەی سوپای عێراقی لە کوەیت کرد، سەدام ملی نەداو وتی: سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووە، بینیم خۆی وا نیشان دەدا، کە بێلایەنە، بەڵام دەزانم لایەنگری ئەمریکان، سەدام دەیوت: لێمان بدەن لە ئیسرائیل دەدەین، بەم قسانە بیری کەسانی ساویلکە و هەندێ توندڕەوی بەعسی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، تا دوای حەوت مانگ بگرەو بەردەی زۆر، کاتژمێری سفر دانراو جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لە لێدانی عێراق سەرپشک کرا.

سەر لە بەیانی ١٩٩١/٢/٢٤ کاتێ زۆربەی دانیشتوانی عێراق لە شیرینی خەودا بوون، جۆرج بوش کە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە سەرپشک کرابوو، بەهێزی ئاسمانی لە عێراقی داو فرۆکەی زۆر لە هاوپەیمانان بەشداریان تێدا کرد، ئێزگەکانی جیهان هەموو باسیان کرد، لە بارەگای بەتالیۆن لە مەڕگەوان هەموومانیان لە خەو هەڵساند، پێشمەرگە لە خۆشیدا نەیان دەزانی چی بکەن، چونکە نەهامەتی و ئازارێکی زۆرمان بە دەست سوپای عێراقەوە تووشببوو، لێدانەکان ناو بەناو تا ١٩٩١/٢/٢٨ درێژەی کێشا، سەرخانی سەربازی عێراق بە تەواوەتی ڕووخا، ورەی سوپاکەی نەما، لە فرۆکەخانەی کوەیت و زۆر شوێن، دەس بە کشانەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ ناو سنوورەکان کرا، زۆر لە سوپای عێراقیش خۆیان بەدەستەوەدا، لەسەربازگەکانی سعودیە جێگیرکران وەک دیلی جەنگ، بەشێکی زۆری سەربازی کوردی تێدابوو کە هەندێکیان نەگەڕانەوە و ئاوارەی وڵاتان بوون، سەدام حسێن شپرزەبوو، بەیاننامەیەکی دەرکرد کە گوایە شەیتانی ئەمریکی بوش هێرشی بۆ سەر عێراق کردوە لە

بەرەبەیاندا، پاشان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هێرشی زەمینی بۆ ناو کوەیت دەستپێکرا. کوەیت ئازاد کرایەوە و سوپا و حکومەتەکەی هاتنەوە ناو کوەیتی وێران لە دوای دزی و تالانی و کاولکاری سوپای عێراق.

به فەرمانی سەدام حسێن وشەی (الله أكبر) لەسەر ئاڵای عێراق زیادکرا، وەک ئەوەی ئەم داگیرکردنە سیمایەکی ئایینی هەیە، سەدام پاڵەوانی نەتەوەی عـەرەب و ئایینی ئیسلامە، سوپای عێراق بە جۆرێک ورەی ڕووخابوو ئەگەر سوپای هاوپەیمانان مەبەستیان بوایە دەیان توانی تـەواوی عێراق داگیربکەن و سەدامیش لەسەر کورسی دەسەڵات وەلانێن، بەڵام بەرنامەکە بە ڕزگارکردنەوەی کوەیت وەستا، دیاربوو لە بەرژەوەندی وڵاتان بوو بۆ ماوەیەکی تر سەدام لەسەر کورسی بهێڵنەوە، بەڵام بەشان و باڵ شکاوی و سوک و ڕەزیلی، وەک دەموچاوێکی نەگریس و چەپەڵ، سەدام لەسەر حوکم مایەوە تا ساڵی٢٠٠٣، هەر بـەردەوام بوو لە خۆدەرخستن و فڕوفیشاڵ، گوێی بە بەرژەوەندی عێراق نەدەدا تەنها لەسەر مێز بوایە هیچی نەدەویست، بەڵام عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتە دواوە و تا ئێستاش (ساڵی ٢٠٢٠) باجی هەڵەو لوت بەرزیەکەی سەدام دەداتەوە.

## سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور

کۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٩٠و سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٩١مان لەمەڕگەوان، بەڕێ کرد، ڕۆژانە بەکتێب خوێندنەوەو بینینی نەخۆش، کاتمان دەبردە سەر، چونکە بنکە تەندروستییەکە نزیک بەبارەگای بەتالیۆن بوو، نان و چێشتمان بەجیا نەدەکرد لەگەڵ بارەگای بەتالیۆندا نانمان دەخوارد، جارجاریش دەچوینە شارەکانی مەریوان، سنە، سەقز، لەگەڵ سەردار عەبدوڵلادا، چەند گەنجێکی ڕۆشنبیر لەمەریوان بوونە برادەرمان، بەشداری جوڵانەوەیەکی کەمی چالاکییە ڕوناکبیرییەکانی ناو شاری مەریوانمان دەکرد، کەزۆر کەم و درەنگ درەنگ دەکران، کاک سەردار عەبدوڵلا حەزی بەخوێندنەوە دەکرد، زۆر دەهاتە لای من کتێبمان دەگۆڕییەوە، قەرارگای ڕەمەزان پارەی درەنگ درەنگ دەنارد، مووچە درەنگ درەنگ دەهات، باری ئابووریمان دیاریکراو بوو ڕۆژێک لە دەربەن دزڵییەوە بەرەو مەرگەوان لەگەڵ سەردار عەبدوڵلا بەپێ دەهاتینەوە بۆ بارەگا، زۆر تورەبوو لەڕێگا هەر قسەی بەرزونزمی بەلێپرسراوان دەووت، منیش نەمدەزانی چییە؟ وتم کاکە بۆ وا تورەو ڕەشبینی؟ وتی: وازم لێ بێنە!

وتم ئاخر چی بووە؟

وتی: ئەوە حاڵی پێشمەرگەیە، هیچمان پارەی جلێ جوانمان نییە بیکڕین، لەم ماوەیەدا بڕی یارمەتی پارە لە دەرەوە هاتووە، برادەران مەبەستی

سەرکردایەتی بوو، دابەشیان کردوە لە ناوخۆیاندا تا جێگری سەرتیپی گرتۆتەوە یەک دیناریان بە پێشمەرگە نەداوە.

وتم، دەبێ مام جەلال ئاگاداربێ...!

وتی: مام جەلال خۆی پارەکەی هێناوە، وتویەتی با کادرەکانمان برسی نەبن، ئەی ئێمە چین منیش لام بووە گرێ، پرسیارم لە یەک دوو لێپرسراوی سەربازی کرد، وتیان وا نییە، بەڵام وەڵامەکانیان جێی باوەڕ نەبوو، لە دواییدا زانیم پارەکە هاتووە بەشی مووچەی هەموو پێشمەرگەی نەکردووە بڕێکی بەسەر لێپرسراوەکاندا دابەش کراوە، هێندەی پێ نەچوو، قەرارگا پارەی نارد مووچە بەسەر پێشمەرگەدا دابەش کرا، بەبڕی ئەو یارمەتییەش کە مابۆوە ئازوقە و زەخیرەیەکی باش کڕدرا بارەگاکان تا ڕادەیەک بووژانەوە.

ئەو چەند مانگەی کە لە مەڕگەوان بووین، هەرخەریکی دەنگوباسی هەڵبەزو دابەزی دەرکردنی عێراق بووین لەکوەیت، هەر جارەی لێکدانەوەیەک دەکرا، زۆرترین دانیشتن لەنەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش کرا، نەگەیشتنە ڕێککەوتن کە عێراق بە ئاشتی لە کوەیت پاشەکشە بکات، چونکە تەڵەکە وا بۆ عێراق دانرابوو پاشەکشێشی بکردایە، هەر دەکەوتە شەڕو باودۆخی سەختەوە خۆی لە فیکەی خۆی تێگەیبوو، بۆیە زۆرتر عەنتەریاتی دەفرۆشت کە ئەم بەرپەرچی دوژمنانی نەتەوەی عەرەب دەداتەوە، لەکاتێکدا لەدانیشتنێکی وڵاتانی عەرەبیدا نوێنەری عێراق عیزەت دووری و نوێنەری سعودیە بووە دەنگەدەنگیان، عیزەت دووری بە توڕەییەوە بەنوێنەرەکەی کوەیت و عەرەبستانی سعودی وتبوو: قسەمەکەن ئەی عەمیلانە (واتە بەکرێگیراوانە) ئێوە بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمریکاو دوژمنانی عەرەبن! دەنگوباس هەبوو، شتی گرتۆتە نوێنەرەکەی کوەیت لەدانیشتنەکەدا، زۆر لەنوێنەرانی وڵاتانی عەرەب ئیدانەی نوێنەری عێراقیان کرد، بەڵام گوێی پێ نەدەدا، سەدام وەک پاڵەوانی نەتەوەی عەرەب خۆی دەنواند، وڵاتانی عەرەبیش هیچیان پێنەکرا، تەنانەت جارێ مام جەلال لەباسی دانیشتنەکانی وڵاتانی عەرەبدا وتبوی: خوا هێزیان پێ بدا وەک ئەوەی کە هیچیان پێناکرێ و توانای ڕازیکردنی عێراقیان لە کشانەوەی لە کوەیت نییە.

کورد، زۆربەی کارەساتی خۆشی و ناخۆشییەکانی کەوتبووە مانگی ئازارەوە، تەنانەت دەووترا: مانگی ئازار تایبەتمەندی هەیە لای گەلی

کورد، بەیاننامەی ١١ی ئازار، ڕێکەوتنی شومی جەزائیر، کە هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردی لێکەوتەوەو لە ١٦ ئازاری ١٩٧٥ ئیمزا کرا، هەروەها لێدانی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لە١٦ تا ١٩ی ئازاری ١٩٨٨دا، زۆربەی ڕووداوەکانی تر: سەرباری نەورۆز لە ٣/٢١دا، هەروەها مردنی مستەفا بارزانی لە ١/ئازاری ١٩٧٩ دا، دەکەوتنە مانگی ئازارەوە، تا کیمیابارانی گوندەکانی سەوسێنان و بەلەکجارو قۆناغی دووەمی ئەنفال بۆ سەر مەڵبەندی یەکی ئەوکاتەی (ی.ن.ک)و چۆڵکردنی قەراغ لەمانگی ئازار دابوو تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش کە بەوەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا دادەنرێت هەر لە سەرەتای مانگی ئازارەوە دەستی پێکرد، جگە لەوەی مانگی ئازار خۆی وەرزی سەفرەو خۆشی و گەشت و سەیرانی خەڵکی کوردستانە.

بەردەوام کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی دەکرا، بەرنامە بۆ ڕاپەڕین دادەنرا، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، وتاری بۆ قۆناغی دوای سەدام حسێن دەخوێندەوە، هێندەی تر جۆش و خرۆشی ڕاپەڕین و خوێنجمانی تاکی کوردی دەهێنایە مەیدان، نوێنەری یەکەم بۆ کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی و دانانی بەرنامەی ڕاپەڕین لە یەکێتی نیشتمانی کاک نەوشیروان بوو، چونکە مام جەلال لە دەرەوە بوو توانیبووی بچێتە ئەمریکاو زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێس ببینێ، هەر ئەویش لە پەیامەکانیدا دڵنیای دەکردینەوە کە عێراق لە کوەیت بکشێتەوە یا نەکشێتەوە هەر لە سوپاکەی دەدرێ، بەرنامەی ڕاپەڕین و گەڕانەوە بۆ کوردستان دابنێن، کاک نەوشیروان نامەی بۆ زۆر لە موستەشارو سەرۆک جاشەکان نووسی کە ڕاپەڕین ڕوویدا پشت لەخەڵک نەکەن و لەدواوە لێیان دەن، دوایی دەکەونە بەرنەفرەتی مێژو و دادگاییکردن، هەرواش بوو زۆر لە جاشەکان لە ڕاپەڕیندا هاوکاری خەڵکیان کرد، نەوشیروان بە ئەندازیارێکی گرنگی نەخشەی ڕاپەڕین دادەنرێت، تەنانەت جارێک کاک مسعود وتبووی: بەنیازی چین برادەرانی یەکێتی، کەزانیبووی هەواڵەکان لە ناو شارەکانەوە دێن، خەڵکێکی زۆر پەیوەندی کردوە، ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەرمیان و دەشتی هەولێرو زۆر شوێنی تر پێش ڕاپەڕین نێردرانەوە خوارەوە وەک پارتیزان و پەیوەندیکردن بەئەوانەی کە پێشتر لەناوچەکان مابوونەوە. فەرەیدون عەبدول قادر هاتە سنووری بەتالیۆنەکەمان وەک سەرپەرشتیاری یەکەم میحوەری دوو خێرا

کۆبوونەوەی لەگەڵ کردین، لەبەرئەوەی ژووری بنکە تەندروستییەکە دڵگیر تر بوو، یەک دوو شەو لە بنکە تەندروستییەکەی من مایەوە، زۆر گەشبینانە باسی ڕاپەڕینی دەکرد، چونکە ڕاپەڕینی خوارووی عێراق و شیعەکان دەستی پێکردبوو، قوربانییەکی زۆریان دا، بەڵام سەدام بە زەبری هێز و کوشتن توانی سەرکوتیان بکات و ڕاپەڕینەکانیان ناوچەی ئازادی لێ نەکەوتەوە، جارێک لێم پرسی: کاک فەریدون چارەنووسی سەدام چی لێ دێ؟ وتی زۆربەی دیکتاتۆرەکان خۆیان کوشتووە، ڕەنگە ئەمیش خۆی بکوژێت، پێشتر لە گفتوگۆکاندا لە نێوان کورد و میریدا بەشداری کردبوو سەدامی بینیبوو، جارێ تر وتی ماشاءالله دکتۆر گەنجی، وتم من تەمەنم (٢٥) ساڵە تۆ گەورەتری لە من، گەنجتر دەردەکەوی، زۆر پێکەنی.

هەواڵی ڕاپەڕینی شارەکان لە ناوخۆوە گەیشتە لامان خۆمان سازدا، من لە کۆڵەپشتدا دەرمان و نان و خورماو میوەو بسکیتم پێ بوو، تا (٣٥) کیلۆ دەبوو، لە ١٩٩١/٣/٦ لەمەڕگەوانەوە جوڵاین بەرەو سنوور، گەیشتینە کانی خەیاران، بارەگای لقی یەکی سلێمانی حزبی سۆسیالستی لێبوو هیشتا سازو ئامادە نەبوون بۆ ڕاپەڕین و جێمانهێشتن، کە هەواڵی ڕاپەڕین هات هەندێکیان لە ڕێگا پێمان گەیشتنەوە، گوێم لە یەکێکیان بوو دەیوت: ئەمشەو دەگەمە ناو شاری سلێمانی، لەسەر شاخی سوورێن بەفرمان دەبڕی، بەفرێکی زۆر جارێک من بوومە ڕچە شکێنی بەفرەکە تا پێشمەرگەیەک بە ناوی حمەڕەشید تەویلەیی هات و وتی: دکتۆر گیان تۆ پێشکەوتی وەرە دواوە، چالاکانە هەنگاوی ناو کەوتە پێشم و کەوتە گۆرانی وتن، وتی: هاوار بەماڵم ڕۆژی ڕزگاری کوردانە، بەرزانی حمەی مینا بەجیهازی ڕاکاڵەوە لەگەڵمان بوو تا بروسکە بەناوبانگەکەی پێوتین (لە کوێخاوە بۆ عەبەڕەق ٧ی مانگ زەماوەند سازکەن)، ناوەڕۆکی بروسکەکە ئاشکرایە عەبەڕەق پێشمەرگەیەکی چاپوک و ئازای پارتیزان بوو، کە پێشتر وەک پارتیزان لەگەڵ پێشمەرگەی تردا نێردرانە خوارەوە بۆ دەوروبەری سلێمانی و پەیوەندیکردن بە خەڵک و ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە، تا ببنە سەرپەرشتیاری جاڕدانی ڕاپەڕین، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بەرەی کوردستانی ئەوکاتە نەخشەی بۆ کێشاو یەکێتی بووە فاکتەری بەهێزی جاڕدانی ڕاپەڕین، لە ڕێگەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و وتارە یەک لە دوای یەکەکانی و کۆڕ و کۆبوونەوەی بەردەوامی ڕێکخستنەکانی ناوشارو پەیوەندیکردن بەپێشمەرگە

پارتیزانەکانەوە، یەکێتی ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، چونکە پێشتر بەهۆی زوڵم و زۆری بەردەوامی بەعس، شەڕی بەردەوامی (عێراق/ ئێران و عێراق/ کوەیت)، ئەنفال و چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان، دۆخەکە وەک مەنجەڵێکی هەڵمپەست بەردەوام لەسەر ئاگر دەکوڵاو لە لێواری تەقینەوەدا بوو، ڕاپەڕین لادانی سەرقاپی مەنجەڵە هەڵمپەستەکە بوو پێشمەرگەو ڕێکخستنەکان، سەرقاپەکەیان لاداو جەماوەری چاونەترسی کوردستانیش بەهەموو چین و توێژەکانییەوە کەوتنە خاڵیکردنەوەی مەنجەڵە هەڵمپەستەکەو ڕامالینی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس لەکوردستان، کە چەندەها ساڵ بوو خوێنی خەڵکیان دەمژی. لەسەر شاخی سوورێن بووین، ڕادیۆکە بەردەوام بەدەستمەوە بوو گوێم لەم بروسکەیە بوو، لە بەتالیۆنی سلێمانیەوە بۆ جەماوەری خۆڕاگری سلێمانی! (دان بەخۆتاندا بگرن، خۆڕاگربن وا دەگەینە لاتان)، زانیمان سلێمانی ڕاپەڕیوەو دەزگاکانی بەعس و هەموو بارەگاکانی گیراون، پیاوەکانی بەعس خۆیان ئاخنیوەتە بارەگای ئەمن لەناو شارداو پیاوانی بەعس دوو ڕێگایان لەبەردەم بووە، یان خۆبەدەستەوەدان یان بەرەنگاری ناچاری، تا توانیبوویان بەرەنگاریان کرد، جەماوەرو پێشمەرگە هەڵیان کوتابووە سەریان، دوای شەڕێکی سەخت پاڕێزگارو زۆر لە سیخوڕەکان کوژران، هەر لەو چالاکییەدا شێخ کەریم تیماری کە پێشتر زۆر لە سەقز بەیەکەوە بووین، شەهید بوو دوای شەڕێکی دەسەویەخەی قارەمانانە. بەرزاییەکانی شاخی سوورێنمان بڕی و شۆڕبووینەوە دیوی کوردستانی باشوور لەبەر لوغم دەبوایە ئاگاداربین و زۆرتر بەسەر بەردەکاندا قەڵەمباز بدەین، لە دوورەوە ڕەبییەکانی قاینەجەمان دەبینی کە جەماوەری ڕاپەڕیو هەڵیانکوتایە سەری، کوێرانە تۆپی دوور هاوێژیان دەتەقاند تا لە ئەنجامدا ڕەبییەکە گیراو سەربازەکان هەڵهاتن، بەگوڕ هەنگاومان دەنا تا لە ناکاو لوغمێک بە پێشمەرگەیەکدا تەقییەوە، من لە مەفرەزەی بەتالیۆن دابڕام، بەهۆی تەداوی و بەستن و تیماری بریندارەکەوە، پاشان بە گوڕو هێزەوە ڕیزی پێشمەرگەکانم دەبڕی تا لەدەمەو بەیاندا گەیشتمەوە مەفرەزەی بەتالیۆن لە سەربازگەی قاینەجەکە تازە گیرابوو، ڕۆژبووەوە، سەیارەیەک چوو بریندارەکەی کە لوغمی پیاتەقی بوو هێنایەوە ناو شاری سەیدصادق.

سەرئەنجام لە عەربەت گیرساینەوە، کۆمیتەی بەرەی کوردستانی دروست کرا، من نێردرام بۆ نەخۆشخانەکە، وەک ئەندامی بەرەی کوردستانی، کۆمیتەی عەربەت و سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەکانی سنوورەکە دەستبەکار بووم،

وەڵامم بۆ کارمەند و دکتۆرەکانی نەخۆشخانەکانی سنوورەکە نارد، وەرنەوە و دەستبەکاربن، هەمان کاری پێشوو بکەن بەس سیستەمی دەسەڵات گۆڕاوە، دکتۆری نەخۆشخانەی عەربەت د.نیان خوشکی فەرهادە قەڵەو پێشمەرگەی دێرینی خۆمان بوو، زووهاتەوە سەرکار.

ماوەیەک کاری ئاسایمان کرد، نەخۆشخانەکان کرانەوە، ڕۆژ بەڕۆژ هەرجارەی مژدەی ئازادبوونی شارو شارۆچکەیەک دەدرا بە شاری کەرکوکیشەوە، لە ماوەیەکی کەمی بیست ڕۆژیدا زۆربەی شارەکانی کوردستان ئازاد کران، بەڵام سەربازگەی خالید لە کەرکوک بەرگرییەکی توندی کرد و درەنگ بەشێکی گیرا، ڕۆژانە تا دەهات دیاردە دزێوەکانی دزی، سەیارەگرتن بەنزین بردن تا ئاودیوکردنی شتومەک هاتە ئاراوە، هەرچەندە وەک کۆمیتەی بەرەی کوردستانی لە عەربەت زۆر لەو ماددانەی کە دەبران بۆ ئاودیوکردن گل دەدرانەوە، بەڵام دووبارە لەلایەن کادر و پێشمەرگەکانی خۆمانەوە دیارنەدەمان، دیاردەی ماشێن دزین بووە باو، بەس من ماشێنم نەبوو، ڕۆژێک کوڕێکی کاک حامیدی حاجی غالی هاتە لام و وتی: دکتۆر گیان ئەوە ماشێنت لانییە، بچمە سەرجادەکەو ماشێنێکت بۆ پەیداکەم، وتم نامەوێت، بزانین بارودۆخ بۆ کوێ دەڕوات.

کە دەچوومە بارەگای بەرەی کوردستانی عەربەت، هەستم بە ناسروشتی بارودۆخەکە دەکرد، تەنانەت ڕۆژێ پرسیارم لە بەرزان حمەی مینا کرد، کە ئەوکاتە لەسەر بێسیم بوو، وتی: بارودۆخی چی؟ پێمان ڕێک ناخرێت.

ڕۆژانە خەڵک دەهات و دەچوو هەواڵم پێگەیشت ماڵمان بەشداری کاریگەری لە ڕاپەڕینی چەمچەماڵدا کردوە محسن برام بریندار بووە، ئازاری باوکمیان داوە، ماڵمان تالان کراوە، چوومە سلێمانی ماڵ کاکەم هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە، گەڕامەوە بەرەی کوردستانی عەربەت بە حامیدی حاجی غالیم وت: سەیارەیەکم دەوێ لەگەڵ پارە بچم هەواڵی ماڵمان بزانم لە چەمچەماڵ، وتی: بڕۆ، بەس سەیارەمان لانییە، پارەش بڕی دوو سەد دیناری چاپی دامێ کە لە گرتنی بارەگاکانی بەعسدا بڕێ پارەیان وەدەستهێنا بوو، کردبوویان بە نەسریەی بارەگاکە.

## سەردانی شاری چەمچەماڵ

چوومە شارۆچکەی چەمچەماڵ لە ناوبازاڕ دابەزیم، هەمان سیما کۆنەکەی جاران، بەڵام شارەکە ئازادبوو، سیخوڕو پیاوانی بەعسی تیا نەدەبینرا، خەڵکەکە بە یەکدا دەهاتن و دەچوون، چەکێکی بێ شومار بە دەستی خەڵکەوە بوو، هەر گەنجەو مزەلی یا دەمانچە یا چەکێکی ژەنگنی پێ بوو، من پێشمەرگەی دانەبڕاو نامۆ دەهاتمە بەرچاو، چەکم پێ نەبوو، کەس نەیدەزانی کێم، بیرم کردەوە من لە دەست چەک ڕامکردوە، دەمەوێت پشوویەک بدەم لە ناوکەسوکارو دوور لەچەک، ئێستا ماڵانیش پڕ بووە لەچەک، ئەم زۆرو بۆریەی چەک و دانانی لەماڵاندا بووە هەوێنی هەڵگیرسانی ئەو کوشتن و بڕینەی تا ئێستاش (٢٠٢٠) خەڵکەکە بە دەستییەوە دەناڵێنێ، کە منداڵ بە ئاوێزانی چەکەوە گەورە بوو، جگە لە زمانی چەک زمانی ئارامی فێرنابێ، ئەو توندوتیژییە بەربڵاوەی ناو کۆمەڵی کوردی هۆکارەکەی ئەو بێشومارە چەکەی دوای ڕاپەڕین بوو کە هەموو ماڵ و تاکێکی کوردی گرتەوەو ماڵ وێرانییەکی گەورەی بەسەر ئەم میللەتەدا هێناو لە جیاتی ئاشتی و هێمنی، تۆوی دووبەرەکی و کوشتن و بڕینی لە ناو کۆمەڵی کوردیدا ڕواند، دەمارگیریی حزبیش بوەستێ! بەم چەکە زۆرەوە میللەتەکەی دابەشی دوو ڕەنگی سەرەکی سەوزو زەرد کرد.

ماڵی خۆمانم نەدەزانی بە پرسیارکردن چوومە ماڵی نەزیف خوشکم پاشان ماڵی خۆمان، کەس لە ماڵ نەبوو، محسنی برام کە بریندارببوو شاردبوویانەوە، چەند ڕۆژێ دواتر بردبوویان بۆ ماڵی کاکەم لە سلێمانی، یاسینی برام کە یەکەم بانگەوازدەری جاڕدانی ڕاپەڕین بوو لە چەمچەماڵ لە بڵندگۆی مزگەوتەوە، پەیوەندی کردبوو بە هێزی پێشمەرگەوە، لەگەڵ جاڕدانی ڕاپەڕیندا ئەمن و سیخورەکان چووبوونە ماڵمان، باوکمیان تا کۆڵان بردبوو زانیبویان بە تەمەن و پەککەوتەیەو تووشی لەبیرچوونەوە بووە لە کۆڵان فڕێیان دابوو، ماڵ و کتێبەکانمیان تاڵان کردبوو: دووبارە گەڕامەوە ماڵی نەزیفی خوشکم کە نزیکبوو لە ماڵمانەوە، وتیان باوکم و خوشکەکەشم چوون بۆ سلێمانی بۆ ماڵی کاکەم، چونکە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینی چەمچەماڵ کە محسنی برام بریندار بووە، ڕاپەڕینەکە خاوبووەتەوە ڕاپەڕیوان سەرقاڵ بوون بە شاردنەوەی بریندارەکان، ڕاپەڕین لە ١٩٩١/٣/٨جارێ ترکرابووەوە، ماڵمان لە ترسی سیخوڕەکان چووبوونە سلێمانی کە ئەمین ترە و خەڵک کەمتر دەیان ناسێ، کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، خاڵێکی پشکنین دانرابوو، زانیان پێشمەرگەم وتیان نابێ دەرچن لە شارو پێشمەرگە هەمووی بۆ گرتنی کەرکوک دەچێ، دەبێ بچی پسوڵەی ڕێگەپێدان لەبەرەی کوردستانی چەمچەماڵ بهێنی، وتم (پ.م) کۆنم کارم هەیە، سودی نەبوو، چومە بەرەی کوردستانی لە بارەگای ئاگرکوژێنەوەی چەمچەماڵ، عادل نادرم بینی پاش گفتوگۆکردن پسوڵەیەکی ڕێگەپێدانی بۆکردم و گەڕامەوە سلێمانی ماڵی کاکەم، محسنی برامم بینی بەبرینداری، باوکم بینی توشی لە بیرچوونەوە ببوو، کەوتمە سەرزەنشتی محسن کەتوخنی سیاسەت نەکەوێ ئاگای لە باوکم بێ باشترە، بەڵام دڵ گەرم و ڕێکخستن بوو، گوێی لێ نەگرتم و بگرە زۆری پێناخۆش بوو، وتم: من پێشمەرگە، یاسین بۆتە پێشمەرگە، چۆن دەبێ سێ برا چەکدار بین ئەوەی من دەمزانی، ئەمان ئاگایان لێ نەبوو، زۆر جار گفتوگۆمان دەکرد تەنانەت جارێک کاکم وتی: پیاو تۆ دەبینێ پێشمەرگەی لەبەرچاو دەکەوێ، وتم: کاکە بەرەڵاییە هەر کەس بۆ خۆیەتی شتەکان ڕێک ناخرێ فڕکان، فڕکان ئێمە ئێستا بەرپرسیارێتی میللەتێکمان لەسەرە ئەمەی من ئەم چەند ڕۆژە، دەیبینم ئومێدی لەسەر هەڵناچنرێت.

یاسین–ی برامم هەر نەدی پەیوەندی کردبوو بە هێزە پەرش و بڵاوەکانی دەوروبەری کەرکوک، ڕۆژانە کاریان لەسەر ئازادکردنی کەرکوک دەکرد، تا

لە کۆتایی ڕۆژانی مانگی ١٩٩١/٣ کەرکوک چەند ڕۆژێک ئازادکرا، هەرچەندە سەربازگەی خالید بەرەنگارییەکی زۆری کردو ژمارەیەک پێشمەرگە شەهیدبوون، بەڵام گیانی ورەو بەرگری خوێنجمانی لاو و پێشمەرگە بۆ ڕاپەڕین. کەرکوکیشی گرتەوە، شارەکە چەند ڕۆژێک کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک دەستکەوتێکی گەورەی ڕاپەڕینی ناوزەندکراو شایی و زەماوەندی ڕزگارکردنی کەرکوک زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، چونکە کەرکوک دەمێک بوو بە دەست تەعریبەوە دەینالاندو ڕەمزی بەرگری و بەرخودان بوو، حزبە سەرەکییەکانی کوردستانی باشووریش، یەکێکیان بەدڵی کوردستان و ئەوی تر بە قودسی کوردستان ناوزەندیان دەکرد، خەڵکێکی زۆری کەرکویش لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هەبوو.

ئەو ماوەی کە وەک ئەندامی کۆمیتەی بەرەی کوردستانی لە شارۆچکەی عەربەت دەمامەوە، دوو تا سێ ڕۆژ جارێک ئێواران دەگەڕامەوە شاری سلێمانی، یەکێک لەو ئێوارانەی کە هەرگیز لە یادم ناچێت ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ بوو، ئێوارەی کردنەوەی ئاگری نەورۆز، شار لەعەسرەوە خرۆشابوو خەڵک زۆربەیان جلی کوردیان لەبەربوو، گەنجێکی زۆر خۆیان گۆڕیبوو ئاسمانی شار بەدووکەڵی ئاگری نەورۆز و کەرەستەی تەقەمەنی قان درابوو، لەگەڵ کاکمدا بە جادەی پیرەمێردا سەرکەوتین، ژمارەیەک پێشمەرگەو ناسیاومان بینی هەموو دەمبەخەندەو ڕووبەپێکەنین، هیوا لە گیانیاندا چەکەرەی کردبوو، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانیش هێندەی تر بە وتار لەسەر نەورۆزی ئازادی، گیانی بەرگری دەکرد بە بەری خەڵکیدا، جار نا جارێک دەنگێکی زۆری ڕێژنەی گوللە دەبیسترا، پرسیارمان دەکرد چییە؟ دەیان وت ئێزگەی گەلی کوردستان ناوی شارۆچکەی تری لە بادینان و دەوری موسڵ خوێندووەتەوە کە ئازادکراون، بەگشتی خۆشی و شادی و هیوا دڵی هەموو خەڵکی شاری گرتبووەوە، پاش چەندەها ساڵ ژێر دەستەیی و نەبوونی ئازادی، ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە مێژووی میللەتی کوردا، بە هەموو کەم و کوڕییەکانەوە، وەرچەرخانی گەورەی ڕاپەڕین و یەکدەنگی کورد لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستانی باشووردا سەنگی خۆی هەیە و ئازادی هێنایە ئاراوە.

لە ئێوارانێکی تردا بەیاد عبدالقادرم بینی باسی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی کرد، وتی: دەنگم زۆر حەماسییەو هەناسەم درێژە، حەز ئەکەم

له ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان وەک بێژەر کاربکەم دەبێ لەگەڵمدا بێیت من نایان ناسم.
ئێوارانێک چووین بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کەهاتبووە سلێمانی، کاک ئازاد چالاک بەڕێوەبەری ئێزگە بوو، کاک قادری حاجی عەلیش سەرپەرشتیاری گشتی ڕاگەیاندن، چووینە لای کاک قادر بابەتەکەم بۆ باس کرد باسی بەیادم کرد کە نوسەرەو چالاکە، وتی: وەڵا ئێزگەکە گەورە دەکرێت بەشی جیا جیا دەکرێتەوە، جارێ لێرە کاتییە، من لاریم نییە قسە لەگەڵ کاک ئازاد بکە چوومە لای کاک ئازاد هەمان ئاماژەی دا، وتم کاک بەیاد ئەوە من پێیانم ناساندویت خۆت سەردانیان بکەرەوە لە ئایندەدا، بەیاد ماوەیەک لە ڕاگەیاندن وەرگیرا، تەنانەت لە تەلەفزیونی گەلی کوردستانەوە بینیم مژدەی ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکەمجاری پەرلەمانی کوردستان بڵاوکردەوە، بەگشتی ڕۆژانی ڕاپەڕین لە ٥ی ئازاری ەوە کە ڕانیە ئازاد کرا تا ١٩٩١/٣/٣١ و ئازادکردنی کەرکوک بەردەوام بوو، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، فریادڕەسێکی گەورەی ڕاپەڕین و هاندانی خەڵک بوو بۆ گیانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس لە شارو شارۆچکەکاندا، وتارەکان، ڕۆژمێری ڕاپەڕین سرودی نیشتمانی جۆراوجۆر، بەرنامەی ڕاپەڕینەکان بە گشتی لە ئێزگەی گەلی کوردستانەوە بڵاودەکرانەوە، ئێستاش کە جاروبار باسی ڕاپەڕین و یادەوەرییەکانی دەکرێت، ڕۆڵی ئێزگەی گەلی کوردستان نادیدە ناگیرێ، چونکە دەورێ کاریگەری هەبوو لەجۆش و خرۆشانی خەڵک و هەڵکوتانەسەر دامودەزگاکان و مژدەی ئازادکردنی شارەکان هەروەها بڵاوکردنەوەی بروسکەو پەیامی لێپرسراوان بۆ پێشمەرگەو پەیوەندیکردن بەشوێن و بارەگاکانیانەوە.

ڕۆژێکی تر بەنیازی کڕینی قوماشی جلێکی کوردی خاکی سەردانی ناوشارم کرد، قوماشەکەم کڕی چوومە لای بەرگدروویەک، وتم پێشمەرگەم قوماشەکەش خاکییە دەمەوێ کەتافیانە بیدوری کە سەرشانی هەبێت، وتی بەسەرچاو، لە ماوەیەکی کەمدا جلە کوردیەکە دەرچوو، ئێوارانێک لە سابونکەران بەجلی کوردی تازەوە سەردانی دوکانی بەرگتێگرتنی کتێبی کاک سەردار فتاحم کرد، باسی شۆڕش و دەرهاویشتەکانی و باری ئاڵۆزی کوردستانمان کرد وتی: دڵت خۆشە جلی خاکیت کردوە! دەڵێی پێشمەرگەم، ئێستا چی ئەمن و هێزی تایبەت و سیخوڕی ڕژێمی پێشوو هەیە پەیوەندیان

بە پێشمەرگەوە کردوە لەو جلە خاکییەی تۆیان لەبەرە، زمانیشیان درێژە، کەس نازانێ پێشمەرگە نەبوون، من بە پێشمەرگەت دەزانم، چونکە دەزانم لە دەرەوە بووی، بەڵام خەڵک کەسەیرت دەکات بە یەکێک لەسیخورەکانی ڕژێمت دەزانێت بێ تاقەتییەکی دەروونی بەرۆکی گرتم، جلەکانم لاسوک بوون.

دەرفەت هەبوایە هەر لەوێدا دامدەکەند، لە دڵی خۆمدا وتم: من گوناهم چییە، ڕەش و سپی لەم وڵاتەدا تێکەڵ بوون ئەوەی لە ڕابردوودا لەگەڵ میللەتەکەیدا بووە، ئەوەی لە سەنگەری دژی میللەت بووە لە یەک جیاناکرێنەوە، لە کاتێکدا جیاوازییەکە ئاسمان و ڕێسمان بوو، خەڵک دژی سەنگەری میللەت هەیە هەزارەها کەسی داوە بە گرتن و ئەنفال کردن، پێشمەرگەش هەیە هەموو ژیانی لە خەبات و قوربانیدان داناوە چەندەها جار لە شەهیدبوون گەڕاوەتەوە، ئەوە بازرگانانی ئێستای هەرێمە ناوی پێشمەرگەیان لەکەدار کردوە، بەڵام ئەوانەی کە پێشمەرگە بوون و نەخراونەتە خانەی بازرگانی و خۆدەوڵەمەندکردنەوە هەتا ئێستاش جێگەی شانازین و ناخزێنە خانەی دەرەوەی سەنگەری میللەتەوە.

لە ڕۆژێ تردا چوومە ماڵی شوانەی هاوڕێم کە لە پەیمانگا بەیەکەوە بوین، بەڵام لەڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستاندا شەهید بوو، پێشتر لە ڕیزەکانی ڕێکخستن بوو، ڕۆژگاری پەیمانگاو بەیەکەوە کارکردنم بیرکەوتەوە، شوانە گەنجێکی چالاکی ڕوحسووکی ئەو سەردەمە بوو شەهیدبوونی لەوکاتەدا کارەساتێکی زۆرگەورەو ناخۆش بوو، کاری زۆر لێ کردم لەو سەردەمەدا، هەر شەوان کە جاروبار دەڕۆیشتمەوە ماڵ کاک عیسا، خزم و برادەرو ئەوانەی کە دەمێک بوو نەمدیبوون سەردانیان دەکردین بیرەوەرەی و یادەکۆنەکانی هەشتاکان دەهاتەوە یادم باس و بەسەرهاتی ڕۆژانی هەشتاکانی شارم بیرکەوتەوە، دەکەوتمە دنیای خەیاڵ و بیرکردنەوەو لێدانی قەوانی کۆنی ڕابردووەوە.

# کۆڕەوی ملیۆنی خەڵك بەرەو سنوورەکان

بارەگای بەتالیۆنی دوو لەسەرای سوبحان ئاغابوو، شوێنی سەرۆک فەیلەقێکی سوپای عێراق، سەیرانگاو حەوزو ئاوێکی کەموێنەی پڕ لە گژ و گیاو گوڵ کرابووە بارەگا، دیمەنێکی دڵڕفێنی هەست بزوێنی کەموێنە، ئاوێکی ساردی هەڵقوڵاوی سروشتی لە عەسران بەدواوە فێنکی شوێنەکەو سێبەری بەرزاییەکان دایان دەپۆشی، سەکۆیەکی دانیشتنی دڵگیر چوار دەوری گوڵی ڕازاوە هەرگیز تێرت نەدەخوارد لە جوانی ئەو سروشتەو مەست دەبووی بە کەش و هـەوای سازگار و ئاوی سارد و دیمەنی ڕەنگاوڕەنگی گوڵ، هەرچەندە من زۆرتر لە بارەگای بەرەی کوردستانی لەعەربەت دەمامەوە بەڵام سەرای سوبحان ئاغا بارەگای بەتالیۆنەکەم بوو، منیش وەک کادری تەندروستی لە تەشکیلەی پێکهاتەی دەستەی بەڕێوەبەری بەتالیۆن بووم، جار جار دەچوومە بارەگاکە، عەسرانێکی درەنگ چوومە بارەگای بەتالیۆن، پێشمەرگەکان زۆریان پێ خۆش بوون، چەند پێشمەرگەیەکی تازەو چەند دەم و چاوێکی نامۆم دەبینی لە ناویاندا دەم و چاوێک بوو کاتی خۆی لە ناو شار زۆر لێی دەترسام، کاتێک لەگەڵ کاکمدا پێشانگایەکی دیکۆری کەمالیاتی وردەواڵەمان هەبوو لە بازاڕی وەسمان پاشای سلێمانی، هەرچەندە دەم و چاوەکە پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) بوو، هەمیشە لە بازاڕەکاندا دەسوڕایەوە بەڵام پەیوەندی بە ئەمنی ڕژێمەوە هەبوو، کاری ناڕەوای دەکرد، جلوبەرگە

کوردییە خاکییەکەو قسەکانی دوکانەکەی سەردار فەتاحم بیرکەوتەوە لە دڵی خۆمدا وتم: ڕاپەڕینە و لێبووردنی گشتییە و زۆر و بۆر، تێکەڵ بە شۆڕشەکە بووە. دوایی زانیم ئەو دەم و چاوە ناسیاوی جەمیل هەورامی بەرپرسی بەتالیۆنە، لە ترسی ڕەنگدانەوەی کردەوەکانی سەردەمی بەعس هاتبوو خۆی حەشار دابوو، هەرچەندە بەرەی کوردستانی لێبووردنی گشتی دەرکردبوو، بەڵام وەک تاک و کەس لە ڕەنگدانەوەی کەسی ڕەفتارەکانی دەترسا، چەندەها کەسانی ڕابردوو پیس و خراپ دژ بە سەنگەری میللەت تێکەڵ بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە ببوون، لەسەرەتاوە ژمارەیەک کادری یەکێتی توند بووین، بەرامبەر کەسانی ڕابـردوو خراپی سەردەمی بەعس، بـەڵام کە زانیمان حزبەکانی تر بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتۆتە پسوڵە و ناسنامە دروستکردن بۆ ئەو جۆرە کەسانە، بووە کێبڕکێی حزبی، ڕیزەکانی هەموو حزبەکان پڕبوون لە زۆروبـۆری تێکەڵەی باش و خـراپ، تا کار لەکارترازاو بە ئێستاشەوە شکۆداری سەردەمی شاخ نەما، ژمارەی کادری چاک و بە ئەمەک کەم بوون وەک پەنجەکانی دەست و جێمان لە کاروانی کوردایەتی و ڕۆژ بووە ڕۆژی تاڵانی و خۆدەوڵەمەندکردن و ئاودیوکردنی سنوور، لەسەرتاوە تاک تاک هەندێ لە لێپرسراوان دژ بە دیاردە ترسناکەکان دەوەستانەوە، بەڵام جڵەوی تاڵانی و ئاودیوکردن نەوەستاو کارگەیشتە ئاودیوکردنی سەیارەی گەورە بۆ ئێران، ئێرانیش تامەزرۆیانە سنوورەکانی کردەوە، بە نرخێکی هەرزان کەلوپەل و کەرەستەیەکی زۆری دەست کەوت، تا کار گەیشتە دانانی گومرگ، ، گومرگی حزبی دانرا، لەو بێسەروبەرەیەی چەند ڕۆژەی ئازادکردنی کوردستاندا ژمارەیەک کەلوپەلی زۆر ئاودیوکرا، کەس گوێی بە بڕیارەکانی کۆمیتەکانی بەرەی کوردستانی نـەدەدا، چەند پێشمەرگەیەکی مێرخاسیس لە سەنگەرەکانەوە بەرەنگاری شاڵاوەکانی داگیرکردنەوەی کوردستان، لەلایەن سوپای بەعسەوە دەبوونەوە، بەڵام نەتوانرا بەر بە شاڵاوەکە بگیرێ و کۆڕەوی ملیۆنی خەڵک بەرەو سنوورەکانی دەستی پێکرد.

لەسەرەتاوە دوژمن ویستی شاری کەرکوک بگرێتەوە، هێزێکی زۆری هێنایە شارەکە، شەڕو بەیەکداچوون ڕووی دا، خەڵک شڵەژاو دەنگۆی گرتنی کەرکوک بڵاوبووەوە تا لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ئاماژە درا، ملازم عمر لە پێشەوەیە لە دەروازەی شاری کەرکوک دووبارە هێزەکەی دوژمنیان تێک شکاندووە، ئەو شەوە ٣/٤ی نیسانی ١٩٩١ خەڵک هەمووی

دوودڵ بوو لە گرتنەوەی ناوچەکان، کەم و زۆر دەنگەدەنگی تۆپی دوورهاوێژ دەهات، تا لە ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٩١ دا کۆڕەوی ملیۆنی دەستی پێکرد، زیاتر لە دوو ملیۆن کەس ڕوویان کردەوە سنوورەکان. لە سەرەتاوە لە کەرکوکەوە سوپای عێراق هاتە بازیان و چەمچەماڵی گرتەوە، پێش چوونە ناو هەر شارێک بۆردومانی باشی شارەکەی دەکرد، باوکم لە ماڵێکی ناسیاو لە بازیان دانرابوو، یاسینی برام گەڕابووە بۆ لای هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پاشان نەیتوانیبوو بگەڕێتەوە لای باوکم، ڕێکەوت فرۆکە قەسفی بازیانی کرد، باوکم شەهید بوو، هیچمان نەمان توانی لە خاک سپاردنەکەی ئامادەبین، شەهیدبوونی باوکم کارەساتێکی گەورە بوو، ڕۆژگاری کۆڕەو خەڵکیَ زۆر لە برسانداو لە بۆردومانەکان شەهید بوون کەس نە پرسەو نە بەخاکسپاردنێکی شکۆمەندانەی بۆ دانرا، زۆر منداڵ کە لە ڕێگەی کۆڕەوەکە شەهید بوون دەخرانە ژێر خۆڵەوە و جێ دەهێڵدران.

لەگەڵ ماڵی کاک عیسادا دەرچووین، هەر خەڵک بوو بە یەکدا دەهاتن و دەچوون لە ڕێگا خەڵکی زۆر و خزممان بینی، کەس فریای کەس نەدەکەوت، لە بەیانییەوە بەماشێن کەوتینە ڕێ عەسرێکی درەنگ گەیشتینە نزیک عەربەت، لەبەر زۆری ماشێن نەدەتوانرا بڕۆیت، بەپێ ڕۆیشتن زۆر بێ کێشە و گرفت بوو، لە عەربەت چەند کەسانێک بە ڕێگەی عەربەت دوکانیاندا دەگەڕانەوە پرسیارمان کرد، وتیان بۆردومانی زۆری ناوشاری سلێمانی کراوە خەڵکێکی زۆر بریندار بووە، شەهیدیش هەیە، بەڵام هیچ بەرەنگارییەک نەکراوە، دوای بۆردومانەکە سوپای عێراق پەیوەندی کردوە بە سەدامەوە وتویەتی: کە بەرەنگاری نییە، خەڵک مەکوژن و هێمن بن، تا خەڵکەکە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆمان، خەڵکێکی زۆر کەم گەڕانەوە ناو شار، براژنیشم دوو گیان بوو، کاتی ئاسایی خۆیشی بوو، لەگەڵ کاکمدا گەڕانەوە ناو شار، من و محسن بە پیادە جیابووینەوە و چوین بۆ نەخۆشخانەی عەربەت، دەرگای نەخۆشخانەکە شکێنرابوو پڕ بوو لە بریندار، چووینە نەخۆشخانەکە، کەوتمە تیمارکردنی بریندار، منداڵێکی تەمەن خوار هەژدە ساڵ هەر هاواری دەکرد بە بۆردومان قاچ و دەستی شکابوو خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو، هەرچەندە تەداویە باشمان بۆ کرد، بەڵام لەبەر زۆر ڕۆیشتنی خوێن شەهید بوو، ئاواتی شێخ جەنابیش لە ناو شارەوە ژمارەیەتر برینداری گەیاندە نەخۆشخانەی عەربەت و ڕۆیشت.

ئەوەی بە ئاسانی لە بیرم ناچێ، کابرایە جل کوردی لەبەری بە ساڵاچوو

به پەلەداوان هاتە نەخۆشخانەکە، پرسیاری بریندارەکانی کرد، وتی منداڵێکی خوار هەژدە ساڵە، سەری داپۆشراوی مناڵەکەم لادا کێشای بە نێو چاوانیدا وتی برارۆ من چیبکەم؟ زانیم باوکی بریندارەکە بوو، وتم تازە شەهید بووە، خەمی بخۆ لە شوێنێک بینێژن.

بە تەنیا لە نەخۆشخانەکە مامەوە، زیاتر لە دوو سەعات مانەوە بریندارێکی زۆرم تـەداوی کرد، دوای زانیم خەڵک هەر بەرەو سنوورەکان دەروات، سوودی نییە جێ دەمێنین، کەس فریای کەس ناکەوێت لە کاتی وادا، لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕێگامان گرتەبەر بەرەو شاری سەیدصادق و شانەدەری، شەوی یەکەمی کۆڕەو، لەگەڵ ماڵی مەلا عوسماندا کە پێشمەرگەی سۆشیالیست بوو لەلاڕێ و دەرەوەی ناو خەڵکدا دەڕۆیشتین تا گەیشتینە سەید صادق، خەڵکی ماندو و هیلاک و پەککەوتە و دیمەنی وات دەبینی، سەرت سوڕ دەما، ماشینەکان کیسەڵ ئاسا دەجولان، بە یەکداچوونی ماشێن و زۆری خەڵک، ڕێگەی هاتوچۆی گرتبوو. جاروباریش دەگەڕاینەوە سەر ڕێگا سەرەکییەکەو ڕێنمایی خەڵکمان دەکرد، جار جار ڕۆیشتنی ماشێنەکانمان دەوەستان تا بۆشاییاک بۆ جوڵە دروست ببێ!

هەموو خۆزگە ئەوە بوو، ماشێنت پێ نەبێ و بە پیادە بڕۆی ماشێن گیری دەخـوارد و دەبـوو بە بار بەسەرتەوە، پێشتر لە سیدصادق ماڵی د.مارف و هەندێ خزممان بینی، یەک دوو پارچە حەبی پاراستۆڵم داپێیان، تا ئەم ساڵانەی دوایش باسی سوودبینینی ئەو پارچە حەپانەیان دەکرد، کە سوودیان لێ بینیبوو بۆ چارەسەری سەریەشەی ئەنجامی ڕێکردنی بێ کۆتایی و شەونخونی و مانەوەی ناو ماشێن و نەخواردنەوەی چایی.

لـە سـیدصـادق، حەشاماتی خەڵکەکە بـوون بـە دوو بـەشـەوە بـەرەو سنوورەکانی وڵاتی ئێران هەبوو قۆڵی هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەی دەگرت، بەشەکەی تریش قۆڵی پێنجوێن و گۆخڵان، ئێمە لەگەڵ ماڵی کاک عوسمانی هاوڕێمدا قۆڵی شانەدەری پێنجوێنمان گرت شەوی یەکەم کۆڕەو لە شانەدەری ماینەوە، بەسەرە بزوتک و کۆتەرەدار و دەوەن، ئاگرمان دەکردەوە چونکە هێشتا شەوان ساردبوو جارجار ئاگرەکە پەرەی دەسەند ڕووی پێشەوەمان کە لە ئاگرەکە بوو گەرم دەبوینەوە، ڕووی پشتەوەمان دەڕچی، ناچار ڕوومان وەردەگێڕا پشتمان دەکردە ئاگرەکە، دووکەڵ و گەرمی جاروبار نەی دەهێشت پشوو بدەین، خەوە نوتکێ دەیبردینەوە، بەڵام خەومان لێ

نەدەکەوت، ئاگر و دووکەڵ و بەیەکداچوونی خەڵک هێندەی تر بڕستی لێ بڕین، لە عەربەت هەندێ بسکیت و کێکمان کڕیبوو، کۆڵە پشتەکەی پشتم جگە لە داوودەرمان، بسکیت و کێکی جۆراوجۆری تێدابوو، هەرچەندە پسکیت برسێتی نەدەڕەواندەوە، بەڵام ئاهێکی دەهێنایەوە بە بەردا، بەچواردەوری ئاگرەکەدا خەرمانەمان بەستبوو جاروبار کڵپەی دەداو زۆر گەرم دەبوو دوور دەکەوتینەوە، کە دەبووە پشکۆ و دوکەڵ دەهاتینەوە نزیکی ئاگرەکە، دووبارە ئاگرەکەمان دەگەشاندەوە، جاروبار پەڵە هەوری کەم و وردەبارانی تاوتاوی بەهاریش دەیگرتینەوە، بەڵام ئاگر و گەرمی نەیدەهێشت جلەکانمان تەڕ بێ و زوو زوو وشکی دەکردینەوە.

شەومان تا بەیانی بە جۆشدانی ئاگر و دارهێنان و دووکەڵ و تێکدانی سەرەبزوتک بردەسەر لە ترسی سەرما، چونکە هیچ لایەکمان ماشێنمان پێ نەبوو، بارو بنەو هەوارمان بە کۆڵمانەوە بوو، هەموو چاومان سوور ببووەوە، ئازاری هەبوو لەبەر نەبوونی خەو و هیلاکی و دووکەڵ و خەوەبزرکێی دەمەوبەیان، شەپۆلێکی سەرمای تر بەرۆکی گرتین تا خۆرکەوتن لەگەڵ خۆرکەوتن و خۆدانەبەر خۆری بەهاردا، هێدی هێدی گەرممان بووەوە، خۆ نانخواردنیش نەبوو هەرکات برسیت بوایە، تاکە پەناو پەسێری برسێتیت، توێشە بەرەکەی پشتت بوو، دەبوو لە بەرچاوی منداڵانیش نەیکەیتەوە، چونکە خێزان هەبوو هیچی پێنەبوو منداڵان هەموو زریکە زریکەیان بوو لە برسان و هیلاکیدا بەرەو ملەکەوەو پێنجوێن ڕێگامان گرتەبەر، ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات دەتبینی لەئەنجامی برسێتی، ماندووبوون، دایک هەبوو منداڵەکەی ڕادەکێشا بە ناو بەردو قوڕدا تا لە کاروانی ڕۆیشتن جێ نەمێنێ، سەر ڕێگا قیرەکەش بە ماشێن چنرابوو، دەبووبە کاروانە ڕێ، جاروبار لە ڕێگە سەرەکییەکە دوو بکەویتەوە، قەد بڕ ڕێگاکان ببڕیت جاروباریش دەهاتینەوە سەر ڕێگا سەرەکییەکە، دیمەنی زریکەی منداڵ، ماندویی ئافرەتی دووگیان، تەنگە نەفەسی پیر و پەککەوتە هێندەی تر ماندووی دەکردی، جاروبار دادەنیشتین بۆ پشوو حەسانەوە، دیمەنی جۆراو جۆر بەرۆکی دەگرتین، سات هەبوو مرۆڤ خۆی بیرنەدەما هێندە دیمەن و تراژیدیای ئازاردەری جۆراو جۆر دەهاتە بەرچاوت و هیچیشت پێ نەدەکرا، تواناکانی مرۆڤ لەو ساتانەدا هەر فریای پێداویستییەکانی خۆیەتی، تەنها ویژدان دەهەژێت. لەگەڵ بڕینی هەورازی نەفەس بڕ، نشێوی ئەژنۆشکێن دیمەنی ئازاردەری جۆراوجۆر، برسێتی، هیلاکی، سەریەشەی نەخواردنەوەی چاو

هۆکاری تر ئاوێزان ببوون. بۆ شەوی دووەم گەیشتینە سەرەتای شاری پێنجوێن.

شاری پێنجوێن. شارۆچکەیەکی تەخت کراوی پڕ هەیکەل و دارو پەردووی ڕوخاوبوو، جێجێ پاشماوەی لادیوار و بن تەمەڵ مابوون، یەک دوو بیناو بارەگای سەربازی سوپای بەعس نەبێت، سیمای گشتی شارۆچکەکە ئاماژەی دەدا چەن ساڵێکبوو ژیانی تیا نەمابوو، چواردەوری شارەکە و بەرزاییەکان بە لوغم چێنرابوون، دەووترا: جگە لە شەقام و کەلاوەکان لە سنووری گشتی شارۆچکەکە دوور مەکەونەوە، چونکە دەبنە قوربانی لوغم و تەقەمەنی جۆراوجۆر، جاروباریش دەنگی تەقینەوەی لوغم دەهات و خەڵکی بێ تاوان و مناڵ پێوەدەبوون شەوی مانەوەی پێنجوێن شەوێکی باراناوی هەوا ساردبوو، لەبن دالان و لادیوارێکی نیمچە ڕوخاودا، پەناگەیەکی باشمان دەست کەوت، پەناگەکە لەسەر درێژی هەموومانی دەگرت، ژێر دیوارەکە تاشە تاوێر بوو، لەگەڵ ماڵی کاک عوسماندا هەر یەکە بزن ئاسا بۆ شەوێک کەوتینە چاککردنی جێگای خۆمان، دوای چاککردنی جێگاکان، لەگەڵ کاک عوسماندا کەوتینە سواڵ و عەوداڵی چا پەیداکردن، چای وشکەمان پەیدا کردو لە قۆرییە شکاوێکدا چاییمان لێناو لەگەڵ خواردنەوەی چای گەرمی دوای ماندوبوونی زۆر، تا ڕادەیەکی زۆر سەریەشەمان لێ بووەوە، هەرچەندە شتی وامان پێنەبوو بۆ نوستن، هەریەکە لە جێگەی خۆماندا هەلاژاین، سات سات بەخەو و خەوزڕان و خەوەنوتکێ و خەوزڕانی دوای خەوە نوتکێ و هیلاکی، شەومان بردەسەر، بەیانی زوو کە خۆر هەلات خۆر دەیدا لەبن دیواری پەناو پەسێرەکە لاشەمان زیاتر خاوبووەوە تا چێشتەنگاوێکی درەنگ خەوبردینییەوە، کاتێک بە ئاگا هاتین، شاری پێنجوێن کە شەو جمەی دەهات لە خەڵک، خەرێکە چۆڵ دەبێ و خەڵکەکە بەرەو سنوورەکانی گۆخلان، باشماخ، سەیران بەن، کەوتنەڕێ، کەس وەفریای کەس نەدەکەوت خەڵک لە ترسی برسێتی و تینوێتی و هەڕەشەی مردن، بیری لە گەیشتن بە سنوورەکان دەکردەوە، خێزان هەبوو لە سلێمانییەوە کە بە شپرزەیی دەرچووبوون هیچی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو، ماڵی کاک عوسمان دوودڵ بوون بێن بۆ سنوور یا لە پێنجوێن بمێننەوە، من وتم: محسن برام دەبەمە ئەودیوی ئێران لە مەریوان ناسیاوو ماڵی عێراقی لێیە، خوا حافیزیمان لە یەک کرد، لەگەڵ محسندا بەرەو گۆخلان، سنووری ڕێگامان گرتەبەر، هەمان دیمەنە ناخ هەژێنەکانی ڕێگەی سلێمانی/پێنجوێنمان بینییەوە، شەکەتبوونی خەڵک، برسێتی گریانی منداڵ

و پەلکێشکردنی، هەڵگرتنی پیرو پەککەوتە بە پشتەوە، دووبارە بوونەوە، بگرە لێرە مەترسییە تریش زیادی کرد کەمەترسی دورکەوتنەوە لە ڕێگەکەو تەقینەوەی لوغم و تەقەمەنی کەڵەکە بووی چەند ساڵە بوو، کە ڕێکەوتین جاروبار دەنگی تە قینەوەی لوغم بەرگوێیمان دەکەوت خێزانی نەشارەزاو منداڵی بێ تاوانی پێوەدەبوون. نەدەبوو لە ڕێگە سەرەکییەکە دوورکەویتەوە.

هەوراز و چەم و دۆڵی زۆرمان بڕی تا گەیشتینە گۆخڵان، ئازوقە و نان و ئاو لە ئێرانەوە گەیشتبوونە سنوورەکە، کێشەی دابەشبوونی هەبوو، پێشتر خەڵکێکی زۆر گەیشتبوونە گۆخڵان بۆ ئازوقە و نان و ئاو، کە لە ئێرانەوە هاتبوو بە لۆری، لۆرییەکان نان و سەموونیان فڕێ دەدا، خەڵک دەیان گرتەوە، لەگەڵ محسندا هەندێ نانمان پەیدا کرد و شەو لە گۆخڵان ماینەوە.

# دووباره چوون بۆ سنوورەکان و شاری مەریوان

گۆخڵان، خاڵێکی سنووری نێوان پێدەشتەکانی هەڵاڵاواو شلێری پێنجوێن و شاری مەریوانی کوردستانی ئێرانە، گۆخڵان هەردەو شیوی هەیە، پێشتر لە هەردوو دیوەوە سوپای هەردوو وڵات مۆڵگە و سەربازگەیان هەبووە لە سنوورەکەدا، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەوانەی سنووری کوردستانی عێراق نەمابوون، کۆچی کۆڕەوی خەڵک گەیشتبوونە گۆخڵان بە سنوورەکەدا بڵاوببوونەوە لە هەندێ شوێندا دەرزیت هەڵدایە نەدەگەیشتە سەر زەوی هێندە خەڵکی برسی و ئاوارە و ترساو لە هێرشەکانی سوپای بەعسی لێ کۆببووەوە، کۆبوونەوەو بەیەکداچوونی ئەو خەڵکە بەو شێوەیە لە ناوچەکەدا بەو هەموو تەمەن و ڕەگەز و پیرو گەنج و پەککەوتەوە لە هەندێ ڕووەوە ڕۆژی حەشری دەهێنایەوە یادت، سیمای برسێتی، نەبوونی، هیلاکی، بێهیوایی بە تەوێڵی تەواوی خەڵکەکەوە دەبینرا.

ئێران، سنوورەکانی بە داخراوی هێشتەوە، تەنها بۆ بریندار و خەڵکی تایبەت نەبێت پسوڵەی چوون بۆ ناو ئێران نەدەکرا، بەڵام بە ترێلە و لۆری، نان و ئاو و خواردنی ئامادەکراوی دەگەیاندە سنوورەکە، لەسەرەتاوە لەبەر شاڵاوی برسێتی خەڵک و نا ڕێکخستن و بەیەکداچوونی شتەکان، هەڕەمەکیانە دابەش دەکرا.

شتەکان لە لۆرییەکانەوە فڕێ دەدران، خەڵکی برسی دەستی بۆ

دەگرتەوەو خۆی بۆ هەڵدەدا هەندێک شتیان دەستدەکەوت و هەندێ تر بێبەش دەمانەوە، تراژیدیای برسێتی و بێبەشبوونی خەڵک لە نان و خواردنی قوتو و شیرەمەنی، لەو وێنانەن کە ناخی بەویژدانەکانی جیهانیان هەژاند، وایکرد جیهان، لە ڕێی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستی هاوکاری بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی درێژ بکات، لە ئازوقە و کەرەستەی تەندروستی و مرۆیی و فریاگوزاری سەرەتایی. شەوی سێیەم لە گۆخلان ماینەوە نمەبارانێکی زۆر بوو، گەیشتینە سەر بەرزاییەک لە ڕەبیەی کۆن دەچوو، م.محسن علی ڕاگەیاندنم بینی، نزیک بە بەرزاییەکە، هێدی هێدی تاریک دادەهات دەبوو شەو لەبەرباران بمێنینەوە، گەڕاین کولانە سەگێکمان دۆزیەوە سەگەکان تیا تەرەکی بوون، پێ دەچوو ڕەبیە کۆنەکانی بەعس بۆ پاراستنی خۆیان، کولانەیان لە تەنەکە و بەردو تەختە بۆ سەگەکان دروست کردبێ لەبەر برینداری محسنی برام، کەنەفتی زۆرو بارانبارین، مرغمان لە کونە سەگەکە خۆش کرد، ئاماژەم دا بە م.محسن شەو دەچینە ناو ئەو کولانە سەگە، هێندەی یادم مابێت پێکەنی و وتی: شوێنێ چاکە، هەندێ نانە رەقی ناو کۆڵە پشتەکەی پشتم دایە سەگەکان لەبەر گوڕی برسێتی لە کولانەکە هاتنە دەرەوە، لە دووری کولانەکە نانەکەمان ڕۆکرد، کەمێک شوێنەکانمان پاککردەوە، تەنەکەو دیواری کولانە سەگەکانمان فراوانتر ڕێکخستەوە، هەندێ داروبەردی وردەمان دوورخستەوە چووینە ژێر کولانە سەگەکە، سەرمان تا ئەژنۆ جێی دەبوەوە، جار جار باران نەدەما دەهاتینە دەرەوەو لەگەڵ خەڵکدا ئاگرمان دەکردەوە، کە بارانیش دەبوو دەچووینەوە شوێنە چاککراوەکەی خۆمان ژێر کولانە سەگەکە، تا تەڕ نەبین لە ئەژنۆ بەرەو سەرمان لە کولانە سەگەکەدا باران نەی دەگرتەوە، مەمرەو مەژی ئەو شەوەمان بردەسەر تا بەیانی ڕۆژمان کردەوە، شەو جارجار کە باران نم نم دەباری دەیدا لە تەنەکەی سەر کولانەکە و دەنگی دەهات کە باران نەدەما، خەوەنوتکێ دەیبردینەوە، بەڵام لەبەر جار جار بارینی باران و سەرمابوونی بەشی خوارەوەی قاچمان و درێژکردنی بۆ دەرەوەی کولانە سەگەکە، هەرگیز نەدەچووینە ناوقوڵایی خەوی درێژەوە، بەیانی ڕوانیم چوار دەورمان خەڵکە، مامۆستا محسن و برادەران هەر لەو ناوەبوون، باسی خەوی ژێر کولانەکەم بۆ کردن، بێخەوی و هیلاکی بڕستی لێ بڕیبوون، بەبێ تاقەتییەکی زۆرو بزەوە وەڵامیان دەدایەوە.

به ناو خەڵکەکەدا گەڕام و چوومە نزیک هێڵی سنووری ئێران، ماڵی شێخ

سەدرەدینی مامم لەپیک ئابێکدا بینی، سوعاد خانی خێزانی وتی: چەند ڕۆژە بۆ میزکردن نەبێ لەو ماشێنە دانەبەزیووە، هەموو گێژو چاویان سوور ببوو، لە برسێتی و ماندووبووندا، شێخ وتی: بزانە هەندێ نان و ئازوقەمان بۆ دابین ناکەیت، چوومە لای یەکێ لە لۆرییە پڕ ئازووقەکان و داوای ئازوقەم لێکرد، چونکە ئەوانەی کە لە سەر لۆرییەکەوە بوون پێشمەرگەکانی خۆمان بوون لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە ئازوقەیان هێنابوو، وتیان: دکتۆر بڕۆ وەرەقەیەک بێنە، چاوێکیان لێ داگرتم، تێگەیشتم لەبەر خەڵکەکە وا دەڵێن، دوورکەوتمەوە لە کۆڵە پشتەکەی پشتم وەرەقەیەکم دەرهێناو لەسەریم نووسی و ئیمزام کرد، بردمەوە بۆ لای لۆرییەکە، تەنەکەیە پەنیر، دوو سێت نان، هەندێ پسکیت و دوو بتڵ ئاوم وەرگرت و بردمە ماڵ شێخ سەدرەدین، کە بینیان تەواو گەشانەوە ماوەیەک لایان ماینەوە، جوڵاین بەرەو سنوور، لەسەر سنوور، خێمە هەڵدرابوو، خەستەخانەی کاتی بوو، چوومە ژوورەوە د.حسێنم بینی کە برازای مام جەلال بوو پێشتر لە مەریوان دامەزرابوو قسەمان کردو برینەکەی محسنمان تەداوی کرد، لەولاتر د.ناصح فاتح بوو کە زۆر هاوڕێ بووین، وتم دەمەوێ بچمە مەریوان، وەرەقەی بۆ کردین بەناوی تەداوی بریندارەوە، چووینە شاری مەریوان، لە خەستەخانەی (الله أکبر)، جارێ تر محسنمان تەداوی کرد، هەرچەندە برینەکەی کۆن ببوو، سارێژببوو زۆر تر مەبەستم گەیشتن بە مەریوان بوو، لە مەریوان خەڵکی گوندی هەشەزیینیمان بینی وتیان: بریندارمان هێناوە، دوایی چووینە ماڵی هونەر شێخ عەلی قەرەویس لە شارۆچکەی کانی دینار.

بە گەیشتنی محسن بە ئێران ماندووم حەسایەوە، ترسم نەما، بەڵام هەواڵی یاسینی برامم نەدەزانی، هێدی هێدی خەڵک دەهاتنە ناو ئێران، بە تایبەتی ئەو ماڵە عێراقیانەی کە پێشتر لە ئێران بوون و کەسوکاری پێشمەرگە بوون. چەند ڕۆژێک لە مەریوان و کانی دینار ماینەوە، ڕۆژانە هەواڵ دەهات کە مەرزەکان پڕ بوون لە خەڵک جاروبار ماڵ دەگەڕێتەوە بۆ ناو شارەکان بەشێک لە خەڵکەکەش لە شارەکانی پێنجوێن، گەرمک، سەر سنوورەکان جێگیر ببوون، وردە وردە دووکانی تەنەکەچێتی، ئاسنگەری، تا چێشتخانەش کرایەوە، بە تایبەتی کەرکوکییەکان، تا ساڵانێکی زۆر لە پێنجوێن، شانەدەری، سەیدصادق، مانەوە، کاری جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا.

ڕۆژێک لە ئێزگەی گەلی کوردستانەوە گوێم لێبوو، جەمیل هەورامی بروسکەی دا بە کادرو پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دوو، لەبروسکەکەدا هاتبوو

(پەیوەندیمان پێوە بکەن لە ئەحمەدئاوا)، محسنم لەو ماڵە ناسیارانەی مەریوان و کانی دینار جێهێشت و هاتمەوە بارەگای بەتالیۆن لە ئەحمەدئاوا، بارەگایەکی پەرش و بڵاو و خەڵکێکی زۆریش لە ئەحمەدئاوا و خورماڵ لەناو کەلاوەکاندا جێگیر ببوون، زۆربەیان ئاوارەی کەرکوک بوون، لەبارەگا یەک دوو کەسایەتی جەباریش کە پێشتر چەکداری حکومەت بوون لە ئەحمەدئاوا بوون و پەیوەندیان کردبوو بە هێزی پێشمەرگەوە لەوانە: عەدنان جەباری، شێخ حسیب.

لە ئەحمەدئاوا جمیل هەورامیم بینی وتی: لێرە دەمێنینەوە، بارەگای نەخۆشخانە دابنێ، یەک دوو ژووری کەڵەک چنینمان کرد بە نەخۆشخانە، د.گۆران و نەوزادی نوری بەگ لە ئێرانەوە داوو دەرمانیان بۆ هێناین، لەگەڵ دکتۆرێکی ئاوارەی کەرکوکیدا بارەگای نەخۆشخانەمان کردەوە، ڕێکخراوی دکتۆرانی بێسنووری نێودەوڵەتی سەردانیان کردین، یەک دوو خێمەیان لە تەنیشتمان هەڵداو لەگەڵ ئێمەدا نەخۆشیان دەبینی، ڕۆژێک برینداریکی کارەساتی قورس هات کەماڵەوەیان وەرگەڕابوون لە ماشێن. دکتۆری ڕێکخراوەکە، خوێن و برینی کارەساتەکەی بینی باری دەروونی تێکچوو، نەیتوانی هیچ بکات دەستم کردە تەداویکردن وتم: ئێمە هێندە کارەساتی ناخۆش و جەرگ بڕمان بینیوە سڵ لەم شتانە ناکەینەوە، ڕۆژانە نەخۆشێکی زۆری ئاوارەو خەڵکی سنوورەکە ڕووی تێدەکردین، دەنگ و سەدایەکی زۆرمان دایەوە، جاروبار کارەساتی مارو دوپشک پێوەدان دەهاتە لامان. جگە لە بارەگای جەمیل هەورامی، بارەگای شەوکەتی حاجی مشیریش لە ئەحمەدئاوا بوو، لەبن دارێک شوێنی فێنک، نزیک بە ئاوی ساردی ئەحمەدئاوا، چادرێکی هەڵدابوو، ڕۆژێک محسنی برام لە ئێرانەوە هاتەوە لام، دووبارە دەنگە دەنگمان کرد و وتم: بڕۆ بۆ ماڵەوە هەواڵیان بزانە، ناکرێ هەمووومان هەر پێشمەرگەبین، چووبووە قەلاچوالان، لای ئەکرەمی برای شەهید حەمەڕەش ببووە پێشمەرگە، هەواڵیشمان زانی یاسینی برام سەلامەتە و لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدایە. ماوەی نزیکەی دوو مانگ لە ئەحمەدئاوا مامەوە تا بارەگای بە تالیۆن هەبوو کێشەم نەبوو، بارەگای بەتالیۆن چووە بلکیان لە پێنجوێن، دەنگوباسی گفتوگۆی نێوان میری و بەرەی کوردستانیش بڵاوبووەوە، یەکەم وەفد بە سەرۆکایەتی مام جەلال چووە بەغداو وەفدی دووەم بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود و ئەندامی وەفد نەوشیروان مستەفا چوون، لێدوانەکانی وەفدی دووەم، دژبەیەک بوون و گفتوگۆکان هیچی وای

لێنەکەوتەوە، بەڵام وردە وردە خەڵک دەگەڕایەوە ناو شارەکان، نەخۆش ڕۆژانە کز ببوو چوومە لای کاک شەوکەت و وتم: دەگەڕێمەوە بۆ لای بەتالیۆن ئەو دکتۆرە ئاوارەش کە لەگەڵم بوو گەڕایەوە ناو شاری کەرکوک ئەو ماوەی لە ئەحمەدئاوا بووم یەک دوو جار چوومەوە ناو شاری سلێمانی، جارێک چوومەوە ئێران، سەردانی سەرچاوەی ئاوی زەڵمم کرد، خەڵکێکی زۆر بوە ناسیار و دۆستم. گفتوگۆی نێوان میری و بەرەی کوردستانی بەردەوام بوو، لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە هەواڵەکان دەگەیشت، چوونی دووەمجاری وەفدی بەرەی کوردستانی بۆ بەغداد درێژەی کێشا، وەفدەکە تەواو بێهێز ببوون هەرچەندە لە زۆر خاڵدا ڕێککەوتن، بەڵام لە کۆتاییدا گفتوگۆ سەری نەگرت و وەفدەکە گەڕانەوە بێ دەسکەوت.

بەهۆی فشار و داواکاری وڵاتی فەرەنسا لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەمیشە دۆستی کورد بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی فڕانسۆ میتران و خاتوو دانیال میترانی خێزانیدا، ناوچەیەکی سنووورداری دژەفڕین بۆ کوردەکانی باکوری عێراق دیاری کرا، ناوچەی دژە فڕین کە بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی عێراق تا بانی مەقان. بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرا.

پارێزگا کوردییەکان جگە لە کەرکوک لە هێزە عێراقییەکان چۆڵ کرا، هەرچەندە میری عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیدارەی لە شارەکانی ژێر ناوچەی دژە فڕین دەرکرد و داوای کرد فەرمانبەران بگەڕێنەوە ژێر ڕکێفی هێزەکانی ڕژێم لە شارەکانی کەرکوک و دیالە و خانەقین و ئەو شارانەی کە نەکەوتنە ژێر چاودێری بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، بەڵام ئەو سەردەمە ڕووحی نەتەوەیی و لێدانی سۆزی دڵ بۆ وڵات هێندەی ئێستاکە کزنەبوو خەڵک دەیوت: مووچەمان ناوێ، سەر بۆ سەرانی ڕژێم نەوی ناکەین، چەند مانگێک میللەت و فەرمانبەران بێ مووچە دەوامیان دەکرد، تا گومرگی بەرەی کوردستانی کەوتە کار هێدی هێدی مووچە دەدرا سەرەڕای دزییەکی زۆر.

بڕیاری ٩٨٦ بڕیارێکی مێژوویی بوو بۆ نەتەوەی کورد، کوردی باشووری پاراست لە زۆڵم و زۆری حکومەتی بەعس، لە ئەنجامدا بۆشاییەکی ئیداری دروست بوو تا بەرەی کوردستانی کۆمیتەی ئیداری پێکهێنا، لەسەرەتاوە قادری حاجی عەلی لێپرسراوی بەرەی کوردستانی ئیدارەی شاری سلێمانی و جەوهەر نامق کۆمیتەی شاری کەرکوک بوو کەبارەگاکەی لە شاری چەمچەماڵ بوو.

لەگەڵ خاڵی بوونی شارەکان لە سوپای بەعس و دەزگاکانی وردە وردە خەڵک لە ئێران و سنوورەکانەوە دەگەڕانەوە ناو شارەکان ماڵە ئاوارەکانی ئەحمەدئاوا کزببوو، بارەگای بەتالیۆنیش چووبووە شاری پێنجوێن، جگە لە خەڵکی ناوچەکە کەس سەردانی بنکە تەندروستییەکەی ئەحمەدئاوای نەدەکرد، لای کاک شەوکەتی حاجی مشیر وتم: دەمەوێ بنکە تەندروستییەکە لێرە دابخەم و خۆم بگەڕێمەوە بارەگای بەتالیۆن لە پێنجوێن وتی: بە ئارەزووی خۆت بکە.

گەڕامەوە بارەگای بەتالیۆن لە بلکیانی پێنجوێن وەک کادری پزیشک لە بەتالیۆن مامەوە ڕۆژانە هەواڵی سەیرسەیرمان دەبیست لەسەر تالانی و دزی وفزی و ئاودیوکردن و خۆدەوڵەمەندکردنی هەندێ لە لێپرسراوان، تاوای لێهات لێپرسراوەکان خۆشیان بوونە خاوەن ماشێن و ئێمەش ڕووت و ڕەجاڵ لە بەتالیۆنەکان دەواممان دەکرد، ڕۆژی مام وریای براخاس و جەمیل هەورامی باسی سەیارەو بەزمورەزمی ئاودیوکردنیان دەکرد کە لە کۆنترۆڵ دەرچووە موستەشارێک هات و وتی: ئێوارە لای من دەعوەتن! کە موستەشارەکە ببووە لێپرسراوی هێزی چەکداری، لە ناو پێشمەرگە، جەمیل هەورامی وتی: پیاوێ خراپ بووە دژی پێشمەرگە بووە، بەڵام لێبووردنی بەرەی کوردستانی دەرچووە نابێ لە خۆمانیان زوویرکەین، ئێوارە چوون میوانی بوون، ئێمەش ماوەیەک لە بارەگای بەتالیۆن لە بلکیان ماینەوە تابارەگاکانی ڕێکخستن دروست بوو.

# دەستبەرداربوون لە کادری پزیشکی و
# کارکردن وەك کادری ڕێکخستن

بلکیان لە پێنجوێن، شوێن و سەیرانگایەکی دڵگیر و فێنک بوو چواردەورمان سەوزایی و ئاوبوو، دوو کەپرمان کردبوو بە بارەگا، ڕۆژیش تیشکی خۆری بەرنەدەکەوت ڕۆژانە خەڵک لە سنوورەکان دەگەڕانەوەو لە پێنجوێن دەگیرسانەوە لە ماوەیەکی کەمدا پێنجوێن، باوەشی بۆ ئاوەدانی کردەوە سیمای شار چووەوە بە باڵایدا، کە پێشتر کرابووە هەواری خاڵی و مۆڵگەی ڕەبییەی سوپای بەعس، کەرکوکییەکی زۆر لە شارەکەدا مانەوە دوکانی جۆراوجۆر تا چێشتخانە و سەوزەفرۆش و هەموو جۆرە بابەتێکی تێداکرایەوە، کەلاوەو خانوە ڕووخاوەکان چاکدەکرانەوە، خەڵک لە سنوورەکان دەگەڕانەوە لە پێنجوێن دەگیرسانەوە، لە ماوەیەکی کەمدا پێنجوێن باوەشی بۆ ئاوەدانی کردەوە سیمای شار چووەوە بە باڵایدا، کە پێشتر کرابووە هەواری خاڵی و مۆڵگەی ڕەبیەی سوپای بەعس، خەڵک دەچووەوە شوێنی باوباپیرانی بەس ئەوەی مایەی ئازاردانی خەڵک بوو، ڕۆژانە قوربانی لێدەکەوتەوە تەقینەوەی لوغم بوو، چواردەوری شارەکە چێنرابوو بە لوغم، بە تایبەتی بەرزاییەکانی دەوری پێنجوێن کە لەژێر دارو دەوەندا کەمتر دیاربوون، زۆرتر منداڵ و ژن

دەبوون بە قوربانی، هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆری لوغمیش هەڵگیرایەوە، بەڵام هەر جاروبار گوێمان لە تەقینەوەی لوغم دەبوو، خەڵک دەبوونە قوربانی، ئەم دیاردەیە تا ماوەیەکی زۆری دوای ئاوەدان کردنەوەی شارەکە درێژەی کێشا.

جاروبار دەچووینە ناو شارو خەڵکەکە، ناسیاوی زۆری کەرکوکیم دەبینی، هەروەها مستەفای شێخ عبدالقادری خزمم بینی کە تازە ژنی هێنابووماڵی لە کەپرێکدا بوو، چونکە هاوین بوو، پێنجوێنیش فێنک بوو، کەپرەکان تاموچێژی خۆی هەبوو بە تایبەتی لە شەودا هەوایەکی سازگاری فێنک پشووی دەدا بە دڵ و دەروونت، بنکەی تەندروستی لە شارۆچکەکەدا کرایەوە، دکتۆرانی بێسنووری جیهانی هاتنە شارەکەو چادریان هەڵدا، ڕۆژانە ڕۆژنامەنوسی جیهانی دەهاتن و دەچوونە ناو خەڵک ڕاپۆرتیان دەنووسی، بەگشتی ئێران سنووریٚ کراوە بوو بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر گەلی کورد و عێراق، ئەوەی لە یادم مابێت ڕۆژێک ڕۆژنامەنوسێکی یابانی هات شەو لەلامان لە بارەگا مایەوە، دەیوت: دەچم بۆ شاخی بەمۆ، زۆر ڕێزمان گرت شەوێکی خۆشمان بەسەربرد، بە ئینگلیزییەکی شەق و شڕ گفتوگۆمان کرد، زۆر زانیارییم داپێی لەسەر کورد، شۆڕشەکانی کورد، کۆڕەو، وتی: من سیاسیی نیم بەس کە کۆڕەو و نەهامەتییەکانی کوردم لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینیوە، گریاوم، بە جەمیل هەورامیم وت، بەیانی ناردی بۆ شاخی بەمۆ، کە بەتالیۆنی یەک و شەهید محمود مامەعەزە لەو دەڤەرەبوون، سەرپەرشتیاری بەتالیۆن مەحمود سەنگاوی بوو.

گفتوگۆی نێوان میری و بەرەی کوردستانی بەردەوام بوو، نوێنەرانی یەکێتی لە لیژنەکانی گفتوگۆ مژدەی خۆشیان نەدەنارد، بەڵام نوێنەرانی پارتی دەیان وت ئۆتۆنۆمی دەدریٚ وەفدی دووەم هێندە مایەوە لە بەغداد. تەواو وەڕست ببوون، جاروبار لە پێنجوێن چالاکی ڕووناکبیری دەکرا، ڕۆژیٚ چالاکییەکی گەورەی شیعر خوێندنەوە کرا، حەسیب قەرەداغی، محمد ئەمین پێنجوێنی، دڵشادی ئاوەدان کردنەوە، شیعریان تێدا خوێندەوە، خەڵک گلەییان لە محمد ئەمین پێنجوێنی کرد، دەیان وت: زەمانی میری بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی بووە، ئەو مافەی نییە شیعر بخوێنێتەوە.

هێندە گیانی نەتەوەیی و ڕاپەڕین بەرز بوو، بەڵام خۆی پیاویٚ خراپ نەبوو، دوایی بوو بە سیاسییەکی ناودار و حزبی (PAK)یان دروست کرد، چەند ساڵێک وەک کەسی یەکەمی حزبەکە مایەوە، لە دوایشدا زۆر

جار نێوەندگیری نێوان یەکێتی و (PKK) دەکرد، لەو بەرزی و نزمییەی لە نێوانیاندا دروست بوو، پەیوەندی زۆری لەگەڵ مام جەلال هەبوو. هەر لە کۆڕەکەدا کۆڕگێڕ کە پێ دەچوو کادری پارتی بێت وتی: وا وەفدی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لە بەغدایە بەم زوانە بانگی ئازادی کوردان دەدرێت، چونکە مەسعود بەرزانی سەرۆکی چوونی وەفدی دووەم بوو، ماوەیەکی زۆری پێچوو، وەفدی دووەمیش بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە، بانگی ئازادی کوردیش نەدرا، وردە وردە گفتوگۆ سستی بەخۆیەوە بینی، تا لە هەندێ شوێندا پەلاماری ڕەبییە و مۆڵگەکانی میری دەدرا چەک و جبەخانەی زۆریان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لێ دەگیرا، یەکێ لەو شوێنانە ڕەبییەکانی کانی باچکەی سەر شاخی سەگرمە بوو، کە ژمارەیەکی زۆر چەکی لێ گیرا هێشتا تەقەی پێ نەکرابوو، تا دەهات وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبوو، میری هێز و ترس و سامی نەما بوو لە شارەکاندا، خەڵکیش چاوی کرابووەوە لە عەسکەر و ئەمنی دوژمن نەدەترسان، تەنانەت لە خاڵە پشکنینەکاندا بەس پێناسێکی عێراقیت پێبووایە دەرباز دەبووی مافی ئەوەیان نەبوو بزانن چ کارەی؟ پێناسەکە ماوەی بەسەرچوونی ماوە یا تەواو بووە، هێزە عەسکەرییەکانیان گەڕاندەوە ناو شارەکان لە خاڵە سنوورییەکان نەمان، لیژنەی تەنسیق لە نێوان بەرەی کوردستانی و دەزگاکانی حکومەت دانرا، تا هەموو دەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی بەعس بە هۆی بڕیاری (٦٨٨) وە چوونە دەرەوەی هێڵی دژە فڕین و ناوچەی ئارام هاتە ئاراوە، بڕیارەکە لە ١٩٩١/٤/٥ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو. جەمیل هەورامی چووبووە کۆبوونەوەیەکەوە کە مام جەلال کۆبوونەوەکەی کردبوو، لە کۆبوونەوەکە هاتەوە، کۆبوونەوەی پێکردین، وتی: ئەو وەفدەی بەرەی کوردستانی زۆر مابووەوە لە بەغدا هێزی فشاریان نەمابوو، میری عێراقیش دەستی دەستی پێکردبوون، مایەپووچ گەڕاونەتەوە، هەروەها وتی: بارەگای ڕێکخستنی حزبی دەکرێتەوە لە پارێزگاکان، مەڵبەند، لە قەزاکان کۆمیتە، لە ناحیەکان کەرت، بارەگاکان لە شارەکاندا دەبن، ڕێکخستن لە پێشمەرگایەتییەوە دەچێتە ناو جەماوەریش، مام جەلال ئەم هەڕەمەی ڕێکخستنی داناوە بۆ جەماوەر و پێشمەرگە. لەبەرئەوەی لە شاخ پێویست بوو لە کەرتی تەندروستی کار بکەم، بەڵام ئێستا شارەکان پڕن لە کادر و دکتۆر و نەخۆشخانە، کەرتی تەندروستیش جگە لە هەڵگرانی بڕوانامەی کۆلێژی پزیشکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی کادێری ناوەندی تێدا ون ببوو، هەر ئەو کاتە، بڕیارم دا واز لە کاری

تەندروستی بهێنم و بچمە بواری ڕێکخستنەوە، لەگەڵ سەردار عەبدوڵلادا چووینە لای م.عەبدوڵلا کە یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی بوو، لە حەوشەی مەڵبەندی یەکی سلێمانی لەگەڵ م.عەبدوڵلا کەوتینە قسەکردن و وتمان: دەمانەوێ بێینەوە ناو تەشکیلەی ڕێکخستنی جەماوەری، وتی: ئێوە کەرکوکی و گەرمیانین، مەڵبەندی کەرکوک کراوەتەوە لە گۆپالە، م.چەتۆ حەوێزی لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوکە، بروسکەی بۆ دەکەم بچن بۆ ئەوێ، م.عەبدوڵلا و م.چەتۆ هەردووکیان پێشتر لە ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان بوون لە تێکەڵکردنی کۆمەڵەو شۆڕشگێراندا وەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مابوونەوە، کۆنفرانسە ناوەکییەکانی کۆنگرە کرابوو، بەڵام کۆنگرەی گشتی سازنەدرابوو، ڕاپەڕینی بەسەردا هات، لە یەکگرتنی یەکێتی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵەدا چەند دەنگێکی ناڕەزایی کەم هەبوون دەیان وت: چۆن ڕێکخستنێکی مارکسی و ڕێکخستنێکی سەرمایەداری یەک دەگرێت، بەڵام کاک نەوشیروان کە سکرتێری کۆمەڵەبوو ڕازی بوو بە یەکگرتنەوە، سەرەنجام لە کۆنگرەدا هەردوو ڕێکستنەکە لە بۆتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا توانەوە، (ی.ن.ک) دامەزرا و مام جەلال بە سکرتێر و کاک نەوشیروان بە جێگری دانرا. د.فوئادیش کە سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕان بوو، وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی مایەوەو دواتر کرا بە یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

کە هاتمە مەڵبەندی کەرکوک، جەلال جەوهەر، کۆردۆ قاسم، جەبار یاوەر، کارگێڕانی مەڵبەند بوون، وتیان دەبێ بچیتە ڕێکخستنی پێشمەرگەوە، چونکە تۆ پێشمەرگە بووی، بووم بە ڕابەر سیاسی بەتالیۆنی سەگرمە، کە ئەکرەمی برای شەهید حمەڕەش لێپرسراوی بەتالیۆن بوو، ئەفراسیاو کامیل مەلاوەیسی یەکێک بوو لە سەرتیپەکانمان، بەتالیۆنەکەمان سەر بەهێزی دووی قەراغ بوو، کاک عوسمان حاجی محمود لێپرسراوی هێز و م.إکرام عەلی، ڕابەری سیاسی هێز بوو، بارەگای بەتالیۆنمان لە گوندی هەنارەی بناری چیای سەگرمە دانا، عوسمان شێخ ڕەئوفی کانی خاکی یەکێکی تر بوو لەسەرتیپەکانی بەتالیۆن پیاوێکی ئازابوو، دوایی لەکارەساتێکی ناخۆشدا شەهید بوو، جارجار کۆبوونەوەی بەتالیۆنمان دەکرد، دەنگوباسی هاتنەوەی سوپای ڕژێم بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان لە قادرکەرەمەوە هەبوو بۆ سەنگاو و سەگرمە، چونکە قادرکەرەم هێڵی سوور بوو سوپای عێراقی تێدامابوو، چەند شەوێک لەگەڵ ستار سەنگاوی کە جێگری بەتالیۆن بوو،

پێشمەرگەکانمان دەبردە گوندی گەڕاوی نزیک بەقادر کەرەم، شەوانە کەمینمان دادەنا، چەند شەوێک هەواڵی هاتنەوەی سوپای بەعس گەرم بوو، ڕۆژێکیان شێخ جەعفەر شێخ مستەفا کە جێگری لەشکر بوو لەگەڵ ئاوات شێخ جەناب کە جێگری هێزی دوو بوو، هاتن بۆ بەتالیۆن، لەو کاتەدا لێپرسراوی بەتالیۆن لەوێ نەبوو، شێخ جەعفەر لەو کڵاوڕۆژنەوە کە منی باش دەناسی توڕەبوو، وتی: بێت و دوژمن هێرش بکاو تێکبشکێن واوای بەسەردێنم! چۆن لێپرسراو لێرە نییە، ئاواتی شێخ جەناب وتی: چی وتوە بۆ لێپرسراوەکەتانی بگێڕەوە، پاشان چووینە سەر بەرزاییەکانی بەرامبەر قادرکەرەم نزیک بە گوندی قەڵا مکایل، بە دووربین سەیری ناو قادرکەرەممان کرد سوپاو مۆڵگەکانمان بینی، بەڵام هێزی زیادەو ئامادەکراو نەدەبینرا، ڕۆژێکی کش و مات بوو، گەڕاینەوە دواوە چەند شەوێک تا بەیانی دادەمەزراین خۆمان بۆ هێرش ئامادە دەکرد، هیچ نەبوو نزیکەی دوو هەفتە شەو و ڕۆژ لەو دەشت و دەرە ماینەوە، هیچ ڕووی نەدا، لەکاتێکدا تازە ژنم مارە کردبوو. چەند مانگێک لە بەتالیۆن مامەوە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی تازەی خۆڕاگرمان هەبوو، بەڵام مووچە تەنها بۆ پێشمەرگە دانەبڕاوەکان دەهات، هەرچەندە بڕی مووچەکەم تەنها (٣٠٠) دیناری سویسری بوو، بەڵام بۆ ئێمە ناخۆش بوو کە من و لێپرسراوی بەتالیۆن و چەند کەسێکی کەم مووچەمان وەردەگرت، دوای چەند مانگێک کێشەکە چارەسەرکراو مووچە بە هەموان درا، بەڵام ئازوقە بۆ پێشمەرگەکان دەهات، ئەو سەرفنەکردنی مووچەیە بۆ پێشمەرگە تازەکان کێشەیەکی ئیداری گەورەو مایەی شەرمەزاری بوو بۆ ئێمە، بەرەی کوردستانی هیچ داهاتێکی فەرمی نەبوو، ئەوەی دەکرا تاڵانی و ئاودیوکردنی تاک و هەندێ گروپی حزبی بوو، کەمتر دەبووە داهاتی بەرەی کوردستانی، ماوەیەکی زۆر تا هەڵبژرادن و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، گومرگی حزبی لە مەرزەکاندا پارەو پولیان لە خەڵک وەردەگرت، ڕێژەی دزین و تاڵانکردن زۆرتر بوو لەو ڕێژەیەی دەچووە خەزێنەی بەرەی کوردستانییەوە چارەسەریش نەدەکرا.

ماوەی چەند مانگێک لە بەتالیۆنی سەگرمە، وەک ڕابەری سیاسی مامەوە کۆبوونەوەی جۆراوجۆر دەکرا، هەر لەو ماوەیەدا لە ١٩٩٢/٢/٢٨ کۆنگرەی یەکەمی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی شۆڕشگێران لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی سازدرا.

ئێمە وەک بەتالیۆنی سەگرمە پاسەوانی چواردەوری هۆڵەکەمان پێ

سپێردرا، له ماشێنێکی مارسیدیسدا هەڤاڵان مام جەلال و کاک مەسعودمان بینی له یەکەم ڕۆژی سازدانی کۆنگرەدا، کاک مەسعود وەک میوان چووه نێو هۆڵەکەوه، هەر لەدووەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا دڵی عومەر دەبابه له هۆڵەکەدا له لێدان کەوت، هۆڵەکه ناونرا هۆڵی عومەر مستەفا.

ئێمه وەک جاران پێشمەرگانه کاتمان دەبردە سەر، بەڵام تا دەهات هەواڵی ناخۆشی ئاودیوکردن و بێیاسایی له مەرزەکانەوه دەهات، عێراق کەوتبووه ژێر ئابڵۆقەی ئابووری بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، تادەهات گوزەرانی خەڵک گرانتر دەبوو، نرخەکان بەرزدەبوونەوه، فەرمانگەکان به دروشمی سەری بەرز بۆ مووچه نەوی ناکەین، له فەرمانگەکانی ناوچه ئازادکراوەکاندا دەوامیان دەکرد، بڕیار له کۆمیتەکانی بەرەی کوردستانی له پارێزگاکانەوه دەرچوو، بەڵام نەبوونی تەشکیلەی ئیداری پشێوی و نا ئارامی زۆری نابووەوه. له فەراغی ئیداریدا ئەنجومەن له شارو شارۆچکەکاندا هەڵبژێردرا، وەک نوێنەری ئەنجومەن له ئۆردوگای شۆڕش خۆم هەڵبژارد دەنگێکی باشم هێنا پاشان هەر به هەڵبژاردن بووم به ئەندامی باڵای ئەنجومەنی چەمچەماڵ/ شۆڕش که سەرپەرشتی هەموو کارێکی ئیداری شاری چەمچەماڵ و کۆمەڵگەی شۆڕشمان دەکرد.

## له ڕابەری سیاسییەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی جەماوەری

لەگەڵ مانەوەمدا لە بەتالیۆنی سەگرمە، تا دەهات دیاردەی دزێو و ناشیرین زیادی دەکرد، خۆ دەوڵەمەندکردنی لێپرسراوان، ماشێن ئاودیوکردن، کۆمەڵی پێشمەرگەی سادەو دڵ گەرمی کوردایەتیش لە بارەگاکاندا دەمانەوە بۆ شەوانی ئێشکگرتن و کەمین دانان، هەرچەندە فشارم لە خۆم دەکرد، بەڵام مانەوەم بەو شێوەیە مەحاڵ بوو، دەموت ئەم دۆخە بۆ ئەو کەس و پێشمەرگانە باشە کە مەداری بیرکردنەوەیان کورتە و بێ ئاگان لە زۆربەی دیاردە دزێوەکانی ئەم ڕۆژگارە، نەک منی بە ئاگا لە زۆربەی کارەکان، کەسانی کاسەلێس و ماستاوچیش دەهاتن و بەشان و باڵی لێپرسراوانی بەرپرسدا هەڵیان دەداو دەبوونە مایەی ئەوەی لێپرسراوەکان زیاتر کارە دزێوەکان ئەنجام بدەن، چونکە نەیان دەزانی دنیای دەرەوە چییەو ئاسۆی تێڕوانینیان لە چاوی دەوروپشتەوە دەبینی، هەرچەندە عوسمان حاجی مەحمود لە لێپرسراوە پاکەکان بوو. کە لێپرسراومان بوو سەنگینی خەباتی خۆی دەپاراست.

بە ئومێدی بینینی کاک کۆسرەت چوومە هەولێر، لە بینایەکی ناوبازاڕدا کە دواتر بوو بە ماڵی شەهید شاخەوان عباس، کاک کۆسرەتم بینی ڕێزی گرتم و وتی: ئەوە لە ئێرانەوە سەفەرت نەکردوە؟ وتم: نەوەڵا زەمالەی خوێندنم دەستنەکەوت، ئێستا بۆ ئەوە هاتوم وتی: ئێستا وەک پار نییە، زەمالەمان

له وڵاتە عەرەبییەکان هەیە وەک ئەردەن، کاغەزی بۆ نوسیم بۆ د.فوئاد بۆ شەقڵاوە نوسیبووی با زەماڵەی خوێندنی پێ بدرێت، سەعدی پیرە کە تازە لە هەندەران گەڕابووەوە، لە ژوورێکی تردا بوو پێشمەرگەکان وتیان کاری زەماڵە و چوونە دەرەوە لای ئەوە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە نەمدەناسی نەچوومە لای.

له شەقڵاوە ئوتێلێکی گەشتیاری گەورە کرابوو بە بارەگا، ڕۆژانە نانی تێدا دەکرا، شاڵاوی عەلی عەسکەری و زۆر لێپرسراوی تری لێبوو چومە لای د.فوئاد زۆر ڕێزی گرتم و وتی: باشە، بەڵام ئێستا ئەم کاغەزە لای من بێت هەر ون دەبێت، با لای خۆت بێت بڕۆرەوە بروسکەتان بۆ دەکەین، کە کاتی هات، نیوەڕۆ نانێکی شاهانەم لە بارەگاکە خوارد، عەسر چوومە ناوبازاڕ بەڕێکەوت برادەری قۆناغی خوێندنی پەیمانگا سەرباز مەجیدم بینی، زۆر بەیەکەوە بووین، یادگارییەکانمان گێڕایەوە بۆ یەکتر وتی: ڕێکەوتێ سەیرە، دوو مانگە لە ماڵ دەرنەچووم ئەم ئێوارە هاتمە دەرەوە یەکمان بینی، شەو گەڕامەوە هەولێرو بەیانی گەیشتمەوە سلێمانی.

هێندەی نەبرد ئەو بەردەی گورچیلەم کە دابەزی بوو بۆ بۆری میز جارێ تر دایەوە ئازار و ئارامی لەبەر بڕیم، کە تیشکە(X)م گرت خەریک بوو بۆری میزی بە تەواوەتی دەگرتم، ناچار لە تەمەنی (٢٦) ساڵیدا نەشتەگەری گەورەم بۆ کرا و بەردەکە لە بۆری میزم دەرهێنرا، ماوەیەکی زۆر لەسەر جێگە کەوتم، نەمانی دایک و باوک، نەبوونی جێگەیەکی تایبەتی حەسانەوە پارچە چارچە بوونی ماڵی باوکم کە هەریەکە لەلایەک بووین، بوونی براکانم بە پێشمەرگە دۆخێکی وای لادروست کردم، کە من ژن بگوازمەوەو ببمە پەناگەیەک بۆ دروستکردنەوەی میراتی ماڵی باوکم و گردبوونەوەی براکانم لە ماڵێکدا، دەمانچەو چەکێکم هەبوو فرۆشتم، چوومە لای کاک عمر فەتاح هەزار دینار سویسری بۆ سەرف کردم، هەندێ پارەم لە موحسینی برام قەرز کرد، هەر چۆنێک بوو ژنم گواستەوە کە پێشتر مارەم کردبوو، توانیم محسن و یاسینی برام و ئایشەی خوشکم لە دەوری خۆم کۆبکەمەوە، تا ڕادەیەکی کەم جێگیرییەکی دەروونی وەدەستبهێنم، ئیتر لە زەماڵەو خوێندنم نەپرسییەوە. تا دەهات گرانی و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خواردن تەنگی پێ هەڵدەچنین، لەهەمووی خراپتر خۆم لە ڕێکخستنی پێشمەرگایەتییەوە گواستەوە بۆ ڕێکخستنی جەماوەری و کەرتی ڕێکخستنی سەنگاو/ قادرکەرەم، کە بارەگاکەی لە شۆڕش بوو، بەمە ئەو ناو بەناو مووچەیەش کە لە بەتالیۆن وەرم دەگرت

وەک پێشمەرگەی دانەبڕاو نەما، بە جارێ بێمووچە بووم، دەروێشانە کاری ڕێکخستنمان دەکرد، کە کەرتی ڕێکخستنی سەنگاو/ قادرکەرەممان دروست کرد (٨) کادێر بووین، من و مەلا ئەحمەدەخڕە هەردووکمان پێشمەرگەی دێرین بووین، جەلال جەوهەر وتی: هیچتان ناکەین بە لێپرسراوی کەرت لەبەرئەوەی لێمان زوویر نەبن، چونکە پێشمەرگەی کۆنن هەڵبژاردنتان بۆ دەکەین، کامتان دەرچوون ببن بە لێپرسراوی کەرت، من وتم: پێویست ناکات لێپرسراوی کەرتەکەم دا بە مەلا ئەحمەد. ئەمە یەکەمین هەڵەی کاری پلە بەرزکردنەوە بوو کردم، دواتر زانیم کە بە بچووکی ناسرای لەم وڵاتەدا جارێکی تر بە پلەی بەرز هەڵناسیتەوە، تا ئێستاش بەو دەردەوە دەناڵم، ئەو سەردەمە ل.کەرتی ڕێکخستن لێپرسراوێکی دیار بوو، چەمچەماڵ کە چەندین ساڵە مەڵبەندە یەک کەرتی ڕێکخستنی تێدابوو کۆمیتەش نەبوو، دوای ماوەیەکی زۆر کەرتەکە کرا بە کۆمیتەی ڕێکخستن، وەک ئەندام کەرتی ڕێکخستنی سەنگاو/ قادرکەرەم دەست بەکاربووم بارەگامان دانا، هەموو کارەکان من دەمکرد، مەلا ئەحمەدیش قەت دەستی نەدەهێنایە ڕێگام، بەڵام بۆ کۆبوونەوەکانی مەڵبەند ئەو بە سیفەتی کەسی یەکەم دەچوو، بەم جۆرە ڕێکخستنێکی زۆرمان لە دەوور کۆبووەوە، بەڵام باری داراییماڵەوەمان سفر بوو، چاوم لە دەستی محسن برام بوو کە دوکانێکی حەواڵەی پارەی دانابوو. خۆم هەڵبژارد بۆ ئەنجومەنی باڵای چەمچەماڵ/ شۆڕش، هەر لەو ماوەدا یاسین برام بە هۆی وەرگرتنی بەرمیلێ نەوت بۆ ماڵەوە بە خراپی سوتا، چونکە ڕژێم لە ژێر فشاری وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا سووتەمەنی دەنارد بۆ هەرێم، سوتەمەنییەکە بە سەیارەی بارهەڵگری گەورە دەهات لە شوێنێکدا دەوەستا، خەڵکی بەرمیلیان ڕیز دەکرد بۆ وەرگرتن، زۆربەی جار دەنگەدەنگ و پشێوی لێدەکەوتەوە، کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی ڕژێم بوو، چونکە هێشتا ئیدارەیەکی پتەو دروست نەببوو، بەرەی کوردستانیش وەک پێویست چەمکی ئیداری توندوتۆڵ نەبوو، کە هەواڵی هاتنی نەوتەکە دەهات خەڵک بەرمیلی پڕ دەکرد، جار جار شەوانە بە دیار بەرمیلی بەتاڵەوە ئێشکیان دەگرت، لە شەوێکی سەرمای پاییزدا یاسینی برام بە گیانی نەوتاوییەوە خۆی گەرم کردبووەوە، گڕی تێبەربوو تا کوژاندبوویانەوە بەشێک لە گیانی سوتا، ماوەی زیاتر لە دوو مانگ لە ماڵەوە کەوت، هیچ ئیش و کارێکی پێ نەدەکرا، کە پێشتر کاری سەرپێیی بژێوی ژیانی دەکرد، هێندە باری دارایشم خراپ بوو نەمدەتوانی وەک پێویست خزمەتی بکەم.

که هەڵبژێردرام بە ئەنجومەنی باڵای چەمچەماڵ/ شۆڕش، وەک نوێنەری خەڵک توانیمان چەند جارێک لە ڕێگەی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانییەوە (WFP) خواردن بەسەر خەڵکیدا دابەش بکەین، بەپێی ئەو ئامارانەی لە ڕێگەی ئەنجومەنەکەوە کردبوومان، لە دوو تا سێ جاری خواردن دابەشکردن بەسەر هاوڵاتیاندا بڕێک ئازوقەم دەست دەکەوت، وەک پاداشتی دابەشکردن، لەو بڕە کەمەی کە دەمایەوە، تا ڕادەیەک لە ڕووی ئازوقەوە ماڵمان ئاوەدان بووەوە ئاهێکمان هاتەوە بە بەردا، چونکە پێشتر بە هۆی گرانی و بەرزبوونی نرخ و نەبوونی مووچەوە خواردنی پێویست لە ماڵماندا نەبوو، گەمارۆی ئابووری سەر عێراق کارێکی وای کردبوو، شت لە کڕین نەدەهات، خەڵک گوڵەچنەی دەکرد بۆ ئارد پەیداکردن، ئەنجومەن خزمەتێکی زۆری بە خەڵکی کرد، توانیمان نەوت دابەشکردنیش بگرینە ئەستۆ، بارەگامان دانا وای لێهات زۆربەی کارەکانی کۆمیتەکانی بەرەی کوردستانی ئێمە ڕاییمان دەکرد، چونکە زۆرتر نوێنەری خەڵک بووین، هەر زوو خەڵک دڵی لە حزب و ڕەفتارەکانی کەسانی حزبی شکا، چونکە کاری نەشیاو و ململانێی حزبی زۆر ئیشی نابەجێی هێنایە مەیدان بە تایبەتی لە سنوورەکاندا، تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ کرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هێدی هێدی یەکەم کابینەی دامەزراند، کە دەزگاکان دامەزران ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شارەکان نەما، دامەزراندنی دەزگاکانی خوارەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونە جێگرەوەی ئەنجومەن، کارە دزێوەکانی بەرەی کوردستانی لە سنوورەکاندا وای کرد ماوەی ئەنجومەن بە باشی ئەژمار بکرێ و بمێنێتەوە لەمێژوودا بە بەراوردی کارە ناشیرینەکانی ئاودیوکردن، تا کارەکان چووە دەست دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، فەرمانگەکان بە فەرمی کەوتنەوە کار، یەکەی ئیداری شارو شارۆچکەکان دانرانەوە، ژمارە کەسێکی کەم دامەزران لەسەرەتاوە، هەرچەندە ماوەی کارکردنم لە ئەنجومەنی باڵای چەمچەماڵ/ شۆڕشدا کەمتر لە ساڵێک بوو، بەڵام کارە ئیدارییەکانی ئەنجومەن وەک ئازوقەهێنان و سووتەمەنی دابەشکردن زۆر لە کارە ئیدارییەکانی کۆمیتەکانی بەرەی کوردستانی لە شارۆچەکەکاندا لام باشتر بوو، چونکە ڕێکخراوە خێرخوازەکان خۆیان حەزیان دەکرد کار لەگەڵ نوێنەری خەڵک بکەن، نەک نوێنەری حزبەکان لە کۆمیتەکانی بەرەی کوردستانیدا، هەروەها کاری ناڕەوای کادری سەربازی و دزی و تاڵانی حزبەکان لە سنوورەکاندا، تێکەڵ بوون و سیخوڕانی سەردەمی ڕژێم بەحزبەکان، هێندەی تر سیمای

حزبەکانی ناشیرین کردبوو، بەهۆی لێبووردنی بەرەی کوردستانییەوە زەمینەیەکی وا هاتبووە ئاراوە، ببووە کێ بڕکێی حزبەکان لەسەر پێناسکردن و وەرگرتنی موستەشار و ڕابـردوو خراپەکان، هەر کەسێک هەڵدەستا پێناسێکی ڕێکخستنی یەکێتی یا ڕێکخراوی پارتی پێبوو، تەنانەت پۆزیشیان پێوە با ئەدا لە زاڵگەکاندا، ئەوەی دەبوایە بە ساڵانێکی زۆری لەسەرخۆ، دەم و چاوی بەرپرسەکانی لە ناو خەڵکیدا ڕەش کردایە، بە ماوەی یەک دوو مانگێک هاتەدی، تەنانەت من ئەم وتەیەم وەک نوێنەری ئەنجومەن لە کۆمیتەیەکی بەرەی کوردستانی ئاماژە پێدا، تیایدا هاوڕێ عەلی زەنگەنە کە نوێنەری حزبی شیوعی بوو لە کۆمیتەی بەرەی کوردستانی پارێزگای کەرکوک، سەیرێکی کردم و وتی: بەداخەوە کە وایە، عەلی زەنگەنە پیاوێکی باش بوو، هەربۆیەش زوو دەستبەرداری سیاسەت بوو، چووە دەرەوە، لە زۆربەی کارە ناڕەواکاندا هەڵوێستی هەبوو. هێندەی پێنەچو وحزبەکان دەستیان خستە ناو کاروباری ئەنجومەنەکانیشەوە لەهەموو شارو لادێیەک، هەر ناوچەیەک ئەنجومەنی باڵا دادەنرا، سەر بە حزبەکان بوو، ئەنجومەن هێندەی تر خەڵکی سادەو کەمئەزموون و نەخوێندەواری تێکەوت، ئەنجومەنی شارەکان دەوری کاریگەری نەما، هەرچەندە تا ماوەیەک دوای دانانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیش بوونیان هەبوو، بەڵام هێدی هێدی ئەندامەکانیان چوونە حزبەکانەوە، حزب لە وڵاتدا هەموو شتێکی قۆرخ کرد، دوای قۆرخکردن، ئەنجومەنەکان ناشیرین بوون بە ئەنجومەنی باڵای چەمچەماڵ/ شۆڕشیشەوە، هەموو بوونە نوێنەری حزب، من یەکێک بووم لەوانەی دەستبەرداری ئەنجومەن ببووم، پێش هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنەکان، تەرخان بووم بۆ کەرتی ڕێکخستنی سەنگاو/ قادرکەرەم لە کۆمەڵگای شۆڕش، چەند مانگێک لە کەرتی ڕێکخستن مامەوە، کاری باشمان کرد، بەڵام کێبرکێی ڕێکخستنی یەکێتی و پارتی تا دەهات زیاتر دەبوو هەرچەندە یەکێتی لە ناوچەی کەرکوک و چەمچەماڵدا باڵادەست بوو، بەڵام پارتیش کەم نەبوون و جاروبار کێشە دروست دەبوو، بەتایبەتی لەنا وئەو تازە چەکدارانەی سەردەمی حکومەتیش چەکدار بوون، لە ناو یەکێتیش هەبوون، بەڵام کەمتر بوون بە بەراوردی ناو پارتی، لێبووردنی گشتی بەرەی کوردستانیش ڕەونەقی حزبەکانی نەهێشت، بە هۆی بوونی چەکداری زۆر و بۆرەوە، لە هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا کێبڕکێ گەیشتە ئەوەی کە حزبەکان بە تایبەتی یەکێتی و پارتی لافیتە هەڵواسراوەکانی یەکدیان لە دیوار و شوێنە گشتییەکان دەکردەوە،

هەر حزبە هی خۆی لێ هەڵدەواسی، کادرەکانیش کە یەکدیان دەدی مۆڕەیان لە یەکتر دەکرد، هەرچەندە لەسەرەوە ڕێک و تەبا بوون، بەڵام کادرانی خوارەوە تا دەهات میللەتەکەیان بەرەو دابەشبوونی سەوز و زەرد دەبرد، هەر ئەمەش وای کرد، بتەقێتەوە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، کە لە سەرەتاوە لە دەڤەری ڕاپەڕین و لە خوارەوە هەڵگیرسا.

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دیاردەی ناقۆڵای بەزۆرهێنانی خەڵک، دووبارە دەنگدان، لێکردنەوەی مەرەکەبی دەنگدان، زۆر شتی نایاسایم دەبینی، خۆشم یەکێک بووم لە کادرە دڵسۆز و خوێنگەرمەکانی ئەو سەردەمە، ئەمە وای کرد لەو خوێندنگەیەی کە چاودێری حزب بووم لە دەرەوەی خوێندنگە بچمە ناو خوێندنەگەکە و دادوەر لە سەرپێچییەکان ئاگادارکەمەوە، دادوەر وتی: ئێمە بەرپرسی دیاردە دزێوەکانی دەرەوە نین، خۆتان مەهێڵن ناویشی تۆمارکردم و وتی: نەک بکرێتە خاڵ لەسەر بنکەکە کە تۆ هاتوویتەتە ژوورەوە.

یەکێتی غرورانە بە پشتبەستن بە خەباتی شاخ و چالاکی جۆراوجۆر، کەموەرگرتنی چەکدارانی سەردەمی بەعس وای دەزانی دەبێتە پلە یەکی هەڵبژاردن کەچی ئەنجامەکان وانەکەوتەوە، یەکێتی ٤٩ کورسی و پارتی ٥١ کورسی هێنا، ماوەیەک گرژی و ئاڵۆزی لەسەر ئەنجامەکان دروست بوو، بەڵام پێکدادانی لێ نەکەوتەوە تا پەنجا بە پەنجا ڕێکەوتن، نەوشیروان مستەفا لە شاشەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە، وتی: بیکەن بە خۆشی و ئاڵای سەوز و زەرد ببەستن بە یەکەوە، لە پێناوی ڕەوینەوەی ئەو بارگرانی و گرژییە وای وت، ئەگەر ڕێککەوتن نەکرایە کێشەی لێدەکەوتەوە، دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، حاکم قادر بەنوێنەری مام جەلال، شار بە شاری سنووری مەڵبەندەکان دەگەڕاو لە هەڵەو کەم و کوڕییەکانی یەکێتی دەپرسییەوە کە چۆن نەبووە براوەی یەکەمی هەڵبژاردن.

ماوەی چەند مانگێک لە کەرتی ڕێکخستنی سەنگاو/ قادرکەرەم بێمووچە کارم دەکرد، تەواو بێپارەیی و برسێتی و گرانی بڕستی لێ بڕیبووم، بە تایبەتی دەمزانی لێپرسراوەکان خۆیان لەسەرەوە کێشەیان نییە، گومرگی حزبی پارەیەکی زۆری لە ئیدارەی حزب کۆدەکردەوە، بەڵام نەدەگەیشتە خوارەوە، مانگانە (٥٠٠) دیناری نەسریە دەدرایە کەرت و خۆمان هیچ مووچەیەکمان نەبوو.

ڕۆژێک لەگەڵ جەبار یاوەر قسەم کرد، کە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی کارەکانی دەکرد، باسی خراپی ژیانی خۆمم بۆ کرد، وتی: تۆ پێشمەرگەی کۆنی، تازە دەزگاکانی حکومەت دامەزراوە بچۆ لە دەزگایەک دامەزرێ کە مووچەی هەبێت وا بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی کراوەتەوە.

نەبوونیی وای کرد دەستبەرداری کاری حزبی بم، کە پلەکەم ئەندام کەرت بوو، نوسراوێکیان بۆ کردم بۆ مەڵبەندی سلێمانی بۆ چاوپێکەوتن بۆ دامەزراندن، م.ئیکرام علی کە برادەری خۆم بوو لە لیژنەکە بوو ماوەیەکی پێ چوو ناوم هاتەوە، دامەزرام لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی، لە خاڵی گومرگی باشماخ، تا دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی کەرکوک لە باشماخ مامەوە نزیکەی دوو مانگ، کە بەرێوەبەرایەتی گومرکی کەرکوک کرایەوە خۆم گواستەوە بۆ چەمچەماڵ، بە پلەی مامور گومرک، بوومە فەرمانبەری حکومەتی هەرێم وەک خەزنەدار. چونکە زۆربەی ئەوانەی لە سەرەتاوە دامەزران بڕوانامە یان نەبوو، بگرە هەندێکیان بەس خوێندنەوەو نوسینیان دەزانی.

# ئەرشیفی وێنەکان



سالّی ١٩٧٦ خوێندکاری شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەولەوی کەرکوک




لە ڕاستەوە (عارف عمر، نووسەر، هادی کاکەحەمە) ١٩٧٦ گوندی زەردک




ساڵی ١٩٧٧ کەرکوک



جوانەمەرگ جەلال محێدین عارف لە تەمەنی دوو ساڵیدا (١٩٨٥)



ئیبراهیم محیّدین



شەهید حمەڕەش، پارتیزانی گەرمیان دوای ئەنفالەکان و سەرتیپی ٥٩ی حەمرین



نووسەر لە نێو هاوپۆلەکانیدا لە ساڵی ١٩٧٨ دواناوەندی ئیمام قاسم




لە ڕاستەوە (ئەسعد عەبدول، حەسەن عەبدولقادر) سەرسێگردان
گوێگرتن لە هەواڵەکانی خوپیشاندانی خوێندکاران ١٩٨٢
(وێنەگر: نووسەر)



له ڕاستەوە (نووسەر، عارف عومەر گوڵ) ساڵی ١٩٧٩




له ڕاستەوە (نووسەر، ڕزگار محمود، بەختیار عەبدولڕەحمان، حسن عەبدولقادر، حەمەغەریب ئیسماعیل، عارف عومەر) ١٩٧٨ شەقامی جمهوری/ کەرکوک




شەهید عەلادین عەبدولکەریم یەکێک لە قوربانییەکانی
حەڤدە شەهیدەکەی شاخی شۆڕاو



شەهید عوسمان عبدالرحمن کە لە ساڵی ١٩٨٨دا لە قەڵەم پاش شەهید بوو
(خاڵی نووسەر)




نووسەر لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا ١٩٨٧ گوندی ژاڵەی شەهید دلێر



لە ڕاستەوە (شێخ جەعفەر، ئازاد هەورامی، مارف عمر گوڵ) زیخان (دۆڵی بالیسان) ١٩٨٤
لەسەردانێکی بەڕێز مام جەلال-دا



له ڕاستەوە (سەرکەوت سەوسێنانی، بۆتان تاڵەبانی، مام برایم خانەقینی، د.ناجح
هەورامی) ١٩٨٨ نەخۆشخانەی بەلەکجار
وێنەگر: نوسەر





له ڕاستەوە (کامیل محمود، نووسەر، حسن عبدالقادر) ١٩٧٧ پاڵ کڵێسەی کەرکوک



وێنەی خێزانی نووسەر (١٩٨٤)



دارا عبدالقادر، برایم محێدین عارف پاڵ گردە سوور گوندی هەشەزیینی



پاشماوەی ماڵە گوێزراوەکانی هەشەزیینی کە لە ترسی تۆپبارانی ڕژێم گواستبوویانەوە
سەر ئاوی ڕووباری باسەڕە


لەگەڵ هاوسەرۆکی (ی.ن.ک) بەڕێز لاهور شێخ جەنگی (٢٠١٧)


لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت بەڕێز قوباد تاڵەبانی (٢٠١٦)



لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێم بەڕێز جەعفەر شێخ مستەفا (٢٠١٨)



باوکی نووسەر زستانی ١٩٨٠ گوندی هەشەزیینی



لەگەڵ کامیل ژیر شاعیر و نووسەر (٢٠١٦)



لەگەڵ بەهادین نوری لە تەمەنی ٩٢ساڵیدا



له ڕاستەوە (سەردار سەدر، مستەفا چاوڕەش، نووسەر) ٢٠١٧



گوندی هەشەزیینی

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

١-لە پەراوێزی مەرگی شاپەروەردا، چەند مەلۆیەک لە خەرمانی فۆلکلۆرو کەلەپوری کوردی سلێمانی، ٢٠١٢.
٢- دووا ساتەکانی مەرگی پشیلەیەک، کۆمەڵێ وتارو بیرەوەری ڕۆژانی ئەنفالە، سلێمانی، ٢٠١٣.
٣- لەنێوان دیکتاتۆرییەت و دیموکراسیدا، کۆمەڵە وتـار، کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوک، ٢٠١٤.
٤- گوڵبژێرێک لە ئەزمونی کاری ڕۆژنامەنوسیم، وتاری ڕۆژنامەنوسی جۆرار جۆر، سلێمانی، ٢٠١٥

**سوپاس بۆ**

هاوڕێ عبدالصمد کە لە تایپکردنی بابەتەکاندا هاوکاری زۆری کردین.

**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی (کۆمپانیای سەگرمە) چاپکراوە.**